




# بەشێک لە دیمانە و وتارەکانی هاوڕێ شلێر باپیری

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- دەردەڵێک دوای دوساڵ لە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بارەگاکانی حیزب و کەمپی ئازادی........................ ٦
٢- ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تا ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا..........................
.......................................................................... دیمانە:نەشمیل عەبدی ..... ٨
٣- شۆڕشی ژینا، چی بۆ ژنان پێبوو؟.................................................................. ١٤
٤- دیمانە؛ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان.................................... دیمانە: ڕحمان نەقشی ..... ٢١
٥- کورتەیەک لە ژیاننامەی ١٧ گەنجی کورد کە ساڵی ڕابردوو و لە وەها ڕۆژێکدا لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی گیانیان بەخت کرد.................................................................................. ٢٤
٦- یادێک لەو هاوڕێیەم کە کۆچی دوایی لە ناکاو و گەلێک زوو بوو!...................................................... ٢٧
٧- سەرنجێک لەبارەی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" حەسەن ڕەستگار............................................ ٣٠
٨- بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمان و مێداڵی وەفا................................................................. ٣٣
٩- ئەستێرەی مێژووی ئەمەریکا، چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنی بۆ بەرژەوەندی دیموکراتەکان گۆڕی؟........................ ٣٥

---

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢ ................. لاپەڕەی ................. ٣٧**

١- ژن قوربانی گومانی کۆمەڵگەیە، دوعا بەنموونە...
٢- بەبێ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگا، دێمۆکراسی مسۆگەر نابێت...
٣- سەرکەوتنی مێژوویی و ئەزموونی ژنێکی چالاک لە میانمار...
٤- ڕووبەندەکەم نەبیپاراستم...
٥- ڕۆژی ژن وادەیەک بۆ دەنگی ئازادیخوازانی ئێران...
٦- کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلات دڵخۆش کردم...
٧- کۆدەنگیی ژنانی ڕۆژهەلات بەرهەمی کەمپینی کەبوودوەند...



سەرچاوە
Serchawe

٨- ژنانی کورد لە ناوداربوون بێ بەشن...

٩- بەهاکانی ژن لە فێمینیزمدا...

١٠- لە فرمێسکی ژنانی ئەنفالدا ئازارەکانی خۆم دەبینمەوە...

١١- با ڕۆژی کرێکار پیاوانە نەبینین...

١٢- خوشکانی میرابڵ، ئەو پەپوولانەی سووتان تا ژنانی جیهان نەسووتێن...

١٣- ژنانی جیهان لە ساڵی ٢٠١١ دا...

١٤- زیاتر لە یەک ملیۆن بێوەژن لە باشووری عێراق...

١٥- ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە دۆخی ژنان/ کچی قەندیل...

١٦- پاپایەک بۆ کوردستان...

١٧- ئایا مافی ژنان مافێکی نێودەوڵەتیە؟...

١٨- لە ئازادی و مرۆڤبووندا یەکسانن...

١٩- زینەب جەلالیان لە ئێعدامەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی...

٢٠- بنەماڵەیەکی ئەفغانی بە ئەنجامدانی قەتڵی ناموسی بە ٢٥ ساڵ گرتن سزادران...

٢١- شێرکۆ مەعارفی بە تەنیا جێ مەهێڵن...

٢٢- گاندی، هێمای خەباتی ئاشتییە...

٢٣- ئەو منداڵانەی کەس بیر لە چارەنووسیان ناکاتەوە...

٢٤- کۆنگۆ، مەترسیدارترین وڵاتی جیهانە بۆ ژنان...

٢٥- ژن و قەیرانی شوناس...

٢٦- دەستدرێژی سێکسی تاوانێک دژ بە ژنان...

٢٧- ئاوڕدانەوەیەک بە سەر دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا...

٢٨- تەوەری پیاوان لە ڕوانگەی ژنانی یەکسانییخواز. سازادانی: پایزە ئەحمەد...

٢٩- بە بۆنەی کۆنگرەی نائاسایی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(بەدەپە)...

٣٠- دراما کۆریەکان بەزمانی ڕاگەیاندنی کوردییەوە لە مافی ژن دەدەن...

٣١- بۆ باوکی پێشمەرگەم...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ ......................... لاپەڕەی ،،،،،،،،،،،،،،،،،،، ١٣٦**

٣٢- یەکەم ژنە بێژەر لە رادیۆ دەنگی تاران...



سەرچاوە
Serchawe

٣٣- ژنێکی فێمینیست دەتوانێ پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکات؟...
٣٤- هەفپەیڤین: بە بۆنەی ٨ی مارس...
٣٥- "پیتی شەرم" پیتێک بۆ خەمەکانی ژنان...
٣٦- ئەمجارەیان شاجوانی کوردستان...
٣٧- ئێستا زیندان کۆمان دەکاتەوە...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ .................. لاپەڕەی ..................... ١٥١**

٣٨- ئاوڕدانەوەیەک لەدۆخی ژنان لە ئێستا و کۆماری کوردستاندا...
٣٩- گوڵێک لە بیابان و دیمەنێکی ترسناک لە خەتەنەی کچان...
٤٠- لە قەندیلەوە بۆ کەورگۆسک...
٤١- یادکردنەوەیەک لە رۆژئاوای نیشتمانم...
٤٢- ژنان لە پێشانگای کتێبیشدا ونن...
٤٣- حەپسەخانی نەقیب، ژنێک لە پێش سەردەمی خۆیەوە...
٤٤- تا ئێستا خەڵکی کوردستان بە روخساری ژن لە نێو راگەیاندن رانەهاتووە...
٤٥- سکاڵایەک بۆ مەزارە بێ نازەکەت شێرکۆ بێکەس...
٤٦- جیهادی نیکاح و عەقڵییەتی نێرسالارانەی راگەیاندنی کوردی...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ .......................... لاپەڕەی ...................... ١٧١**

٤٧- ئەگەر لە دەستم بێ لەم ساڵی ٢٠١٥یەدا...
٤٨- ژن لە رۆمانی کۆچی هەورە تریشقەدا...
٤٩- سوڵحی عەشایەری بووەتە دادگای گەورەی وڵات و یاسا ئینسانییەکانی خنکاندووە .... هەڤپەیڤین: میدیا...
٥٠- کاتێ برینەکانی...
٥١- گەرمای جوانی نێو سەرماوەز...
٥٢- تا ئێستاش ژن لە وڵاتی ئێمە پێگەیەکی دیاری نییە... دیمانە
٥٣- هەڵبژاردنەکانی جوانترین و شایستەترین کچ (ژن) لە هەرێمی کوردستان...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧ ...................... لاپەڕەی ............. ١٩٥**

٥٤- ئیستاش بە ئەندازەی ئەو نووسینە کە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بۆم نووسی، تامەزرۆتم...

٥٥- ئاوڕدانەوەیەک لە تەمەنێک هاوڕێیەتی...

٥٦- شەهلا، ژنێک لێوڕێژ لە جوانی، مێهرەبانی، دڵسۆزی و سادەیی...

٥٧- کە ژن بوویت ترسی وردە وردەت هەیە...

٥٨- ئاوڕێک لە "زاگرۆس"ەکان بدەنەوە...

٥٩- سەعید بەگزادە: بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەردەوامیی تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامی... دیمانە

٦٠- شیفی گیان، (شیفا)...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨ .................. لاپەڕەی .................... ٢١٢**

٦١- بۆ ئەسما، ئەو دەنگەی مردن لێی دزین - ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی ژنان...

٦٢- بۆ ڕامین حوسێن پەناهی...

٦٣- لە ڕێگەی نوسینەوە ناسیم...



## دەردەڵێک دوای دوساڵ لە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بارەگاکانی حیزب و کەمپی ئازادی

### ئەوڕۆ ئەو موشەکانە سەری خۆتان دەخوا.

**سەرێک لە سەرەکانتان ڕۆیی.**
**ئەشهەدو جومعە موبارەکە بوو...**



دوساڵ لەمەوبەر ئەوەدەمەی دەنگی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" و "ژن، ژیان، ئازادی" لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەگوترانەوە، لەوبەری سنوور و لە کەمپ و بارەگاکانی لێیەوە فێری ئەلف و بێی ئازادی بوم، دڵەکان سەرلەنوێ پشوی هیوایەکیان بەبەرداهاتبوە، دیتنی بەرهەمی چەندین دەیە خەبات. شاد بوونەوە و گەڕانەوە بە زێد و مەوتەن. دیداربەئاخر نەبوون لەگەڵ خزم و تایفەیان و لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا بەو شاخ و دۆڵ و دەشتانەدا بڕۆنەوە کە ڕۆژێک مەکۆی خەباتیان بوو. مەکۆی بەرخودان و هاوکات گۆڕی دەیان پێشمەرگەی شۆرشگێر.

لەوەدەمەیدا کە پایەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلەرزە دابوون، دێت و لە دیوی کوردستانێکی دیکە، هێرش دەکاتە هەموو ئەو مرۆڤە خەباتکارانە و ئەو منداڵانەی کە دڵیان بۆ فێربون لێدەدا، لەوانە بنەماڵەی من و لەو جێیەی کە لێی گەورە بوم و ئارەزوەکانم تێیدا لەدایکبوون.

ئەو ماڵە تەنیا ماڵێکی چوار دیواری نیە، لەگەڵ هەموو سادەییەکەی، پڕبوو لە جوانی و مێهرەبانی. لەوجێیەی هەر

گۆشەیەکی یادەوەری و هاوکات دەنگی پێکەنینی بنەماڵە و ئازیزان و شەونشینی لەگەڵ هەموو ئەوانەی زۆر دەمێکە بوونەتە بنەماڵەی گەورەی هەریەک لە ئێمە مندالانی شۆرش.

خانوویەک کە ژەمەکان لێکی خڕ دەکردینەوە لەسەر سفرەی سادە و مێهرەبانی بێ هیچ چاوەڕوانیەکی زۆر. دارە زەیتون و شاتوو و توەکانی بەردەرگا کە لە گەرمای ٤٥ دەرەجە، جوانترین سێبەری بۆ دروست دەکردین، لەودەمەی کە سەر لەئێوارە بۆنی خواردنی دایکم ئەو دەوروپشتەت هەموو پڕ دەکرد.

ئەو ماڵە هەر دار و بەرد لەسەر یەک دانان نەبوو، ئەو ماڵە پڕبوو لە یادەوەری خۆم، خوشک و برا و دەیان پێشمەرگە کە بە دایک و باب و براکانیان و دەیان دایکیش بە رۆڵەکانیان شاد بوونەوە.

تا کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە دڕندانە هێرشی کرد و ئیدی ئەوماڵە گەرمی جارانی نەما و بوە ماڵێکی سارد و سڕ. بەڵام مامە قالەی باب و سەعادەتی دایک دڵیان لێی نەدەبۆوە و نەبۆتەوە، هەربۆیە بەسەر دار و پەردوی روخاوی دا دەهاتنەوە و لێیەوە چیرۆکەکانیان بۆ یەک دەگێرایەوە.

لەوانە کە دایکم هەر دڵی پڕ بوو و زو زو دەیکوت ئەی باجە هاجەر هەزار رەحمەت لە گۆڕت و چەندە بە پشت ئەو پەنجەرەیەدا تێپەڕبوو دەیکوت " ئەرێ ئەوە چ دەکەی بڕژانە سەعادەت، قەت کارت خەلاس نابن"، دایکیشم هەمیشە وەڵامی دەداوە بەخودا ناتوانم دەرک و بان بە پیسی ببینم و خەریکی ماڵینیم.

لەگەڵ ئەوەی وویبرهاتنەوەی هەموو ئەوانە، ئازاربەخشە .بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو وێرانکارییەکاندا، یادەوەرییەکان هێشتا دەژین، زیندوون و جەوهەری تایبەتی ئەو ماڵە لە دڵمدا بە زیندووی دەهێڵنەوە.

**یادی شەهیدان زیندوو و بەردەوام تا خەباتی ئازادی**

**٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤**

# ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تا ساڵڕۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا



**دیمانە:نەشمیل عەبدی**

**لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادیدایین، هەڵسەنگاندنی ئەو یەک ساڵە و هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان هەم لەناوخۆی وەڵات هەم لە دەرەوەی وەڵات لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، هەروەها ئایا دەکرا ئەم شۆڕشە بەهێزتر با، ئایا ساڵرۆژی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی دەبێتە قۆناغێکی نوێی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مافەکانی ژنان دەبێ.**

**نەشمیل عەبدی: با بەو پرسیارە دەست بە گفتگۆکەمان بکەین، وەک دەزانین لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا یان شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی داین، وا ساڵێک بەسەریدا تێدەپەرێ، دەتوانن کورتەیەک لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەم شۆرشە و هەروەها چۆنیەتی تەشەنەسەندنی بۆ تەواو ئێران بکەن؟**

**شلێر باپیری**: هەروەک دەزانن دەستگیرکردنی کچە کوردێک ژینا، مەهسا/ئەمینی لەسەر شێوەی سەرپۆشەکەی لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە و پاشان لێدان و ئازاردانی کە بوو بەهۆی گیانلەدەستدانی دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، توانی جەرەقەی ئەو شۆرشە لێبدا. ئەگەرچی دوو ڕۆژی سەرەتای بلاوبونەوەی هەواڵەکە زۆرتر نارەزایی لەملاوئەولا بوو. بەڵام لە گەیاندنەوەی تەرمەکەی بۆ سەقز و ئەودەمەی کە ژنانی کورد زۆر بوێرانە لە گۆرستانی «ئایچی» سەرۆپۆشەکانیان لادا و گوتیان نا بۆ حیجاب، بەرگێکی دیکە بەبەر ئەو نارەزایەتیانەدا کرا و جەرەقەی شۆرشێکی لێدا کە هاوکات پیاوانیش



سەرچاوە Serchawe

پشتیوانییان لێکرد و شەقام خرۆشا.

ئەوەی کە سەرەتای ڕووداوەکە لەسەر گەشتی ئیرشاد و باسی حیجاب بوو، دەکرێ هۆکارێکی گرینگ بێ کە دەنگی چالاکوان و ژنانی ئێرانی بەرز کردەوە و هاوکات لە دەرەوەش زۆر زوو کاردانەوەی لەسەر درا و سەراسەری ئێرانی گرتەوە کە دواتر ڕەوتەکە تەواو بوو بە ڕەوتی ئینقلابی و لە خواستی نەمانی حیجابەوە گەیشتە جێیەک کە لە قوتابخانەکان کچانی قوتابی دەیانکوت دروشمی دژ بە خامنەای دەگوتەوە و زانکۆکانیش بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» ناڕاستەوخۆ داوای نەمانی ئەو حکومەتەیان دەکرد.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بە دیاریکراوی بێینە سەر ڕۆڵی ژنان لە نێوخۆی نیشتماندا، ڕۆڵ و کایگەریان چۆن هەڵدەسەنگێنن، لە ڕەوتی شۆرشی ژن، ژیان، ئازدی دا؟

**شلێر باپیری**: ڕۆڵی ژنان لەو ڕۆژەی ژینا ئەسپەردەکرا و لەوێ بوێرانە جەرەقەی شۆرشێکیان لێدا، دەرکەوت کە ژنانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوێرن و هۆشیارن. بێدەنگ نابن و دەیانهەوێ خاوەن گۆرانکاری بن لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ڕۆڵی ژنان ڕۆڵێکی گرینگ بوو لە بەشداریان لە نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و سەرانسەری ئێران. لەبیرمان بێت تەنانەت ئەوانەی ئازیزترین ڕۆڵەکانیان لەدەستدا وەک باری سوننەتی کۆمەڵگە لە دەرەوەی گۆرستان ڕانەوەستان و لە چوارچێوەی ماڵ و گەرەک و شاریاندا شین بۆ ئازیزانیان بکەن، ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی دەستەبەدەستە خەڵکی شارەکاندا بوون کە چوونە سەرقەبران و شینیان گێرا و پڕ بە دەنگ هاواریان کرد کە تۆڵەتان دەستێنین، بە چاوی گریان و دڵی پڕ لە غەمەوە، گوتیان کە ئەوە کۆماری ئیسلامیە بکوژی ڕۆڵەکانمانە. هەر ئەوەش پێمان دەڵێ کە گوتەی دایک، خوشک، هاوژینی شەهیدەکان بوێرییەکی زۆری دەوێ لە کۆماری ئیسلامییەک کە لە بەرکاهێنانی توندوتیژترین ڕێگاکان، ناسڵەمێتەوە. ئێمە لەبیرمان بێ لەو شۆرشەدا شەهیدی ژنمان داوە کوبرا شێخە، مینو مەجیدی، سارینا ساعیدی، فریشتە ئەحمەدی، نەسرین قادری و زۆرانی کە پێمان دەڵێن ئەو شۆرشە ڕۆڵێکی سەرەکی ژنان گێرایان.

**نەشمیل عەبدی**: لەم پەیوەندیەدا حەز دەکەم ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری ژنان لە دەرەوەی وەڵاتیش بکەم، هەم ئەوانەی کە لەباشوری کوردستان نێشتەجێن و هەمیش ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن، ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر شۆرشی ژینا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا لە ئاست پێویست بووە؟

**شلێر باپیری**: دیارە چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دیاسپۆرا کە دەرگاکان زۆرتر بۆ چالاکی والاتان، ژنان هەوڵیاندا

هاودەردی،

هاوپشتیوان و دەنگی ژنان و بەگشتی شۆرشی ژینا بن. لە ڕوانگەی خۆمەوە لەئاستی پێویستدا نەمدیتن، ڕاستە بەشداری چالاکانەی خۆپێشاندانەکان بوون، بەڵام دەیانتوانی ڕۆڵی بەهێزتر و کاریگەریان لە درێژماوەدا زۆرتر بێت. کار و چالاکی ژنان و ناوەندەکانیان زۆرتر کورتماوە بوو. قوڵ نەبۆوە لە ئاستی چالاکی باڵاتر بۆ بوون بە دەنگی ژنی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و یان ئاستی ئاکادیمی. هەر بۆیە دەتوانین لەو لایەنەوە خەسارناسیەک بۆ ئەوە بکەین.

**نەشمیل عەبدی**: وەک دەزانین ژنان پێشەنگ و سەرکردایەتی ئەم شۆرشە بوون، هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران بەگشتی، بێ گۆمان ئێران شۆرشی زۆری بە خووە بینیوە، بەڵام دەمەوێ بپرسم ئەم شۆرشە کە وا یەک ساڵ بەسریدا تێدەپەرێ جێوازی نێوان شۆرشی ژینا لەگەڵ شۆرشەکانی تری پێشووی ئێران چی بوون؟ جێوازیەکانیان چین؟

**شلێر باپیری**: دیارە نارەزایەتی و جوڵانەوەکانی پێش شۆرشی ژینا بە شۆرش پێناسە ناکەم. چونکە ڕووداوەکانی پێشتر لە هیچ حاڵەتدا سەرانسەری ئێرانی نەگرتەوە، یان جوڵانەوەی خوێندکاری بوون لە ئاستی زانکۆ، یان نارەزایەتی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ کە زۆرتر مەرکەزی گرتەوە، یان نارەزایەتی ئابانی ٩٨ کە زۆرتر ڕووی ئابووری هەبوو. ڕەنگبێ لێرە ئەستەم بێ لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو جوڵانەوە و نارەزایەتیانە بکەم، بەڵام جیاوازیان بەرچاو بوو، شۆرشی ژینا شۆرشی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو کە پێشتر ڕووی نەدابوو. لە مێرمنداڵی ١٥ ساڵە بۆسەرەوە بگرە تا لاو و وەک پێیان دەڵێن جیلی Z تا دەگاتە ژن و چینی بەتەمەن داچوو.

**ئێمە لە جوڵانەوەکانی پێشوو ئەوەمان کەم دی یان بەجۆرێک نەبون بەتایبەت لە بەشداری ژنان دا.**

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر ئاورێک لەو یەک ساڵەی شۆرشی ژینا بدەینەوە، ئەم شۆرشە دەستکەوت و خاڵی بەهێزی هەبوون. چۆن دەتوانن ئەم دەستکەوتانە یان خاڵە بەهێزەکانی شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی پۆلێن بەندی بکەن؟

**شلێر باپیری**: یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەوە بوو، کە ئێمە وەک بزوتنەوەی ژنان، حیزبەکان و ناوەندی ڕاگەیاندن و ناوەندە جیاوازەکانی دیکە خاڵە لاوازەکانی خۆیان زۆر بە جوانی هەست پێکرد.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی دەکرێ شۆرشی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ئێران و کوردستان دابێ. نمونەیەک بێنمەوە ئێمە لە کوردستان دەگمەن ژن دەبینرا لە ڕۆژی یەکەمی ناشتنی ئەزیزانیان وێنە بگیرێ و خۆیان بەشدار بن. زۆرتر پیاوانە بوو،



سەرچاوە Serchawe

شۆرشی ژینا ئەوەی گۆڕی و ژنان بە سینبولی شۆرشگێرییەوە بەشداریان دەکرد و دروشمیان دەدا و دەیانکوت تا کوردێک بمێنێ کوردستان دەمێنێ. نمونەیەکی دیکەی باب و برای شەهیدان بوون کە لە ئەستەمترین رۆژەکانی ژیانیاندا هاتن و فیمینسترین وتەکانی ئەو شۆرشەیان گوت و کردیان بە دیوی بەهێزی ئەو شۆرشە. ئەوەدەمی بابی شەهید محەممەد حەسەن زادە دەڵێ «...» زۆر ڕون دەردەکەوێ کە کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا و بۆنی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی لێوەدێ نەک هەر شۆرشێکی سیاسی ئەگەر بە ئەنجامیش نەگەیشتبێ. کورتی بکرمەوە دەتوانم بڵێم کە خاڵی بەهێزی ئەو شۆرشە بەشداری دیار و بەرچاوی ژنان بوو. بەتایبەت ژنانی کورد. زومی باسەکان، ئانالیز و هەوڵەکان لە مەرکەزەوە هاتە کوردستان کە هەمیشە ژنانی کورد لە پەراوێز دیتراون و لەژێر سێبەری ژنانی فارسدا پێناسە کراون. شۆرشی ژینا خاڵی بەهێزی بۆ ژنی کورد و بزوتنەوەکەی بوو.

**نەشمیل عەبدی**: دەزانین لە پاڵ هەموو دەستکەوت و خاڵە بەهێزەکانی شۆرشێک، بێ گۆمان خالی لاوازیش هەیە. دەکرێ خاڵە لاوازەکانی ئەم شۆرشە پۆلین بەندی بکەن؟

**شلێر باپیری**: یەکێک لە خاڵە بێ هێزەکانی ئەو شۆرشە دەکرێ نەبونی ئۆرگانیزە بێ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران. ڕاستە هەوڵ درا و کاری بۆ کرا بەڵام ئاسان نەبوو. هەر بۆیە زۆر جار گروپی چوکە و یان پەرش و بلاویمان پێوە دەدی.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کە لە دەرەوەی ئێران دەتوانین ئاماژەی پێبکەین خودی ئێمە کوردەکان بوین، بە حیزب، ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندنەوە. نەبوونی پلانی تۆکمە، ڕاوێژی باش و یەکنەگرتوویی وای کرد زۆر زوو بەدزدرێ و ڕەنگ و بۆنی دیکەی پێوە بلکێنن. لە ماوەی پێنج مانگی سەرەتای شۆرشدا هیچ ناوەند و حیزب و لایەنێک نەهات کۆنفرانس و باسی جیاواز بەسازبدەن، ئەگەریش کرا، کرچ و کاڵ بوو. ڕاستە شۆرشەکە چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام دەرفەت هەبوو کە ئەو چاوەڕواننەکراوییە درێژ نەکرێتەوە. لە خەباتی چالاکی و لۆبی و باسی جیاوازە بچێتەوە سۆسیالمیدیا نەک هەر لە ئاستی سۆسیالمیدیادا بمێنێتەوە.

**نەشمیل عەبدی**: بە لێکدانەوەی ئەم دوو پرسیارە بەوەی کە بەرەو ساڵرۆژی شۆرشی ژینا دەچین، بە ڕای ئێوە دەکرا ئەم شۆرشە بەهێزتر با لەوەی کە هەیە؟ چۆن؟ چی پێویست بوو بکرێ و پێتان وایە نەکراوە، بەگشتی؟

**شلێر باپیری**: لەو باوەڕە دام ئەوەی پێویست بوو بە گشتی لە کوردستان کرا و خەڵک بوێرییەکی سەیریان هەبوو، لە کاتێکدا حکومەت بە چەکی جەنگی بەرانبەریان ڕاوەستا و هەروەها چەکی جەنگیشی بە دژی خەڵکی کوردستان بەکارهێنا. بەڵام ئەگەر کرابا و لە سەرانسەری ئێرانەوە بەتایبەت شارە گەورەکانەوە وەک کوردستان هەستابان. بێگومان کۆنترۆڵ



سەرچاوە Serchawe

کردن ئاسان نەدەبوو، بەجۆرێکیش گوشار لەسەر کوردستان کەم دەبۆوە.

هاوکات لە دەرەوەی ئێرانیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوەندە مافە مرۆڤییەکان گوشارێکی ئەوتۆیان بۆ ئێران دروست نەکرد جگە لە چەند مانگی سەرەتای شۆڕشدا نەبێ.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بۆمان باسێکی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن کە بەرەو ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا دەچین، خەڵک لە ئێستادا دۆخیان چۆنە؟ چونکە دەزانین گۆشارەکانی ڕژیمی ئێران لە لایەک و هەڕەشەکانی و سەرکوتەکانی و ئەوەی ئێستاش دەبینین زۆربەی شارەکانی کوردستان میلیتاریزە کراون لەبەر ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا، پێتان وایە ئەم گۆشارانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەم شۆڕشە دەبێ یا خۆ خەڵک بڕیاری خۆی داوە؟

**شلێر باپیری**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو هەموو هێزەی لە کوردستان جێگیرکراوە و هەروەها فشاری زۆر لەسەر خەڵک بەگشتی و چالاکان بەتایبەتی دۆخێکی ئاڵۆزە. دۆخێکە کە دەیهەوێ ترس و گوشاری زۆرتر دروست بکات، بەڵام خەڵکی بڕیاری خۆی داوە کە نەترس بێت و لە شۆڕشی ژینا زۆر بە ڕونی دەرکەوت. لە بیرمان بێ ئەوەی ئێستا خەڵک لە ڕۆژهەڵات و ئێران دەیکا بوێرییەکی زۆری دەوێ و ئازایەتییەکی بێسنور، بەرانبەر بە حکومەتێکە کە لە هیچ کارێکی دڕندە ناپرینگێتەوە.

**نەشمیل عەبدی**: ڕژیمی ئیسلامی دوای یەک ساڵ لە شۆڕشی ژینا دۆخی چۆنە؟ کۆماری ئیسلامی چەندە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەترسێ؟ چەند لە هێز و شۆڕشی ژنان دەترسێ؟

**شلێر باپیری**: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بە ڕونی نیشانی دا کە دەتوانێ جێ پێی کۆمارێکی ٤٤ ساڵە وەلەرزە بخات و پێیان بڵێ کە ڕۆژێک ئەو دەسەڵاتە تا سەر نامێنێت و بەڵام کات و ڕۆژەکەی دیار نییە. ئەوەی ئێستا ئێران پەلامار و هێزی نیزامی لە کوردستان زۆر دەکات بێگومان هی ترسی لە شۆڕشەکە و هەروەها لە شۆڕشێکە کە ژنان پێشرەوی بوون.

ئەگەرچی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی نەیتوانی کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بهێنێت، بەڵام بەو واتایە نییە کە نەروخێت و بەو واتەیەش نییە کە شۆڕش تەواو بوبێت و بە ئەنجام نەگەیشتبێت. شۆڕشی ژینا خەباتی هێنا قۆناغێکی دیکە و هیوایەکی بەهێزی داوە بە هەموومان کە بۆ ئازادی و ڕوخانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشین.

**نەشمیل عەبدی**: گەیشتنە کۆتا پرسیارمان، دەزانین شۆڕشی ژینا بەردەوامە و شۆڕش تەنیا ئەوە نییە کە خەڵک لەسەر

**شەقام بیت، بەڵکو شۆرش قۆناغ و شێوازی جێوازی هەیە... ئێوە پێتان وایە شۆرشی ژینا دوای یەک ساڵ بەرەو چ قۆناغێک دەچێ؟ ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا قۆناغێکی نوێ لە شۆرش دەبێ؟ دەتوانن هەڵسەنگاندنێک بکەن؟**

**شلێر باپیری**: لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و بەپێی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە ڕەنگبێ هەڵسەنگاندن ئەستەم بێ، بەڵام هەر ئەوەی بنەماڵەی شەهیدان دادخوازان و بەردەوامن لە حەق ئەستاندن، چالاکن بەردەوامن لەگەڵ هەموو گیران و دەستگیرکردن و حوکمەکان، ڕۆژنامەنوسان لە لەقاودان بەردەوامن سەرباقی نەبوونی هیچ ئازادییەک، کەواتە شۆرش بەردەوامە و خەڵکیش لە قۆناغی خەبات دان تا بە ئەنجام گەیشتن و گەیشتن بە ئازادی.

لەو باوەڕەدام ئەو شۆرشە بەجۆرێک لەجۆرەکان لە کات و ساتێکی کە سەرهەڵدەداتەوە درەنگ یان زوو ڕەنگبێ ئەستەم بێ ئێستا پێشبینی بکەین، چونکە زۆر فاکتۆر دەتوانێ ڕۆڵ لەو دووبارە بونەوی شۆرشێکی سەراسەری دا ببینێت.

**خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی ژنان سپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژەدا**

**سپاس**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣**

## شۆرشی ژینا، چی بۆ ژنان پێبوو؟



لەکاتێکدا کە بەشێوەی جیاواز لە دنیادا ڕۆژی جیهانی ژنان یاد دەکرێتەوە، ئەوساڵی ئێمە جیاوازتر لە هەموو ساڵانی دیکەیە. لەجێ خۆیەتی لێرەوە سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو ژنە قارەمانانەی لە گۆرستانی ئایچی سەرپۆشەکانیان لادا و جەریقەی شۆرشێکیان لێدا، پیاوی کوردستانیش هاوشان لەگەڵ ژنان لە ئایچییەوە هاتنەوە سەر شەقام و شۆرشی ژینا و ژن، ژیان، ئازادیان خوڵقاند.

دڵنیام هیچ کامان وتە، دروشم و حەماسەی شەقامەکانی مەهاباد، بۆکان و جوانرۆ و هەموو شارەکانی ڕۆژهەلاتمان لەبیر ناچێت. دڵنیام هیچ کامان وتەکانی بابی شەهید محەممەد حەسەنزادە، بابی شەهید سالار مجاور و دایکی شەهید میلاد مەعروفی و کوری شەهید غەفور مەولودی زۆری دیکەش لەبیر ناکەین کە هەر یەکەیان وەک لیدەرێکی سیاسی قسەیان دەکرد. هەموو ئەو وتە سیاسیانە لە فەزایەک دا گوتراون کە کەس مافی ئازادی تێیدا نیە بەتایبەت ئەگەر کورد بی و لەو نێوەشدا ژن بی. دەسەلاتێکی سیاسی کە ٤٤ ساڵە خوێن دەخواتەوە. هەربۆیە تاک بە تاکی ڕووداوەکان لە شۆرشی ژینادا گرینگن.

هەموو ئەو ڕووداوانەش پێیان گوتین کە گۆرانکاری ریشەیی بەرێوەیە، دەچینە قۆناغێکی دیکەوە و ئەو قۆناغەش خەباتی هەمەلایەنەی دەوێ.

ئەوە ڕاستیەکە کە چاوەڕوانکراو نەبوو کە ژنان ببنە پێشەنگ لەو شۆرشە و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا کۆمەڵگەی نێودەولەتیش بێنێتە سەر خەت و لە هەرجێیەک باس باسی ژنان لە ئێران و بەتایبەت ژنانی کورد بوو. کۆماری ئیسلامی

٤٤ ساڵە بە هەموو سیستمی پروپاگەندەی ویستویەتی کۆمەڵگە رابێنێت کە ژنان ڕەگەزی دووەمی کۆمەڵگەن و هاوکات باشترین جێگە بۆیان ماڵەوەیە. بەڵام ژنانی کورد لە ئایچی ئاوێکی ساردیان بە هەموو سیستمی پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی دا کرد. نەترسانە لە سیستمی دژە ژنترین وڵاتی دنیا دەنگیان هەڵینا و ئەمجارە کەس بۆ وان قسەی نەکرد. ئەوە ژنانی کورد و ژنانی ئێرانی بوون بۆ ئێمە دوان، ئەوان دەنگیان رەساتر بوو ئەگەرچی هیچ ئازادی رادەربرینێکیان نەبوو. واتە دەنگیان بە واتای لەدەستدانی ژیانیانە. هەربۆیەش دەبینین کە بەداخەوە زۆر کچی لاو و چەندین شەهیدی ژنمان هەیە.

ژنان هەمیشە لە ئێراندا بە قوربانی نێویان هاتووە، ئەمما لە شۆرشی ژینادا هەموو هاوکێشەکەیان گۆری، ئەوان بوونە ئیلهامبەخش و دەنگی شۆرشێک بۆ لادانی دیکتاتۆرترین دەسەلاتی سەردەم.

ئەگەر چی دەتوانین شرۆڤەی جیاواز بۆ شۆرشی ژینا بکەین، بەڵام یەکێک لە شرۆڤەکان دەتوانێ لەسەر بنەمای جێندەری بێ. کاریگەری شۆرشەکە لەسەر ژنان و هەروەها بزووتنەوەکانی ژنان و گرینگتر لەوانەش رۆڵی خودی ژنان لەو شۆرشەدا. ئەگەر چی شۆرشەکە لە باسی سەرپۆشەوە دەستی پێکرد بەڵام هەر زۆر زوو بەرینتر لەوە بۆوەوە و ژنان نەک تەنیا روخانی کۆماری ئیسلامی بەڵام هاوکات باسەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و هەروەها کۆمەڵگەی ئێرانی کە ژن بە رەگەزی دوهەم دەبینێت بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەو رۆڵەی کە ژنان لە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دا دیتیان ناکرێ بگەرێندرێتەوە دوایە و ناشگەرێتەوە. ئەوەی ژنان لەو شۆرشەدا ئەنجامیان دا دەبێ لەمەوبەدوا دابەشی بکەین بە بزووتنەوەکانی ژنان لە پێش شۆرشی ژینا و دوای شۆرشی ژینا . وتەکانی دایک و بابی شەهیدەکان لە رۆژی ناشتنی رۆلەکانیان یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی شۆرشی ژینایە کە دەتوانین لە کوردستان باسی بکەین. ئەوان جارێکی دیکە دەستیان لەسەر دوو شت دانا کوردبوون و ژن بوون. هەریەکەیان بەجۆرێک لەوتەکانیاندا دەبیندران و بەجۆرێک ڕوانگەی کۆمەڵگەی پیاوسالاریان بەرانبەربە ژنان دەخستەوە ژێرپرسیار.

"زەمانێک ئێمە ئەگەر دەمانویست بە یەکێک بڵێین زۆر پیاوە، زۆر بەغیرەتە، زۆر بەناموسە، زۆر بەویژدانە، لە کەلیمەی چی ئیستفادەمان دەکرد پیاو، دەمانکوت زۆر پیاوە. ئەڵحان ئەگەر پیاوێک بیهەوێ زۆر پیاوبێ، دەبێ زۆر ژن بێ".
ئەم وتەیە وتەی بابی شەهید محەممەد حەسەنزادە لە بۆکان و لە ڕۆژی ناشتنی کوڕەکەیدایە.

هەروەها بابی شەهید سالار مجاور لە رۆژی ناشتنی کورەکەیدا لە کورتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت" ئەوشەوە کە تەرمی سالارمان تا بەیانی ڕاگرت کە بەرۆژ ئەسپەردەی بە خاکی بکەین فشارێکی زۆری ئیتلاعاتمان لەسەر بوو، ئەمما دایک و خوشکانێک هاتبوونە بەردەرگا و تا بەیانی لەگەڵمان بوون تا ئەسپەردەکردنی سالار کە هیچ کات ئەو خوشک و دایکانەم نەدیبوو..

ئەوە ئەو دیوی گۆڕانەیە کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رویداوە و شۆڕشی ژینا نیشانی داین..

خستنە ژێرپرسیاری روانگەی کۆمەڵگە بۆ ژنان یەکێک لە لایەنە گرینگەکان بوو کە لە وتەی دوو بابی شەهید دا بە ڕوونی هەستی دەبینرێت کە تـوانی میـدیا و کـۆمەڵگەی نێـودەولەتیش چـالاکتر بهێنێـتە مەیـدان. هەروەک دەزانـین لە کـۆمەڵگە دێموکراتەکاندا مافەکانی ژنان زومێکی زۆرتریان لەسەرە.

ژنـان لە شۆرشـی ژن، ژیـان، ئـازادی دا ڕۆلیکـی گرینگیـان لە سۆشیـال میـدیادا دی. لەوێـدا هـاتن بۆچونەکانیـان نوسـی، وێنەکانیـان بەشـکرد و ئەزمـونی خۆیانیـان لە رەفتـاری کۆمـاری ئیسـلامی باسـکرد و هەر ئەوەش وایکـرد کە مەشـروعیەتی کۆمـاری ئیسلامی نەمێنێت و لە کۆنواسیۆنی مەقـامی ژنـی وەک نەتەوەیەکگرتوەکـان دەربکرێـت کە تـا ئێسـتا لە مێـژووی نەتەوەیەکگرتوەکان نەکراوە.

ژنان لە شۆرشی ژینادا ئەو دەرفەتەیان خولّقاند کە پێشتر نە رویدابوو و نە کرابوو. بەشداری چالاکانەی ژنان لە مەهاباد لەبیرنـاکرێ ئەودەمەی ژنـانی بەتەمەن بە بەرد پێـدان بە لاوەکـان ببـونە پشـتگیری بەهێـزی لاوان بەرانـبەر بە هێـزە ئەمنیەتیەکان. بەداخەوە هەربۆیە شەهید کوبرا شێخە شەهید بـوو. ئەوان هەم دەرفەتـی فیزیکی و هەم لە دنیـای مەجـازی جێ پێی خۆیان بەهێزتر کرد.

ئەگەر چی بەشداری چالاکـانەی ژنـان لە شۆرشـەکەدا بە بـێ قوربانیـدان نەبـووە و نابێـت. هەروەک چۆن سی ئێن ئێن لە راپۆرتێکدا باسی لە دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی زیندانی کردووە.
چ ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ وەسفکردنی دۆخی ژنـانی کورد لە کوردسـتانی ئێران لەوەی کە لە دۆسیەی ژینـا ئەمینـی دەست پێ بکەین کە ڕووخساری بۆتە ڕەمزی خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی؟

هەر لە پرسـەی ژینـادا بـوو کە ژنـانی کـورد جـارێکی دیـکە بریاریـان دا کە بڵـێن بەسـە: بەسـە نـادادپەروەری، بەسـە تونـدوتیژی، بەسـە نامرۆڤـایەتی.هەر لەوێشـەوە دروشـمی ژن، ژیـان، ئـازادی گـوترایەوە و بـۆ ئەمـرۆ بـوەتە مانیفیسـتێکی سیاسی بەهێز بۆ ژنان و پرسەکەیان و هەروەها بۆ شوناسی کورد و کاریگەربوونی لە ئێراندا.

### بەڵام چیرۆکی خەباتی ژنانی کورد لە ئێران چییە؟ کەی دەستی پێکرد و چۆن؟

لێرەدا دەگەرێمەوە بۆ یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەهێنم کە ١١ مانگ ژیاوە و ناوی کۆماری کوردستان

بووە.

کۆماری کوردستان بە سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، میدیای مۆدێرن، سوپای نیشتمانی، سیستەمی باج، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی نەتەوەیی و بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کولتووریدا ناسراوە.

لە کاتێکدا گرینگیدان بە پەروەردەیی ژنان و بەتایبەت پەروەردەی سیاسیان یەکسەر ئەم دەوڵەتە لە هەموو فۆرمەکانی تری پێش مۆدێرنی کوردی جیا دەکاتەوە.

لە کۆماری کوردستان ژنان نەک وەک تێکۆشەری بزووتنەوەی ژنان یان سەرکردەی حیزب، بەڵکو بۆ پشتیوانی لە دۆزی نەتەوەیی دەچوونە دەرەوەی ماڵ. سەرکردە پیاوەکانی ئەم بزووتنەوەی نەتەوەییە، وەک بەرجەستەکردنی نەتەوەیەکی مۆدێرن، ڕۆڵێکی "گونجاو" و "شایستە"یان بەو ژنانە بەخشیوە.

لە کۆماری کوردستاندا بایەخێکی بەرچاو بە ژنان دەدرا. بیست و سێ کەسایەتی دیاری کۆمار لە کاتی ئاهەنگگێڕانی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦ وتار دەدەن، لەو شانزە وتاربێژە دوو کەسیان ژن بوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە ٧٧ ساڵ لەمەوبەر. بایەخی بوونی ژنان لە پۆستی سەرکردایەتی و پێشکەشکردنی وتار، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەباتی ژنانی کورد لە ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە.

دوو هەفتە پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی کچان کۆبوونەوەیەک بەڕێوەدەچێت و مامۆستاکان قسە دەکەن، یەکێکیان کوبرا عەزیمییە و دەڵێت: "داوا لە ژنان دەکەم بە ڕووخانی دیکتاتۆریەتی ڕەزاشا دڵخۆش بن و تەقسیری لە ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانەکان نەکەن کە لەوێ بە زمانی دایکی خۆیان فێری خوێندن دەبن.".

لە سەردەمی کۆماردا یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئێران دامەزرا، کە سیمای حکومەتێکی مۆدێرنی کوردی نیشان دەدا کە پشتیوانی لە پێشکەوتنی ژنان دەکرد.

مینا قازی هاوسەری قازی محەممەد سەرۆکی کوردستان بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی ژنان. ئەمەش بیرکردنەوەی مۆدێرنی قازی محەممەد دەردەخات، هەرچەندە پیاوێکی ئایینی بووە، هاوکات لە کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسک پیاوسالار دا یەکەمین



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوی ژنانی دامەزراندووە و هاوسەرەکەی بووەتە یەکەم سکرتێری یەکەمین ڕێکخراوی ژنان.

یەکێک لە گرنگترین ئامانج و چالاکییەکانی ئەو سەردەمە پەروەردەی ژنان و ناردنی کچان بۆ قوتابخانە و دروستکردنی قوتابخانە بۆ کچان بوو.

لەم کورتە باسە مێژووییە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشداری چالاکانەی ژنانی کورد لە شۆڕشی ژینادا لە ماوەیەکی کورتدا دروست نەبووە و مێژوویەکی لە پشتەوەیە. ئەگەرچی ئەوکات پێیان نەکەوتوە بزوتنەوەی فێمینیستی و ئەمما من نێوی دەنێم بزووتنەوەی فێمینیستی. بزووتنەوەیەکی فێمینیست و یەکسانیخوازی.

**ئایا پرسی ژنی کورد جیاوازە لە پرسی ژنانی ئێران؟**

**لە کۆنتێکستی شۆڕشی ژینادا پێم خۆشە وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە..**

**هەروەک لە پێشدا باسم لە ڕۆڵی ژنانی کورد کردبوو لە سەرهەڵدانی شۆرشی ژینا دا.**

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە، زۆرێک لە چاودێران بەردەوامن لە تیشک خستنە سەر ئەو ڕاستییەی کە سەرەتا نارەزایەتییەکان لەنێو ژنانی کورددا سەریان هەڵدا. ئەم وردەکارییە بە هۆی پێگەی هەستیاری تایبەتی ژنانی کورد لە ئێران - و مێژووی دوور و درێژی خۆڕاگرییان، بنەڕەتییە.

بۆ ژنانی کورد، مردنی ژینا ئەمینی وەبیرهێنەرەوەی هەستی زەبر و زەنگی قووڵی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان بەتایبەت بە ژنی کورد و بیرهێنانەوەی توندی ئەو ستەمە سیستماتیکییەی کە دەبێت ڕۆژانە بەرگەی بگرن.

ئەگەر چاو لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی بکەین دەکرێ بڵێن هەر نەتەوە و چین و توێژێک بەجۆرێک لە جۆرەکان، زەبرو و زەنگ، گۆشەگیری، ئەشکەنجە و ئێعدام بوون ئەزمونی هەلاواردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دیوە و بەلام هێندێک لە هاوولاتیان کە سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دەکرێ زیاتر روبەرووی توندوتیژی ببنەوە وەک کورد و هەروەها ژنی کوردیش.

هەموو ژنان لە ئێران لە بواری یاسا و پراکتیکدا لە بوارەکانی وەک هاوسەرگیری، تەڵاق، کار و میراتدا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. لەسەرووی ئەمەشەوە هیچ یاسایەکی کارایی نییە بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خێزانی.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ژنانی کورد، بەلووچ، عەرەب و بەهایی، لەنێو ئەوانی تردا، ئەم چەند چینە جیاکارییانە جگە لە ڕەگەز، نەتەوە و ئایینیش دەگرێتەوە. بۆیە ستەمیان سێ چینە..

هەر بەم هۆیەشەوە دەبێ پێگەی ئەم ژنە پەراوێزخراوانە بە جیا لە "ژنانی ئێرانی" بە هۆی هەلومەرج و هەلومەرجی زۆر جیاواز لەنێو گەلانی نێو سنوورەکانی ئێران شی بکرێتەوە و شرۆڤەی بۆ بکرێت.

ئەگەر چاو لە خەباتی ژنانی کورد بکەینەوە دەبینین کە ژنانی کورد لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە بوونەتە خاوەن خەباتی چەکداری. خەباتی ژنان بۆ ئەو ژنانە و بەشداربوون لەو خەباتە دەکرێ دوو ئامانج بپێکێت. یەکەمیان خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی هەروەها دەرفەتێکیش بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێرانی کوردی بۆ ژنان لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگەشدا.

دەکرێ لیرەدا خالێکی هاوبەش لە نێوان ئەو ژنانە ببینینەوە کە لە شەقامن و هاواری ئازادی دەکەن و ئەوانەی لە ڕیزی خەباتی چەکداری دان ئەویش ئەودەمەی لەماڵ دەرۆنە دەر نازانن دەگەرێنەوە یان نا. بەلام ئەوان گیان دادەنێن بۆ دەستەبەری کۆمەڵگەیەکی ئازاد نەک بوون لە کۆمەڵگەیەکدا کە بۆت بریار بدا چ بکەی و چ لەبەر بکەی و چۆن بژی... .

لەو باسەدا زۆر جوان دەتوانین ببینین کە ژنان و بەتایبەت ژنانی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێراندا لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی کۆماری ئیسلامیدا چیان چێشتووە و چۆن خەباتیان کردووە.لە کاتی ئاماژەدان بە ژنان لە ئێران و داخوازی و خواستەکانیان، ئەوەمان لەبیربێت کە یەک شیکاری ڕوونکردنەوە لە ئارادا نییە. ئەمە ولاتێکە تۆڕێکی ئالۆزە نەک تەنها لە رووی ڕەگەزەوە، بەڵکو لە ڕووی نەتەوە و ئایینیشەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئانالیز و شرۆڤە لە هەموو بەستێن و شوێنەکان سەبارەت بە ژنان لە ئێراندا گرنگە

زۆر کورتی بکەنەوە کە کاریگەری شۆرشی ژینا بۆ ژنان ئەوە بوو کە یەکدەنگی، هەروەها شۆرشی کۆمەلایەتی و سیاسی. لە یەکدەندەگی بە یەکدەنگ لە باقی ژنانی ئیران بتوانن پێشرەوی بزووتنەوەیەکی فیمینستی بن کە بتوانن خواستەکانیان باس بکەن و برەوی پێبدەن. لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کە بتوانن ئەو سونەتیانەی کۆمەڵگەی پیاوسالار بخەنە ژێر پرسیار کار بۆ کاڵکردنەوە و نەمانیان ببەن و وەک بزونتەوەی سیاسی بەشداری چالاکانەی ژنان بۆ ئەوەی بتوانین لە نوسینەوەی یاسا لە سیستمێکی دیموکراتدا ژنان پەراویز نەخرێن و نەکرێنە قوربانی پرسە نەتەوەییەکە.

**کۆتایی باسەکەم پێم خۆشە بە شتێکی کورت لە سیمون دۆبوار تەواو بکەم. لە کتێبی بەنێوبانگی ڕەگەزی دووەمدا دەلیت.:**

**« سەرکەوتنی ژنان لەم شۆڕشەدا کە دەبێ بیکەن هیچ کات بەواتای زاڵبوونی ئەوان بەسەر پیاواندا نییە، بەڵکو لە ئاکامدا دەبێ ببێتە هۆی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان، کە تامی شیرینی ئەو سەرکەوتنە نەک هەر ژنان، بەڵکوو ناخی پیاوانیش شیرین دەکات.»**

**سەرچاوەکان:**

**- نامیلکەی (ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی ١٩٤٦دا) وەرگێڕان: ئەحمەد ئەسکەندەری**
**- ماڵپەری ئەنستیتوتی کوردی بۆ ئاشتی.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠٢٣**

---

## کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**دیمانە: ڕحمان نەقشی**




**شلێر باپیری: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەدڵنیاییەوە دەبێتە حیزبێکی بەهێزتر، یەکدەنگتر و بەبەرنامەتر لە پێشوو کە بتوانێ بە ستراتیژی سەردەمییانە و تازەوە کار بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.**

**وەڵام**: ئەم پێشهاتە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەڵدەگرێ، بەڵام لێرەدا و لە پێوەندی بە ناوەڕۆکی پرسیارەکە پێمخۆشە لە سێ رەهەندی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە شرۆڤەی بکەم.

### ناوخۆیی

رەنگە گرینگترین لایەنی ئەم پێشهاتە هەمان لێکەوتە ناوخۆیی و باری ناو خودی حیزبی دێموکرات پاش ئەم یەکگرتنەوەیە بی. ئاشکرایە لەتبوونی حیزبی دێموکرات کاریگەرییەکی نەرێنی حاشاهەڵنەگری لە گشت ئاستەکان لەسەر بەدەنەی حیزب دانا. شەپۆلێکی لە پەرتەوازەیی خستە ناو ریزەکانی حیزبەوە و گەیشتە ئەو ئاستەی بە رەوتی خەباتی

کورد لە رۆژهەڵاتەوە دیار بێ. هیواکان بۆ ستراتیژییەکی بەهێز بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە کزیان دا و هاوکات توانا، هێز و پوتانسیەلەکانی حیزب پەرش و بڵاو بوون و هەربۆیەش کە ژمارەیەکی زۆر لەو هێز و توانایە کە لە بەشی جۆراوجۆری وەک راوێژکاری، راگەیاندن و دانانی ستراتیژی حیزبدا کاریان دەکرد، خۆیان دوورخستەوە و لەناو حیزبدا نەمان. هاوکات یەکێکی دیکە لە بناغە بەهێزەکانی حیزب کە تەشکیلاتی حیزب بوو زەبرێکی گەورەی پێکەوت. جگە لەوەش راگەیاندنی حیزب کە یەکێک لە بناغە گرینگەکانە و ئالقەی پیوەندیی حیزب بە نێوخۆی وڵاتە، لەت بوو کە ئەوەش زەربەیەکی زۆری لە ئەرشیڤی چەندین دەیەی حیزب و هاوکات نەبوونی راگەیاندنێکی بەهێز لەو سەردەم و تا ئیستاش بە خاڵێکی لاوازی هەر حیزب و رێکخراوێک دادەنرێ. لەو روانگەیەوە هەردوولای حیزبی دێموکرات لە هێزەوە بەرەو لاوازی هەنگاویان نا. ئەگەر لەو رەوانگەوە سەیری بکەین کەواتە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەبێتە مایەی بەدەنەیەکی پڕ لەهیوا، راگەیاندن و تەشکیلاتێکی بەهێز بۆ حیزب کە ئەوەش واتای حیزبی دێموکراتێکی بەهێز.

## ناوچەیی

ئەگەر لە بواری ناوچەییەوە هەڵسەنگاندنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین کە دەکاتە ئاستی کوردستانی بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت. دەبینین کە لە ئاستی کوردستانیدا ناکۆکی نێوان دێموکراتەکان و دابەشوبوونیان بەداخەوە زیانی لە بوونی حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی خاوەن رەگ و ریشەی سیاسی و لەمێژینە و خاوەن ستراتیژی نەتەوەیی دابوو کە قورسایی شایستەی خۆی لە ناوەندە کوردستانییەکان نەمابوو. هاوکات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش و وەک سیاسەتی گشتی حیزبی دێموکرات ببووە دەرفەت کە کۆماری ئیسلامی بە دەرفەتی بزانێ و ئەو جیاوازییانەی نێوان دێموکراتەکان بقۆزێتەوە و زۆرتر لە قالبی شەرێکی نەرمدا دژ بە هەردوو حیزبی دێموکرات بەکاری بێنێت. بۆیە لەم دۆخەی یەکگرتنەوەدا، دوژمن دەرفەت و کەلێنەکانی بۆ سوودوەرگرتن زۆر لاواز دەبێ. حیزبی دێموکرات لە ئاستی رۆژهەڵات دەچێتەوە هەمان قالبی پێشوو وەک حیزبێکی مێژوویی و هاوکات سەردەمی خۆی و خاوەن ئەندام و لایەنگرانی زۆر لە ئاستی رۆژهەڵات بۆ هەوڵی تۆکمە بۆ پلانی ئازادیخوازی رۆژهەڵات و شوناسی کورد بەگشتی لە رۆژهەڵات. هاوکات لە ئاستی کوردستانیش بە هێزێکی دیکەوە دێنەوە سەر مێزی باسەکان و بەشداربوون لە دیالۆگ و باسەکان لەپیوەند بە دۆزی کورد.

## نێودەوڵەتی

ئەگەر بێینە سەر ئاستی نێودەولەتی کە لەسەرەوە باسم کرد. هەروەک دەزانین کە یەکێک لە چەکە بەهێزەکانی هەر حیزبێک و رێکخراوێک بەتایبەت لە نەتەوە چەوساوەکانی وەکو کورد، ناسین لە ئاستی نێودەولەتی و هاوکات بوونی لۆبی

بەهێز بۆ هەبوونی پشتیوانی نێودەولەتی بۆ دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ولەقاودانی سیاسەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام بەداخەوە دوولەتبوونی حیزبی دێموکرات وایکردبوو کە ئەو هێزە لە ئاستی نێودەولەتی نەمێنێت و بۆیە لە ماوەی شازدە ساڵی لەتبووندا هیچ لۆبیەکی بەهێزی بۆ حیزب لە دەرەوە دروست نەبوو. لە دوای یەکگرتنەوە دەتوانێ و دەرفەتی زۆر کراوە و کاریگەرتر هەیە بۆ کارکردن بۆ هەبوونی لۆبیەکی بەهێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە بتوانێ زمانحاڵی حیزب بێ لە ئاستی نێودەوڵەتی وهاوکات دەنگی خەڵکی نەبیستراوی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ بەرامبەر ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی دژی کوردان لە رۆژهەڵات ئەنجامی دەدا.

هەر بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەدڵنیاییەوە دەبێتە حیزبێکی بەهێزتر، یەکدەنگتر و بەبەرنامەتر لە پێشوو کە بتوانێ بە ستراتیژی سەردەمییانە و تازەوە کار بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.

ئۆسلۆ. ١ - ٩ - ٢٠٢٢

سەرچاوە: نامیلکەی کۆمەڵێک دیمانە؛ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

## کورتەیەک لە ژیاننامەی ١٧ گەنجی کورد کە ساڵی ڕابردوو و لە وەها ڕۆژێکدا لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی گیانیان بەخت کرد.




١- **فواد قەدیمی**، تەمەن ٣٩ ساڵ و باوکی دوو منداڵ کە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری دیواندەرە بەشی ورگ و دەستی بە چەکی کلاشینکۆف لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە پێکرا و بە بەسختی بریندارکرا. سێ ڕۆژ دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری سنە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

٢- **ئەمین مەعرەفەت**؛ مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی شنۆ لە نزیک چوارڕێیانی "سەید ئاوا" بەشی سینگ و دڵی کرایە ئامانجی گوللەی هێزە سەرکوتکارەکانی سوپای پاسداران و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

٣- **دانش ڕەهنما**؛ لاوی تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی گوندی باڵوو سەر بە ئورمیە، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی فەرجاد دەرویشی لەم گوندە، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەسیج کوژرا.

٤- **سەدرەدین لێتانی**؛ لاوی تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی شنۆ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە نزیک چوارڕێیانی "سەیداوێ" کرایە ئامانجی هێزەکانی سوپای پاسداران و گوللە بەر سەر و سینگی کەوت و ڕاستەوخۆ گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو.

٥- **میلان حەقیقی**، لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و لەدایکبووی شاری گۆتنبێرگی سوید، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری شنۆ

لە نزیک چوارڕێیانی "سەیداوێ "بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران پێکرا سێ گوللەی چەکی کلاشینکۆف بەر شان و ڕانی کەوت و گیانی لەدەست دا.

٦- **عەبدوڵلا محەممەدپوور،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی گوندی باڵوو سەر بە ئورمیە، دوای ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی فەرجاد دەروێشی لەم گوندە و لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ بەتەقی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەسیج کوژرا.

٧- **سەعید محەممەدی؛** لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو.

٨- **ئەمیر فوولادی،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا.

٩- **ئیمان محەممودی:** لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا. ناوبراو سەڵت بوو.

١٠- **موحسین قەیسەری؛** لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی ئیلام لە بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە مەودایەکی نزیکەوە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە) کوژرا. ناوبراو سەڵت بوو و گولله بەر سەر سینگی کەوتبوو.

١١- **عەلیڕەزا فەتحی؛** لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سونقوڕ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری قەزوین لەدژی کوژرانی ژینا ئەمینی، لە شەقامی سەنعەتی ئەلوەند کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت، سکی پێکرا و گیانی لەدەست دا.

١٢- **ئەمیر حوسێن بەساتی؛** مێرمنداڵی تەمەن ١٥ ساڵ و خەڵکی کرماشان. لە شەقامی مامۆستا (مدرس)ی ئەم شارە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە) کوژرا. ناوبراو زیاتر لە ٧٠ گوللەی ساچمەیی بەر پشتی کەوتبوو. بنەماڵەی ئەم مێرمنداڵە دوای ٨ ڕۆژ توانیبوویان تەرمی کوڕەکەیان لە نەخۆشخانەی تالقانی وەربگرنەوە و لە گوندی دارخور حەسەن ئاباد ئەسپەردەی بکەن.

١٣- **عەلی موزەفەر سالانقوچ؛** مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی قوچان و یاریزانی تیمی والیباڵی مێرمنداڵانی سایپای



سەرچاوە Serchawe

تاران، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە، کەوتە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت و گوللە بەر بەشی سکی کەوت و کوژرا. تەرمی ناوبراو دوای ٤ ڕۆژ و لە بەرانبەر ٥٠ ملیۆن تمەن بە بنەماڵەکەی ڕادەستکرایەوە.

١٤- **ڕۆزبێ خادمیان؛** لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی سونقوڕ لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ناوچەی فەردیس لە شاری کەرەج لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە کوژرا. ئەم لاوە لە مەودایەکی نزیکەوە بەشی کەمەر و شانی کرابووە ئامانج و ٤ گوللەی بەرکەوتبوو.

١٥- **محەممەد زارعی؛** لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سونقوڕ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی گەڕەکی باقراوای ی شاری قرچک ورامین لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی برینداربوو و لەکاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

١٦- **مەهدی بەبرنژاد؛** لاوی تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی شاری قوچان سەر بە پارێزگای خوراسان ڕەزوی، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی بریندارکرا. ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە و بەهۆی درەنگ گواستنەوەی بۆ ژووری نەشتەرگەری گیانی لەدەست دا.

١٧- **عیرفان خەزایی؛** لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی کەنگەڤەر، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شەهریاری کەرەج کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و سەری پێکرا، دەست بەجێ گیانی لەدەست دا.

**دیواری فەیسبووکی نووسەر**

**٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)**



سەرچاوە
Serchawe

## یادێک لەو هاوڕێیەم کە کۆچی دوایی لە ناکاو و گەلێک زوو بوو!



ڕۆژی شەممۆ و لای نیوەڕۆ بوو. نەرم نەرم بەفر دەباری و دەوروبەری ماڵەکەم سەراپا سپی هەڵگەڕابوو! خۆم حاز کردبوو سەرێکی بازاڕ بدەم. خەریکی پێڵاوەکانم بووم، دەپێمکردن و سەفینی هاوڕێم زەنگی لێدا، کەمێک نیگەران بووم، نازانم بۆ ڕامام و لەسەرم هەڵنەگرت و گوتم لە ڕێگا بەشێنەیی تەلەفون بۆ هەمووی ئەوانەی پێوەندییان پێوەگرتم، دەکەمەوە. لەو فکرەدابووم، گەزیزە زەنگی لێدا. مادام لە وڵات و زێدی خۆت دوور دەکەوییەوە، ئەو تەلەفون بۆ هاتنانەی لەسەریەک، دڵ وەخورپە دەخەن، ڕەنگ دەبڕزکێت و مرۆڤ بەزەحمەت دەستی بۆ دەچێت جواب بداتەوە! وەڵامی گەزیزەم دایەوە، بەڵام دڵخورپەکەم بوو بە بە ژانێکی قوڵ.. زۆر قوڵ! گەزیزە کە زۆر کەم گریانی دەهات، ئەو دەم لە بانگێیدا و دەناو شەپۆڕی گریاندا هەر توانی بڵێت: "شلەگیان... شیفا شەهید بوو"...

نا.. چۆن دەبێ!؟ دوێنێ شەوێ قسەم لەگەڵی کردووە! باوەڕ ناکەم.، شتی وا هەر نابێ...! قسەی بۆ نەکرا و دایخستەوە. سەراپا وجوودم تەزی.. پێڵاوەکانم لە پێ فڕێ هەڵدانەوە و هەڵاتم بۆ لای تەلەفزیۆنەکە. دەمگوت ئیشاڵڵا درۆیە. تەلەفزیۆنەکەم هەڵکرد و چوومە سەر کەناڵی ڕووداو. بە ڕەنگی سوور و بە خەتی پان لەسەر شاشەی نوسرابوو: "شیفا گەردی شەهید بوو"!! زەنگ لەسەر زەنگ بۆ تەلەفۆنەکەم دەهات، بەڵام نە هێزم تیا ما و نە گریانیش مەجالی هەڵگرتن و

قسە کردنی پێدەدام! تۆخوا لە چوار دیواری غەریبایەتی و لەو هەزاران کیلۆمیترەی دووریمان، پەنا بۆ کوێ بەرم و دەنگم بە کوێ ڕادەگا؟! دەیان و سەدان پرسیار لە مێشکم دا دەهاتن و دەچوون و جوابی زۆربەیانم هەر وەرنەگرتەوە! بە بانگ و سەلا دەگریام و لەناو قەتارەی فرمێسکاندا دەمکوت ئاخر دڵێک بەو هەموو ئارەزووەوە، چۆن لە لێدان دەکەوێ؟ دڵێک بەو هەموو مێهرەبانییەوە، چۆن دەبێ ڕاوەستێ و!!..

## ناسینی "شیفا"

کۆتاییەکانی ٢٠٠٩ بوو، دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت و لە "زاگرۆس تیڤی" وەرگیرام و دەستم بەکارکرد. یەکێک لە هاوکارەکانم شیفا بوو. ئەوکات نەمدەناسی و هەر دەمزانی کە خەڵکی بادینانە. سەرەتای کارییە و شوێنی کار و مرۆڤەکان هەموو نامۆ و تازەن! پێوەندییەکان؛ تەنیا پێوەندیی کار کردنن. ماڵی من و شیفا زۆر لێک نزیک بوو، بۆیە ئەو ڕۆژانەی دەواممان بەیەکەوە بوو، لە دوای تەواوبوونی کار، هەر بە یەک ترۆمبێل دەگەڕاینەوە ماڵێ. ئەو هاتن و ڕۆیشتنەوە زۆرتر لێکی نزیک کردینەوە و هێدی هێدی باشتر یەکترمان ناسی. بە تایبەت کە زانیشی بابم پێشمەرگەیە، زێتر لێم وەنێزیک کەوت و ڕاحەتتر باسی بنەماڵەکەی بۆ کردم و هەر لە باوکییەوە کە هەر وەکوو بابم پێشمەرگە بوو، باسی بنەماڵەی خۆیانی بۆم کرد. ئەم هاوڕێیەتی و پێوەندییەمان لە سەرەتادا هەر دەهات و گەرموگوڕتر دەبوو و جێی زۆرتری لە ژیانم دەگرت تا وای لێهات، ئەو بوو بەشێک لە تابلۆی ژیانی ڕۆژانەی من و منیش بەبەشێک لە تابلۆی ژیانی ڕۆژانەی ئەو! بەجۆرێک "شلێر - شیفا یان "شیفا - شلێر" تەواو ئاوێتەی یەک ببوون. زۆر جاران دایکی لە هەریرەوە بە تایبەت ڕەمەزانان کە خواردنی دەنارد، هەمیشە ڕایدەسپارد یان تەلفۆنی دەکرد و دەیگوت لەگەڵ "شلێر" پێکەوە بیخۆن. بۆیە کار هیچ خواردن و چپە و سرتەشمان هەمووی پێکەوە بوون! یانی لە هاوکارەوە تەواو ببوین بە هاوڕێیەکی زۆر زۆر نزیک بەجۆرێک خۆشی و خەمەکانمان تەواو ئاوێتەی یەک ببون!

## شیفی ئازیزم..!

ئەوە چوار ساڵە ئۆغرت کردووە، بەڵام هێشتاش لەگەڵمی و لەناو دڵمی! کەمێک جیاوازتر لە جاران. هێندێک جار بە پێکەنینەکانت لە خەیاڵمدا، هێندێک جار بە توڕەبوون و هێندێک جاریش بە شادبوونتەوە، پێکەوەین!.. تێپەڕبوونی ئەو چوار ساڵە بۆم ئاسان نەبووە. هەوڵم داوە قبوڵی بکەم کە نەماوی و لە دڵی ئاخدا خەوتووی، بەڵام لە ناخی دڵمدا هەڵگیراوی و هەڵتدەگرم. کەمتر لە کن دەوروبەرییەکانم بۆت دەگریم، بەڵام هەر دەرفەتی تەنیاییم بێت، لەگەڵ هەر بیرەوەرییەکت زۆر زوو دڵم بۆت پڕ دەبێت و رووخسارم دەبێتە پێخوستی کاروانی فرمێسکانم!

"شیفی" گیان! لە دوای تۆش، پێوەندیم لەگەڵ دایکت نەبڕاوە و هەر بەردەوامە. کە بیری دەنگی ناسکیشت دەکەم، یەکسەر پەنا بۆ دەنگی "هیوا"ی خوشکت دەبەم قسە لەگەڵ ئەو دەکەم و سیمای پڕ لە خۆشەویستی تۆ دێنمەوە بەرچاوی خۆم! ئەی کە دەنگی هیوا چەندە وەک دەنگی تۆ دەچێ!!

## شیفی جوانم..!

یادکردنەوە لە چوار ساڵەی نەبوونت، بەو وشانە تەواو دەکەم. ئەگەرچی هەر بۆم ئەستەمە باوەڕبە نەبوونت بکەم. ئەستەمە کە باوەڕبکەم جارێکیتر ناتوانم توند لە باوەشت بگرمەوە و بە چپە و سرتەمان و قاقای پێکەنینت ژیان بڕەنگێنینەوە!

## هێشتاش هەر پێمسەیرە کە چۆن ئاوا زوو ژیانت کۆتایی هات؟!

شیفی گیان!.. ئەو یادانەی کە لام ماون، مێهرەبانی، دڵی گەورە و زەردەخەندە و قاقاکانت، لەگەڵ روخساری جوان و فریشتانەت پارێزراون و هەرگیز فەرامۆشیان ناکەم! ئەگەرچی چوار ساڵ بەسەر کۆچتدا تێپەڕی، بەلام بۆمن تازەیە و لەگەڵ نوسینی وشە بە وشەی ئەو یادکردنەوەیە، ڕۆندکیش، هاودەمم بوون و سپاسیان دەکەم کە لەگەڵ شوان پەروەر بە هەڤڕا نەرم نەرم سترانی هەمیشەیی دڵم دەچرن:


من بیریا تەکریە،
باوەرکە بیریا تە کریە..
بڕزن ئەو مێشک و بیرانەی فرشتەی ڕووناکایی دەکوژن!
ببڕێنەوە ئەوانەی خوێنی ڕۆشەنگەری دەمژن!

٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## سەرنجێک لەبارەی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" حەسەن ڕەستگار



پشووی سەری ساڵانە لە ئوروپا دەرفەتی چاکە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە ڕەنگبێ لە ڕۆژی ئاساییدا بە حوکمی دەرس و سەرقاڵی، کەمتر دەرفەت بێ بیانخوێنییەوە. لە کورتیدا بیبرمەوە کە پشووی ئەو سەری ساڵەم دانا بۆ کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم"ی کاک حەسەن ڕەستگار. بڕێک ئەملاو لا بۆ کڕینی کتێبەکە سەرکەوتوو نەبووم. کتێبەکە تەواو بووبوو و بە هاوکاری کاک حەسەن رەستگار و کاک کەماڵی کوڕی توانیم لە مامۆستا جەعفەری مەنگوڕی بە قەرز بۆ خوێندنەوە وەرگرم. ئەمڕۆ لە هەر دوو بەشی بەرگی یەکەم تەواو بووم. بەرگی یەکەمی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" دوو کتێبە کە پێکهاتووە لە (بەشی یەکەم و بەشی دووەم) و ٨٨٠ لاپەڕەیە.

لەو باوەڕەدام کەلەدایکبوون لە دایک و بابێکی پێشمەرگە لە نێوشۆڕش و لە بۆڵێی بنکەی دەفتەری حیزب بێ کاریگەر نەبوو کە هانیدام هەرچی زووتر کتێبەکە بخوێنمەوە. کە بزانم ئەو سەردەم و ئەو شۆڕشەی من تێیدا لەدایکبووم چۆن تا ئەورۆ هاتووە و لە زاری سیاسەتمەدار و تێکۆشەرە هەرە بەووەجەکان لەوانە کاک مەلا حەسەن ڕەستگار (لە نێو حیزبدا هەر لە منداڵییەوە بە کاک مەلا حەسەن بیستوومە و هەر بۆیەش واش لەسەر زارم دێ) چۆن بەسەرهاتی هەوراز و نشێوەکانی ئەم خەبات و شۆڕشەی حیزبی دێموکرات باس دەکەن.

### لەو کورتە نووسینەدا پێم خۆشە بپرژێمە سەر ئەو شتانەی کە سەرنجیان ڕاکێشام:

"بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ناسینی ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەر لە

موکریانەوە تا جنوبی کوردستان و لەوێشوە بۆ شومالی کوردستان. بۆ منێک کە بەداخەوە داگیرکاری نەیهێشتووە ئەو هەموو جوانیەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینم، لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا بە وردی لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکە کورتە سەفەرێکم بە نێو شار، گوند، کانی، هەوار و چیاکانی ڕۆژهەڵاتدا کرد. لەوانە "قاسمەرەش، کونە مشکێ، ئالان، میراوێ، واوان، گاگەش" سەدان ناوی شار و گوندی دیکە. نووسەر بە بیرێکی بەهێز تەواوی نێوی شوێن و ناوچە و کەسەکانی لەبیرە.

هاوکات گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بۆ ناسینی زۆربەی کەسایەتیە سیاسییەکان لەوانە کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتورسەعید و زۆر کەسی دیکە بە بارە ئەرێنی و نەرێنییەکانیانەوە. هەروەها زۆرتریش ناسینی خودی کەسایەتی کاک "حەسەن رەستگار". مرۆڤێک کە زیاتر لە حەوت دەیەی ژیانی لەم شۆڕشەدا بەسەر دەبات و هەموو ساردی و گەرمییەکان ئەزمون دەکات. سیاسەتمەدارێک کە ئەوەندەی ئەزمونی جیاواز و دەوڵەمەند لە هەنبانەی دا هەیە وەک لە کتێبەکەیدا دەیگێرێتەوە، کە نەوەی ئەمڕۆی ئەم شۆرشە دەتوانێ سودی لێوەربگرێت. زیادەڕەویم نەکردووە کە بلێم کاک حەسەن رەستگارم لەو گێرانەوەیدا بە جۆرێکی دیکە ناسی.

بێ شک کاکڵی سەرەکی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" ڕاستگۆیی نووسەرە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان. ڕووداو و بەسەرهاتەکان وەک خۆی دەگێرێتەوە. لەو جێیەی کە شتێکی بەدڵ نەبوبێ ڕاست نوسیویەتییەوە و هەروەها بەدڵیشی بوبێ زۆر باش بەرگری لێکردووە. نووسینەوەی بڕگەی ژیانی سیاسییەکان بوەتە بەشێک لە هەنبانەی مێژوو، بەڵام بە راستگۆ نوسینەوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان گرنگییەکی پێویستە بۆ بەرچاوڕوونی زۆرتری ئەوانەی کە دەیخوێننەوە و مێژوویەکی دوور لە سانسۆرکراو.

یەکێک لەخۆشترین بەشەکانی کتێبەکەش ئەو نەقڵ و بەسەرهاتانەی نووسەرە کە هێندە جوان لەبیری ماون و نووسیونیەتەوە. لە هێندێک جێدا قاقا پێدەکەنیم و هاوکات لە هێندێک جێ دا لە گێرانەوەی عەمەلیاتەکان، دڵم پڕپڕ دەبوو.

بەڵام با لێرەدا نقورچێکی چوکە بگرم لە شیوەی گشتی سیستمی پەروەردەی ئەودەم و ئێستای حیزب. وەک منداڵانی شۆڕش بەداخەوە زۆرکەم هەوڵدراوە ئێمە نەوەی ئەم شۆڕشە زانیاریی پێویستمان لەسەر مێژوو و ڕووداوەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبێت. هێندێک بەرهات و باسم لە کتێبەکەدا خوێندەوە کە هیچ زانیارییەکم پێشتر لەسەری نەبوو. پێم وابێ دەکرا بەجۆرێک لەجۆرەکان لە سیستمی قوتابخانەکانی حیزبی گونجێندرابا و ئێمە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە فێری بوباین نەک دوای سی ساڵ ئێمە ئەو زانیارییانە بزانین.

لەوەزیاتر باسی ناکەم ولێدەگەڕێم خۆتان بیخوێننەوە و هیوای تەمەنێکی درێژتر و تەندروستریش بۆکاک مەلا حەسەن ڕەستگار دەخوازم.

## نامەی کاک سەید محەمەد نیزامی بۆ من

ڕۆژێک لە کومیتە شارستانی سەردەشت لە واوان دانیشتبووین کاک مستەفا شەڵماشی و کۆمەڵێک میوانی دیکەسی لێبوون کوتیان کەسێک لەلای حیزبی شیوعییەوە هاتوە و نامەی پێیە،. گوتم با بێتە ژووری. گەنجێکی باریکەڵە وەژوورکەوت، سڵاوی کرد و هات بە پارێزەوە لەلای من دانیشت. ئەحوالپرسی و بەخێرهێنانم کرد و پرسیم:"لە کوێوە هاتووی؟ گوتی: ناوزەنگ لای حیزبی شیوعی بووم. زۆر بە نەرمی قسەی دەکرد کە خەڵکەکە گوێی لێنەبێ. گوتم خێرە؟ گوتی نامەیەکی سەید محەمەد نیزامیم بۆ هێناوی. گوتم بمدەیە. گوتی دەبێ؟ گوتم ئا دەبێ بۆ نابێ؟ نامەی پێچراوەی هێنا دەر. کردمەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە و نێوەرۆکی نامەکە ڕووی لە من بوو. "کە تۆ هێندە کوڕی چاکی، خۆش فکری، بۆ لەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوتووی کە وابەستە بە حیزبی بەعسی فاشیستە و لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیست بەشەڕدێ. داوات لێدەکەم هەرچی زووتر خۆت لەم زەلکاو ڕزگار بکە وەرەوە بۆ ماهابد و....". هەردەستبەجێ دەفتەرێکی سپیم لابوو قەڵەمم دەرهێنا و وەڵامی نامەکەم ئەوەندەی لەبیرمە بەم جۆرەی خوارەوە نووسی:

"جارێک لە دوکانی خۆت کە کوتاڵت دەفرۆشت. پرسیارت لێکردم کە چۆنی لە سیاسەتدا؟ عەرزم کردی جاوی بفرۆشی لە سیاسەت باشترە، وادیارە بەقسەت نەکردوم و ملت لەبەر ملی سیاسەت ناوە، ئێستا کەوایە بەق حکومەتەی کە خۆت هێندە تاریفی دەکەی بڵێ کورد نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە و هەر ئەوەندە ڕێگەی بدەن بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێ و کاروباری ناوچەی خۆی بۆخۆی بەڕێوەببا و جەنابیشت یەک لە بەڕێوەبەرانی بی، ئەوەدم ئەگەر حیزبی دێموکرات قبوڵی نەکرد قسەی جەنابیشت وەڕاست دەگەڕێ و حیزبی دێموکرات دەبێتە وابەستەی و نۆکەری بێگانە"(بەرگی یەکەم، بەشی دووەم: ١٧٦).

٢٨دێسەمبەری ٢٠٢١

## بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمان و مێدالی وەفا



لەگەڵ هاتنی هەر شەممەیەک زیاتر لە جارێک سەردانی لاپەڕەی "کورد کاناڵ" دەکەم. چاوەڕێم بزانم لینکی تازەی بەرنامەی "پارێزەرانی نیشتمان" داندراوە کە پێشمەرگەی دێرین کاک کەریم فەرخەپوور بەڕیوەی دەبات.

لە دەلاقەی ئەمجارەی بەرنامەکەوە کە قادر باپیری ناسراو بە "مامە" میوانە، ئاوڕێک لە بەرنامەکە دەدەمەوە کە پێناسەی خۆمانەبوون و وەفای لە ڕێی میوانەکانی بۆخۆی داڕشتوەتەوە. ئەو میوانانەی کە سەردەمایەک سەرەوەتیان ڕەخت و تفەنگێک، کۆڵەپشتی و قومقومەی فافۆنی لاقەدی ڕەختەکەیان بوو. ئەوانەی پێناسەی شۆرشگێریان بە کێو، دۆڵ و دەشت و ئاواییەکانی ڕۆژهەڵات بەخشی و تەرەغە و ناڵەشکێنە، ئاربەبا و شاهۆ و زۆر شاخی دیکەی کوردستانیان لە سروشتی سەرسەوزەوە بۆیان بوونە سەنگەری بەرگری و هاوڕێی ئەو پێشمەرگانە و هێمای نەتەوەییان بۆ هەمیشە بە نسیبی سروشتی کوردستان کرد.

لە بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمانەوە مامەقالە باپیرییەکان جارێکی کە دەمانبەنەوە سەردەمی زێڕینی خەباتی حیزبی دێموکرات. ئەودەمەی لەگەڵ ئامادەباشبوونی ئەوان دڵسۆزانی خەباتی گەل و ئازادی لە ئاوایی و شارەکان ئامادەباشبوون. ئەودەمەی خەڵکی ڕۆژهەڵات یەکەم چەکی بەهێزیان بوون و دواتر چەکی دەستیان. لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارێزەرانی نیشتمان و گێرانەوەی داستانی هاوڕێ شەهیدەکانیان خورپە لە دڵم دێت و لەگەڵ هێزی حیزبی کوردیش لەو کاتەدا هێندەی کە قورسایی خەباتی نەتەوەییم لەو سەردەمەدا بۆ دەردەکەوێت.

لە بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمان لە مامەقالەکانەوە چیرۆکی خاکەڕایی سەرکردەکانی کورد دەبیستین ئەوانەی کە تا ئێستا نەمانبیستوون. وەک چۆن مامەقالە لە دوا خولەکەکانی بەرنامەکە باسێک لەشەهید دوکتور سەعید دەگەڕێتەوە کە خودی خۆی هاتوە بۆ نانەوەخانە کە بەشە نانی خۆی وەرگرێت و بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

هەر لەوێشدایە کە مامەقالە یادێک لە شەهید د. قاسملوو دەکاتەوە و باس لە کردنەوەی کتێبخانەی حیزب لە قەندیل دەکات کە کاک دوکتور بۆ کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکان دەدوێت و مامەقالەش ڕستەیەکی هەرلەیاد ماوە کە کاک دوکتور گوتویەتی"ئەو چەکەی دەستی ئیمە بۆ شەڕ نیە و بۆ دیفاعە، بەڵام ئەو کتێب و قەڵەمانە ئی ئێمەن و بۆ خەباتی ئیمەن". کە ئەو گوتەیە بۆ منێک تازە بوو.

لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان، نەوەی ئەمڕۆی وەفادار بە خەبات زۆرتر ئاشنادەبن بە فەرماندە شەهیدە نەمرەکان و داستانی خۆڕاگری و بوێریان.

لە کورتیدا بیبرمەوە بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمان گەڕانەوە بۆ هەنبانەی زێڕینی ئەوانەیە کە کەمترمان لێ بیستوون و زۆریان باوەڕ و وەفا بۆ خەبات پێیە. بەرنامەیەک بۆ زۆربەی ئەوانەی خەباتی ئازادی نیشتمان دەرفەتی نەدا کە قەڵەمی خوێندەواری بە دەست بگرن، بەڵام چەکی دەستیان کردوەتە قەڵەم و زۆر خۆمانە مێژووی نەپساوەی خەبات و سەربەرزیمان بۆ دەنووسنەوە.

بەرنامەی پارێزەرانی نیشتمان ئی ئەوانەیە کە خاوەنی هەڵگری دوو مێدالیان یەکێکیان مێداڵی پێشمەرگە و ئەوەی کەش مێداڵی وەفا بۆ باوەڕ بۆ گەلەکەیان لە ڕۆژهەڵات کە بە پشتیوانی ئەوان خەباتی نێو شار و ئاواییەکان سەرکەوتوو بوو و بناغەیەکی هەمیشەیی بۆ خەبات دانا.

**ماندوو نەبن و هیوای تەمەنێکی درێژ بۆ تەک بە تەکتان کە هێشتاش بە باوەڕی قوڵتان ئاسۆی ڕوون بە خەبات دەبەخشن.**

**٣١ی مای ٢٠٢٠**

## "ئەستێرەی مێژووی ئەمەریکا، چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنی بۆ بەرژەوەندی دیموکراتەکان گۆڕی؟



### هەڵبژاردنی کەمالا هاریس لە ڕوانگەیەکی "ژنان"ـەوە

دوای ١٠٠ ساڵ لە وەرگرتنی مافی دەنگدان، بۆ یەکەمجار ژنێک وەک جێگری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا هەڵبژێردرا لە دوای بێهیواییەکی زۆری دیموکراتەکان لە دوو هەوڵی سەرنەکەوتوو لە هەڵبژاردنی جێرالدین فێرارۆ لە ساڵی ١٩٨٤ و سەرنەکەوتنی هیلاری کلینتۆن لە ساڵی ٢٠١٦دا. کارتی بەهێزی دیموکراتەکان بۆ شکستهێنان بە ترەمپ، جۆ بایدن نەبوو، بەڵکو کەمالا بوو کە توانی هاودەنگییەکی زۆر لە نێو ژنان دا بە تایبەت ژنانی ڕەشپێست دروست بکات کە بۆ یەکەمجار هەست بکەن کەسێک لە ڕەگەزی خۆیان کاندیدە و دەتوانێ دەنگ و ڕەنگی ئەوان بێت.

دیموکراتەکان بەو دروشمەی کە "ئیدی کاتی ئەوەیە ژنان، نەک تەنیا ژنانی سپی پێست، پێگەی خۆیان لە پۆستی باڵای سیاسیدا بەدەست بهێنن" وایانکرد کە ژنان دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمساڵی ئەمەریکا دیاری بکەن. بزووتنەوەی ژنان لە ئەمەریکا کە بە هەڵبژاردنی ترەمپ، بێهیوایی رووی تێکردبوون کە هێشتاش دوای ١٠٠ ساڵ وڵاتەکەیان ئامادەیی هەڵبژاردنی ژنێکی وەک ڕێبەر نەبوو، هەر لەوکاتەوەش تووڕەبوون و لە رووی سیاسییەوە چالاکتربوون کە نیشانیدەن کاتی ئەوەیە ڕێبەرێکی ژن هەبێت.

کەمالا لە باوکێکی جامایکایی و دایکێکی هیندی لە دایکبووە، کە کەمالا دەڵێت هەمیشە دایکم پێیدەگوتم: "کەمالا ڕەنگبێ یەکەم کەس بی کە زۆر کاری مەزن ئەنجام بدەی، بەڵام بە دڵنیاییەوە دوایین کەس نابیت". شیامالی دایکی ڕاستی دەکرد، کچەکەی چەند جار یەکەم بوو. لە ساڵی ٢٠١٠ هاریس یەکەم ئەفریقایی - ئەمەریکایی بوو کە وەک داواکاری گشتی

کالیفۆرنیا خزمەتی کرد و لە ساڵی ٢٠١٦ش یەکەم ژنی هیندی - ئەمەریکایی بوو کە بوو بە نوێنەر لە سێناتی ئەمەریکادا. لە ساڵی ٢٠٢٠یشدا یەکەم ژنی ڕەشپێستی ئەمەریکایی وەک کاندیدی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بێت و ببێتە یەکەم ژن وەک جێگری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا.

وێنایەک کە هەموومان لە ڕێبەرایەتی و هێز لە ئەمەریکا دیتومانە زۆرتر روخسارێکی پیاوانە و ڕەنگێکی سپی پێست بووە، کەمالا بەم شێوەیە هاوکێشەی دەسەڵات و پێکهاتەی کۆمەڵگەی گۆڕی کە دەتوانێ لە داهاتوودا ئیلهامبەخشی کچان بێت. منداڵانی کچ دەبێ لە کرداردا ژنان لەو پۆستانە ببینین کە باوەڕیان لەلا دروست بێت و ئەو ژنانەش دەبنە ئۆلگو بۆ نەوەکانی داهاتوو.

بەرپرسایەتی کەمالا ئاسان نابێت لەکاتێکدا بەڵای کرۆنا پانتایی دنیای بە ئەمەریکاشەوە گرتوەتەوە و نزیکەی دوو سەد هەزار ئەمەریکایی گیانیان لە دەست داوە. بە پێی ئاماری ناوەندی کاری ئەمەریکا ڕێژەی ژنانی بێکار لە چاو پیاوان سێ هێندەیە کە زیاتر لە ٨٠٠ سەد هەزار ژن بێکار بوون و ئاماری پیاوان ٢٠٠ هەزارە. بۆیە هەڵبژاردنی کەمالا واتە بوونی ژنێک لە ئاستێکی بەرزی فێدرالدا کە پێشتر پیاوان لەو پۆستانەدا بوون و دەرکی پێویستیان لە دۆخی ژنان نەبووە. بۆیە لەمڕۆوە لەوبارانەوە هەموو چاوەکان لەسەر کەمالا دەبێت و گوشارێکی زۆرتری لە چاو پیاوەکان لەسەر دەبێت.

جگە لەمانەش بە شێوەیەکی باو خەڵک تایبەتمەندی ڕێبەری زۆرتر بە پیاوانەوە پێوەند دەدەنەوە بەهۆی بوونی کلێشەی وەک( کردار و ئەقڵانیەت) و کلێشەی ( کۆمەڵگە و هەستیش) بە ژنانەوە. هەر بۆیە کەمالا و ژنانی وەک کەمالا ئەو ئەرکە گەورەیان دەکەوێتە سەرشان کە جوابێک لە پراکتیکدا بەو کلێشانەوە بدەنەوە کە ژنانیش خاوەن تایبەتمەندی ڕێبەرین.

هەرچەندە بوونی ژنان و گەیشتن بە پۆستی باڵای سیاسی بە واتای بوونی کۆمەڵگەیەکی یەکسان نایەت لە کاتێکدا زۆر بواری دیکەمان هەیە کە ماوەیەکی زۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەردانەهاتوە و قەڵشتێکی گەورەی نایەکسانیشی تێدایە وەک موچەی جیاوازی نێوان ژن و پیاو و کاری ناوماڵیش. بەڵام دەتوانین نێوی لێ بنێین "پێشکەوتن بەرەو یەکسانی ڕەگەزی." لەگەڵ هەموو ئەو نایەکسانیانەش، دەبێ تەجلیلی هەڵبژاردنی کەمالا بکەین کە میچی شوشەیی لەو بوارەدا شکاند و ژنانی ڕەنگی پێستی هێنایە سەنتەری باسە سیاسییەکانەوە و بەرهەمێکیش بۆ خەباتی چەندین دەیەی فێمینیستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

### ژن قوربانی گومانی کۆمەڵگەیە، دوعا بەنموونە



٤ ساڵ لەمەوبەر "دوعا"یەک لە کوردستان شەلاڵی خوێن کرا کە تاوانەکەی تەنیا گومانی نابەجێی دەوروبەری بوو، بەشێوەیەکی دڕندانە کوژرا و بە جەستەی شێواو و خوێناویی خۆی ئەو راستییەی سەلماند کە دوژمنی ژنی کورد تەنیا گومانی خراپی ژینگەیە.

گومانێک هەبوو کە گوایە دوعا پێش ئەوەی هاوسەری هەبێ، دووگیان بووە، ئەو گومانە لە کاتێکدایە لەم سەردەمەدا هیچ کردارێکی پزیشکی لە چاوی زانست شاراوە نییە و ناکرێ لەسەر بنەمای گومان کەسێک بکوژین، هەر ئەو قسە و گومانانە کە تا ئێستەش بەردەوامە و رۆژانە دەیان دوعا دەکوژرێن و دەسووتێنرێن و زۆربەی ئەوانی تریش چاوەڕێی رووداوی تر دەکەن، هەمووی ئەوانە ئەنجامی شتێکن بەناوی گومان، واتە ژیانی ژنانی کورد لەسەر گومانێک دەوەستێ و هەر گومانێک راستەوخۆ دەبێتە تۆمەت و تاوان و دواتر سزای هەموویان دەرخرێتە دەستی ژن.

نازانم چارەنووسی کۆمەڵگەیەک کە پشت بە گومانێکی بێ بنەما دەبەستێ بەکوێ دەگا، ژن لەو کۆمەڵگەیەدا یەکەم قوربانی بووە، گومان لە هەموو شتێکی دەکرێ لە هەستان، لە چوونە دەرەوە و لە قسەکردن و لە هەموو شتێک، بێ ئەوەی دادگایەک هەبێ و کۆمەڵگەی گومانئاوی دادگایی هەموو ئەوانە دەکا کە پێی وایە وەک خۆی بیر ناکاتەوە.

دوعایەک کە روحە عاشقەکەی وای لێکرد ئەو رێچکەیە بشکێنێ و کەسێکی جیاواز لە ئاینەکەی خۆی خۆشبوێت کوشتیان، لە کاتێکدا دوعا دەبووە هەوێنی نێزیکیی دوو ئاین و دوو کولتووری جیاواز و رێگەیەک بوو کە ئاسانتر ئاینەکان قبووڵ

بکرێن، بەڵام هەموویان لەبار برد، بەکوشتنی دوعا دیسان ئەوە پشتڕاست بووەوە کە ئاینەکان زیاتر لەوەی دژی یەکتری بن، دژی رەگەزی مێیینە، چونکە هەردوو ئاینی ئیسلام و ئیزەدی بەرامبەر کوشتنی دوعا بێدەنگ و هاودەنگ بوون و تەنیا کەسانێک ریسوایان کرد کە لە دەرەوەی ئاین سەیری رووداوەکەیان کرد و زیاتر مرۆیی بوو.

گومان، ئەو وشەیەی کۆمەڵگەی ئێمەی خستووەتە مەترسییەوە، بەتایبەت بەرامبەر ژنان، چونکە ژنانێک هەن دەترسن لەوەی چۆن باسیان دەکرێ، چۆن سەیریان دەکرێ و چ تۆمەتێکیان بۆ هەڵدەبەستن، ناهەق نین لەوەی بترسن، چونکە دەزانن بڕیاردەرەکانی دەوروبەریان هەر لە خێزان و کۆمەڵگەوە چاوەڕێی لە دایکبوونی گومانێکن تا ژنێکی پێ بکوژن.

دوعا بەگومانی دووگیانی و هەبوونی منداڵی پێشوەختە کوژرا، لە کاتێکدا دوای کوژرانی لە گۆڕ دەرهێنرا و بەپێی تاقیکارییەکانی پزیشکی دەرکەوت پاک بووە و دەرکەوت لەسەر تەنیا گومانێک تووشی ئەو کوشتنە دڕندانەیە هاتووە و بە دم و چاو و هەموو جەستەیەوە چووە پێشوازیی کۆمەڵگەیەکی بەرد و بلۆک لە دەست و گیانی بە گۆمانێک بەخشی.
پیاوانێک کە رۆژانە هەزاران کاری ناشیرین و نەشیاو دەکەن و نیوەی کارەکانی خۆیان بۆ خوشک و کەسانی تر بەڕەوا نابینن، ئەو گومانەی کە بنەماڵەی دوعا بەنەمانی نامووس و شەرەفیان پێناسە کرد، شەرەف و ناموسێک کە خاوەندارێتی لە بوونی ژنەکان ستاندووەتەوە، ئەوانەی بەناوی شەرەف دوعایان کوشت بێ ئاگا بوون لەوەی شەرەفیان لە هەموو کۆمەڵگەی کوردی ستاندەوە، چونکە ئەوەی ئاگای لە رووداوی دوعا بوو، کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی دژە-ژن ناسی و لە پێناوی شەرەفدا، تاوان کرا.
بەڵام ئێستە، ئایا ٤ ساڵ بەسەر رووداوی دوعادا تێپەڕی، چەند دوعای تر بوونە قوربانیی ئەو گومانە، تا چەند ئەو گومانانە کەم بوونەتەوە ئەگەر زیاتر نەبووبن؟ تا چەند خۆشەویستی بەپاکی ماوەتەوە و نەبووەتە گوناە و تاوان و بتوانی ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستیمان هەبێ؟ بەکورتی ئایا چەند دڵنیاین لەوەی ئەقڵی کۆمەڵگەکەمان دەتوانێ تاوان و خۆشەویستی لە یەکتری جیا بکاتەوە؟

کوشتنی دوعا، کوشتنی تەنیا مرۆڤێک نەبوو، کوشتنی ژن وەک نیوەی هەمووی مرۆڤایەتی بوو کە داوا دەکا خۆی بێ، وەک خۆی بژی، بەڵام کۆمەڵگەی پیاوان هەوڵ دەدا ژن بەدڵی ئەو بژی و بمری.

"٤ ساڵ لەمەوبەر لەرۆژێکی وەک ئەمڕۆدا دوعا بەشێوەی کۆمەڵ هێرشی دڕندانەی کرایە سەر و دوور لە هەر بەهایەکی مرۆیی کوژرا، دواتر نارەزایەتیی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە".

٧ی ئەپریلی ٢٠١١

# بەبێ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگا، دیمۆکراسی مسۆگەر نابێت




**دیمانە: کوردپا**

**بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان و زیاتر شرۆڤە و تاوتوێکردنی پرسی بزووتنەوەی ژنانی کورد و ئاریشە پێوەندیدارەکان بەم پرسە، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا چەند پرسیارێکی ئاراستەی خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ژنان کردووە.**

**کوردپا: بۆچی چالاکییەکانی بزووتنەوەی ژنان زیاتر بەستراونەتەوە بە بۆنە و ڕێوڕەسمە جیهانی و ناوچەییەکانی پێوەندیدار بە ژنان، بە واتایەکی تر تەنیا لەو کات و ساتانەدا چڕتر دەبنەوە و بزووتنەوەکە گشتگیر نەبووە و بەردەوام نیە، هۆکارەکانی چین؟**

**شلێر باپیری**: ئێستە بزووتنەوەی ژنان یەکێک لە فراوانترین و بەهێزترین بزووتنەوەکانی جووڵە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری جیهانە، بزووتنەوەی ژنان نەک تەنیا لە ڕێگەی کردارەوە هەنگاوی باشی هاویشتووە، بگرە پێشکەوتنی بزووتنەوەکە لەو ماوە کورتەدا بە شێوەیەک بووە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆی دەرکەوتووە بەبێ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە کۆمەلگەدا ناتوانرێ دێمۆکراسی مسۆگەر بێت و دیموکراسییەکی ناتەواو دێتە ئاراوە، چونکە دێمۆکراسی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ بنیات نراوە و مافی ژنانیش بەشی سەرەکییە لە مافی مرۆڤ. ئەو پێشەکییەم بۆیە باس کرد کە بچمە سەر کرۆکی پرسیارەکەتان سەبارەت بە بزووتنەوەی ژنان و یادکردنەوە تەنها لە یادەکاندا، بێگومان بزووتنەوەی ژنان لەناخی کۆمەڵگەوە سەریهەڵداوە کەلە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە گوێرەی بنیات و ڕوانینە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگۆڕێ. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بزووتنەوەی ژنان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بەهێزەی کە بتوانێ هێز و کاریگەریی بەرچاوی هەبێ. بزووتنەوەی ژنان بە شێوەیەک ماویەتی کە بگات و تێر و تەسەل مەبەستی خۆی بپێکێ. کەواتە لە بزووتنەوەیەکدا

کە تێر نەبووە لە کار و چالاکی کەواتە دەبێتە خۆراکی زۆر لایەن و لە هەمان کاتدا تا گەیشتن بە ئامانجەکانی خەباتێکی لەخۆبردووی دەوێ. هەر چەند دەڵێم بەداخەوە پرسیارەکەتان راستە و تەنیا کاتی بۆنەکانە کە ئێمە زیاتر کار لەسەر پرسەکان دەکەین و نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بەتایبەت ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو پرسە بتوانن لە هەر کات و ساتێکدا زیاتر هەنگای بەرچاو هەڵبێنەوە ئەوەش بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێنمەوە کە تێیدا ژنان بەشێکن لەو کۆمەڵگەیانە، کەواتە ژنانیش خۆیان هۆکارێکن بۆ ئەم فەرامۆشکردنە، هەروەها زانیاریی ژنان بەداخەوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نیە و ژنانێکی کەم لە ژمارەمان هەیە کە بتوانن زۆر زانستیانە کار لەسەر پرسەکان بکەن و شیکاری بۆ بکەن و کار لەسەر ئامانجەکان بکەن. هۆکارێکی دیکەش کە بۆتە هۆکار بۆ ئەمە زۆر جار بزووتنەوی ژنان وەک مانۆڕێک و زیاتر لە درووشمێک نییە کە ئەمەش هۆکاری زۆرە، لەوانە بوونی دەسەڵاتی سیاسی لەو کۆمەڵگەیە کە بزووتنەوەکانی ژنان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان دەقۆزنەوە و ژنانیش پێرەوی دەکەن.

**کوردپیا:** **لە ماوەی نێزیک بە دوو دەیەی رابردوودا شەپۆلێکی بەرین لە ژنان و کچان لە بواری فەرهەنگی، نووسین و رۆژنامەنووسیدا لە چوارچێوەی رێکخراوە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە هەرێمی کوردستان هاتنە مەیدانی چالاکییەوە، بەڵام پاش ماوەیەک کار کردن دەکشێنەوە و بەردەوام نین و تەنیا کۆمەڵێکیان توانیویانە جێگای خۆیان بکەنەوە، پێتان وایە هۆکاری بەردەوام نەبوونیان چیە؟**

**شلێر باپیری:** سەرەتا ئەوە روون بکەمەوە کە نەک لە بواری ژناندا، بگرە لە هەموو لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینین کەسانێک زۆر خێرا دێنە پێشەوەی مەیدانەکە و دوای ماوەیەک بێ سەروشوێن دەبن لە کار و چالاکی، ئەوەش بە بۆچوونی من دوو هۆی هەیە.

یەکەم ئەوەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ چالاکی لە کۆمەڵی مەدەنیدا نییە و لانیکەم لە ئاستی پێویستدا نیە، یان دوور نیە بە کێشەیەکی یاسایی یان کۆمەڵایەتی کەلە چوارچێوەی کاردا تووشی دەبێ زوو کۆڵ دەدا و نێوە نێوە دەگاتە ئەو بۆچوونە کە وا باشترە واز بێنێ، هەرچەندە زۆر بە کەمی راستەوخۆ باس لەو کردارەیان دەکەن.

هۆکاری دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی زۆری ژنان بەشێوەی لاوەکی تێکەڵ بە پرسی ژن و داکۆکی کردن لە مافەکانی ئەو توێژە گرینگەی کۆمەڵ بوونە، کاتێکیش ئەو ئەرکەیان لەسەر دەبێتە ماڵ و لە راستیدا ناتوانن وەڵامدەری بن، ئەوا تووشی شکست دەبن و واز دێنن. بۆ نموونە مامۆستایەکی ژن لە زانکۆ ئەگەر لە چەند وتار یان گوتاردا داکۆکی لە ژن کرد و نێوە نێوە وەک کەسایەتییەکی بواری مافی ژنان ناوی دەرکرد، ئەوە راستەوخۆ چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بەردەوام چالاکیی دیکەی هەبێ کە لەوانەیە لە ئاستی کات و پیشە و هەموو توانای ئەودا نەبێ، لێرە دایە کە بەردەوام جۆرێک لە



سەرچاوە Serchawe

دیار نەبوونی چالاکانی ژنان لە مەیدانەکەدا هەستی پێ دەکرێ. بە کورتی دەتوانم بڵێم کە پێویستە بڕوامان هەبێ بەوەی پرسی ژن دوور و درێژە نابێ چاوەڕێ بین بە یەک ساڵ و دوو ساڵ و بە بوونی چەند کەسی دیاریکراو چارەسەر بکرێ.

**کوردپا:** ماس میدیا (راگەیەنە گشتییەکان) وەکوو ئامرازێکی مۆدێڕنیتە ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا کەڵکی لێوەردەگیرێت، ژنیش لەم نێوەدا وەک هێزێک هاتۆتە مەیدانەوە و جێپەنجەی دیارە، بەڵام پرسیارەکە لێرە دایە کە ئاخۆ بۆچی پاش ماوەیەک دەکرێنە ئامراز و ناتوانن بەردەوام بن و توانایی خۆیان بسەلمێنن. بەگشتی ژن بۆ نەیتوانیوە لە میدیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵک وەربگرن؟

**شلێر باپیری:** ناتوانین بڵێین ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا توانای سەلماندنی خۆی نەبووە، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدام کە دەکرا زیاتر خۆی بسەلمێنێ. بۆ نموونە ئەگەر ژن هێزی سەلماندنی خۆی و سەرخستنی ئامانجەکانی وەک مرۆڤێک نەبوایە، بەڕاستی ئێستە شاهیدی ئەو هەمووە رۆڵەی ژن لە دام و دەزگاکان، کەناڵەکانی راگەیاندن، کاروباری کەرتی گشتی و تایبەت دەبووین؟ ئایا کۆمەڵگەی کوردی وا بە ئاسانی رێگەی بەدەرچوونی کچ بۆ خوێندن و زانکۆ دەدا؟ ئەگەر چالاکانی مافی ژنان کاریان نەکردبایە بێگومان ئێستە بەشێک لە هەموو پرسەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان ژنان نەدەبوون، ئێستە لە هەر رووداوێک و پێشهاتێکدا لە کوردستان ژن و پیاو شانبەشانی یەکتری دەبینی بێ ئەوەی هەست بکەی جیاوازییەکی جەندەری زۆر بەرچاو هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە دەبێ کاری زیاتر بکرێ. دەبێ کار بکرێ بۆ ئەوەی کوردیش فێر بێ ئەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە رەگەز نیە بگرە کارە، ئەوەش کات و هەوڵی زیاتری دەوێ، نابێ لەبیرمان بچێ ئێمە باس لە کۆمەڵگەیەکی ئایینی دەکەین کە بەردەوام گیرۆدەی سەدان داب و نەریتی کۆن بووە و پێویستە بڕوامان بە خۆمان و تێپەڕ بوونی کات هەبێ.

**کوردپا:** سپاس بۆ ئامادە بوونت بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە.

**شلێر باپیری:** سوپاس بۆ ئێوەش و سەرکەوتوو بن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - رێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٢

## سەرکەوتنی مێژوویی و ئەزموونی ژنێکی چالاک لە میانمار




سەرکەوتنی خاتوو سوچی لە هەڵبژاردنەکانی میانماردا سەلماندی کە ماف لە زۆرداری لە سەرترە. خاتوو سووچی توانیوێتی لە رۆژی یەکەمی ئاوریلی ئەم ساڵدا یەکێک لە ٤٥ کورسی پارلەمانی میانمار (بێرمە) دەست بهێنێ. دوای گۆڕانکارییەکانی کە لەو ولاتە رووی داوە، هەڵبژاردنەکانی ناوەندیی میانمار کە رۆژی یەکشەممە یەکەمی ئاوریل ئەنجام دران، گرینگیەکی زۆری هەیە. "ئان سان سووچی" ٢٠ ساڵ لە تەمەنی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا بە بەندکراوی تێپەڕاندووە و حیزبەکەی یەکێک لەو حیزبانەی ئۆپۆزسیۆنە کە لە هەڵبژاردندا بەشداریان کردووە. خاتوو سووچی، لە سەرانسەری جیهاندا وەک ژنێکی ناودارو ناسراوە کە زۆربەی ساڵەکانی ژیانی لە رێگای ئازادی و ئامانجەکانیدا بەخت کردووە. ئەو ئامانجانەی کە دەیهەوێ ولاتەکەی، میانمار، لە ژێر دەسەلاتی رژێمێکی دیکتاتۆری بێتە دەر.

### خاتوو سووچی دەڵێ:

"من باوەرم بە شەڕی چەکداری نیە، چونکە ئەو کەلتورە لە پاش خۆی بە جێ دەهێڵێ کە هەر کەس چەکی باشتری لە دەست دایە دەسەلات دەکا و ئەگەر جولانەوەیەکی دێموکراسیخواز لە رێگای کەڵک وەرگرتن لە شەری چەکداریەوە سەرکەوێت، ئەم بۆ چوونە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنت کە ئەو کەسەی هێزی زیاترە، ئەو براوەیە. ئەو بیرۆکەیە، هیچ یارمەتییەک بە جێگیرکردنی دیموکراسی نادات.

### خاتوو سووچی لە سەر ئەو باوەڕەیە:

"شەرافەتی سیاسی بە مانای راست بوون لە مەیدانی سیاسەت دایە، یەکێک لە گرینگترینەکان بۆ تاکێک کە لەو رێگە دا چالاکە، ئەوەیە کە ئەو هیچکات نابێ خەلکی ولاتەکەی فریو بدات. سیاسەتمەدارێک کە خەلک فریو بدات، شەرافەتی

سیاسی نیە و سەرانی حکومەتی وڵاتی من هیچ لە مانای شەرافەتی سیاسی ناگەن، چونکە بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دان خەلک فریو بدەن".

ئانگ سان سووچی، لە گەڵ ئەودا کە باوەڕی بە ئایینی بودایی هەیە، بەشێکی لە سەردەمی لاویەتی و مێر منداڵیی خۆی لە هیندوستان. زۆربەی لێکۆڵەران لە سەر ئەو باوەڕەن کە ماوەی ژیانی ئەم خاتوونە لە هیندوستان بردوویەتە ژێر کاریگەریی خەباتی گاندی و خەباتی مەدەنی دوور لە شەر هەڵبژێرێ.

**ئەو خانمە خەباتگێرە لە سەر ئەو باوەڕەیە:**

خەبات بۆ دێموکراسی خەباتە بۆ باشتر بوونی ژیانی رۆژانەی ئێمە و خەباتێکی هەتا هەتاییە و هەرگیز کۆتایی نایەت. من دەزانم کە رێژیم توانایی ئەوەی هەیە کە چی پێ خۆش بێ، بە سەرم بهێنێت و لە سەر ئەو حالەش را من باکێکم لێیان نیە. نەترسانی من بۆ ئەوە ناگەرێتەوە کە زانیاریم لە سەر تواناکانی ئەو رژیمە نەبێ، نەترسانی من لە نەفرەتی من لەو دەسەڵاتە سەرچاوە دەگرێ. ترس و نەفرەت دەست لە ناو دەستی یەک بەرەو پێش دەچن.

## ژیانی ئانگ سان سووچی

ئانگ سان سووچی، کچی ژنەراڵ "ئانگ سان"ە کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڵ بریتانیەکان لە سەر خودموختاری میانمار کە ئەو کات ناوی بێرمە بوو، کەوتە گفتوو گۆ. ژنەراڵ ئانگ، ساڵێک دوایی و لە کاتێک دا کە سان سووچی تەنیا دوو ساڵی تەمەن بوو، تیرۆر کرا.

ئانگ سان سووچی لە ساڵی ١٩٨٨ و دوای بیست ساڵ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی لە بریتانیا بۆ زێدی خۆی گەرایەوە، لەو ساڵەدا میانمار ببوو بە گۆرەپانی خۆپێشاندەران بۆ دێموکراسی و سەرکووتی ئەو خۆپێشاندەرانە لە لایەن ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە و لە کۆتایی دا هێزە ئەرتەشیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست.

سووچی هاتە ناو سیاسەتەوە و لە گەڵ دەستەیەک لە دۆست و هاوبیرانی یەکێتی نەتەوەیی و دێموکراسیان دامەزراند و خۆی بوو بە سکرتێری. دەسەڵاتی هێزە نیزامیەکان گرتیان و پێیان راگەیادن بەمەرجێک ئازادی دەکەن خاکی بێرمە جێ بهێلێت. بەڵام ئانگ سان سووچی لە چوونە دەرەوەی لە میانمار خۆی پاراست و لە هەڵبژاردنێکدا کە ساڵێ دوایی لە ژێر فشاری دەسەڵاتی ئەرتەش ئەنجام درا، سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەڵام هەڵبـژاردنەکە لە لایەن دەسـەلاتی نیـزامیەوە هەڵوەشـایەوە  وخـاتوو سـووچی بـۆ جـارێکی تـر دەستبەسـەر کـرایەوە. بەرهەمی ئەو کارەساتە، دانی خەلاتی ئێونەتەوەیی ئاشتی نۆبێل بـە خـاتوو سـووچی لە سـاڵی ١٩٩٥ بـوو، بەڵام دەسـەڵات تەسلیم نەبوو. هەر لەو ساڵە دا حکومەت ئانگ سانی ئازاد کرد، بەڵام ئەم حوکمی بە سەر دا سەپاند کە ئەگەر بـۆ دیتنـی بنەماڵەکەشی وڵات جێ بهێڵێت، تازە بۆی نیە بگەرێتەوە .'

ئانگ سان، بۆ دووهەم جار بریاری دا کە لە میانمار بمێنێتەوە. ئەو لە بینینی منداڵەکانی بێبەش کرا و قەت چاوی بە هاوسەرەکەی کە لە ساڵی ١٩٩٩ بە نەخۆشی ژێر پەنجە گیانی لە دەست دابوو نەدیتەوە.

بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو، وێڕای وەر گرتنی خەلاتی جۆراو جـۆر، ئانـگ سـان سـووچی ژیـانی تایبـەتیی خـۆی  کـردە قوربانی وڵاتەکەی، بەڵام تـا هەڵبژاردنی یەکەم ئاوریلی ٢٠١٢ بە ئامانجەکانی نەگەیشتبوو، کەچی هێشتاش قسەی ئـاخری نەکردوە.

ساڵی ١٩٤٥ لە ڕانگۆن، پایتەختی وڵاتەکەی (Aung San Suu Kyi) ئانگ سان سووچی لە میانمار لە دایک بوو.

ناوەکەی لە ٣ ناو وەرگیراوە یەکەم نـاوی بـابی، "ژنەراڵ ئانگ سان"، نـاوی دایکی بـابی "سوو" و نـاوی دایکی "چی".
باوکی دامەزرێنەری ئەرتەشی نوێی بێرمە "میانمار" و لە سەربەخۆیی بێرمە لە بریتانیەکان ساڵی ١٩٤٧ دەوری هەبووە.

ئەو یەکێک لە قارەمانانی سەربەخۆیی برمە ناسراوە، ٦ مانگ بەر لە سەربەخۆیی بێرمە کوژرا.

دایکیشـی وەک کەسـێکی سیاسـی لە دەوڵەتـی نـوێی بێـرمەدا دەوری هەبـووە و وەک بـاڵوێزی ئەو وڵاتە بـۆ هینـد  و نێپـاڵ ناردراوە و ئەو فورسەتەی رەخساند کە "ئانگ سان" لە ساڵی ١٩٦٤ لە دێهلی علومی سیاسی بخوێنێت.

"ئانگ سان سووچی" لە ساڵی ١٩٦٤ دەورەی کارناسی لە بەشـەکانی فەلسـەفە، زانسـتی سیاسـی و ئـابووریی لە کۆلێژێک لە ئاکسفۆرد تەواو کرد و دوایی ٣ ساڵ لە نیۆیۆرک ژیانی بە سەر برد و لە ولاتە یەکگرتووەکان کاری کرد.

لە هەمان کاتدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی، هینـدێک بـابەتی بـۆ مایکێل ئـاریس لێکـۆڵەری کەلتـوری تەبەت نووسـی. ئەو دوانە لە سـاڵی ١٩٧٢ بە یەکەوە ژیـانی هاوبەشـیان پێـک هێنـا. لە سـاڵی ١٩٨٥ دوکتـورای لە زانکـۆی لەنـدەن کـۆلێژی، لێکۆلینەوەکانی رۆژهەلاتی ناوین و ئافریقا وەرگرت.



سەرچاوە
Serchawe

"ئانگ سان سووچی" لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەر نەخۆشی دایکی گەڕایەوە بێرمە و لە هەمان کات دا چالاکیەکانی خۆی بۆ بەدی هێنانی دێموکراسی دەست پێ کرد.

لە دوای گەڕانەوە بۆ بێرمە، سەرقاڵی خەبات لە دژی ژنەراڵ نەوین، دیکتاتۆری ئەو کات بوو کە لە ١٨ی دێسامبەری ١٩٨٨ لە دای کوودەتایەکی نیزامی دەسەلاتی گرتبووە دەست. ئەم خەباتە لە لایەن ئەرتەشەوە بە خەستی سەرکووت کرا.

دوایین چاوپێکەوتنی لە گەڵ هاوسەرەکەی "مایکل ئاریس" لە کریسمەسی ١٩٩٥ بوو، لەو کاتدا ئانگ سان لە بێرمە مایەوەی و هاوسەرەکەی بێرمەی بە جێ هێشت و لە دوای ئەو دا داوای ویزای بۆ وڵاتی بێرمە لە گەڵ وڵامی نەخیری دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە ڕووبەڕوو بوو.

ئاریس ساڵی ١٩٧٧ زانی کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە، سەرەڕای داوای کوفی عەنان و پاپ ژان پۆلی دووهەم لە دەسەڵاتی بێرمە، دەستەڵاتداران لە دانی ویزا، بە بیانووی نەبوونی کەل و پەلی پێویست بۆ ئاگاداری لە ئاریس لە خۆیان پاراست.

بەڵام پێشنیاریان کرد ئانگ سان چوو بۆ دیتنی مێردەکەی لە بێرمە بەرنە دەرێ و بە شێوەیەکی کاتی لە زیندانی ماڵەکەی هێنرای دەرێ تا بتوانێ هاوسەرەکەی ببینێ و بچێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەو دەیزانی ئەگەر لە وڵات بچێتە دەرەوە ئیتر ئیزنی گەڕانەوەی بۆ وڵات پێ نادەن و لەو کارە پاشگەزبووەوە، ئاریس لە ١٩٩٩ لە ڕۆژی لەدایک بوونی ٥٣ ساڵەیی کۆچی دوایی کرد.

لە مانگی مەی ١٩٩٠ دەسەلاتی بێرمە حوکمی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دا. سەرە رای ئەوەی سووچی لە ماڵەکەی خۆی دا بەند کرابوو، حیزبەکەی "ڕێبەری نەتەوەیی بۆ دێموکراسی" لە هەڵبژاردن دا زۆربەی دەنگی خەلکی وەدەست هێنا.

ژنێراڵەکانی ئەرتەش لە قەبوڵکردنی سەرکەوتنی ئەو حیزبە خۆیان دزیەوە و حکومەتیان لە دەست خۆیاندا هێشتەوە، سەرەرای دانی خەلاتی نۆبێل بە خاتوو سووچی، ئەو تا ساڵی ١٩٩٥ لە ماڵەکەی خۆی دا بەند کرابوو.

هاتووچۆکانی خاتوو سووچی زیاتر کەوتنە ژێر چاوەدێری و بۆ جارێکی دیکە، ساڵی ٢٠٠٠ گیرا و دوو ساڵ دوای بێ هیچ شتێک ئازادیان کرد.

ئانگ سان سووچی نەیویست بێرمە بە جێ بهێڵێت و گوتی: دەیهەوێ لە لای خەلکی وڵاتەکەی خۆی بمێنێتەوە. لە دوای ساڵێک تێکهەڵچوون لە نێوان لاینگرانی خاتوو سووچی و لاینگرانی دەسەلاتدا دەستی پێکرد و دیسان خاتوو سووچی دەستگیر کرا. لەو کاتەوە تا ئازادی بێرمە لە ساڵی ٢٠١٠ دا سووچی بە دوای یەک دا لە بەند دا بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ خاتوو سووچی لە یەکەم بەشداری خۆی لە خۆپێشاندانێکی گشتی دوای چەند ساڵ بەند لەو دیوی دەرگاکانی ماڵەکەی چاوی بە چەند ڕێبەری بوودایی نارازی کەوت.

سووچی دوو منداڵی هەیە کە یەکێکیان بە ناوی کیم ئاریس لە تایلەند ژیان بە سەر دەبا و چەند نەوەشی هەیە کە چاوی پێیان نەکەوتووە.

**ئانگ سان سووچی لە ١٣ی نوامبەری ٢٠١٠ لە بەند ئازاد کرا.**

لە گەڵ حوکمی ئازادی ئانگ سان سووچی، ڕێبەری دژبەری دەوڵەتی میانمار و هەڵگرتنی بارگەکانی پۆلیس لە دەوری ماڵەکەی ئەو دەورانەی کە لە ماڵەکەی خۆی دا بەند کرابوو بە سەر چوو، سەدان کەس لە لاینگرانی خاتوو سووچی لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیدا چاویان پێی کەوت.

**١٦ی جووڵای ٢٠١٢**

## رووبەندەکەم نەیپاراستم



رووبەندەکەم نەیتوانی بمپارێزێ کاتێک لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی سواری تەکسی بووم و لە کورسیی پێشەوە دانیشتم و یەکێک لە پشتەوە دەستی بە سینگمدا هێنا، بێ ئەوەی بزانێ رووبەندم پاسەوانمە و ئەو کاتەی کە تەنانەت بۆم نەدەکرا قیژەم بێ و خۆم دەرباز بکەم!

رووبەندەکەم نەیپاراستم کاتێک لە شارێکی غەریبدا خوێندکاری زانکۆ بووم و کاتێک رۆژ بەرەو ئاوابوون و تاریکی دەڕۆیشت و لە زانکۆوە بەرەو ماڵ دەڕۆیشتمەوە و ژمارەیەک کرێکاری باڵەخانەیەک دەورەیان دام و ئەگەر نەمزیقاندبا دیار نەبوو چ رووی دەدا!

رووبەند منی نەپاراست لە کاتێکدا داوای ژیانی هاوسەریی هاوپۆلیەکەم رەت کردەوە و ئەویش لە پشت سەرمەوە منی بە "لەشفرۆش" بانگ دەکرد!

لەبیرم ناچێ کە رووبەندەکەم منی نەپاراست کاتێک لە دادگە دادوەرەکە بەرامبەر یەکلاکردنەوەی کاری دۆسیەکەم زۆر بێ شەرمانە و دوور لە رێزی رووبەندەکەم داوای بێ شەرمی و بێ رووبەندی تەنیا بۆ خۆی لێ کردم!

بەڵێ، رووبەندەکەم شەرمەزا بوو! لە هەموو ئەو ساڵانەدا رووبەند بۆ من لە کۆڵان و شەقام، لە رۆژ و شەو، لە شار و لە گوند وەک پاسەوان لام بوو، بەڵام منی نەپاراست و ئەوە من بووم کە زیاتر ئاگام لەو بووە!

هەست دەکەم بەناوی پاراستن رووبەندیان دەخستە سەرم و لە سەرما و گەرما دەبوایە هاوڕێم بێ، بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی منی لە ئەستۆ بێ، هەستکردن بە ئارامی و ئاسایشی کەسێتیم شتێک نەبوو کە رووبەند لە ئاست پاراستنی مندابێ، رووبەند شتێک نەبوو بۆ سنووردارکردن، چونکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە رووبەندا نییە و دابینکردنی ئەو لایەنە هۆکاری تری هەیە.

١٨ی جووڵای ٢٠١٢

## ڕۆژی ژن وادەیەک بۆ دەنگی ئازادیخوازانی ئێران




کاتێک باسی ئێران دەکرێ، ڕاستەوخۆ دیمەنی وڵاتێکی پڕ لە ڕەگەزی نێر لە مێشکدا وێنا دەبێ و پێت وایە ئەو وڵاتە تەنیا وڵاتی پیاوانە! زۆرجار لایەنە زانیستییەکەشی فەرامۆش دەکەین کە ئەو هەمووە پیاوە هەمووی بەرهەمی ژنە. بەڵام ئەمساڵ لەو وڵاتە نامۆ بەژنەدا ٨ی مارسی ژنان و ١٧ی ئیسفەندی ناڕازییان لە ئێران تێکەڵ دەبن و پێشبینی دەکرێ دەرفەتێک بەژنانی ئێران بدرێ لە پاڵ ئازادیخوازانی مافخوراودا باسی بوونی خۆیان بکەن.

ژنانی ئێران وەک زۆربەی ئەو وڵاتانەی گیرۆدەی سیستەمێکی پاشکەوتووی سیاسی و ئاینین، هەمیشە چاوەڕێن، چاوەڕێی ڕووداوەکان و پێیان وایە ڕووداوەکان ڕزگاریان دەکا، ئەوەش بەمانای لاوازیی ئەو چینە نایە، بەڵکوو نیشانەی لاوازیی ئەو سیستەمە دێت کە پێی وایە ژن ناتوانێ بڕیار بدات و پێویستە شوێنکەوتووی بڕیاری پیاو بێ.

٨ی مارس ڕۆژی یەکبوونی ژنانی سەرانسەری جیهانە بۆ خەباتکردن لە ڕێگەی ئازادی، یەکسانی، ئاشتی و دیموکراسی. لە ڕاستیدا ٨ی مارس ڕۆژی خەباتکردنە لە دژی نایەکسانی و کاڵای پیاو و ئەشکەنجە و زیندان، لەسێدارەدان و بەردبارانکردن، شەڕ و دواجاریش لەناوچوون.

٨ی مارسی ئەمساڵ بەجیاوازتر لە ساڵانی پێشوو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە جیهان ڕەوتی گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەشداری بەرچاوی ژنان یەکێک لە تایبەتمەندییەکان ئەو گۆڕانکارییانەیە.

ژنانی خەباتکار و پیاوانی ئازادیخواز کاتی ئەوە هاتووە کە بەهەموو هێزی خۆمان هاوار بکەین "ئیدی بەسە"، هاوار بکەین لەدژی زوڵم و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، کوشتن بەناوی ناموس و سووکایەتیکردن و بەلاوازگرتنی ژنان، کێشان



سەرچاوە
Serchawe

ئازاری لێدان، فشارهێنان بۆخۆسووتاندن، ئازاری روحی و زیندانی کردنمان لە گۆشەی ماڵ بەناوی ئەرکی دایکایەتی و بەکەم گرتنمان لەژێر ناوی ئاین و نەریت و حیساب کردنمان بەنیوەی کۆمەڵگە و دانانمان بەنیوە مرۆڤ لە شایەتیدان و وەرگرتنی پشکی سامانەکان، هێنانەئارای دۆخێکی ئابووری و کولتووریی خراپ کە ببێتە هۆی رەوانەکردنمان بۆ بازارەکانی لەشفرۆشی و بازرگانی پێکردن لەگەڵ پیاوانی دەوڵەمەندی بێ دەروون، دیاریکردنی پیاوی ژیانمان لەلایەن گەورەی ماڵەوە، نەهێشتنی بەشداریکردن لە زۆرێک لە چالاکی و کارەکاندا، مەبادا ئاگادار بین کە چی بەسەر هاوەگەزەکانمان دێ لە سەرانسەر ی جیهان.

چی بەسەر هاورەگەزەکانمان دێ لە ئەفغانستان و سۆماڵ کە بەردەوام ساتەکانی ژیانیان بەڕەشی دەبیین بەهۆی ئەو چاوپۆشەی بۆیان دانراوە تا نەکات دنیا وەک خۆی ببینن، هەموو رۆژێ زیاتر لە پێشوو دەچەوسێنرێنەوە و بازنەی قەدەخەکان بۆ ژن زیاتر دەبن و بەردەکانیش بۆ بەردبارانکردنیان گەورەتر و سزاکانیش زیاتر دەبن.

چی بەسەر هاوڕەگەزەکام دێ لە ئێران کە خاوەن هێزەکان دەزانن یەکبوونی هاوڕەگەزە ژنەکانم رۆڵی بەرچاو دەبیینن لە هێزی فشار و گۆڕانکارییەکان، بۆیە لە یەکبوونیان دەترسن و چالاکیەکانیان دەبەن بۆ زیندان و لە کەهریزەک دەستدرێژییان دەکەن سەر و بەجەستەی ناوەستن و بەرەو رووخانی کەسایەتییان دەبەن.

لە ئێرانێکدا کە هەموو رێگەیەک دەگیرێتەبەر تا ژنان بەکەمتر ببنرێن و یاسای جیابوونەوەی خێزانی، مافی منداڵ، فرە ژنی پەسند دەکەن و دووبارە ژنان دەخەنەوە چوارچێوەی قەفەسێکەوە کە خاوەنەکەی هەمان پیاو دەبێ و زۆربەی ئەو پیاوانە هەر بەرامبەر ژنی رۆژهەڵاتی پیاون!

ئێستە ئەو سەردەمە نەماوە کە ژنان هەر لە گۆشەی ماڵ و بەپێی بڕیاری کۆمەڵگەی دواکەتوو هەڵسووڕێن، بەڵکوو رۆشنبیریی ژنان بووەتە هۆی ئەوەی لە گۆڕانی سیستمە سیاسییەکاندا قوربانی بدەن و خەبات بکەن و داهاتوویەکی باش دیاری بکەن و لەگەڵ بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان دەنگی ژنان زیاتر دەبیسرێت و ژنان زیاتر بەرچاو دەکەن و دەرفەتێک بۆ بەهای دەنگی ژن گەڕاوەتەوە.

لە وڵاتێکدا کە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە کەواتە مرۆڤەکان بەگشتی لە مافەکانیان بێ بەش دەبن، کە ئەمە بۆ ژنان دووجار بێبەش بوونە لە ماف، کەواتە ئێمەی ژنان دەتوانیین لە تەنییشت رەگەزی بەرامبەرماندا بۆیەکسانی هەوڵ بدەین.

٨ی مارسی ئەمساڵ دەستپێکێکی تازەیە بۆ هاوڕەگەزەکانمان لە میسر و تونس، لیبیا و ئیرانیش بە دانانی ١٧ی ئیسفەند بۆ خۆپێشاندانەکان و بەشداریی بەرچاوی ژنان دەتوانی هەنگاوێکی تازە بێ لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

ئەوکاتە بەسەرچوو، کە ژنان تەنیا بۆ خۆشی پیاوەکان بوون و تەنیا لە کاتی شەوانە و لەو کاتانەی کە پێویستیان بەژن بوو بۆ بەزمەکانی خۆیان، ئەوکاتە بوو کە ژن تەنیا کاڵایەک و بۆ تێرکردنی حەزە سێکسیەکانی پیاو و ژن تەنیا خۆی جوان دەکرد کە پیاوەکان بەدڵیان بێت و وەک کەسێکی بێگیان و بێ هەڵوێست دەرازێندرایەوە.

لەسەردەمی ئێستە و لەسەدەی ٢١ دا ئێمە دەتوانین ژن و پیاو بەیەکەوە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانمان پێڕەوەی سونەتی و پیاوسالارییەکان و ڕێژیمە کۆنە پەرستەکان بڕوخێنین و بەهاوکاریی پیاوانی ئازادیخواز تەخت و پێگەیان کۆ بکەینەوە، چونکە وڵاتی دیموکراسی بەبێ ئازادیی ڕەگەزی، بوونی نییە و مانای ونبوونی دیموکراسییە. هەموو ئەوانە لەمپەرن تا ببینە خاوەن ژیانێک کە پێناسەکەی ئازادی بێ.

**٢٠ی جوولای ٢٠١٢**



سەرچاوە Serchawe

## کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات دڵخۆشی کردم




بێگومـان لەگەڵ تەواوبـوونی هەر کـۆنفرانس و کـۆنگرەیەک و تەنـانەت کۆبـوونەوە و دیـداری چەنـد کەسـیدا، چـاوەڕوانی دەرئەنجام دەکرێ و هەموو لایەک لێکدانەوە بۆ خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەکا، لێرە دەمهەوێ ئاماژە بە خـاڵ و لایەنە گرینگەکانی یەکەم کۆنفرانسی ژنـانی رۆژهەڵات بکەم کە هەفتەی رابـردوو بەڕێـوە چـوو، چـونکە بەگشـتی بەلامەوە جێگەی بایەخ بوون و وەک گۆڕانکاری و هەنگاوێکی نوێ لە پرسی ژنی دەزانم.

پێش سـازدانی ئەو کۆنفرانسە کە دواتـریش راگەیانـدنە گشـتیەکانی رۆژهەڵات کاریـان لەسـەر کـرد، بـاس و خواستم لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانی پەیوەندار کرد کە بەشێکیان بەهۆی بوونی زۆری جیاوازی و بیروبۆچوونی سیاسیی جیاجیای ژنـانی نـاو حزبەکانی رۆژهەڵات کەمتر بەدەر ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە گەشبین بووین، بەڵام دواتر وا نەبوو و دەتوانم بڵێم کـاریگەریی ناڕاستەوخۆ و گرینگیی ئەو کۆنفرانسە بۆ یەکخستنی دەنگی حزبەکان هیچ کەمتر نەبـوو لە مەبەسـتی سـەرەکیی کـۆنفرانس کە پرسی ژنان بوو.

نـاتوانم بڵێم ئەو کۆنفرانسە بـێ کەموکوڕی بـوو، بەڵام دەتـوانم بە دڵنیـاییەوە بڵێم خـاڵە باشـەکانی بە زیـاتر دەبیـنم. ئەوەش لە چەند روانگەوە ئاماژەی پێدەکەم، سـەرەتا ئەم کۆنفراسە یەکەم کـۆدەنگی ژنـانی رۆژهەڵات بـوو بەرامبەر پرسی ژن و یەکەمجـارە ژنـانی جیـاواز لە بیروبۆچـوون لە نـاو حزبەکـان بەسـەر کەوتـوویی هەڵوێسـت بگـرن و بەسـەر جیـاوازییە سیاسیەکاندا زاڵ بـن، بەتـایبەت کە ئێسـتە حزبەکـان ئەوەنـدەی بیـر لە رەتکردنـی یەکتـری دەکەنەوە، کەمتـر بەرنـامەی کۆدەنگییان هەیە.

سەلماندنی ئەو راستییەی کە لەگەڵ بوونی تەنگژەی سیاسی لە رۆژهەڵات، پرسی ژنیش هەیە و ناکرێ لێی بێدەنگ بین،



سەرچاوە
Serchawe

دەکرێ شانبەشانی خەباتی سیاسیی حزبەکان، ژنان خەباتی مەدەنی خۆیان بکەن، واتە ژن دەتوانێ سیاسی نەبێ و زووتر لە سیاسییەکانیش بە مافەکانی بگا.

هەروەها پێدانی دەرفەت بۆ کچانی گەنج و کوڕان تا بتوانن بەرامبەر پرسی مافەکانی ژن هەڵوێستی خۆیان هەبێ و لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگە لەو پرسە بێ ئاگا نەبن و هێنانە بەرباسی چەندان باسی گرینگ لەبارەی رۆڵی سیاسیی ژن و باسکردن لە بزووتنەوەیەکی سەرکەوتوو بۆ داهاتوو و بۆ خزمەتکردنی زیاتری پرسی ژن کە پێشتر کەمتر گرینگی پێدراوە و لە کۆنفرانسدا بەوردی باسیان کرا.

لەلایەکی ترەوە ئێمە زۆربەی کات رەخنەکانمان روو لە پیاوانە و بەشداری پێکردنی پیاوان بەباسکردن لە مافە بێبەشکراو و شاراوەکانی ژن لە وڵاتەکەماندا لە میانەی ئەو کۆنفرانسەدا زیاتر هیوای پێ بەخشیم و دڵخۆشی کردم کە بتوانین پیاوان و ژنانی یەکسانیخواز ئەو پرسە بەرەو پێش ببەین.

زیاتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە ئەوەش بریتییە لە هێنانە گۆڕێی ئەوەی کە ژن وەک پرسێکی جیهانی ببینرێ نەک تەنیا لە چوارچێوەی حزبە سیاسیەکاندا بمێنێ و ئیتر چوارچێوەی کارکردنەکان بچووک بکرێنەوە و هەنگاوەکانمان کەمتر بێ. گرینگتر لەوە چەند ژنێکی ناو کۆنفرانسەکە کە لەوانە ئەندامی رێبەرایەتی ناو یەکێک لە حزبە رۆژهەڵاتییەکان بوو راشکاوانە رەخنەیان لە حزبەکان گرت و ئەوەش ئاماژەیە ئەو حزبانەی کە دروشمی ئازادیی ژن و بەشداری پێکردنیان بەتایبەت لەلایەنی سیاسی زیاتر زەق دەکەنەوە وک پێویست کاریان بۆ نەکردووە و لە هەمان کاتدا ژنانی خاوەن پۆستی حزبی دەتوانن دەوری مەدەنیش بگێڕن.

لەکۆتاییدا ئەم کۆنفرانسە کردنەوەی دەرگایەک بوو بۆ داهاتوو و زیاتر کارکردنی ژنانی جیاواز لە بۆچوون بۆ ژنانی رۆژهەڵات و باسکردنی پلانی داهاتوو و کارکردن لەسەری لەلایەن ژنانەوە بۆ یەکخستنی تواناکان.

٢٠ی جووڵای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## کۆدەنگیی ژنانی ڕۆژهەڵات بەرهەمی کەمپینی کەبوودوەند




هەمیشە باسم لەوە کردووە تا ئەو کاتەی دەنگی ژنان یەک نەبێ ناتوانین ماف و پێگەمان دەستەبەر بکەین. لەو کاتەی کە کەمپینی محەمەد سەدیق کەبوودوەند باوکی مافی مرۆڤی کورد بۆ کاندیدی خەڵاتی ئاشتی پێکهات، بەبوونی ١٤ ژن و بەئەنجام گەیاندنی کارەکان دڵخۆش بووم، بەپێچەوانەی ئەوەی هەمیشە رەخنەی ئەوەمان لێ گیراوە کە ژنان یەکدەنگ نین، بەڵام ئەمجارە کەبوودوەند لە یەکخستنی دەنگەکانماندا بەرچاوونییەکانی زیاتر کردین و هاندەرمان بوو.

کاتێک ئەو ١٤ ژنە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی هاوشێوە کەمپینی کاندیدکردنی کەبوودوەندیان ڕاگەیاند، دوو ئەرکی بەڕاستی قورسیان لەسەر شان بوو، یەکەمیان ئەوەی کە پێویست بوو بیسەلمێنن کە دەکرێ کوردێک لە زیندانەکانی تارانەوە بچێتە ڕیزی گەورە کەسایەتییەکانی ئاشتیی جیهان وەک نێلسۆن ماندێلای ئەفریقایی و لیو شابۆی چینی. دووەمیان ئەوەی کە بڵێن بەڕاستی ژنان دەتوانن سەرەڕای مافی پێشێلکراوی خۆیان هەنگاوێکی گەورەتر بنێن و داوای مافی پیاوانی کوردیش بکەن، ئەوەش سەرکەوت و کەبوودوەند لە کوردستان گەورەتر کرا و لەو ماوەیەدا جیهان ئەوەندەی باسی کەبوودوەندی کرد، هێندە ئاوڕی لە کوشتن و بڕینی کوردەکان نەدایەوە.

ئێستەش ئەو کەمپینە چاوی لە دەستکەوتی بەرهەقی زیاترە و ئەو ١٤ ژنە لە ناو زیاتر لە ٢٠ حزب و لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسانی سەربەخۆ بەرەو کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات دەچین کە بڕیارە مانگی داهاتوو لە شاری سلێمانی بەڕێوە بچێ. ئەو کۆنفرانسە ئەوە دەسەلمێنی ژنان ئەندامی هەر حزبێک بن بە دەنگی جیاوازەوە، بەڵام دواجار ئامانج و دەرد و مەینەتیەکانیان یەکیان دەخات.

بێگومان هەر ژنێک لە هەر شوێنێک و سەر بە هەر حزبێک بێ، هەر ئەو ژنەیە کە لە زۆرێکی مافە سەرەتاییەکانی

مرۆڤێک بێ بەشە، بۆ هەنگاونان بۆ یەکخستنی تواناکان و بەرۆژەڤ کردنی پرسی ژنانی رۆژهەلات، بوونمان دەسەڵمێ و پێگەمان بەهێزتر دەبێ. زۆرن ئەو ژنانەی بەتوانان و دەیانتوانی کار بکەن و تا ئێستە نەکراوە ئەمەش ئەو چوارچێوە تواناکانی سنووردار کردوون، بەلام کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلات ئەو دەرگەیامان بەڕوودا دەکاتەوە کە زیاتر کاری لەسەر بکەین و لەو دۆگمابوونی حزبییە دەرباز بین، دەتوانم بڵێم تا ژنان لە سەرووی حزبەکانەوە بیر نەکەنەوە، بەدڵنیاییەوە لە حزبەکان زیاتریان پێ ناکرێ کە لە رووی مەیدانییەوە هیچیان بۆ یەکسانیی رەگەزی بۆ نەکراوە.

## کۆنفرانسی ژنان چاوەڕوانیی چی لێ دەکرێ؟

کۆبوونەوەی ژنانێکی خاوەن بۆچوون و پێشینە سیاسیی جیاواز لەژێر ناوی کۆنفرانسێکدا بۆ کێشەکانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی کلاسیک و ژینگەیەکی سیاسیی بێ لایەن و بێ بەرنامە بەرامبەر ژن، خۆی دەستکەوتە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوان دکرێ:

١- ئەو پەیامە بە حزبە سیاسییەکان بدەن کە ژنان ناتوانن چیتر تەواوکەری بڕیارەکانی سیاسی پیاوەکان بن و وەک هێزێکی لاوەکی هەژمار بکرێن. واتە بنبڕکردنی ئەو داب و نەریتە سیاسی-کۆمەلایەتییەی کە ژن وەک چۆن لە لایەنی کۆمەلایەتییەوە کەلوپەلێکی جوانکارییە، ئەوە لە بواری سیاسیشدا جوانکاری پێ بکرێ. بەتایبەت بەشێک لەو حزب و لایەنە سیاسییانەی تا ئێستە پێیان وایە "ژنان ئەگەریش نەبن گرینگ نییە، بەلام وا جوانترە هەبن".

٢- ژنان لە خۆیان و مافەکانیان بگەن، ئایا بەڕاستی ژن مافی چی هەیە؟ زۆربەی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان کە دەستیان بە یەکێک لە مافەکانیان دەگا، پێیان وایە ئەوە دیارییەکی گرانبەهایە و دەوروبەری لەڕووی بەزەیی پێی دەدا، بۆیە پێویستە رۆشنبیریی مافەکان هەبێ تا زەمینەی گەیشتن و دەستەبەرییان هەموار بکرێ.

٣- گونجاندنی مافە نێودەوڵەتییەکانی ژن لەگەڵ ژینگەی سیاسی و کۆمەلایەتیی کوردستان. لەوانەیە تا ١٠٠ ساڵی داهاتوو مافی ژنێکی دانیشتووی لۆسئەنجلس نەگاتە داوێنی مافی ژنێکی دانیشتووی موکریان و ئەوە حاشای لێ ناکرێ، بۆیە دروسترین رێگە ئەوەیە ژنانی چالاکوانی کوردی رۆژهەلات مافەکانی ئافرەت بۆ ژنانی کورد بنووسنەوە تا بگونجێ، چونکە چەسپاندنی مافێک کە بنەمای کۆمەلایەتی نەبێ زۆر ئەستەمە و دەرفەتی باشتر بە بەرامبەرکەت دەدەی تا رەتی بکاتەوە.

٤- ئەو کۆنفرانسە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی رەشنووسێکی مافەکانی ژن ئامادە بکا و هەر لە ئێستەوە ئەو کۆنفرانسە وەک لایەنێکی ناسیاسی، سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی پێ پابەند بکا.



سەرچاوە
Serchawe

٥- ژنانی بەشداری کۆنفرانس کە سەر بە حزب و لایەنەکانن بەرپرس بکرێن لەوەی مافی ژنان لە ڕێکخراوەکەیاندا پارێزراو بێ، واتە بەشدارانی کۆنفرانس خۆیان ببن بە نموونەی لایەنەکانی تر و لە قۆناخی دواتردا داوای هەنگاوی هاوشێوە لە حزبەکانی تر بکەن.

بێ گومان لەگەڵ بەرچاوڕوونیی زیاتر لەبارەی کۆنفرانسەکەوە، ئامانجی تر بەرجەستە دەبن کە پێویستە بەشداران بە هۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

لەم سۆنگەوە بەحزبیکردنی پرسی ژنان دەبێتە هۆی لەباربردنی مەسەلەی ئەو پێکهاتەی کۆمەڵگە کە بە هەموو شێوەیەک لە ریزی پێشەوە قوربانیدایە. بوونی ئەو گۆشەنیگایە دەبێتە هۆی چەند دەرکەوتەیەک لەوانە وەک چارەسەرکردنی مەسەلەکانی ژنان بەشێوەیەکی تەنیا و وروژاندن و دەرخستنی نیشانەکانی کێشەکە نەک ریشەکێش کردنی گرفتەکان، لاوازی ریزەکانی ژنان و سنووردانان بۆ خواست و خەونە راستەقینەکان، دواخستنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی راستەقینەی ژنان لە قاڵبدان و پەرتبوونی چالاکی و تواناکانی ژنانە.

بەرپرسارێتی مێژووی ژنانی ناو حزبە سیاسیەکان بەبەراورد لەگەڵ پیاوانی ناو هەمان حزبی سیاسی دوو هێندە دەبێ تا گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی نوێ لە ئەقڵییەت و چەمک و پلانەکانی داهاتوودا بکەن و بە دیدێکی مرۆڤدۆستانە و جێندەرانە لەسەر بەرنامەی حزبەکان و ئایندەی کۆمەڵگە بڕۆن. بێگومان ئەوەش بەهۆشمەندبوونی خودی خۆیان دەبێ بەمەسەلەکانی ژنان وێڕای هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراو و چالاکوانانی بوارەکانی ژنان و یەکگرتووییان بۆ بەرەنگاربوونەوە هەموو ئەو سیستەمانەی کە تا ئێستە دژ بە ژنان بەکاردێت و بەکار هاتوو.

لەگەڵ هاتنەئارای کۆنفرانسێکی لەوشێوەیە هیواکانم بۆ یەکدەنگیی ژنان و کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان زیاترە و زەمینەی رێکخستنی تواناکانمان فرەوانتر

٢٢ی جوولای ٢٠١٢

## ژنانی کورد لە ناوداربوون بێ بەشن



کاتێک ناوی تانسۆ چیلەر بێ، راستەوخۆ بیر لە تورکیای چاوشین دەکەینەوە، کاتێک باسی ئێلیزابێت دەکرێ، بەریتانیا و شکۆمەندییە سوورەکانی لە مێشکدا وێنا دەکرێن، بە بیستنی ناوی ئەنگیلا مێرکڵ بیرمان بەرەو ئاڵمانیای سەوز دەڕوا و لەگەڵ هاتنی ناوی بی نەزیر بۆتۆ راستەوخۆ پاکستانی تۆزاوی دێتە بەرچاومان، بەڵام کام ژنی کورد دەتوانێ وێنەی کوردستانی رەنگ زەرد و چەوساوە لە مێشکی بیانییەکدا وێنا بکا؟

واتە باسەکەی من باسی ئەو ژنانەیە کە بوونەتە ئاڵای وڵات و گەلەکەیان و بۆ کورد تا ئێستە کەمتر بیرمان کردووەتەوە لەوەی ژنانی ناوداری کوردە بە دنیا بناسێنین و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ژنێک بکەینە وێنای کورد و بۆچی نەکراوە ژنی کورد ببێتە هێما هەموو کورد.

ژن، سەرەتا بە درککردن بە بوونی خۆی وەک مرۆڤ دەست پێ دەکا، بە بینی جیاوازی و هەڵاواردن گەشە دەکا، ئەگەر رۆشنبیری هەبێ دەگاتە قۆناخی داکۆکی لە ماف و ئەگەر لە هەمووی ئەوانە سەرکەوت و بوو بە نموونەیەکی جیهانی، ئەوە ناودار دەبێ، بەڵام ژنانی کورد کەم بۆیان کراوە ببن بە کەسایەتییەتی جیهانی و گەورەتر لە کوردستان باسیان لێ بکرێ، یان لانیکەم تا ئێستە هەندێکیان باسیان لێوە کراوە و هەندیکیان ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

مێژووی جیهان پێمان دەڵێ کە وڵاتە ناودارەکان، شوێنی ژیان و پێگەیشتن و مردنی کەسانی ناودار بووە، هەر لە ژن و پیاو، بۆیە ناوداریی نیشتمان لە ناوداریی تاکەکانەوە دەست پێ دەکا و دەکرێ یەکێک لەوانە ژن بێ. زۆرێک لە وڵاتان هەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو یان دواکەوتوو کەسانێکیان تێدا هەڵدەکەوێ کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دیارن و ناسراون و لەبارەی ژنانیشەوە بەهەمان شێوە کەسی جیاواز هەیە.

ناوێرم باسی سەرکردەکانی کورد بکەین، دەیان و سەدان سەرکردەی پیاوی کوردم بۆ باس دەکەن کە هەموویان جێگەی رێز و ستایشن و پێیان سەر بەرزم، بەڵام کاتێک دەپرسم بۆچی ئەو هەموو سەرکردە پیاوەی کورد بۆیان نەکرا سەرکردەیەک لە رەگەزی بەرامبەری خۆیان دروست بکەن کە هەمان ژنە، هەموویان بێدەنگ دەبن.

ئەوە پرسیارە رووبەرووی هەموومان دەکرێتەوە، زۆرێک لەو وەڵامانەی کە بەڵێ ژنانی ناودارمان هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی دەزانم، یەکەم نموونە لەیلا زانا یان رۆیا تلووعی دەبێ، منیش باوەڕم وایە لەیلا زانا نەک پرسی ژن و ئازادی، بەڵکوو پرسی کوردی بەدنیا ناساند و بۆ ئەو هەوڵەشی سزای زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانیکردنی لە باوەش گرت و بە ئازادکردنی کۆترێکی سپی وەڵامی میلەکانی رەشی زیندانی تورکەکانی دایەوە، یان رۆیا تلووعی کە لە دەگمەن ئەو ژنانە بوو لە ناو جەرگەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانی بڵێ "ئەگەر کورد یەکجار چەوساوەیە، ژنەکانی چەند هێندە چەوساون، بەڵام پەشیمان نییە لەوەی ژنە کوردە".

بەڵام ئێمە دەبێ تەنیا لە ئێستە و لە داهاتوودا هەر یەک لەیلا زانامان هەبێ، پێویستە ژنانمان زانا بن تا کورد دەیان و سەدان لەیلا زانای دیکەی لێ هەڵبکەوێ، بەڵام بەڕاستی بۆ نەمانبووە؟ بۆ هەوڵمان کەمتر داوە لەخۆپێگەیاندن و گەیشتن بەئاستی جیهانی بوون.

دڵنیام ئەگەر کاری بۆ بکرێ نەک تەنیا کەسێک بەڵکوو زۆرن ئەو ژنە بەتوانا و کارامانەی کە تا ئێستە کەمتر هەوڵدراوە بەدنیا بناسرێن، با زۆر دوور نەڕۆین و چاوێک لە ئێران بکەین، شیرین عیبادی کە هاووڵاتی ئێرانی و وەرگری خەڵاتی ئاشتی بۆ نۆبێلە تا ئێستەش باسی لێوە دەکرێ و بۆچوونەکانی لە بواری مافی مرۆڤ، بە گرینگەوە وەردەگیرێن.

ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێران تەنیا یەک شیرین عیبادی هەبووە، یان کوردستان تەنیا لەیلا زانایەکی تێدایە، بەڵام کێشە خودی خۆمانین کە نەمانتوانیوە ژمارەی لەیلا زاناکان زۆرتر بکەین، کەم نین ئەو ژنانەمان کە زۆرێک لە تەمەنیان لە گۆشەی زیندانەکان بەسەر بردووە و داکۆکیان لە مافی نەتەوەیی کردووە، لێرەدا بۆیە زۆرتر مافی نەتەوە دەبینرێ وەک لە مافی مرۆڤ، چونکە لە ساڵانی پێشوودا قوربانی هەر تاکێکی کورد نەتەوەیی بوونەکەی بوو کە لە ئاستی نێودەوڵەتی باسی لێوە نەدەکرا و بێدەنگ بوو.

کەمیش نین ئەو ژنانەمان کە ئاستێک بەرزیان لە وڵاتانی ئەورووپایی خوێندوە و لە زۆر بواردا تایبەتمەندییان هەیە، بەڵام بۆ کەس نایانناسێ، وەک کورد و وەک ژن پێویستمان بەوە هەیە کە ژنانێکمان لە ئاستی نێودەوڵەتی دا ناویان هەبێ و زیاتر دەرگامان واڵا بێ بەڕووی پرسی جیهانیەکان و لە هەمان کاتدا دەرگایەکمان هەبێ کە دەنگی خۆمانی



سەرچاوە
Serchawe

پێبگەیەنین.

ئەگەر لە ئاستی نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی کارا کەسایەتیی دیاری ژنی کورد هەبووا، جگە لەوەی ڕاستەوخۆ کاری دەکردە سەر ڕوانینی جیهان بۆ بەهای ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەڵێ کورد لەو نەتەوانەیە کە لە ناخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دواکەوتوو و گەمارۆدراو بە هەزاران کێشە و قەیرانی ئاینی و کۆمەڵایەتی کێشەی یەکسانیی ژن و پیاوی نەماوە. هەروەها ئەو ژنە ئاسانتر لە سەرکردەکانی تر دەیتوانی لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهانی کە زۆربەیان لە دەست ژندان پەیوەندی هەبێ.

ئێستە کارکرکردن و باسکردن لە چوارچێوەیەکی بچووکدا بەچارەسەر بۆ پرسی ژن و دەنگی نەتەوەییمان هیچ دەردێک دەرمان ناکا، بەپێی گۆڕانکارییەکان و پێوەندییەکان و کێشەکان لە بەجیهانیکردندا زیاتر کاریان بۆ دەکرێ و دەتوانرێ ڕێگە چارەسەری هەبێ.

لە سەردەمانی پێشوودا حەبسە خانی نەقیب و بەدیعەی دارتاشمان هەبوو کە بەڕاستی ژنانی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بوون، ئەوانە تەنیا بۆ کورد حەبسە خان و بەدیعەی شۆڕگێر بوون بۆ دەرەوەی چوارچێوەی کوردستان کەمتر کەسانێک دەزانن کێن، کەمتر کەسانێک دەزانن ئەوانە لە ژنە نەترس و زیرەکەکانی کورد بوون، بەڵام چۆن بیانکەمە جیهانی؟

ئێستە پێوەرەکان گۆڕاون و کێشەکان زۆرتر و ڕێگە چارەکان جیهانی بوونەتەوە، دەبێ لە سەرەتادا ئێمە ژنان بەتوانا و بە هەوڵ و ئامانجەکانمان بناسرێین و زۆرتر خۆمان پێ بگەیەنین، لە هەمان کاتدا یەکگرتوو لە گەیاندنی دەنگەکانمان و نەبینە هۆی خنکاندنی دەنگە زیندووە لەبەرچاو و زیرەکەکان.

٢٢ی جووڵای ٢٠١٢

## بەهاکانی ژن لە فێمینیزمدا




لە راستیدا چەمکی فێمینیزم (Feminism) هەمان بزووتنەوەی ژنانە کە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی رۆشنبیری ئەوروپا و لەخەو هەستانی ئەو پارزەوینە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام بیرۆکەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا هەلێکی لەبار بوو بۆ یەکەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیزمی. لەوکاتەی بیرەکانی مافی مرۆڤ بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی نووسراو زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ مافی پیاوان داڕێژرابوون. لەو جێگەیەی فەرەنسا لە دەیەکانی ٩٠ی سەدەی هەژدەیەمدا بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕش و پاشان دامەزراندنی ئەنجوومەنە تایبەتییەکانی سیاسیی ژنانی بەخۆوە بینی و وردە وردە ریشەکەی بۆ سەرانسەری ئەوروپا فرەوان کرد.

"بزووتنەوەی ئازادیی ژنان" گرینگترین چیرۆکی فێمینیستییە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی رۆژئاوادا، هەڵبەت ئەو ناوونیشانە خۆی، نیشاندەری ئەو بوارە سیاسییەیە کە تێیدا سەری هەڵداوە و دەرگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە هێندێک جیاوازییەکانی نێوان جۆرەکانی پێشتری فێمینیزم. فێمینیستەکانی پێشوو باسیان لە "ماف" و "یەکسانی"ی ژن دەکرد، بەڵام لە دەیەکانی ٦٠ی زایینیدا "زوڵم" و "ئازادی" لە چالاکییەکانی سیاسیی چەپی تازەدا بە وشەی سەرەکی دەژمێردران. بە زیادبوونی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی وەک بزووتنەوەی ئازادیخوازیی سوپا، جیهانی سێیەم و...، فێمینیزمی نوآ بە ناچار ناوی "بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان"یان لەخۆ نا کە ئەم گۆڕینی ناوە، ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکی گرینگی لە تێڕوانینی سیاسیی فێمینیزمی هاوچەرخدا دروست کرد.

### پێناسەی فێمینیزم:

فێمینیزم هاوکات کە چەمکێکی هزرییە، زاراوەیەکی فەرەنسییە کە بەو بزووتنەوەیە دەگوترێ لە سەدەی 19 لە ئەمەریکا

بە ناوی "بزووتنەوەی ژنان" دەناسرا. بزووتنەوەی ژنان کۆمەڵێکی هەمەڕەنگ لەو گرووپانە بوو کە هەریەکەو بە شێوەیەک بۆ پێشبردنی پێگەی ژنان هەوڵیان دەدا.

لە فەرهەنگی زانستی سیاسیدا "فێمینیزم وا پێناسە کراوە "بەرگریکردن و لایەنگریکردن لە مافەکانی ژنان و باوەڕبوون بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بوارەکانی رۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و خەباتکردن بۆ گەیشتن بەم یەکسانییە".

لە روانگەی مێژووییەوە لە دەیەکانی ١٩٨٠دا فێمینزم وەک زاراوەیەک و دواتر چەمکێک، کۆمەڵە مانایەکی جیاوازی بەخۆوە گرت. لەو قۆناخەدا لایەنگرانی رۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان کە پشتیوانیان لە مافی ژنان وەک تاکێکی سەربەخۆ دەکرد، بە "فێمینیست" ناسران، واتە پێڕەوانی فێمێنیزم، بەڵام لەساڵەکانی رابردوودا بە گۆڕانی رۆڵی کۆمەڵایەتی و تاکی ژنان، گۆڕانکاری بەسەر دەربڕین و پێناسەی فێمینزمیشدا هاتووە، بەشێوەیەک کە نەدەتوانرا چوارچێوەیەکی دیاریکراو لەو پێناسانە دەربخرێت، بۆ نموونە ئەو پێناسانە بەو شێوەیە بوون:

– **ئارین ئیچ؛** نووسەری ئەمەریکایی پێیوایە: فێمینیزم لەلایەکەوە وەک ناوێکی "پووچ و بێ ئەقلانە" دێتە بەرچاو و لەلایەکی تریشەوە وەک جۆرێک رەفتاری شێوازناسی یان شێوازێکی ئاڵۆزیی بیرکردنەوە و ئەنجامدانە لەبارەی هەلومەرجەکانی ژیان.

– **کریس وینرون؛** کۆمەڵناسی بەریتانیایی لە دەربڕینی خۆیدا، فێمینیزم بەزاراوەیەکی سیاسی پێناسە دەکات کە بەرەو گۆڕینی ئەو پێوەندییەی دەسەڵات دەڕوات کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە.

– **بێل هوکس؛** فێمێنیستی ناوداری ئەمەریکایی لەوبڕوایە دایە فێمینیزم بەرهەمی پابەندییەکی سیاسی ـ ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە هەوڵ دەدات زاڵبوونی رەگەزی، سیاسی و نەژادی لەناو ببات و کۆمەڵگەیەک سەرلەنوێ دروست بکاتەوە کە تێیدا گەشەسەندنی تاک، بەبەرژەوەندیی ئیمپریالیزم، فرەوانخوازیی ئابووری و خواستەکانی مادی بەستراوەی کۆمەڵ بێت.

بە وردبوونەوە لەو پێناسانە ئەو خاڵەمان بۆ دەردەکەوێ کە فێمینیزم تەنیا شێوەیەکی کردەوەیی یان کۆمەڵایەتی نییە، هەر بۆیە ئەمڕۆ فێمینیزم لقی زۆری لێبووەتەوە وەک لیبراڵ، مارکسیست، سۆسیال، رادیکاڵ، دەرونشیکار و ئەوپەڕمۆدێرنیتە.

بەو شتانەی کە باسمان کرد و پاش خوێندنەوەیەکی کورتی روانگە فێمینیزمییەکان، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کە ئایا لە نێوان فێمینیزم، هزری سیاسیی فێمینیزم و شێوەی سیاسی و سیاسەت پێوەندییەک هەیە یان نا؟

**لیبراڵ فێمینیزم:** فەلسەفەی لیبراڵ بە گەشەسەندنی سەرمایەداری سەری هەڵدا و بە باوەڕبوون بە یەکسانیی سروشتیی تاکەکان، خوازیاری دیموکراسی و ئازادییە سیاسیەکان بوو. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەلومەرجی ژیانی ژن و پیاوەکانی گۆڕی، بەجۆرێک ژنی بورجواز لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنی پیاوان لە ماڵەکاندا راست بووە بە هەمان شێوە کە پیاوان ئەم پێکهاتە سیاسییەیان رەت کردەوە.

هەر بۆیە لە ساڵی ١٧٠٠ "ماری ئاستێل" گەورە فەیلەسووف و فێمینیستی بەریتانیایی ئەو پرسیارانەی خستنە روو "ئەگەر دەسەڵاتی رەها لە وڵاتێکدا پێویست نەبێ، بۆ لە بنەماڵەدا پێویستە؟ ئەگەر لە ناو خێزاندا پێویستە، بۆ بەهەمان شێوە لە وڵاتدا پێویست نییە؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، بۆ دەبێ ئافرەتان بو کۆیلەیی لەدایک بن و هەموو بوونیان لە هەلومەرجێکی کۆیلەیی تەواودا بێ و پێڕەوی خواستە بێ سنوورەکان و دڵخوازەکانی پیاوان بن؟"

لیبراڵ فێمینیستەکان لە سەدەی هەژدەدا هەوڵێکی زۆریان بۆ سەلماندنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو دا. لە سەدەی نۆزدەیەمدا داوای یەکسانیی مافی ژنانیان بەپێی یاسا کرد و و دواتریش لە سەدەی بیستەمدا خوازیاری چاکسازییە جۆرەوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی بوون بۆ گەرەنتی کردن و پێداویستیی یەکسان بۆ ژنان.

هەروەک لە سەرەتادا باس کرا، ئەمجۆرە روانینە، بنەمای فکرییەکەی لەسەر یەکسانیی مرۆڤەکان (ژنان و پیاوان) دامەزراوە. ئەو شێوە بیرکردنەوە هەوڵی دا سێبەری سەرەکیی خۆی بەسەر یاسا و مافەکانیدا بکێشێ تا لە ئەنجامی ئەوە و لەژێر سێبەری یاسادا، حاڵەتەکانی هەڵاواردنی رەگەزیی ژنان کەم بێتەوە و ژنانیش خاوەن مافەکانی هاوشێوەی پیاوان بن. ئەم خاوەنیەتییەی ماف و یاساکان، کەم و زۆر کاریگەرە بەرچاوەکانی خۆی لە کۆمەڵگە پێشان دا کە لە ئەنجامی ئەوەدا ژنان وەک پیاوان بوون بە خاوەنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کارکردن، و دۆزینەوەی پیشە و... وەک پیاوان لە هەلەکان سوودمەند بوون.

لەو بەشەی فێمینیزمدا دەتوانین لیبراڵیزم وەک بناخەی سەرەکی بناسێنین، لەو لایەنەوە کە لیبراڵیزم لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ بەلیبراڵیزمی کلاسیک ناسرابوو، دوو جۆر ئازادیی بۆ هەر تاکێک داناوە: ئازادیی ئەرێنی و شایستە و ئازادیی نەرێنی و ناشایست.

لە ئازادیی ئەرێنیدا، مرۆڤەکان بوون بەخاوەن ئیمتیاز و رۆڵی شایستەیان پێ درا، هەروەها لە ئازادیی نەرێنیدا دا هەر جۆرە دەسەڵاتێک رەت کرایەوە کە هەڵبەت دەبێ بە شێوەیەکی ناشایست بگاتە ئەنجام، واتە یەکەمجار دەبێ لەژێر بەندی دەسەڵات بێتەدەر یان لە کەسێکی پێڕەو و شوێنکەوتوو بگۆڕێ بۆ کەسێکی سەربەخۆ و خاوەن بڕیار، لە قۆناغەکەی تردا دەتوانێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەربگرێ.

بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین فێمینیزمی لیبراڵ لە دایکبووی هەلومەرجێکە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، هەروەک لە قسەکانی خاتوو ماری ئاستێلدا هاتووە. کشانی سێبەری لیبراڵیزم بەسەر کۆمەڵگادا و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی سەپێنراو لە مامەڵەکردن لە نێوان خەڵک و دەسەڵات و لە ئاکامدا دەچێتە ناو ژیانی تاک، کەسی و بنەماڵەیی لە کۆتاییدا ئەم هاوارە سەرهەڵدەدات کە:

**یەکەم**: مرۆڤەکان لەگەڵ یەک یەکسانن و هیچ باڵادەستییەک لە نێوانیاندا نییە.

**دووەم**: رەتکردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازێک بەناوی ئازادی، لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم بۆ مرۆڤەکان پەسند دەکات.

**سێیەم**: لە ئەنجامدا ئەو ئیمتیازە بۆ ژنانیش قەبوولڕ دەکرێت.

ئەو ئەنجامە یەکێک لە بناخە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی فێمینزمی لیبراڵە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین: لیبراڵیزم شێوازی روانینی مرۆڤەکان بۆ دیاردەکان و ناسینی ئەو سەبارەت بە جیهانبینیبوون دەگۆڕێ کە ئەو گۆڕانە بمانەوێ و نەمانەوێ نیوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە کە هەمان ژنانن.

**سەرچاوەکان:**


١- شباهنگ، جنبش فیمینسم، بولتن فیمینسم.

٢- جین فریدمن، فیمینسم، ترجمه فیروزه مهاجر، انتشارات اشیان.


٢٢ی جوولای ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

## لە فرمێسکی ژنانی ئەنفالدا ئازارەکانی خۆم دەبینمەوە



نازانم لە جلە ڕەشەکان، فرمێسکە هەمیشەییەکان و کام خەمە نەبڕاوەکانتانەوە دەست پێبکەم ئەی ژنانی بەرهەمی ئەنفال، ئەی ئەوانەی هەرساڵە و لەگەڵ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال بەوپەڕی نا هومیدیەوە نزارتان دەکەم و دایکان و خوشکانی دووجار ئەنفالکراو بە دەریایەک فرمێسکەوە دەبینم، ئەو دەریایەی هیچ کات ناتوانێ تینوێتی خاکی سەر گۆڕی ونی ئازیزانی ئەنفالکراو بشکێنێ، لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا چونکە لە ناو کارەساتەکەدا نەبووم لەوانەیە وشەکانم نەتوانن تەواو دەربڕی هەموو ئازار و دەردەکانیان بێ، دڵنیام.

لەوانەیە وشەکانم لە ئاستی گەورەیی ڕووداوەکەدا نەبێ، زوڵم لە هەموو ئەو ژنە خۆڕاگرانە بکا کە تا ئێستەش بەردەوام ژیان دەکەن و لە ئەنفال گەورەتر بوون و ڕۆژانەی ژیانیان بە هەر کێشەیەکەوە بێ بەڕێ دەکەن، لەگەڵ هەموو نەهامەتیەکانی ئەو کارەساتە، دنیایەک دەستەواژەی نابەجێی وەک "قەیرە کچی ئەنفال"، "ژنی ئەنفال"، "منداڵی ئەنفال" و "بێوەژنی ئەنفال" ڕۆژانە بەرگوێ دەکەون و لەگەڵ هەر جار بیستنندا کەسانی خاوەن ئەنفال دەمرن و مافی ژیانیان لێ دەستێندرێتەوە. هەمووی ئەوانە واتە ستاندنەوەی ژیان لە ژنانێک کە هاوسەرەکانیان لە ئەنفال لە دەستداوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی وەفاتنامە و بێبەشبوون لە بەڵگەنامەکانی تری یاسایی پەیوەست بە ژنێکی پاش هاوسەرەکەی، ژنانی ئەنفال بۆیان نەکراوە ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان هەر ئامادە نەبوونە پاش ئەنفالی هاوسەر و کەسەکانیان بیر لەو شتە بکەنەوە و ژیانیان لەسەر خۆیان داخست، هەروەک چۆن ژیان لەسەر ئازیزانیان داخرا.

کۆمەڵگەی ئێمە لە کاتێکدا تووشی کارەساتی ئەنفال دەبێ کە ژنەکانمان پێشتر بارێکی تری ئەنفالیان لەسەر شان بوو، ئەنفالێک کە دوور بوو لە هەڵقەندنی چاڵ بۆ زیندوو لە گۆڕنان، بەڵام لە گۆڕنانی ویستەکانی ژن وەک مرۆڤێک، ویستی ئازادی، ویستی ژیانێکی سەربەخۆ و پێدانی دەسەڵاتی سەربەخۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان.

ئەگەر ژنانی تر جارێکی چەوساونەتەوە، ئەوەی دەبینین ژنانی ئەنفال بە دوو جار چەوسانەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە تووشی کێشەکانی تریان دەبنەوە و خەمی پێشێلی مافەکانیان دوو هێندە دەبێ، کاتێک لە دەوروبەریان بەندکرانی ژن و هەموو ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر هزر و جەستەی ژن دەبینن.

فشارەکانی سەر ژن و مرۆڤێک لەم کۆمەڵگەیە قورسن و کەمتر ژنێک پەیدا دەبێ پێشەنگی ژنانی هاوشێوەی خۆی بکا کە ئەوەیان دەردی سەر هەزار دەردە. لای زۆربەی ژنانی ئێمە پێناسەی ژنێکی باش لە خانەی "کابانی چاک، ژنی ماڵان، دایکی چاک" تێپەڕ ناکا، لە کاتێکدا دەبێ ئەوانە بگۆڕینەوە بۆ دەستەواژەکانی (ژنێکی ئازا، ژنێکی خۆڕاگر، ژنێکی خوێندەوارە و شارەزا بەخۆی و مافەکانی)، کە بەداخەوە تا ئێستە بەدی ناکرێ.

ژنانی دووجار ئەنفالکراوامان زۆ ڕێکخراویان بۆ دانراوە و زۆر درووشمیان بۆ نووسراوە، بەڵام کەمیان لێ بینراوە. ئەوەی زۆرێکمان دەیبینین هەمان پیاوسالارییە، لە لایەک برا سالاری و لە لایەک باجدانی ژنان خۆیان کە هاوکارن لەوەی بچەوسێنەوە و لە ئەنجامدا هیچ کەس فریای دەنگە پڕ ئازارەکانی ژنان نەکەوتووە.

هەموومان بە ژنانی ئەنفالیشەوە ئەگەر پێمان وابێ کە مادام هەین، واتە "ئازادین" و هەر ئەوەندەمان بەس بێ بۆ ژیانێکی ئاسایی و دوور لە چەوسانەوە، بەڵام هەڵەین. ئازادبوون ئەو کاتەیە کە ئاسمانمان تاریک نەبێ لە پێشێلکرانی مافەکانمان و زەویمان وشک نەبێ لە ئازادی و بەناوی شیاونەبوونمان بۆ ماف و ئازادی سووکایەتیمان پێ نەکرێ و بە وشەی ناشیرین و بەردبارانکردن و کوشتنی بەردەواممان ناخ و دەروونمان بەتاڵ نەکرێ.

بەڵام وەرن با لە ئەنفالکراوان ڕۆح و ورە وەربگرین و ڕێگە نەدەین نەهامەتییەکان زیاتر لەوەی هەیە هەموو ڕۆژ ئەنفالمان بکەنەوە، ئەوانەی جارێک ئەنفال کران وەک کەسانی ئازارچێشتوو سەیر دەکرێن، بەڵام ئێمە کە ڕۆژانە لەلایەن کۆمەڵگە و دەوروبەرەوە دەکەوینە بەر هەڵمەتی ئەنفالی بەکەم سەیرکردن و لاواز و بێبەش لە مافە مرۆییەکانی سەیر دەکرێین، دەتوانین بڵێین ئێمەش ئەنفالین بێ ئەوی ژێرخاک کرابین، ئەنفالین بێ ئەوەی کەس بزانێ لە کوێ شوێن بزر کراوین و ئەنفالین بێ ئەوەی بزانین کە بدەینە دادگە.

بۆیە لە هەر فرمێسکی ژنانی خاوەن ئەنفالی کوردستاندا، هەزاران مانا بۆ خۆم و ژنانی تری ئەو وڵاتەی دایکی ئەنفال دەدۆزمەوە، ئەو وڵاتەی ئەنفالی بە دنیا ناساندەوە و لە کتێبە پیرۆزەکانەوە خستییە سەر مرۆڤی کورد.

٢٢ی جووڵای ٢٠١٢

## با ڕۆژی کرێکار پیاوانە نەبینین



سەیری هەر گۆشـەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەمـان دەکەم، نەهـامەتیەک و پێشـێلکردنێکی ژنـانی تێـدا دەبینـیم، بـێ ئەوەی کەس ئاوڕێکی جدیان لێ بداتەوە، نموونەی زیندووم ڕۆژی جیهانیی کرێکارانە کە هەر چەندە ئەمڕۆ ٢ ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیـووە، بەڵام کەس باسی کرێکاری ژنی تێدا نەکرد، کەس نەیگووت ژنانێک هەن کە وێـڕای پیـاوان کـار دەکەن و کرێکـارن، ژنانێک هەن وەک پیاو کرێکارن و هەروەک کرێکاری پیـاو و بگـرە زیـاتریش بێبەشن لە مافەکانیـان، بەڵام ئەوان دوو جـار بێبەش دەبن، جارێک کە لە ڕەگەزی ژێردەستن و دواتریش کە لە چینی کرێکارن.

یـان ڕوونتـری بـکەمەوە، جارێکیـان بە پشتگوێخسـتنی کرێکـاری ژن و جارێکیشـیان بەنەبـوونی هـیچ ئیمتیـازێـک لە کـار کردنیاندا، ڕاستە کۆمەڵگەکەمان کەمکەم هەنگاوی بەرەوپێشچوونی هەڵگرتـووە، بەڵام زۆر شتمان لەبیـر کردووە و ئاوڕمـان لێ نەداونەتەوە کە هەموویان ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی پێشکەوتنەکانمان تێر نین.

کە ڕۆژی کرێکار دێت بەپیرۆزباییەک چاو لە هەموو شتەکان دەنووقێنین، لە کاتێکـدا ژنـانی کرێکـار لە کـۆمەڵگەی ئێمەدا لەوانەیە هەر ئاگەداریش نەبن کە ڕۆژی ئەوانە و سـعـات ٥ی هەمان ڕۆژ وەک ڕۆژانی تـر لە شوێنی کـار ڕۆژ بەڕێ دەکەن، ئەوەیە ڕۆژی کرێکار؟ یان نا ئەوە هەر بۆ کورد وایە کە دەبـێ هەمـوو شتێکی جیـاواز بـێ، دەبـێ ڕۆژی کرێکـاری جیهـانی کە پشوویە ڕۆژی کاری ئەو بێ، لە جەژنی کرێکارانـدا زیـاتر لە ڕۆژانـی تـر مانـدوو بـێ و لەو ڕۆژەدا بیسـەلمێنێ کە بەڕاستی دوورە لە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ کار.

ئەوە ڕۆژێکە کە ئێمەمانان بەو بۆنەیەوە پشوو وەردەگرین و لەماڵەوە دادەنیشین ئەوانیش دەبێ کار بکەن و ماندوو بن، لە

هەمووی گرینگیتر لە گەرمەی کاردا ڕۆحێکی ماندوو و بێ هیوایان لە هەموو شتەکانیان پێ بێ و لە ژیان بەگشتیی دڵسارد بن.

تا ئێستە پتر باسم لە کرێکاری پیاو کردووە، بەڵام دەمەوێ زیاتر لەبارەی کرێکاری ژن بنووسم و وەک خۆم قەڵەمەکەم خزمەتی نەکردوون و پێمان وابووە هەر ئەوەی کە رۆژانە بەرد و بلۆک لە بیناکان بەرز دەکەنەوە کرێکارە بێ مافەکان پیاون، ئەو ژنانە نابینین کە لە زەویە کشتوکاڵیەکان و لە کارگەکانی وەک رستن و چنین و لە شوێنەکانی تر کار دەکەن، ئەوانەش هەر کرێکارە بێ مافەکان و نەبینراوەکانن، بەڵام چونکە ژنن لەوانەیە ڕێگەیان پێ نەدرێ بچنە ڕیزی کرێکارە پیاوەکانی مافخوراویش.. ژنانێک کە بۆ بژێوی ژیانیان کار دەکەن و پێیان ڕەوا نابینین و دەڵێن ژن بۆ کار نابێ، بێ ئەوەی بڵێن ئەگەر ژن مافی کاری نەبێ، کێ وەڵامدەری پێداویستییەکانی رۆژانەیەتی، کێ بەرپرسە لەوەی ژنێک ئەگەر بە هەموو ناخۆشی و کێشەکانی بەردەمی خۆی و کارەکەی ئامادەیە هەموو توانا و کاتی خۆی بۆ کارێک تەرخان بکا کە لەوانەیە هەر حەزی لێ نەبێ، بەڵام چونکە مەبەستی گەورەتری هەیە و ئەویش دووربوون لە هەر چەوساندنەوەیەکی تر کە بەهۆی نەبوونی و هەژارییەوە لەوانەیە تووشی بێ، بە دڵ و بەگیان کار دەکا، ئایا ئەو ژنانە لە پیاوانێک بەرجەستەتر نین کە لەوانەیە ئەگەر کاریش نەکەن، سەرچاوەی تری ژیانیان هەبێ و پەکیان نەکەوێ؟

"ژن دەبێ لەماڵەوە بێ، ژن دەبێ بەخێوی بکەین، ژن دەبێ منداڵی ببێ"، ئەوانە هەموو کاری مرۆڤێکن بەناوی ژن کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کراونەتە ئامێری منداڵبوون، ژن بووەتە ئامێر و کەلوپەلێک بۆ شوشتن و بۆ خواردن دروستکردن، ژن پاش هەموو ئەو ئەرکانەی باس کران وەک مرۆڤێک دادەنرێ کە ئەویش هەستی هەیە، لەوپەڕی بێدەنگیدا کۆمەڵێک ئارەزووی هەیە کە لەوانەیە زۆر لە ئارەزووەکانی پیاو شکۆمەندتر بن، بەڵام کێ هەیە لە ناخی ژن بگا و ئامادە بێ سەرەتا کێشەی رەگەزی لەگەڵ خۆیدا چارە بکا و دواتر تەنیا وەک خۆی سەیری ژن بکا، بەڕاستی کارەسات نییە کە تاکە داوای ژنان کە زۆر سەرەتاییە پشتگوێ بخرێ کە ئەویش ئەو داواکارییەی ژنە "من و خۆت وەک مرۆڤێک سەیر بکە".

ئەوەیە کێشەی ژن، ئەگەر ژنێکی کرێکار بتوانێ مافەکانی خۆی وەک پیاوێکی کرێکار بدۆزێتەوە، بەدڵنیاییەوە ژنان و پیاوان تەنیا بە یەک جیاوازی لە یەکتری جیا دەکەینەوە، ئەویش جیاوازی لە چالاکی و بەرهەمی کاردا، بەڵام ئەوەی ئێستە هەیە وا نییە.

کاتێک باسی پیاوی کرێکار دەکەین، گوێبیست دەبین کە ئەو پیاوە بەڕاستی کەسێکی بوێر و کارکەرە و لە پێناو بەڕێکردنی ژیانی رۆژانە ئامادەیە شان بداتە بەر کار، بەڵام کە باسی کرێکاری ژن دەکرێ، زیاتر گوێمان لەوە دەبێ کە "ئەوە دیارە کەسی نییە کاری بۆ بکا و ناچارە بچێتە کار"، جگە لەوەی هەزار دەنگۆ و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن و پێیان وایە ژن ئەگەر

کاری کرد، دەبێ لە هەموو بنەماکانی کەسایەتییەکەی پاشگەز بێتەوە و دەبێ لە شوێنی کارەکەی مل بۆ خاوەنکار بدا، لە کاتێکدا بەهیچ شێوەیەک وا نییە، ژن کە ئامادەیە کۆمەڵێک زنجیرێکی تەوقکراوی خۆی و دەوروبەری بشکێنێ و بچێ کار بکا، بەو مانایەیە ئەو ژنە بەدوای خۆیدا دەگەڕێ و ئەگەر بەنیازی خۆ بەدەستەوەدان بە دەوروبەری بووا، ئەوە ئاسانتر دەیتوانی بەو مەبەستەی بگا، بۆیە کرێکاری ژن، زیاتر جێگەی شانازین.

کرێکارانی ژن لە ژووره شاراوەکانی بێ مافیدا ماونەتەوە و کەس نایان بینێ، دەنگیان نابیسرێ و ماندوو بوونیان هەژمار ناکرێ، ئەو ژنەی کە چەند مانگێک بۆ رستنی فەرش و مافوورێک بەرامبەر دیوارێک دادەنیشێ، کەمتر نییە لەو کرێکارە پیاوانەی کە چەند مانگێک بۆ تەواوکردنی باڵەخانەیەک تەرخان دەکەن، کەواتە بۆ دەبێ بەنیوە حیساب بکرێن؟

ئاخر هەر زۆر بەسادەیی بڵێم، ئەو باڵەخانە و بینایەی پیاو بە هەزار نەخش و نیگار دروستی دەکا و لە دەرەوە شانازی پێ دەکا، دواجار لە ناوخۆیدا بەو مافووره دەستکردەی ژنەکان دەگاتە ئەوپەڕی جوانی و خۆشی و ناوماڵی پێ رەنگین دەکا، ئەگەر ژن و پیاو وەک یەکتری سەیر نەکەین، زوڵم لە راستییەک دەکەین کە ئەوەیان دەبێ لێکدانەوەی دیکەی بۆ بکرێ.

کرێکاری ژن لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکەمان ٢ ئەرکی سەرەکی هەیە، هەم لە ماڵ و هەمیش لە شوێنی کار، کەواتە ٢ ماندو بوون چاوەڕێی ژنانمان دەکەن و هاوکات ٢ هێندەش مافخوراو دەکرێن، پیاوانێک کە پێیان وایە تەنیا خۆیانن کە کار دەکەن و ژنانیان نابینن و مافی کاریان پێشێل دەکەن.

کوا مافی ئەو ژنانەی کە لە تەمەنی ٦٠ ساڵیشدا کاریان کرێکارییە و تا ئێستە لە بچووکترین ژوورەکانەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانمان هیچیان جگە لە نەهامەتی و ماندوو بوون نەبینیوە.

دەمهەوێ ئەوەش بڵێم با روانینمان بۆ هەموو شتەکان لەڕووی رێزەوە بێ، هەر کارێک بێ بەکەمی نەزانین، پێمان وانەبێ کرێکاری شەرمە و فەرمانبەری پاشایەتیە، هەر یەکەمان کرێکارێکین، بەڵام بەپێشەی جیاوازەوە. زۆرم بیستووە بۆیە ئەوە دەڵێم گەورەیی مرۆڤەکان لە ئەقڵ و توانی داهێنانە نەک بەکار، ئەو کرێکارە ژنەی شێوازێکی نوێ لە قوتوبەندکردنی بەرهەمێک لە کارگەیەک دابهێنێ، زۆر لەو بەرپرسە باڵایە گرینگترە کە هەموو سەرووەرییەکەی تەنیا پۆستەکەیەتی و ئەوەندەی بیر لە پاراستنی دەکاتەوە، بیر لە داهێنان و گۆڕانکارییەکی کاریگەر لە ئەرکەکەیدا ناکاتەوە.

پێمان وانەبێ ئەو ژنانەی کرێکارن هیچ ناتوانن و زۆرن ئەو ژنانەی کە پیمان وایە کرێکار نین و هونەرێکیان نییە، بەڵام

لە زۆرێک ئەوانەی لە زانکۆکان خوێندوویانە دەست رەنگینترن و بژێوی ژیانیان خۆیان پەیدای دەکەن و چاویان لە دەستی کەس نییە.

با لە رۆژی کرێکاران و رۆژەکانی تر بەردەام نەبین لە بێبەشکردنی مافەکانیان، بەتایبەت ژنانی دووجار بێبەشکراو، با هەموو رۆژەکان تەنیا بە پیاو نەبینی و لامان وابێ ناوی کرێکار کە هات تەنیا پیاو بێتە پێش چاومان ئەو رۆژەش وەک رۆژەکانی پیاوانە بینرێ.

کرێکارانی ژن رێزم بۆ ماندووبون و خۆڕاگریتان هەیە، ئێوە وەک ئێمە بوونەتە قوربانی نۆرمەکانی کۆمەڵگە و هاوبەشین لە دەردەکانتدا، تەنیا هەر یەکەمان کرێکارێکین و بەرزی و نزمیمان نییە و تۆ بەشەرمەوە باس لە کارت بکەی و ئێمە بەسەربەرزییەوە، دەبێ کار بکەین تا خوێندنەوەی کۆمەڵگە بۆ کرێکاری ژن بگۆڕین، ئەو مەبەستەمان ئەستەمە، بەڵام مەحاڵ نییە.

٢٢ی جوولای ٢٠١٢

---



سەرچاوە Serchawe

## خوشکانی میرابڵ، ئەو پەپوولانەی سووتان تا ژنانی جیهان نەسووتێن




**٢٥ی نۆڤێمبەری هەموو ساڵێک بە "ڕۆژی جیهانیی قەدەخەکردنی توندوتیژی دژی ژنان" دانراوە، هاوکات لەوانەیە زۆرێک لە خۆیان بپرسن ڕۆژانە بەردەوام لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانە توندوتیژی دژی ژنان هەبووە و دەبینرێ، کەواتە ٢٥ی نۆڤێمبەر یانی چی و چی کردووە؟**

**لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕۆژێک بۆ قەدەخەکردنی توندوتیژی دژی ژنان دیاری بکرێ و دواتر لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٩٩ لە ئەنجوومەنی گشتی وەک بۆنەیەکی ڕەسمی و ناودەوڵەتی بێتە پەسندکردن، لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا وەک "ڕۆژی بەکۆتا هێنانی توندوتیژی دژی ژنان" ناسرابوو.**

**لە سەرەتا دا ئەو ڕۆژە، لەلایەن گردبوونەوەیەکی ژنانی ئەمەریکای لاتین و دوورگەی کاراییبەوە لە بوگوتای کۆلۆمبیا لە (١٨ تا ٢١ جولای ١٩٨١) پێشنیاز کرابوو، بەشدارانی گردبوونەوەکە توندوتیژیی ژنانیان لە لێدان، توندوتیژی لە ماڵەوە، دەستدرێژی، ئازاری جنسی، توندوتیژییە حکوومەتییەکان وەک شکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ ژنانی زیندانیدا ڕیزبەند کرد و هەمووی مەحکووم کردن.**

**دواتر ڕۆژی ٢٥ نۆڤێمبەریان وەک ڕێزلینان لە خوشکانی میرابڵ دیاری کرد و لە هەمان ساڵدا داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی جیهانی بناسێنن. لە دواییدا لە ساڵی ١٩٩٩ نەتەوە یەکگرتووەکان قبوڵی کرد کە ٢٥ نۆڤێمبەر واتە ساڵوەگەڕی کوژرانی ئەو ٣ خوشکە وەک "ڕۆژی جیهانیی قەدەخەکردنی توندوتیژی دژی ژنان" ڕابگەیەنێ.**

خوشکانی میرابڵ هەموویان ٤ دانە بوون، ساڵانێکی زۆر دژی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان "رافائیل تروجیلۆ" شەڕیان دەکرد، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٦٠ بە چەند قۆناخ ٣ لەو خوشکانە بەدەستی ئەو دیکتاتۆرە کوژران کە دوا خوشکیان بەناوی (تێریسا میرابڵ) لە ٢٥ی نۆڤێمبەری ١٩٦٠ کوژرا و نازنازی ئەو یادەی جیهانییەی وەرگرت.

دیکتاتۆری ئەو وڵاتە ماوەیەک پێش لە کوشتنی ئەو خوشکانە رایگەیاندبوو کە ٢ کێشەی گەورەی هەیە، یەکەمیان کڵێسا و دووەمیان خوشکانی میرابڵ.

دیکتاتۆری ئەو وڵاتە وای بۆ دەچوو کە بە کوشتنی ئەو ٣ خوشکە یەکێک لە کێشەکانی گەورەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی چارەسەر بووە، لە کاتێکدا کە هەمان کوشتنی ئەو ٣ خوشکە هۆی سەرەکی بوو کە تووڕەیی زیاتری خەڵک لێ کەوتەوە و تەنیا یەک ساڵ دوای کوژرانی ئەو خوشکانە حکوومەتی تروجیلۆ کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات.

ئەو خوشکانە کە بە "پەپوولە فەرامۆش نەکراوەکان" ناسراون، ئێستە هێمای خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دێنە ئەژمار.

لە بەندی یەکەمی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ راگەیاندنی "رۆژی جیهانیی قەدەخەکردنی توندوتیژی دژی ژناندا هاتووە، "هەر جۆرە توندوتیژییەک کە ئازاری جەستەیی و دەروونی بۆ ژن لێ بکەوێتەوە، یان هەر کارێک کە بە زۆر یان لە رێگەی بێبەشکردنی نایاسایی و سنووردارکردنی ئازادیی هاولاتیبوونی ژنانەوە بێ، چ لە ناو کۆمەڵگە و چ لە چوارچێوەی خێزانی و تایبەتدا بە توندوتیژی دادەنرێ".

بەو هیوایە بینەری رۆژێک بین کە تێیدا چەندان ملیار ژن لەم جیهانە ئازاد و دوور لە توندوتیژی بژین و خوشکانی میرابڵ دڵنیا بنەنەوە لەوەی قوربانی بوونیان بە فیڕۆ نەچووە.

٢٢ی جووڵای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ژنانی جیهان لە ساڵی ٢٠١١ دا



خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ بە سێ ژن درا و بەهاری عەرەبی، ژنانی ستەم دیدەی تونس، میسر، یەمەن، لیبیا و سوریای گەشاندەوە. راوێژکاری باڵای ئاڵمانیش بە بەهێزترین ژنی دنیا ناوزەند کرا و ژنێکی چەپیش بۆ یەکەمینجار بوو بە سەرۆک کۆماری برازیل.

بە گوێرەی راپۆرتی کۆمەڵەی جیهانیی ئابووری کە لە تشرینی دووەم - نۆامبری ٢٠١١ بڵاکراوەتەوە، تا ئێستا هیچ وڵاتێک لە دنیادا نیە کە جیاوازی رەگەزیی بە تەواوی تێدا بنبڕ کرابێ. بە گوێرەی ئەم راپۆرتە، تەنیا وڵاتانی ئەوروپای باکوور توانیویانە لە کەمکردنەوەی جیاوازیی رەگەزیدا سەرکەوتوو بن. لەوانە (ئایسلەند، نۆرویژ، فیلاند، سوئد، ئیرلەند، نیوزلەند،دانیمارک، فلیپین، لسوتۆ و سویس لەو دە وڵاتانەن کە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی رەگەزی هەوڵی زۆریان داوە.

"ئەنگێلا مێرکڵ" راوێژکاری باڵای ئاڵمان، لە ئەنجامی راپرسییەکی رۆژنامەی فۆربسدا ناوونیشانی یەکێک لە بەهێزترین ژنانی جیهانی بەدەست هێناوە. ئەم ژنە بەهێزەی دنیا لەو باوەڕەدایە کە رۆڵی کەمرەنگی ژنان لە ئابووری و بەڕێوەبەرایەتیدا، بە بێ پشتگیری کردن لەلایەن یاساوە هەست بە جوڵانی بەرەو پێش ناکرێت.

### ئانگێلا مێرکێل

### بەهاری عەرەبی و دەرکەوتنی زیاتری ژنانی عەرەب

ژنان لە سالی ٢٠١١دا زۆرتر لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وباکووری ئەفریقادا رۆڵیان گێرا. ژنانی عەرەب بە دەربڕینی بێزاری، کەمپەین رێکخستن، وبلاگنووسین و مانگرتن لە خواردن، رۆڵێکی سەرەکییان لە راپەرینە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکانی ئەمساڵەدا گێرا. ڕۆژنامەی گاردیان بە ئاماژەدان بە بەشداریی بەرفرەوانی ژنان لە باکووری ئەفریقا و بەشێکی وڵاتانی عەرەبی، لە شیکردنەوەیەکدا نووسیویەتی:" ژنانی عەرەب دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە لەو شۆرشانەدا ناوچەکەیان هەژاند، هەموو شتێک بوون".

لە ساڵی ٢٠١١ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی یەمەندا، سێ وەزیری ژن هەڵبژێدران کە بریتی بوون لە "ئومە رەزاق حەمەد" ئەندامی "حیزبی کۆنگرەی گەل"ی دەستەڵاتدار وەک وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، "حۆریە مەشهور" لە هێزە شۆرشگێرەکانی دژی دەستەلاتی عەلی عەبدولا ساڵح و وەک وەزیری مافی مرۆڤ و "جەوهەرە عمود" کە پێشتر سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیستی دژبەری سەرۆکی یەمەن بوو، وەک وەزیری راوێژکار هەڵبژێردرا.

لە مانگی سێپتامبری ٢٠١١دا پاشای سعوودیە رایگەیاند کە ژنانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٥ مافی ئەوەیان هەیە وەک بەربژار و دەنگدەر لەهەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئەم وڵاتەدا بەشداری بکەن.

تا ئێستا روون نیە کە ئایا ئەو ژنانەی کە بەهاری عەرەبیان گەشاندوەتەوە، دەتوانن مافی یەکسانیی وەک مافی پیاوان بەدەست بێنن یان نا؟ بەڵام شتێکی کە روونە ئەوەیە ژنانی عەرەب ئەو روخسارە کۆنەیان لە ژنانی بێ هەڵوێست و ژێردەستە و کابانیماڵەوە، بۆ ژنانی ئازادیخواز گۆڕی.

## رۆڵی ژنان لە ئاشتی جیهانیدا

سێ ژن خەڵاتی ئاشتی نۆبێلیان لە سالی ٢٠١١ وەرگرت کە "دوو خاتوونی لیبریایی و خانمێکی یەمەنی بە ناوی "تەوەکول کردمان" بوون. براوەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە لیبریا "ئالن جانسون سیرلیف یەکەمین سەرۆک کۆماری ژن لە ئەفریقا و لیما گبووی چالاکی مافی مرۆڤ" بوون.

کومیتەی نۆبێل هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم دوو ژنە لیبریایەی بۆ رۆڵی گرینگی ئەو ژنانە لە کۆتایی هێنان بە شەرە ناوخۆییەکانی ١٣ ساڵە لە وڵاتەکەیاندا گەڕاندەوە. ئەم دوو ژنە بەردەوام بۆ پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی و پشتیوانیکردنی ژنان لە وڵاتەکەیاندا هەوڵیان داوە.

هەروەها کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە کاتی پێدانی خەلات بەو سێ ژنە عەرەب و ئەفریقاییە، لە بەیاننامەکەدا رایگەیاند:" هەوڵی ئاشتیخوازانەی ئەو ژنانە بۆ ئەمنیەتی ژنانی دنیا ومافی ژنان بۆ گەیشتن بۆ ئاشتی هۆکاری ئەو

هەڵبژاردنە بووە. هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە " بەبێ گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە کە لە ژێر دەسەلاتی پیاواندایە، بە دیموکراسی و ئاشتی لە جیهان ناگەین."

"بان کی مۆن"ی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکانیش داوای زیادکردنی بەشداری ژنان لە ڕێبەرایەتی و پشتیوانی ئاشتی ئەو ڕێکخراوەیە کرد.بانکی مۆن، دەڵێ: بوونی ژنان لەو گۆرەپانەدا دەبێ تا ساڵی ٢٠١٤ بگاتە ٣٠% و تا ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٤٠% گەشە بکات.

## ژنانی براوەی خەلاتی نۆبێل

بان کی مۆن لەگەل ئاماژەکردن بە پێدانی خەلاتی نوبێل بە ئەم سێ ژنە لە ساڵی ٢٠١١، دووپاتی کردەوە کە ئەم هەنگاوە دەبێ هاندانێک بێت بۆ ولاتان و دامەزراوە نیودەوڵەتییەکان کە زیاتر ژنان لە گفتوگۆکانی ناوەندەکانی بڕیاردانەدا بەشدار بکەن.

## دە ژنی سەرۆک کۆمار لە جیهانی سیاسەتدا

لەگەڵ بوونی "دیلما روسف" بە سەرۆک کۆماری برازیل ژمارەی ژنانی سەرۆک کۆمار لە ساڵی ٢٠١١دا بۆ١٠ ژن بەرز بۆوە. ئێستا، سەرۆک کۆماری ولاتانی "فیلاند، ئیرلەند، لیتوانی، سویس، هیند، قیرقیزستان، لیبریا،برازیل، ئارژانتین و کۆستاریکا" ژنن.

هەڵبژاردنی "دیلما روسف"ی سۆسیال دیموکرات بە سەرۆک کۆماری برازیل کە گرینگترین ولاتی ئەمەریکای لاتینە، لە جیهانی سیاسیی ژناندا ڕووداوێکی بەرچاو بوو. روسف، یەکەمین ژنە لە مێژووی نەتەوەیەگرتوەکاندا کە لە ٢١ دیسامبر٢٠١١ بە ڕەسمی دانیشتنی گشتی ئەو ڕێکخراوەی کردەوە و گوتی:"من دڵنیام کە ئەم سەدەیە، دەبێتە سەدەی ژنان". روسف ڕوخسارێکی چەپە کە لە خەباتی پارتیزانیدا بەشداری کردووە و خەڵکی بەرازیل "خاتوونی ئاسنین" ناوی دەبەن. روسف، لە ڕاپرسییەکدا بۆ گۆڤاری ئەمریکایی "فۆربس"دا کە بۆ دەستنیشانکردنی ١٠٠ژنی بە هێزی جیهان کردی، پلەی سێیەمی بەدەست هێنا.

## دیلما روسف، سەرۆککۆماری برازیل

لە مانگی مارسی٢٠١١دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ولاتی "مالی"شدا ژنێک بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئەم ولاتە. لە مانگی ئۆگەستی هەمان ساڵدا خاتوو "شیناواترا" وەک یەکەمین ژنی سەرۆک وەزیران تایلەند سوێندی یاسایی خوارد.



سەرچاوە Serchawe

حکـومەتی پاکسـتان کە پـاش تیرۆرکردنـی "بێنەزیـر بوتـۆ" هـیچ ژنێکـی لە پۆسـتە باڵانـانی دەسـتەڵاتی ئەم وڵاتەدا دانەنـابوو، "حەنـا رەبـانی"ی وەک یەکەمـین ژنـی وەزیـری دەرەوە، ئەو وڵاتە دەستنیشـان کـرد. دەکـرێ بڵێـین بەشـداری بەرچـاوی "حەنـا"کە تەمەنـی تەنیـا٣٤سـاڵە، لە دنیـای پیـاوانەی پاکسـتاندا وەک "بینەزیـر بوتـۆ" بەشـداریکردنی لە سیاستدا، بۆ بنەماڵە بەرچاو و سیاسەتمەدارەکەی دەگەڕێتەوە.

## ناوابوونی سەرۆک وەزیرێکی ژن

لە ئۆکتـۆبەری سـاڵی ٢٠١١دا، "یولیـا تیموشـینکۆ" سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی ئۆکرانیـا کە لە مارسـی ٢٠١٠ لە پۆسـتەکەی لادرابـــوو، بە تـــۆمەتی خـــراپ بەکارهێنـــانی دەســـتەڵاتەکەی دادگـــایی کـــرا. دادگـــا ئەوی بە تـــۆمەتی ئیمزاکردنـــی رێککەوتننامەیەکی نـاوکی لە نێـوان "(ئـۆکراین و روسـیا)دا کە زیـانی بە کۆمپانیـای نەوتـی ئۆکرانیـا گەیانـدووە، بە حەوت ساڵ زیندان مەحکوم کرد.

تیموشینکۆ، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەک سێیەمین ژنی بەهێزی جیهان ناسرا، بە هۆی شێوەی جل پۆشین و قژی، بەجۆرێکی بەرچـاو سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشابوو.ئەو لە کاتی ناوبانگ دەرکردنیدا گوتبوی،" دەیهەوێ جوانی و ژنـانیەتی بخـاتە نـاو سیاسـەتەوە". رەخنەگرانـی تیموشـنکو پێیـان وابـوو ئەو لە ڕادەبەدەر ئەمریکـا نزیـک دەبێـتەوە و لە پۆشـینی جلوبەرگـدا لاسایی ژاکلین کەنەدی دەکاتەوە.

## سەد ژنی بەهێزی جیهان

گۆڤاری "فۆربس" لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە هەموو ساڵێک لیستێک لە ژنانی بەهێزی دنیای سیاسیەت و ئابوری بڵاو دەکـاتەوە. ئەو گۆڤـارە، ئەنگێلا مێرکێلی وەک بەهێزتـرین ژنـی جیهـان ٢٠١١ ناسـاند، هیلاری کلینتـۆنی وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا و دیلمـا روسفی سەرۆک کۆماری بەرازیل بە پلەی دووهە م و سێیەم، لە لیستی سەد ژنی بەهێزەدا بوون.

"میشێل ئۆبـاما"ی خاتوونی یەکەمی ئەمریکا بـۆ سـالی ٢٠١٠ پـلەی یەکەمی لە راپرسی ئەو گۆڤـارەدا بەدەست هێنـا و سـالی ٢٠١١ش بۆ پلەی هەشت دابەزی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ژنێکی بەهێز و خۆشەویست و کاریگەر دەناسێنیرێت.

## میشێل ئۆباما " دامەزرێنەری رێکخراوی بەرگری لە قاچاغی منداڵان

راپرسی ئەم گۆڤارە پێشانی دەدات کە ئەم ١٠٠ ژنە لەناو روخسارە دیارەکانی دنیای سیاسەت و ئابووریدان.

هەروەها "ئالن جانسون سیرلیف"ی سەرۆک کۆماری لیبریا و براوەی خەلاتی نۆبێلی ٢٠١١، یەکەمین ژنی ئەفریقاییە کە لە لیستی گۆڤاری فۆربسا دا ناوی هاتوە.

## ڕێزگرتن لە دادوەرێکی ژن لە ئەفغانستان

"ماریا بەشیر" دادوەری ویلایەتی هەرات لە سالی ٢٠١١ لە لایەن گۆڤاری "فارین پالیستی"یەوە لە لیستی سەد کەسی باشترین بیرمەندانی جیهاندا بوو. خاتوو بەشیر یەکەمین ژنی ئەفغانییە کە سەرۆکایەتی دادگای ویلایەتی بە دەستەوە گرتووە و پێشتر لە سالی ٢٠١٠ یەکێک لەو دە ژنانە بووە کە خەلاتی "ژنی ئازا"ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای پێشکەش کراوە. ئەو دوای رووخانی تاڵیبان لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەم پۆستە گەیشتوە. بە پێی راپۆرتێکی گۆڤاری فارین پالیستی، ماریا بەشیر لە لە سالی ٢٠١٠ بەدواداچوونی بۆ - ٨٧ - فایلی توندوتیژی دژ بە ژنان وهاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی یاساییدا کردوە.

## ئەو ژنە ناودارانەی کە کۆچی دواییان کرد

جیهانی ژنانی بەهێز، سەرمایەدار، هونەرمەند لە سالی رابردوودا چەندان روخساری بەرچاوی لە دەستدا. لەم ناوەدا دەکرێ ئاماژە بە "ئیلیزابێت تایلۆر" ئەکتەری ئەمریکایی، "کریستا وولف" نووسەر و ئەدیبی ئەڵمانی، "سوتلانا ستالین" تەنیا کچی جۆزیف ستالین، "وانگاری ماتهای" یەکەمین ژنی ئەفریقایی براوەی خەڵاتی نۆبێل بکەین. ماتهای، بە هۆی هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ پاراستنی ژینگە لە کینیا بە "دایکی دارەکان" ناوبانگی دەر کردبوو.

## بەردەوامی جیاوازی رەگەزی لە جیهاندا

ساڵی ٢٠١١ لە کاتێکدا کۆتایی هات کە تا ئێستا ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی گەشەسەندوودا زۆرترین قوربانی دەدەن. ژنان کەمترین موچە وەردەگرن و بۆ گەیشتن بۆ دەرفەتەکانی کارکردن و پەروەردەیی چاوەڕێی پربوونەوەی بەشی پیاوان دەبن.

تا ئێستا لە بەشێک لە وڵاتانی گەشەسەندوو بەتایبەت لە ئەفریقا و شێوەقارەی هیندستان، ژنان بە هۆی منداڵبوون، منداڵ لەبارچوون، توندوتیژیی رەگەزی و خراپی خواردەمەنیەوە، دەمرن. هەروەها دابونەریتی خەتەنەکردن لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی وئەفریقاییش هەروا بەردەوامە.

## فەقری ژنان لە هیند لەو پەڕی خۆی دایە

"کوشتن بە بیانووی شەرەف" لە دێهاتە دوورە دەستەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا لە ساڵی ٢٠١١ رووی لە زیادبوون کردووە. بە گوێرەی ئامارە بەردەستەکان لە حەوت ساڵی رابردوودا، لانیکەم سێسەد ژن بە شێوەیەکی مامناوەندی واتە هەموو ساڵێک ٤٢ ژن لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا بوونەتە قوربانیی دەمارگرژی ئاین و دابونەریتە کلتوررییەکان، بە لام بە گوێرەی راپۆرتی ئاژانسی ئەناتۆڵی تورکیا، ژمارەی قوربانیەکان لە ساڵی ٢٠١١ گەیشتووەتە ٧٠ کەس. خالی گرینگ لێرەدایە کە لەم نێوەندەدا ئەنجامدەرانی ئەو کوشتنانە، بۆ ئەوەی لە دەست دادگا و سزا یاساییەکان خۆیان دەرباز بکەن، بابەتەکە بە خۆکەشتن دادەپۆشن.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵانەش، ئەفغانستان کەمترین تەمەنی ژنانی هەیە کە تەمەنی ناوەندیی ژنان لەم وڵاتەدا ٤٥ ساڵە. ئاژانسی ئاڵمان لە راپۆرتێکدا دەڵێ دوای ئەفغانستان وڵاتانی "نێجیریا، گینە بیسائو، یەمەن، کۆماری کۆنگۆ، ئەریتریا، مالی، سودان ، ئەفریقای مەرکەزی خراپترین دۆخیان بۆ دایکان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری دویچە وڵە

٢٣ی جوولای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## زیاتر لە یەک ملیۆن بێوەژن لە باشووری عێراق



توندوتیژی، تەقینەوە و شەڕی تائیفی پاش پرۆسەی ڕزگاری عێراق کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی هاووڵاتییانی عێراق داناوە. چینە جیاوازەکان ڕووبەڕووی کێشەی گەورە و جۆراوجۆر بوونەتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی و لە لایەن هەمووڵایەکەوە فەرامۆش کراون، بێوەژنەکانن. ئێستاش ژمارەی زۆری بێوەژنان لە وڵاتدا کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە.

### ژیان لە کەمپێکی حکوومەتدا

لە دەرەوەی بەغدا کەمپێکی حکوومەت هەیە و ژمارەیەکی زۆر بێوەژنی تێدا دەژیت.

یەکێک لەوان ئوم محەممەدی تەمەن ٤٩ ساڵە. ئەو تەنیا کوڕێکی هەیە و بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ئەم خانەوادە بچووکەیش ناچارە کەلوپەل و پێداویستیی دەستی دوو بفرۆشێت.

ئوم محەممەد، بیر لەو کاتانە دەکاتەوە کە مێردەکەی زیندوو بوو و پێویستی بەوە نەدەکرد ئەو هیچ کارێکی دەرەوەی ماڵ بکات.

وەزارەتی پلاندانانی عێراق پێی وایە ٩%ی ژنانی عێراق بێوەژنن و ئەگەر بەم شێوەیەیش بێت، نزیکەی ٩٠٠ هەزار بێوەژن لە عێراقدا هەیە.

وەزارەتی کاروباری ژنان پێی وایە ژمارەکە لەوە زیاترە و لە عێراقدا زیاتر لە یەک ملیۆن بێوەژن هەن.

راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئاشکرای دەکات، لە کاتی شەڕی تائیفی عێراقدا، بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، هەموو رۆژێک ١٠٠ ئافرەت دەبوونە بێوەژن.

هەربۆیەیش ئەوەی ماڵوێرانیی بۆ عێراقییەکان هێنا، ئەمەریکاییەکان نەبوون، بەڵکو شەڕی تائیفیی نێوان سوننە و شیعەکانی وڵات بوو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٧ دا.

یەکێکی دیکە لەو بێوەژنانەی لەو کەمپەدایە، خاتوو سامیە شاکیری تەمەن ٦٤ ساڵە.

ئەو هاووڵاتییەکی شیعەیە و لە ناوچەی "دۆرا"ی سوننەنشینی بەغدا دەژیا و لە کاتی ئەو شەڕە تائیفییەدا مێردەکەی و ٧ ئەندامی دیکەی خانەوادەکەی لەدەست دا و ناچاریش بوو ناوچەکەی بەجێ بهێڵێت.

سامیە شاکر، دەڵێت: "کوڕەکەم پێی گوتم دەیەوێت سەردانی مامی بکات. لە بەر دەرگای ماڵی مامیدا چەند چەکدارێک تەقەیان لێکرد و کوشتیان. پاشانیش هەر ئەو چەکدارانە مامیان کوشت".

ئەم بێوەژنە تەمەن ٦٤ ساڵە بەردەوامە لە گێڕانەوەی تراژیدیای ژیانی و دەڵێت: پاش ئەوەیش مێردەکەم چووە دەرەوە و کە بینی کوڕەکەی و براکەی کوژراون دەستی بە هاوارکردن کرد، چەکدارەکان تەقەیان لەویش کرد و ئەویشیان کوشت. کوڕە بچووکەکەیشم تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو و چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕوویداوە و تەقە لەویش کرا و ئەویش کوژرا. بەم شێوەیە لە ماوەی چەند خولەکێکدا ٤ کەسی زۆر نزیکم کوژران.

ئەم بارودۆخە سەختە خاتوو سامیە و کەسوکارەکەی ناچار کرد، بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە دەرەوەی شاری بەغدا، بەڵام لەوێش چەکدارەکان وازیان لێ نەهێنان.

ئەو دەڵێت، ٤٠ ڕۆژ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و ڕۆژێکیان تەلەفۆنێک هات و پێی گوتم ماڵەکەم تالان کراوە. دووان لە کوڕەکانم بە ناوەکانی قاسم و زیاد لەگەڵ ٢ ئامۆزایان چوون بۆ ئەوەی بزانن چ شتێک ڕوویداوە. لە ڕێگادا چەند چەکدارێک ئەوانیشیان ڕفاند و کوشتنیان.

## کێشەکانی بەردەم بێوە ژنان

نوریا خەلافیش بێوەژنێکی دیکەیە و لە هەمان کەمپدا دەژیت، ئەو دەڵێت ٤ ساڵ پێش ئێستا مێردەکەی لەدەست داوە و منداڵەکانی پێویستیان بە باوکێکە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کەمپەکە تایبەتە بە بێوەژنان و پیاوی تێدا نییە.


پاشانیش دەستکەوتنی پیاوێکی باش لە بەغدا و چەندین شاری دیکە ئێستا شتێکی زەحمەتە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە ژمارەی کوڕان و پیاوان لە عێراقدا زۆر لە ژمارەی کچان و ژنان کەمترە و هەربۆیەیش ئەگەر کەسێک بیەوێت ژن بهێنێت زیاتر کچ دەخوازێت نەوەک بێوەژن.

ئەگەر نوریا خەلاف و دەیان ژنی دیکەی هاوشێوەی ئەو چاوەڕێی ئەوە بن ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی هاوسەریەتی پێک بهێننەوە، ئەوا سەدان و هەزارانی دیکەیش چاوەڕوانی ئەوەن حکوومەتی عێراق بە جیددی ئاوڕیان لێ بداتەوە و کۆتایی بە کێشە و مەینەتییەکانی ژیانیان بهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنامەی هەولێر

٢٣ی جوولای ٢٠١٢

## راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە دۆخی ژنان



ئێستەش وڵاتانێکی زۆر هەن کە ژنان تێیدا پشتیوانی یاساییان نییە. لە زۆرێک لە ناوچەکاندا یاسای هەڵاواردن دژ بە ژنان هەیە و مافی خاوەنداریتی بە ژنان نادرێ، جگە لەوەی دەرفەتەکانی کار بە بەراورد لەگەڵ پیاوان بە کەمتر بە ژن دەدرێ. ئەوە دەرئەنجامی راپۆرتێکە بەناونیشانی "پێشکەوتنی ژنانی جیهان" کە دامەزراوەی ژنان- نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردوەتەوە کە بەدواداچوونێکی وردە لە دۆخی ژنان لە وڵاتە جیاجیاکانی دنیادا.لەو راپۆرتەدا هەوڵ دراوە کە پرسەکانی ژن لەبارەی "یەکسانی، شوێنی کار، لایەنی سیاسی و یاسایی" باس بکرێت. ئەو راپۆرتە کە هەڵگری ئامار و ژمارەیەکە کە دۆزی ژنانی لە ئاستی جیهان نیشانداوە.

لەساڵی ١٩١١ ژنان لە جیهاندا تەنیا لە ٢ وڵاتدا مافی دانگدانیان هەبوو، لە کاتێکدا کە ئەمڕۆکە ئەو مافە بەجیهانی بووە، هەروەها کۆنوانسیۆنی قەدەخەکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە لایەن - ١٨٦ - وڵاتەوە ئیمزا کراوە، - ١٣٩ - وڵاتیان لە یاسای بنەڕەتیی خۆیاندا یاسای یەکسانیی رەگەزییان پەسند کردوە. ئەو ئامار و ژمارانە لەگەڵ ئەوەی کە لایەنی ئەرێنی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماری وای تێدایە کە پێمان دەڵێ هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانیی ژنان دەبێ کاری زۆرتری بۆ بکرێ و دەبێ لە سەرەکیترین کارەکاندا بێ.

لە بەشێکی راپۆرتی "پێشکەوتنی ژنانی جیهان"دا باس لە بەشداریی سیاسیی ژنان دەکات، بە گوێرەی ئەو راپۆرتە تەنیا ١٩%ی پەرلەمانەکانی دنیا ژنان پێکی دێنن، ١٩ ژن وەک رێبەری وڵاتان و سەرۆکی حکوومەت کاریان کردووە و ١٧% وەزیرەکان لە ژنان هەڵبژێردراون.

ئەو راپۆرتە ئاماژە دەکات، وڵاتانێک کە باڵانسی بەشداریی سیاسیی ژنانیان زیاتر کردووە ئەو وڵاتانەن کە هەنگاویان بەرامبەر یاسای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو هەڵێناوە.

نموونەیەکی دیکە لە پرسی ژنان لە وڵاتاندا بابەتی "دەستدرێژی"یە کە ئەو ڕاپۆرتە لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی کە ١١٧ وڵاتی دنیا دەستدرێژییان لە شوێنی کاردا بە نایاسایی ڕاگەیاندوە، زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن ژن لە دنیادا لە کۆمەڵگەیەک دەژین کە یاسای پشتیوانی بۆ ژنانی تێدا نییە و دەستدرێژییان لێ دەکرێ.

هەروەها هاوسەرگیریی کچان لە خوار تەمەنی یاسایی تا ئێستە پرسگەلێکە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بووەتە مایەی نیگەرانی بۆ چالاکانی ژنان. لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یەک لەسەر سێی ژنان پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٨ساڵی ژیانی هاوسەریی پێک دینن.

لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتی دامەزراوەی ژنان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە درێژەدا دەنووسێت: بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەانەی کە ئەنجام دراون، لە ٧٠ وڵاتی دنیادا زیاتر لە ٦٠%ی ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژیی خێزانی دەبنەوە، ئەگەرچی دوو لەسەر سێ وڵاتانی دنیا توندوتیژیی خێزانیان بە نایاسایی ڕاگەیاندووە، ئێستەش زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن ژن لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان بەسەر دەبەن کە لەوبارەیەوەش هیچ پشتیوانییەکی یاسایی بەدی ناکەن.

لەو ڕاپۆرتەدا یەکێک لە کێشەکانی ژنان "نەبوونی ڕاپۆرتی توندوتیژییەکان"ە، نەبوونی ڕاپۆرت یان سکاڵای توندوتیژیی خێزانی دژ بە ژنان بە هۆی چەند هۆکارێکەوەیە لەوانە: نەبوونی متمانە بە دەزگاکانی دادوەری، نەبوونی لایەنی مادی بۆ بەدواداچوون بۆ فایلەکەی لەلایەن پارێزەرێکەوە، لە هەموو ئەوانە گرینگتر ڕوانینی نەرێنیی کۆمەڵگە بۆ ئەو ژنانەی کە سکاڵا تۆمار دەکەن یان لە دادگاکان دەبینرێن.

دامەزراوەی ژنانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لەگەڵ سەرنجدان بە یەکەم ڕاپۆرتی خۆی داوا لە وڵاتان دەکات کە بە ئاراستەی پەسندکردنی یاساکان هەنگاو بنێن کە مافەکانی ژنان دەستەبەر بکا و وەڵامدەری خواستەکانی ژنان بێ و هۆشیار بکرێنەوە.

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

٢٣ی جووڵای ٢٠١٢

## پاپایەک بۆ کوردستان



هەرکات باسی کۆمەڵگەیەک دەکرێ، راستەوخۆ دیمەنی کۆمەڵێک هەڵسوکەوت لە مێشکدا وێنا دەبن و پێمان وایە ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە رەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی کەسەکانە و بەو پێیە باشی و خراپیی رەفتارەکان پێناسە دەکەین.

ئەگەر بە لەبارچاوگرتنی لایەنی مێژوویی و گۆڕانکارییە هزری و زانستییەکان و ئاراستەی کۆمەڵگەکان خەڵک و ژینگەی دەوروبەریان دابەش بکەین، دەبینین هەر کۆمەڵگەیەک بەچەند داب و نەریتێک بەستراوەتەوە کە ناتوانێ حاشا لە بەشێکی زۆری بکات، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەو داب و نەریتانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیانی تاکدا هەیە.

کۆمەڵگەکان پۆلینی دوو جۆر دەکرێن، کۆمەڵگەی سوننەتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن و بەشی ئێمە هەمان کۆمەڵگەی سوننەتیە. ئەو کۆمەڵگەی تێیدا مرۆڤ دەبێ وەک رابردوو بژی و هەرجۆرە نوێکارییەک بە نائاسایی و بەزاندنی سنوور دادەنرێ. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی مۆدێرن هەیە کە لەسەر ئەساسی فکری نوێ هەنگاو دەنێ، تێیدا مرۆڤی ئەمرۆ ئازادییەکانی رۆژی پێ رەوا دەبینرێ و ئەوەی لەگەڵ ئەمرۆ بگونجێ ئاساییە.

بەو پێناسە کورتە بۆمان دەردەکەوێ لە کۆمەڵگەی سوننەتی و کلاسیکدا دەبێ هەموومان وەک یەکتری بیر بکەینەوە و رەفتار بکەین، دەبێ وەک دوێنێ بژین تا ئەمرۆ ریسوامان نەکەن.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا، دەسەڵات بە تاکە، تاکێک دەتوانێ خۆی هەموو کۆمەڵگە بێ و لەسەر یاسا و رێساکانی ژیان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی خۆی بڕیار بدات، کەسێک بێ خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ لە کەسایەتی و جۆری ژیان، سنووری حەزەکانی خۆی دیارییان بکات و رێگە نەدات خاکی ئارەزووەکانی لەلایەن دواکەوتوویی دەوروبەری داگیر بکرێ. لە

کۆمەڵگەی مۆدێرندا تاک بڕیاری خۆی دەدات، سەربەخۆ بیر دەکاتەوە و پێیوایە دنیا هەموو هی خۆیەتی. واتە لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا بەهەمووان دنیایەکمان هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هەرکاممان دنیایەکمان هەیە.

کاتێک بەهاکان خوێندنەوەی گشتییان بۆ دەکرێ و تاک لە ناو دەنگ و هەرای کۆمەڵدا خۆی ون دەکات، زۆر سروشتییە کە نازانێ بۆ دەژی و ماناکانی بوون و نەبوونی هاوشێوەی یەکتری دەبن. لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا هیچمان بۆ خۆمان ناژین و هەرکاممان خەریکین بەرامبەرەکەمان کەمترین رەخنە و تێبینی لەسەرمان هەبێ، هەموومان وزەکانمان زیاتر لەوە سەرف دەکەین کە بەدڵی دەوروبەرمان بژین، بۆیە بەڕاستی کات و هێزی ئەوەمان نامێنێ بەدڵی خۆمان بژین و لەگەڵ ژیان بدوێین!

ئەگەریش گوێ بەو لایەنە نەدەین، ئەوە دەستبەجێ مۆرکی دەرچوو لە داب و نەریتەکانمان لە کەسایەتی دەدرێ و بەر لەوەی وەک مرۆڤێکی لایەنگری مافی تاک بناسرێین، وەک کەسێکی هەڵگەڕاوە باسمان دەکەن و پێیان وایە مادام وەک زۆرینە بیر ناکەینەوە، نابێ وەک خۆمان بژین.

کێشەکە چییە؟ کێشەی سەرەکی ئەوەیە درکی راستییەکان ناکەین و لە بەهای مرۆڤ و حەزەکانی لە کۆمەڵگەی مۆدێرن ناگەین و بەردەوام خەریکین لە رێگەی خەڵکی دیکەوە رەزامەندییەکانی خۆمان دابین بکەین، ناڕاستەوخۆ وامان لێ هاتووە کە بۆ نموونە ئەگەر بەرامبەرەکەمان وەک ئێمە بیری نەکردەوە، کینەی لە دڵ بگرین و بەوشێوەیە سەرەتای ناکۆکیی تاک بێتە ئاراوە. بۆیە دەستپێکی پێوەندیی زۆربەمان لەسەر بنەمای رەخنەیە و پێمان وایە ئەگەر رێز لە حەزی دەروونی بەرامبەرەکەمان بگرین، ئەوە لە خۆمان کەم دەبێتەوە، ئەوەیە کارەساتی کۆمەڵگەیەکی سوننەتی دواکەوتوو.

بەڵام پاپا بێندیکتی شانزەیەم، سەرۆکی مەسیحییەکانی جیهان لە ڤاتیکان کە رۆژانێک لوتکەی کۆمەڵگەیەکی سوننەتی و ئاینی بوو و سەدان شەڕ و توندوتیژیی ئاینی لە رێبازە ئاسمانییەکەیدا تۆمار کراون، ناوەڕاستەکانی ئەم هەفتەیە ناچار بوو لە دەرەوەی ئاین بڕوانێتە مافەکانی تاک لە ناو کۆمەڵگە و رای گەیاند، کوڕ و کچی سەدەی ٢١ دەتوانن بێ ئەوەی بۆ داب و نەریتێکی کۆن و کلاسیک بگەڕێنەوە و دوور لەوەی ببن بە هاوسەری یەکتری، دەکرێ وەک دوو مرۆڤی ئاسایی بژین، بەوشێوەیە مرۆڤەکان لە بەندی ئاین ئازاد دەکات کە بەناوی ئاین بڕیارێکی بێ گەڕانەوە لە ژیانی هاوسەری دەدەن، دواتریش بێ ئەوەی چێژ لە ژیان و یەکتری وەربگرن، لە شوێنێک بەناوی خێزان یەکتری دەچەوسێنەوە و زۆرجار باسی بەختەوەریش دەکەن!

لەوانەیە ئەگەر ئێستە کەسانێک پێیان وابێ ئەو داوایەی پاپا لای ئێمەی کورد نائاسایی و نەگونجاوە، لە راستیدا

کاریگەریی رابردووی ئاینی و مێژوییەی هانمان دەدات بە نائاسایی وەری بگرین. ئەگینا تا تاک ئازاد نەکەی، مەحالە و ناکرێ باس لە ئازادیی کۆمەڵگە و دواتر نیشتمان و نەتەوە بکەی. تا مرۆڤ ئازاد نەکەی وەک خۆی بژی، بەهیچ شێوەیەک ناتوانی باس لە نەمانی کینەی مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتری بکەین، ئەگەر ئەمرۆکە زۆربەمان بەرامبەر یەکتری هەستی ناخۆش و ناڕاستیمان هەیە، هەمووی بۆ ئەمرۆ ناگەڕێتەوە، بەڵکوو پێوەندیی بە نەبوونی ئازادی لە دەربڕینی هەستەکانمان بەرامبەر یەکتری دەگەڕێتەوە و کۆ بووەتەوە.

زۆر هەڵەین ئەگەر پێمان وابێ ستوونەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ ستوونی باڵەخانە و مۆدێلی ئۆتۆمۆبێل و خانووەکانی دەوروبەرمان بەرز دەبێتەوە. شارەکان دەتوانن گەورە بن بێ ئەوەی کەسانی گەورەیان تێدا بێ، بۆیە گەورەیی و پێشکەوتوویی هەر شوێن و کۆمەڵگەیەک بۆ پێشچوونی تاکەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە زانایان لە توێژینەوەکانیاندا ئامادەن لە هەر کۆمەڵگە و شار و گوندێک تەنیا کەسێک بە نموونەی هەمووان وەربگرن.

داوای پاپا ناکەم تا ئاینێکی تر بخاتە سەر ئاینی نەتەوەکەم کە ئیسلامە، داوای پاپا ناکەم تا وتارەکەی تێکەڵ بە وتاری هەینیی مامۆستایانی ولاتەکەم بێ، بەڵکوو بانگەوازی پاپایەک دەکەم تا دیلی حەزی مرۆڤە مۆدێرنەکان لە دێوی داب و نەریتی بۆچوونە سوننەتییەکان رزگار بکات و فێرمان بکات بەدڵی مرۆڤێک بژین نەک بەدڵی هەموو مرۆڤەکان

٢٤ی جوولای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئایا مافی ژنان مافێکی نێودەوڵەتیە؟



کێشەکانی ژنان لە وڵاتە دواکەوتووەکانی وەک عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، جەزائیر و عەرەبستانی سعوودیە و وڵاتانی دیکە شتێکی دیار و ئاشکرایە. ژنان لە بەشێکی زۆر لەو کۆمەڵگەیانە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەڕەسمی و بەئاشکرا بە نیوە مرۆڤ و ڕەگەزی دووهەم و پلە دوو پێناسە دەکرێن. نەبوونی هیچ مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سووکایەتی و بێڕێزیکردن و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی تایبەتمەندیی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەیە و لەم باردۆخەدا ژنان بە هێشتنەوەیان لە ناو چوار دیواردا مەحکووم کراون.

ئەم شێوە وێناکردنەی ژنان کە لەلایەن ڕاگەیەندنەکانەوە لەم وڵاتانەدا، لە باشترین دۆخدا ڕازیبوونە بۆ چەند گۆڕانکارییەک و مافێکی کەم بۆ ژنان لە چوارچێوەی حوکمە ئیسلامییەکاندا. لێرەدا دەپرسین ئایا ئیسلام یان فەندەمێنتالیزم کامیان کێشەی سەرەکین؟

چەند ساڵێکە بەشێکی بەرچاو لە چالاکوانانی مافەکانی ژنان لە بەدواداچووندان و بۆ کێشەکانی ژنان هەنگاویان هەڵهێناوە و وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە.

دارشتنی هاوکێشەی فەندەمێنتالیزم لە شێوە ڕوانینێکەوە نوێنەرایەتیی دەکرێ کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو حوکمە ئیسلامییانەدا نیە کە لە سەر ڕێگەی پێشکەوتنی مافی ژناند بەربەستن دژایەتیی هەرچەشنە پێشکەوتنێک بەرەو وەدیهێنانی مافەکانی ژنان دەکەن. لایەنگرانی بۆچوونێک کە خۆی پارێزەری ئایین و ئیسلامە و هەندێکجار لەژێر گوشاری زۆری دژبەرانی ئەو حوکمە ئایینیەکاندا کە لەناو ژناندا پەیدا بووە،هەنگاو دەنێن، بەڵام بە لایەکی دیکەدا دووبارەی دەکەنەوە کە هۆکاری بەردباران، حیجاب و نەبوونی مافی ژنان ئیسلام نییە و کێشەکە بونیادگەری یان فەندەمێنتالیزمە.

ئەم شێوازە روانینە، لەلایەن ژنانی زوڵملێکراوەوە گاڵتەی پێدەکرێت و نارەزایەتی زۆری لێکەوتووەتەوە.

ماکەی باسەکە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا لە وڵاتانی دواکەوتوو، هەڵگری ئەم بۆچوونە کۆنەپەرستانەیە کە دەیانەوێ هەموو مافەکانی ژنان پێشێل بکەن و بیانکەنە کۆیلەیەکی بێ نرخ، بزووتنەوەیەکی فرەوانی نارەزایەتی دروست کردووە. بزووتنەوەیەک کە دەیەوێ دژی دەستەڵاتی ئایین و بەرەوپێشچوونی ژیانی ژنان رۆڵێکی ئەرێنی بگێرێ. بۆچوونی بەرانبەری ئەم بزووتنەوە رەسەنە، خوزیاری کۆنترۆڵ و بەلارێدا بردنیەتی و تەنیا پاساویشی پاراستنی ئایینە. ئەوەی کە ژنان، بەتایبەت ژنانی وڵاتانی ئێمە پشتی کام لەو بۆچوونانە دەگرن و دەیانهەوێ کام بۆچوون بەهێزتر بکەن؟ بێگومان لەگەڵ بۆچوونی دواکەوتووانە و بەلارێداربردنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی ئیسلامدا دژایەتی دەکەن. پرسیار ئەوەیە ئەم روانینە دوولایەنەیە و ئەم دوو جۆر پێناسەکردنەی مافەکانی ژنان لەکوێدا بە نادیاری نارِوونی دەمێننەوە؟ بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بە ناو ئەم باتە هەستیارەدا دەپرسین ئایا مافی ژنان مافێکی نێودەوڵەتییە؟

ساڵانێکە کە بەشی رادیکاڵ و پێشڕەوی ژنان لە بەجیهانیکردنی مافی ژنان و سنووردار نەکردنی ئەم مافە لە شوێنی لەدایکبوونی مرۆڤەکان، نەژاد، رەنگی پێست و پابەند بوون بە باوەڕی ئاینی... هتد بەرگری دەکەن. لە هەمانکاتدا گومانیان لەوەدا نییە کە ژنان تا ئێستا بە دەست توندوتیژی جەستەیی و رۆحییەوە دەناڵێنن و دەبێ وەک کردەوەی دژی مرۆڤایەتی یاساخ بکرێت. ئەوەی کە بەپێی یاسا و بە حوکمی شەرع کچان تەمەنی ٩ساڵیدا، بەزۆری بەرەو پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی هاندەرێن، ئەوە نواندنی توندوتیژی دژ بە منداڵان و ئازاردانێکی ئاشکرای منداڵە و هیچ منداڵێک نابێ ئەو دەستدرێژییەی بکرێتە سەر.

ملیۆنان ژن لە ناوچەکاندا بەبیانووی حیجاب دەپێچرێنەوە و لەم رێگەیەوە هەمیشە بەگوێی ژنانی دەگەیەنن کە ئەوان دەبێ لەشیان بشارنەوە و هەستەکانیان دەرنەبڕن و نایەکسانیەکانیان لەگەڵ پیاوان لەقاو نەدەن، بووەتە مایەی بێزاری ژنان. بەتایبەت کاتێک کە منداڵان وا لێدەکەن خۆیان لە چادردا بپێچنەوە و لەو دۆخانەدا هیچ کات نابێ لەبارەی فەرهەنگ و ئاینی خۆیان قسە بکەن و ئەو تاوانە ئاشکرایانە بە هیچ بیانوو هێنانەوەیەک، جێگەی چاوپۆشیکردن نییە.

داخوازییە سەرەکییەکان و ئامانجی ژنانی هۆشیار و دیموکرات کە لە هەموو ئەم وڵاتانەدا بە ئاستی جیاوازەوە لەرووی بەهێزی و لاوازی دەتوانرێ ببنرێن ئاماژەن بۆ:

داخوازیی کەمبوونەوەی دەستی ئایین لە ژیانی ژنان، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردەدا، قەدەخەکردنی حیجابی بەزۆری، هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتایدی رەگەزی و خەبات دژی ئەو فەرهەنگە سوونەتییە (cultural

relativism) و بەرگریکردنی لە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلار، پشتگیری لە پێوەندی مۆدێرن و مرۆیی لەنێوان ژن و مێرد و لەدواییشدا داوای یەکسانی تەواوی نێوان ژن و پیاو لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی لەگەڵ رەخنەگرتن لە دابونەریتەکان و بیرە دژە ژنانە و کۆنەپەرستانەیە کە تێکەڵ بە ئایین و ناسیۆنالیزم بووە.

بۆ باسکردن و پێشکەشکردنی بۆچوونەکان لە پرسەکانی ژناندا لە وڵاتەکەمان و وڵاتانی دیکە دەبێ هەوڵێکی زۆر بدرێ و هەموو خاوەنڕاکان ولایەنگرانی ئەم پرسە هاوکاری یەکتر بکەن و هەوڵبدەن پێکەوە بۆ چارسەرکردنی ئەم کێشانە یارمەتیدەر دەبن.

٢٤ جوولای ٢٠١٢

## لە ئازادی و مرۆڤبووندا یەکسانن




دوێنێ شەموو، ٦٣ مین ساڵوەگەڕی ڕۆژێکی گرینگی مرۆڤایەتی بوو، ئەویش کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٤٨ کە ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی خستە ناو ریزی کارنامەی کاری خۆیەوە و بڕیاڕی لەسەر دا. دوای ئەو پێشهاتە مێژووییە، ئەو ڕێکخراوە داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام کرد دەقی بەیاننامەکە تێروتەسەل و بەبێ دەستکاری بڵاو بکەنەوە، هەروەها بەربڵاوکردن، خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقەکەدا لە ناو هاووڵاتییاندا بڵاو بکرێتەوە تا وشیاریی تەواویان هەبێ، ڕاگەیەنراوی مافەکانی مرۆڤ لە ٣ بەشی سەرکی پێک هاتووە.

### مافی مرۆڤ چییە؟

مرۆڤ خاوەنی مافە، هەناسەی مرۆڤبوون هەموو تاکێک دەکاتە خاوەنی مافی تایبەتی خۆی. مافی سەربەخۆ لە بوونی کولتوور و نەتەوەیەکی سەربەخۆ، نەک مافی ئەم و ئەو، بەو مانایەی کە نە مافێکی دیاریکراوی ئێرانی، عەرەب یان ئەڵمانی، بەڵکوو مافی مرۆڤ بە مانای تەواو کە بۆ هەمووان وەک یەک بێ. مافەکانی مرۆڤ ، مرۆڤ بەرامبەر کەسانێک کە دەیانهەوێ زۆرداری یان کێشەیەک بۆ ئەو بنێنەوە دەپارێزێ. بە لەبەر چاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەک، ژیانی مرۆڤەکان لە ئاشتی و ئارامیدا دەبێت. بناخەی ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ هەڵگری ئەو هزرەیە کە هەموو تاکەکان کە لە دایک دەبن، ئازادن و مافی یەکسانییان هەیە.

ئێلیانۆر ڕووزوێڵت، هاوسەری فرانکلین ڕووزوێڵت سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا، یەکێک لەو کەسانەیە کە بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ هەوڵی داوە، ئەو لەبارەی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ، "جێبەجێبوونی مافی مرۆڤ لە کوێوە دەست پێ دەکا؟ لە شوێنە بچووکەکانی پەنا ماڵەوە، ئەو شوێنانە هەندە بچووکن کە ناتوانی لەسەر نەخشەی دنیادا بیاندۆزییەوە، بەڵام هەر

ئەو شوێنە بچووکانەن بەشێک لە دنیان کە هەمان جیهانی مرۆڤەکانە، گەڕەک، قوتابخانە، زانکۆ، کارگە، شوێنی کار یان فەرمانگەیەک بەشێک لەو شوێنانەن کە هەر پیاو، ژن و منداڵێک لە دوای ماف و دەرفەت و دەستەبەریی یەکسانی بۆ خۆی تێدا دەگەڕێ".

## ناوەرۆکی ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟

نەتەوە یەکگرتووەکان پاش دامەزرانی خۆی، بە لەبەر چاوگرتنی کارەساتەکانی فاشیسم و شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، پێداچوونەوە بە ڕاگەیانراو و گەردوونی مافی مرۆڤی خستە ناو ریزی کارەکانی خۆیەوە. کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە پسپۆڕانی جۆراوجۆر بە سەرۆکایەتیی ئێلیانۆر رووزوێلت، بەڵگەنامەیەکیان ساز کرد کە تێیدا ماڤگەلێک کە هەر مرۆڤێک لە هەر شۆێنێکی جیهان دەبێ هەیبێ تۆمار کرابوو. ئەو دەقە بە ڕەسمی بەهەموو خەڵکی جیهان ڕاگەیەنرا. ئەو نووسراوە هەمان ڕاگەیەنراوی جیهانیی ئێستەی ماڤی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

## لێرەدا کورتەیەک لە خاڵەکانی ئەو دەقە یاسایی و مرۆییە باس دەکەین:

١- هەموو تاکێک کە لە دایک دەبێ ئازادە و مافی یەکسانیی هەیە.

٢- دەبێ لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا هەڵسوکەوتی یەکسان بکرێ، مەگەر هۆکارێکی تایبەت هەبێ کە پێویست بە گرتنەبەری مامەڵەی جیاواز بکا.

٣- هەموو تاکەکان مافی ژیانی ئازاد و ئارامی و ئاسایشیان هەیە.

٤- کۆیلەداری قەدەغەیە.

٥- هیچ کەس نابێ تووشی ئازار و شکەنجە بکرێ.

٦- یاسا بۆ هەموو مروڤەکان یەکسانە و دەبێ لەسەر هەموو تاکەکان جێبەجێ بکرێ.

٧- یاسا بەرامبەر هەموو مرۆڤەکان یەکسانە و جیاوازییان تێدا ناکا.

٨- پەنابردن بۆ دادگەیەکی دادپەروەر و هەڵسوکەوتی دادوەرانە بە یەکسانی مافی هەموو تاکێکە.

٩- قوڵبەستکردنی بێ پاساو و بنەما، قەدەغەیە.

١٠- دادگەیییەکی ئازادانە کە تێیدا مافی تۆمەتبار ڕەچاو کرابێ، مافی هەموو تاکێکە.

١١- هەموو مرۆڤەکان بێ تاوانن، مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەی بێتە سەلماندن.

١٢- هیچ تاکێک بۆی نییە سنووری ژیانی تایبەتیی تاکێکی تر ببەزێنێ .

١٣- هەموو تاکەکان بۆیان هەیە شوێنی ژیانی خۆیان بە خواستی خۆیان دیاری بکەن.



سەرچاوە Serchawe

١٤- پەنابردن بۆ وڵاتانی تر مافی هەموو مرۆڤێکە.

١٥- هەموو مرۆڤێک مافی نەتەوەییی خۆی هەیە.

١٦- هەموو مرۆڤەکان مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و سازدانی بنەماڵەیان وەک خێزان هەیە .

١٧- بوون، مافی هەموو مرۆڤێکە.

١٨- ئازادی لە هەڵبژاردنی ئاین و بڕوای دینی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان جێگەی ڕێزە.

١٩- ئازادیی بەیان و بیر و باوەڕ مافی هەموو تاکێکە.

٢٠- ئازادیی کۆبوونەوە و پێکهێنانی دەستە و ناوەند، مافی هەموو مرۆڤێکە.

٢١- هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە لە دیموکراسی و هەڵبژاردنی گشتیدا بۆ جۆری دەسەڵات، دەنگی هەبێ.

٢٢- مافی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە مافەکانی هەر مرۆڤێکە.

٢٣- هەموو تاکێک بۆی هەیە خاوەنی داهات، کار و پیشە بێ.

٢٤- کەڵک وەرگرتن لە کاتەکانی پشوو و پشوودان مافی هەموو مرۆڤێکە.

٢٥- هەموو مرۆڤێک مافی هەیە خاوەنی ماڵ و خۆراک بێ.

٢٦- پەروەردە و فێربوون لە مافەکانی هەر مرۆڤێکە.

٢٧- مافی داهێنەر و خاوەن بەرهەمە کولتووری و هونەرییەکان دەبێ بە ڕەسمی بێتە ناسین.

٢٨- هەموو مرۆڤێک مافی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانیدا هەیە.

٢٩- مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتری بەرپرسیارن و دەبێ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی یەکتری بکەن.

٣٠- هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو ماف و ئازادییانە لە خەڵک بستێنێ و پێشێلیان بکا.

## چەند بژاردەیەک لە قسەکانی چالاکانی ناوداری مافی مرۆڤ:

"هاوڕێیانی لاوی من لە سەرانسەری جیهان! ئێوە کەسانێکن کە دەبێ لە ئێستە و داهاتوودا مافەکانی مرۆڤ بەربڵاوتر بکەن و گەشەی پێ بدەن! داهاتووی مافی مرۆڤ لەسەر دەستەکانی ئێوەیە".

(کوفی عەنان، سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان).

"هێزێک کە بە هەوێنی نەهێشتن و بەرەنگاریی توندوتیژی و شەڕئەنگێزیی ئازاد هاتبێتە ئاراوە، گەورەترین هێزە کە لە دەستانی مرۆڤدایە، ئەو هێزە بەتواناترە لە بەهێزترین چەکی کوشتاری بە کۆمەڵ کە تا ئێستە مێشکی مرۆڤ بەرهەڤی کردووە".

(مهاتما گاندی).



سەرچاوە
Serchawe

"ماڤی مرۆڤ دەبێ ببێتە راستییەک کە بوونی هەیە، نەک تەنیا وەک خەیاڵێکی ئاڕمانگەرا باسی بکرێ".

(ل. رون هوبارد).

"من دژی بیر و باوەڕی ئێوەم، بەڵام ئامادەم گیانم پێشکێش بکەم تا ئێوە بە ئازادی باسی بیر و رای خۆتان بکەن".

(ولتر)

٢٤ی جووڵای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## زێنەب جەلالیان لە ئێعدامەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی



پارێزەری "زێنەب جەلالیان" گیراوی سیاسی کورد ڕایگەیاند کە دیوانی باڵای ئێران سزای لەسێدارەدانی لە سەر ناوبراو هەڵگرتووە و حوکمەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی دابەزاندووە.

کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ، پشتبەستوو بە دوکتۆر "محەممەد شەریف"، پارێزەری "زێنەب جەلالیان"، گیراوی سیاسی کورد ڕایگەیاند کە دوایی بەدوا داچوونێکی "دوور و درێژ، سەرئەنجام، دوو هەفتە لەمەوبەر، دیوانی باڵای ئێران، حوکمی ئیعدامی زێنەب جەلالیانی بۆ زیندانی هەتا هەتایی دابەزاندووە".

"زێنەب جەلالیان"ی ٢٧ساڵان، سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی، لە شاری کرماشان دەزگیر و پاش چەند مانگ ئەشکەنجە و گووشار، بە تۆمەتی "شەڕ لەگەڵ خوا" و ئەندامەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (Pjak) حوکمی لەسێدارەدانی بە سەردا سەپابوو.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی حوکمی لەسێدارەدانی زێنەب جەلالیان، ڕێکخراوەکانی جیهانی بەرگری مافی مرۆڤ وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، چاوەدێری مافی مرۆڤ بە توندی دژکردەوەیان بەرانبەر بەم حوکمە نیشان دا و هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی حوکمی زیندانی زێنەب شکڵی گرت. ئەو گیراوە سیاسیەوە لە نۆڤەمبەری دوو ساڵ لەمەوبەر، بە نووسینی کورتە پەیامێک لە زیندانەوە، باسی لە ئەشکەنجە و دادگای چەند خولەکی و هەڕەشەی قازی بۆ جێبەجێکردنی بەپەلەی ئیعدامەکەی کردبوو.

ناوبراو پاش گیرانی ٤ مانگ لە ژوورە تاکەکەسیەکانی ئیتلاعات دا و بە مەبەستی ڕازیکردنی بە دانپێنانی



سەرچاوە Serchawe

زۆرەملی ئەشکەنجە کرا و لە ماوەی گیرانی دا چەند جار، بە مەبەستی پڕۆتیستۆکردنی حوکمەکەی و جووڵانەوەی خراپی بەرپرسان، مانی لەخواردن گرت و هەر بەم هۆیە چەندین مانگی لە ژوورەکانی تاکەکەسی تێپەڕ کرد.

زێنەب جەلالیان، لە ڕەشەمەی ١٣٨٨ی هەتاوییەوە لە گرتووخانەی کرماشانەوە بۆ بەندی ٢٠٩ی گرتووخانەی ئێڤین لە تاران ڕاگواسترا و لەم گرتووخانەش کەوتە ژێر زەخت و گووشاری زۆر بۆ ئەوەی ئامادەی دانپێنانێکی تەلەڤزیۆنی بێت. ناوبراو پاش ٥ مانگ توندکران لە بەندی ٢٠٩ی ئێڤین، پاش دیتنی دادئەستێنی تاران، بۆ گرتووخانەی کرماشان گواسترایەوە و هەر ئێستا لەم گرتووخانەیە بەند کراوە.

سەرچاوە: nnsroj

٢٤ی جووڵای ٢٠١٢

## بنەماڵەیەکی ئەفغانی بە ئەنجامدانی قەتڵی ناموسی بە ٢٥ ساڵ گرتن سزادران



سێ کەس لە بنەماڵەیەکی ئەفغانی کە بۆ کانادا کۆچیان کردبوو، لە دادگایەکی ئەو وڵاتە بە کوشتنی سێ کچ و ژنێکی خزمی خۆیان بە تاوانبار ناسران. تاوانبارانی ئەو قەتلە ناموسیە، باوک، دایک و برای ئەو سێ کچە گەنجە بوونە و ئەو ژنەش کە کوژرا بوو ژنی یەکەمی بابی کچەکان بوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لەشی بێ گیانی ئەو چوار کەسە لە ئوتۆمبیلێک دا کە لە ڕوبارێکی ئاو دا نقوم ببوو، لە شاری کینگستۆن لە ئیالەتی ئۆنتاریای کانادا دۆزرایەوە. تاوانباران لانی کەم دەبێ ٢٥ سال لە گرتوخانە بمێنەوە. دادوەری ئەو پەروەندەیە دەڵێت: باوکی ئەو کچانە بە هۆی ئەوەی کە بە دژی یاساکانی بنەماڵە دوو کچە گەورەکانی دەیانویست ڕەفیقی کوریان ببێت، توڕە بوە. شاهیدان بە دادگایان گوتوە کە محەممەد شەفیع، هەر وەک چۆن لە پەیوەندی نهێنی کچەکانی لە گەڵ کوران توڕە دەبوو، هەر وەها لەو دادگایە کوتراوە، کە ئەو کەسە لە جۆری جل لە بەر کردنی کچەکانی کە جلی نیوە رووتیان لە بەر کردوە نارازی بووە.

### قەتڵی ناموسی

بەشێکی زۆر لە بەڵگەکانی دادوەر لە سەر پەیوەندیە تەلەیفونیەکانی بابی ئەو کچانەیە کە دوای کوژرانی کچەکانیشی لە سەر ئەوان بە توڕەیی قسەی کردوە و ئەوانی بە "قەحبە" ناو بردوە.

گیتی شەفیعی لە کاتی کوژرانی دا تەمەنی ١٣ ساڵ بوە.
دادگای ئەو سێ کەسە نزیک بە سێ مانگی خایاند و یەکێک لە بابەتە گەرمەکانی کانادا بوو.

لە دوای خوێندنەوەی حوکمی دادگا، ئەو سێ کەسە وەک تاوانبار ناسران، محەممەدی سەفیع کە کەسێک تەرجومانی بۆ

دەکرد وتی: "ئێمە جینایەت کار نین، ئێمە قاتڵ نین، ئێمە ئەو تاوانەمان نەکردوە.

تەرمی زێنەب، سەحەر و گیتی کچەکانی محەممەدی شەفیع کە ١٣،١٧،١٩ ساڵان بوون لە گەڵ تەرمی دایکیان، ڕونا ئەمیر محەممەد، لە مانگی ژوئەنی ٢٠٠٩ لە کانادالە ئاودا دیترایەوە.

ئەوان بۆ دیتنی تاڤگەی نیاگاڕا چووبون و لە ڕێگای گەڕانەوە بڕیار دەدەن کە شەو لە نیزیکیەکانی شاری کینسگتون تێپەڕ بکەن.

دادوەر دەڵێت کە تاوانباران، سەرەتا قوربانیەکانیان خنکاندوە و دوایی خستبوویانە ناو ئوتومبێل و لە دواوە بە ئوتۆمبێلێکی دیکە پاڵیان داوە تا ئوتۆمبێلەکەیان کەوتۆتە ناو ڕوبارەوە.

هەروەها لە دادگاکە باس لەوە کرا کە پێش کوژرانی ئەو کچانە، بە جارانی جار هەڕەشەی کوشتنیان بەرەو ڕوو بۆتەوە.
لە دوایی دا دوو کچە گەورەکان بە بێ ئیزنی بابیان ڕەفیقی کوڕیان گرتوە.

لە دادگاکە کوترا کە کچی گەورەی بنەماڵە جارێک لە دەستی بابی پەنای بۆ سەرپەنایەکی ژنان بردوە، لە دوای ئەو کارە بڕیاری کوشتنی وان دراوە.
پارێزەری محەممەدی شەفیع لە سەر ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵ ئەوان گوتی: کە بە هۆی شارەزا نەبوونی زێنەب لە لێخورینی ئوتۆمبیل، ئەوان کەوتوونە ناو ڕوبارەکە.

رونا ئەمیر محەممەد
رونا ئەمیر محەممەد، ژنی یەکەمی شەفیع پێشتیوانی لە کچەکانی کردوە، بۆ ئەوەی بە شێوەی ڕۆژئاوایی بپۆشن و ژیان بکەن.

شایەنی باسە محەممەدی شەفیع هەر بەوەی کە رونا منداڵی نەبوە ژنی دووەم دێنێت.
ئەو بنەماڵەیە پێش هاتنیان بۆ کانادا لە ئوستراڵیا، دوبەی و پاکستانیش ژیاون.

٢٤ی جوولای ٢٠١٢

## شێرکۆ مەعارفی بە تەنیا جێ مەهێڵن




ئێستە کە خەریکی نووسینم، کوردێکی تر لە ئێران چاوەڕێی پەتی سێدارەیە، لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر چرکەیەک، خوولەک و سەعاتێک زیاتر نیگەران دەبم و لەگەڵ هەر ڕۆژهەڵاتنێک پتر گیانم دەلەرزێ، چونکە هەڵاتنی ڕۆژێک بۆ من، نێزیکبوونەوەی هاوڕێیەکمانە لە مەرگ کە ئەویش هەمان شێرکۆ مەعاریفیە.

شێرکۆ وەک هەموو ئەو کوردانەی کە بێ تاوان لە زیندانە بێ بەزەییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبات لە نێزیکەوە ناناسم، ئەگینا بە ئامانج و هیواو و ئارەزووەکانی ئاشنام و زیاتر لە جاران بۆمان پیرۆزن و بەهاکانی شێرکۆ هانم دەدەن بەرگریی لێ بکەم.

نازانم لە شەهید فەرزادەوە دەست پێبکەم، یان لە شیەهید شیرین، یان لە شەهید حوسێن خزری کە لە بەیانیەکی ڕووناکی زوودا بە شەوی تاریکی مەرگ ئاشنا کران و بە هەواڵی لە سێدارەدانی ئەوان ئەو ڕۆژ لە خەو هەڵساین و بەچاوی پڕ گریانەوە ڕۆژیان پێ کردینەوە، بێ ئەوەی ماڵئاوایی لە کەسوکار و دایکە دڵ سووتا و بنەماڵە و نەتەوەکەیان بکەن، بەڵام ڕەنگە خۆیان ئاگەدار بووبن کە ئەوانەی جارێک لە زیندانەکانی ئێران بگیرێن و هەڵگری ویستی نەتەوەیەک بن، دەبێ ماڵئاوایی بکەن لە هەموو ئەو شتانەی دەکەونە پشت میلەکانی زیندان.
نازانم لە نێزیک بوونەوەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی فەرزاد و هاوڕێیانی دڵتەنگ بم، یان لە مەترسی ستاندنی گیانی شێرکۆ و حەبیب و زەینەب و چەندانی تر.

شەهید فەرزاد و هاوڕێیانی ڕۆیشتن ئەگەر چی یادیان هەمیشە زیندووە لە دڵماندا، ئەوانە شەهید و هێمای نەتەوەیەکن، بەڵام با نەهێڵین شێرکۆ و شێرکۆکانی تر بڕۆن و دووبارە گریانی دایکمان و گریانی نەتەوەکەمان ببینین، لە گریان


گەورەتریش با ڕێگە نەدەین دنیا لە راست سێدارەی ئازیرانی کورد بێدەنگ بێ.
دەمهەوێ بڵێم ئەگەر شێرکۆ یان هەر کەسێکی تر سزای لەسێدارەدانی هەبێ، با مەحکوومی بکەین و زیاتر هەول و تواناکانمان چڕتر بکەینەوە، تا کەی چاوەڕێی نێزیکبوونەوەی ساتی مەرگیان بین، تا کەی بەهاری کورد بێ شەهید نەبێ، تا کەی زۆربەی نووسینەکانی کورد لەسەر زوڵم و چەوساندنەوەکانی بێ، تا کەی وەک مرۆڤ نەژین و باجی ئەوەی بدەین کە کوردین و کەوتووینەتە بەر دەستی داگیرکەرێکی وەک کۆماری ئیسلامی و هاوشێوەکانی؟

ئەگەر شێرکۆ کاری بۆ نەکرێ، چاوەڕوانی لە کۆماری ئیسلامی زیاتر دەبێ کە شێرکۆکانی تر بخاتە ناو تۆڕی رق و کێنەی بەرامبەر کوردان و یاخیتر لە جاران بەرەورووی گەنجانی کورد دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامی پڕ بە مانای دیکتاتۆرییەت، دیکتاتۆرە و دژی هەموو مرۆڤایەتییە، کۆماری سێدارەیە هەروەک چۆن "شێرکۆ بێکەس"ی شاعیر ناوی برد، پەتەکانی توندتر و زیندانەکانی زیاتر دەکا بۆ پڕکردنەوەی بە شێرکۆکان.
بەلام ئەوانە بەو مانایە نین کە بڵێن بەدەنگی ئێمە هیچ لە رووداوەکان ناگۆڕێ، ئەوەیان دەبێتە ئەوپەڕی نا هۆمیدی و دەستەوەسانی، لەبیرمان بێ شێرکۆمان زۆر لەسە رێگا هەیە، با نەهێڵین کۆماری ئیسلامی دیسان زنجیرەیەک لە سێدارەدان و رەش بگرییەکانی دژی کورد دەست پێ بکاتەوە، نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ناو دۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ون بێت و زانیارییەکانمان بەهەموو مرۆڤدۆستان بگەیەینین، دنیا ئاگەدار بکەینەوە کە ئەوانەی بەبێ تاوانی رۆژانە لە ئێران لە سێدارە دەدرێن و بەشی زۆریان کوردن، بەڕاستی تاوانیان چییە، بەڕاستی کێ بەرپرسە لەوەی کۆمەڵکوژییەکی لەسەرخۆ بەرامبەر کورد لە ئێران دەستی پێ کردووە؟

لە سێدارەدانی شێرکۆ، رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە نەبوونی کاریگەری و گەیاندنی دەنگی شێرکۆ زیاتر دەکا و دەنگی ئێمەش وەک کوردانی رۆژهەڵات لاواز و بێ هیواتر پێشان دەدا.
شێرکۆ لەسێدارە بدرێ، واتە دیسان کوردێکی مافخوراوی ئامانجە رەوا و هەفخوازەکانی دەخرێتە ژێر گڵ، شێرکۆ مەعاریفی، حەبیب لوتفی پور و زەینەب جەلالیان جیاوازن لە بۆچوون و هاوبەشن لە دیدی سێدارەخوازی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵام با ئێمە جیاوازییان لە ناودا نەکەین.
قەڵەمەکەم زۆری پێیە بۆ شێرکۆکان بنووسێ، نامهەوێ زۆر لەسەر نووسینی وشەی سێدارە و مەرگ راهێنان بکەم و بە نائۆمیدی دەست بۆ پێنووس ببەم، با بێین ئێمە چالاکانی مافی مرۆڤ شێرکۆ بە تەنیا بەجێ نەهێڵین و هەروەک چۆن خۆی لە نامەکەیدا داوای کردووە روو لە مرۆڤدۆستانی ناوچە و جیهان بنێین کە بەهەڵگرتنی هەر هەنگاوێک لەم بوارەدا ئەگەری ئازاد بوونی گیانی مرۆڤێک و رزگاکردنی لە پەتی سێدارەی زیاتر بکەین.

٢٤ی جوولای ٢٠١٢

## گاندی، هێمای خەباتی ئاشتییە



ئەمڕۆ یەکشەم ٢ی ئۆکتۆبەرە کە ڕۆژی لەدایکبوونی ماهاتما گاندیە و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە ڕۆژی جیهانیی "نا توندوتیژی" ناو نراوە. بۆچوونەکانی گاندی لەگەل ئەوەی کە مۆدێرنە و پیوەست بە کاتێکی دیار بوون، گاندی هێمایەکە بۆ ناتوندوتیژی و نموونەیەکە بۆ کەسانی وەک مارتین لوتەر و نێلسون ماندێلا و ئانگ سان سوچی و دالای لاما کە خۆیان بە شوێنکەوتووانی ڕێبازی گاندی دادەنێن.

فەلسەفەی ناتوندوتیژی، شوێنەوارەکانی لە بیروهزری گاندیدا زۆر بە جوانی دیارە، فەلسەفەی ناتوندوتیژی لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە، بنیادنەری مێژوویەکی دیکەیە کە ریشەکەی ڕێز و هۆشیاریی تاکە کە شوناسی ئەو هۆشیارییە جۆرێک جیهانبینیی تایبەتی ئەخلاقییە.

سەدەی بیستەم لە بەشێکی فراوانی دنیادا سەدەیەک بوو پڕ لە شۆڕش، شەڕ، حکوومەتی تۆتالیتار و ڕاپەڕین، سەدەی ٢ جەنگی جیهانی، بە وتەی نیچە خوێنێکی زۆر لە ڕێگای تێگەیشتنی ئازادی و مافدا ڕژا کە لە زۆرێک لە بوارەکاندا تەنیا ئەوەی بە دەست هات وتنی "بەداخەوە" بوو.

سەدەی بیستەم لەگەڵ ئەوانەی کە باس کران سەدەی بزووتنەوەکان و ڕاپەڕینە توندوتیژییەکانیش بووە، یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێریانە، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیایە کە ئامانج گەیشتن بە فیئۆدالی بۆ تۆتالیزمی ستالینی بوو. لەو نێوەدا بزووتنەوەیەکی زۆری توندوتیژی سەرتاسەری جیهانی گرتەوە هەر لە ڕووسیاوە تا ئەمەریکای لاتین و چین، بەڵام لە لایەکی دیکە دەنگێکی دیکە لە ڕەگەزی ناتوندوتیژی لە ڕۆژهەڵات و لە بیری گاندی بە گوێ دەگەیشت.

گاندی بەیەکێک لە بنیادنەرانی بیری نوێی ناتوندوتیژی دادەنرێ و میکانیزمەکانی بەرگریی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرامبەر توندوتیژی حکوومەت دادەنێ.

گاندی بە دامەزرێنەری جۆرێک تێکۆشان دادەنرێ کە لە سیاسەتدا پێی دەگوترێ (بەرەنگاربوونەوەی ئاشتییانە)، یاخۆ فەلسەفەی ناتوندوتیژی (ساتیاراها). کە لەسەر چەندین بنەمای ئاینی و سیاسی و ئابووری دامەزراوە و لە کورتیدا ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئازایەتی و راستی و ناتوندوتیژی، کە ئامانجی شکستهێنانە بە دوژمن لە رێگەی هۆشیاریی تەواو بەرامبەر بە کێشەکە و دروستکردنی هێزی ناتوندوتیژی لە بەرامبەریدا.

ناتوندوتیژی بەلای گاندییەوە بە قۆناغدا گوزەر دەکات، لەلایەک گەورەکردنی گرفتەکە، لەولاشەوە هاندانی خەڵک لە دژیدا، چ بەئامانجی لەناوبردنی یان بچووککردنەوە یان هەرنا گرفتەکە گەورەتر نەبێ، بەڵام لای گاندی دوائامانج لە ناتوندوتیژیدا کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو پێی وایە ئەگەر پێویست بوو، بەناچاری پەنا دەبرێتەوە بەر توندوتیژی.

دەمهەوێ باس لەو بیروهزرانەی گاندی بکەم کە خەباتی ناتوندوتیژیش لە ستراتیژ و دەرئەنجامدا پەروەردەکردنی هاوولاتییە، واتە گرینگیدانە بە چەمکی هاووڵاتیبوون و جێگرتنەوە و دانانیەتی لە شوێنی خێڵ و هۆزگەراییدا، کە ئێمەی کورد لەم ساتەدا وەک نان و ئاو پێویستیمان پێیەتی.

دروستکردنی هاووڵاتی بەمانای تەواوی خۆی، یەکەم هەنگاوە بۆ وەدەستهێنانی کۆڵەکەکانی مەدەنییەت کە لەشێوەی کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خۆی دەنوێنێ ، لەم بوارەشدا وەک چۆن جۆن ستیوارد میل دەڵێ، "رێزگرتن لە ژیان و سەرلەنوێ ناساندنەوەی (ئەویتری جیاواز و نەیار) گرینگییەکی بەرچاوی هەیە لەخەملاندنی دیموکراسییەتدا و هەنگاوی یەکەمە بەرەو ناتوندوتیژی و پێکەوە ژیان".

ئێمەی کورد دەتوانین بۆ جیهانی بسەلمێنین کە سەرەڕای هەموو ناکۆکییە خێڵەکییەکان و دژایەتییە حزبییەکانمان، خاوەنی ئاستێکی بەرزی هاووڵاتیبوونین کە ئەمەش دەبێتە سەرمایەیەکی ئەخلاقی و دیموکراسی بۆ داهاتوومان.

دەبێ ئەوە بزانین کە (توندوتیژی) حەشارگەی ئەو مرۆڤانەیە کە تا هەنووکە لە بچووکیی خۆیان دەرنەچوون و توانای دیالۆگ و بەیەکەوە هەڵکردن و راگۆڕینەوە و تەنانەت گوێگرتنیشیان لەگەڵ حزب و گرووپە بچووکەکانی دەرەوەی خۆیاندا نییە.

هەروەک چۆن گاندی و ماندێلا بۆی چوون و بە پراکتیک سەلماندوویانە، ئەوەش بزانن کە کۆمەڵگەی ناتوندوتیژ و ئاسوودە بەبێ دانبەخۆداگرتن و بەخشندەیی و لێبووردەیی و دڵفراوانی نایەتەدی، ئەوەتا بیرمەندی ئێرانی (رامین جیهانبەگلوو) وتوویەتی: ناتوندوتیژی پرۆسەی بەئەخلاقیکردنی سیاسەتە، دواجاریش بۆ گەیشتن بەخەباتی ناتوندوتیژی پێویستە کۆتایی بەفەرهەنگی ڕق و کینە و نەفرینکردن و سڕینەوەی یەکتری بێنین".

بیرمان نەچێ کە ماندێلا لە کۆمەڵگەی ئاپارتایدی ئەفریقادا، فەرهەنگی ناتوندوتیژی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی دروست کرد.

دەبێ ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئاخۆ ئێمەی کورد تەنیا بەرهەمهێنی توندوتیژین؟ ئایا دەتوانین ببینە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و شەفاف و کراوە؟ بەڵێ ئێمە ئێستە بەفەرهەنگی ناتوندوتیژی دەتوانین زەمینەسازی بۆ هاووڵاتیبوون و رەوشتی مەدەنی بکەین کە دواجار مرۆڤ لە بچووکی و پەراوێزی دەرباز دەکا و دەیکات بە بوونەوەرێک کە ناچارە لە پێناوی ژیانی ئارام و ئاسوودە روو لە تێگەیشتن و تێگەیاندن بکا کە زامنی ئاشتییە.

**سەرچاوەکان:**


١- گاندی و ریشەهای فلسفی عدم خشونت، رامین جهانبگلو، ترجمه هادی اسماعیلزاده. نشر نی، چاپ اول ١٣٧٩.

٢- نیایش، مهاتما گاندی، ترجمه شهرام نقشی تبریزی، نشر نی، ١٣٨٤.

٣-. ماڵپەری ویکیپیدیا.

٤- ماڵپەری دەروونناسی.


٢٥ی جووڵای ٢٠١٢

## ئەو منداڵانەی کەس بیر لە چارەنووسیان ناکاتەوە



بە گوێرەی ڕاپۆرتی یونسێف، یەک لە سێی منداڵانی جیهان لە نێو زبڵدا، لە بێ خۆراکی و بە بێ هیچ شانسێکی بۆ پەروەردە بوون ژیان بەسەر دەبەن. دۆخی ئەو منداڵانە ئەوەندە خراپە کە زۆر کەس پێی باشە هەر بیریان لێ نەکاتەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی شارە گەورەکانی جیهان، منداڵانی زیاتر و زیاتر تێکەلاوی خێلی کۆخنشینان دەبن. نیوەی منداڵانی جیهان یانی نزیک بە یەک ملیارد کەس لە شارە گەورەکاندا گەورە دەبن، لە هە رسێ کەسییان یەکێکیان لە خراپترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبات.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسێف، لەو شارە گەورانەی جیهان کە لە پەرەسەندان، ٥٠% ی منداڵان هەتا ناویان تۆمار ناکرێت، واتە بوون و نەبوونیان ڕەسمییەتی نیە، بە گوتەی "کریستیان ئیشنایدەر" بەڕێوەبەری ئونسیف لە ئەڵمان، شارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەبن بە شوێنێک بۆ ئەو منداڵە هەژارانە.

ئەو دەڵێ، زۆربەی ئەو منداڵانە بە بێ هیچ سەرپەرستێک، تەنیا گەورەدەبن و ژیانیشیان بە کۆکردنەوەی زبڵەکان بەڕێدەکەن. بۆ پاروە نانێک پێڵاو بۆیاخ دەکەن و خراپ ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت یان دەفرۆشرێن.
پێداویستییەکان ومافی ئەو منداڵانە لە پێوەندی بە دواکەووتویی وڵاتانی گەشەسەندوو لەبەر چاو ناگیری و لە پلانی گەشەسەندندا هیچ جێگایەکیان نییە.

### ئاکامە کارەساتبارەکان

"کریستیان ئشنایدەر" دەڵێ، ئاکامەکانی ئەو دۆخە کارەساتبارە، بۆیە بۆ ڕێگە گرتن لە بەردەوامبوونی ئەو دۆخە دەبێ

حکومەتەکان، شوێنە پیوەندیدارەکان دەست بە کار بکەن.

دامەزراوەی هاوکاری بۆ مندالان داوای داکۆکیکردن لە مافی مندالان دەکات. "دانوتا ساچر" بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوەیە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو ئەزموونەی کە لەو بوارە هەیەتی، دەڵێ:" مندالانی هەژار لە شارە گەورەکانی وەک مانیل، دلهی، ژوهانسبورگ یان بوگوتا لە دۆخیکی زۆر ترسناکدا ژیان بەسەر دبەن".

هەر چەندە لە شارەکان قوتابخانەی زیاتر هەیە نەک لە دێهاتەکان، بەلام بۆ مندالانی کۆخنشینەکان ئەستەمترە و بۆ مندالانی هەژار گەیشتن بە پەروەردە زەحمەتترە.

ئاماری مردنی مندالانی ناوچە هەژارەکانی شارەکان زۆرترە لە لادێ هەژارەکان. زیاتر لە نیوەی کچ و کورە کۆخنشینەکان بە هۆی خراپی خۆراکەوە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن.

سەرچاوە: دویچە ڤیلە

٢٥ی جوولای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## کۆنگۆ، مەترسیدارترین وڵاتی جیهانە بۆ ژنان



کۆماری کۆنگۆ، وڵاتێکە لە ناوەندی ئەفریقا و پایتەختەکەی برازاویلە، کۆماری کۆنگۆ تا ساڵی ١٩٦٠ لە ژێر دەستی فەرنسادا بووە لەو ساڵەدا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت. زمانی رەسمی ئەو وڵاتە فەرنسەوییە، بەڵام بە زمانەکانی دیکەش لەوانە "لینگا، کیگنگۆ و گویس" قسە دەکەن.

نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: "کۆنگۆ پایتەختی دەستدرێژییەکان بۆ سەر ژنانە".

دەستدرێژی بۆ سەر ژنان وەک یەکێک لە کەرەستەکانی شەڕ دێتە ئەژمار. دیاردەیەکی کە ژنانی هەرێمی "کیوۆ" لە کۆماری دیمۆکراتیکی کۆنگۆ، بە باشی لێی ئاگادارن.

"ماسیکا، کە خۆی یەکێک لەو ژنانەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨ دەستدرێژی کرایە سەر، پاش دامەزرانی ناوەندێک لە باشووری "میینوا"، بۆتە یەکێک لە پشتیوانەکانی قوربانیانی دەستدرێژی.

ماسیکا، بەسەرهاتی تاڵ و کابووس ئاسای دەستدرێژی بۆ سەر خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: چەکدارەکان، هاوسەرەکەمیان لەبەر چاوی خۆم کوشت و دەستدرێژییان کردە سەر کچەکانم. پاشان منیان ڕووت ڕووت کردەوە و چەکیان لە سەر ڕاگرتم. کاتێک کە قیژاندم، دەم و چاو و جەستەمییان بە چەقوو بریندار کرد. دواتر یەکێکیان لێی پرسیم کە ئایا تا ئێستا "بازووکا"م جووتووە یان نا؟ منیش کە هەر وام زانی مەبەستی بنێشتی بازووکایە، وەڵامی ئەرێم داوە. دواتر ئەندامی نێرینەی هاوسەرەکە کوژراوەکەمی بڕی و ورد وردی کرد و ناچاری کردم بیجووم و لە کۆتاییش دا، لە سەر جەستەیی بێگیانی هاوسەرەکەم دەستدرێژییان پێکردم.



ئەو ژنانەی کە دێنە ئەنجومەنەکەی ماسیکا، هەموو، قوربانیانی قێزەونترین شێوازەکانی دەستدرێژین و هەر بۆیەش لە هەموو لایەکەوە دەرپەڕێندراون. هەندێکیان تووشی نەخۆشی قورس بوونە تا ڕادەیەک کە هیوایەک بە چاکبوونەوەیان نەماوە.

ماسیکا، ٣٤ ساڵی بەرهەمی دەستدرێژی و بەجێماوی شەڕی لە ئەنجومەنەکە، بە منالی خۆی قەبووڵ کردووە و سەرپەرشتیان دەکات. ئەو وەکوو سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەوڵ دەدات تا ئاسۆیەکی گەش لە چاوی ئەو ژن و منالە ئازارچێشوانەدا بێنێتە دی.

دوو بەرنامەی سەرەکی ئەو ئەنجومەنە بریتییە لە پشتیوانی مادی و دەروونی لە ژنان و وروژاندنی هەستیاری کۆمەڵگا لە هەمبەر ئەو دەرد و ئازارانەی کە ئەوان چێشتوویانە. ماسیکا بۆ تیمارکردنی دەردەکانی خۆشی، زۆری هەوڵ داوە.

ئەنجومەنی ناوبراو، سەرەڕای کۆمەڵێک کێشەی مالی، چاودێری ٢٠٠ ژن دەکات. گوێنەدان و یارمەتی نەکردنی بەرپرسان و دەسەڵاتداران لە کۆنگۆ، کاری ئەو ژنە بەهێز و کۆڵنەدەرەی دژوارتر کردووە. ئەو دەپرسێ: دەوڵەت ئەو دەستدرێژیکەر و تاوانبارانە سزا نادا، ئێمە کە چالاکی مافی مرۆڤین، هەوڵ دەدەین کە ئەوان بکێشینە دادگاکان، بەڵام دواتر کە حوکمەکان دەبینین، سەرمان سووڕ دەمێنێ. تاوانباران زۆربەی کات بە ١٥ تا ٢٥ ساڵ زیندان مەحکووم دەکرێن، بەڵام پاش یەک دوو ساڵ، ئازاد دەبن و لە شەقامەکان، بە سەربەستی دەخولێنەوە و هەڕەشە لە ئێمەی چالاکی مافی مرۆڤیش دەکەن.

ماسیکا هەر ڕۆژ گیانی دەخاتە مەترسییەوە. میلیشیاکان بەردەوام لە تاقیبی دان، چەکدارەکان نایناسن، بەڵام وتوویانە لە هەر شوێنێک تووشی بن دەیکوژن بۆیە کە ئەو ژنە [ماسیکا] لەبەرچاوی خەڵک، کردەوەکانی ئەو میلیشیایانە مەحکووم دەکات!

ماسیکا، ئەو ژنە بەورەیە، لە هیچ ناترسێ و دەڵێ کە هیچ شتێکی نییە تا لە دەستی بدات و هەر بۆیەش درێژە بە تێکۆشانەکەی دەدات.

هەر کاتژمێر، ٤٨ ژنی کۆنگۆیی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر ئەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە کوێن؟

ناوەندێکی لێکۆڵینەوە سەر بە زانکۆی "جان هاپکینزی بلوومبێرگ"، ساڵی ڕابردوو، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە بە گوێرەی ئەوان، کۆنگۆ، مەترسیدارترین وڵاتی جیهان بۆ ژنانە. ئەو ناوەندە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دەستپێکرد و پاش ١٢ مانگ گەیشتە ئەو ئاکامە کە ڕۆژانە هەزار و ١٥٢ ژن، دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و ئەمەش یانی هەر کاتژمێر ٤٨ ژن. هەڵبەت ئەو ئامارە زۆر زیاتر لەو هەژمارەیە کە لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتووە. نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە ساڵی ڕابردوو [٢٠١١]، هەریکەم ١٦ هەزار ژنی کۆنگۆیی دەستدرێژییان کراوەتە سەر بەڵام ئاماری ڕاستەقینە لە ٢٦ هەزار کەس تێپەڕ دەکات.



"میشێل هیندیەن"، کارناسی زانکۆی ئاماژەپێکراو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئامارەکە لەوەش زیاترە کە باس دەکرێ.

کۆنگۆ وڵاتێکی ٧٠ میلیۆن کەسییە کە چەند دەیەیە تووشی شەڕی ناوخۆیە و میلیشیاکان بە تایبەت لە ناوچە دارستانیاوییەکان، لە هەر دەرفەتێک دا کە بۆیان بگونجێ، دەستدرێی دەکەنە سەر ژنان. لە هەر ١٠٠٠ ژنی کۆنگۆیی، ٢٩ کەسیان دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەمەش بەو مانایەیە کە لە شوێنە نائارامەکانی کۆنگۆ لە بەروارد لەگەڵ ئەمریکا، ژنان لە سەتا ٥٨ زیاتر لە ژێر مەترسی دەستدرێژی دان.

"مایکێل وانێروین"، بەرپرسی دامەزراوەی مافی مرۆڤی هاروارد دەڵێ: پەیامی ئەو ڕاپۆرتانە ئەوەیە کە "نەبوونی سیستەمێکی دادپەروەرانە کە بتوانێ تاوانباران سزابدات، هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ئەو تاوانە مەزنە دژ بە مرۆڤایەتییە".

نزیک بە ٨ ساڵە کە ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆ، لە داوێنی شەڕی ناوخۆیی ڕزگاری بووە، بەڵام تا ئێستاش تاوانی لەم چەشنە هەر درێژەی هەیە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی تری گۆڤاری "تەندروستی گشتی ئەمریکا، لە بازنەیەکی ١٢ مانگی لە نێوان ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ی زایینی دا، هەری کەم ٤٠٠ هەزار ژن لە کۆنگۆ، دەستدرێژیان کرابۆ سەر.

هەروەها "مارگوت والستروم" نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشی توندوتیژییەکانی جنسی دەڵی: ژمارەی کەمی لە توندوتیژییەکان باسە لێوە دەکری، بۆیە کە ئامارەکانیش ئاماژەی پێ دەدرێ لە چاو ئامارە نادیارەکان وەک نیشاندانی نوکی کیوێکی بەفرین وایە.



ژنان لە کۆنگۆدا دوو هەڵبژردنیان هەیە یا ئەوە تا لە ماڵ بمیننەوە و لە برسان ئازاد بکشێن یان ئەوەتا بچنەدەرەوە لە ماڵ و خراپ مامەڵەی جنسیان لێ بکرێ کە زۆرتر بە هۆی خراپی بارودۆخی ژیانیان هەڵبژاردەی دووەم هەلدەبژێرن.

بە گوتەی ژنانی کۆنگۆیی، ئەوان لە هیچ شوێنێکی وڵاتەکەیان ئەمنیەتیان نییە و والتسرم لە دواییدا دەڵێ: یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەسدرێژیکردن نەبوونی ئاشتیە لە کۆماری کۆنگۆدا.

"میشێل هیندیەن"، کارناسی زانکۆی "جان هاپکینزی بلوومبێرگ"یش دەڵێ کە بە هۆی کولتووری خەڵکی کۆنگۆ و نەڕەخسانی دەرفەتی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ئاماری ڕوونتر، نازانن کە هەژماری ڕاستەقینەی دەستدرێژییەکان چەندن. زۆر یەک لە ژنانی کۆنگۆیی ئامادە نین لەمبارەوە زانیاریی بدەن و هەر بۆیەش شیمانە دەکرێ قوربانیانی دەستدرێژی و توند وتیژی ڕەگەزی، زۆر لەوەش زیاتر بێ.

٢٩ی جووڵای ٢٠١٢

## ژن و قەیرانی شوناس.



قەیرانی شوناس، لەبابەتە هەرە گرینگەکانی چاخی سەردەمە، ئەم بابەتە لە ساڵانی رابردوودا لە هەموو جیهان باس و پێداگری لەسەر کراوە. لە هەر وڵاتێک بەشێوەیەک سەبارەت بەشوناس باس کراوە و دەیان و سەدان وتار و کتێبی تایبەتی لەسەر نووسراوە. کێشەیەک بەناوی قەیرانی شوناس، هەم لایەنی دەروونی و تاکەکەسی هەیە و هەم لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

شوناسی ژنان لە جیهان و لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا بەتایبەتی بەهۆی جیاوازییەکان و نایەکسانییەکان و نەبوونی دۆخێکی فیکری گونجاو، دەرفەتی هاتنەئارای جووڵانەوەیەکی فیکریی گشتیی دابین نەکردوە. لە لایەکی دیکەش هەندێکجار نەبوونی بڕوای ژنان بە تواناکانیان و خۆ حەشاردان لە پەنا سێبەری باب و برا و هاوسەردا و هەروەها نەبوونی باوەڕێکی گشتی بە تواناکانی ژنان و پێناسەکردنیان تەنیا لە چوارچێوەی ماڵدا بووەتە هۆی ئەوەی ژن تەنانەت نەتوانێ پێناسەیەک لە خۆی و لە روانگەی خۆیەوە لەمەڕ شوناسی نەتەوەیی دەستەبەر بکات. رەنگە ئەمە لە خۆیدا گەورەترین کۆسپ بێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژن لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا لە بازنەیەکدا کە شوناسی ژنی تێدا بێ سەروشوێنە بخولێتەوە.

رەنگە لە وڵامدا بگوترێ کە ژنی رۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتانی لە گەشە و تا رادەیەک دواکەوتوو بە گشتی لە هەوڵدان و کاری باشیشیان کردووە و دەیان نموونەش دێننەوە، بەڵام راستیەکە ئەوەیە کە ئەم هەوڵانە ئەوەندە تاکەکەسی و پەرتەوازەیە کە ناتوانین وەک بزوتنەوەیەکی راستەقینە و کارتێکەر و گشتگیریان باسیان بکەین. هەروەک دیارە لەهەمبەر یەک دنیا مێژوو و فەرهەنگ و سیاسەت و ئەدەب و کۆمەڵگەی پیاو سەروەریدا کاری تاکەکەسی نابێتە هۆی گۆڕانکاریی

بەرچاو، لە ئاکامدا لە باشترین شێوەی خۆیدا یەک ژن دەتوانێت پێناسەیەکی سنوردار و تیۆریزە نەکراو لە شوناسی ژن بدا بەدەستەوە کە ڕەنگە بە تەواوەتی دژبەر و نەگونجاو بێت.

پرسی ژن لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی تەواو جێگیر نەبوونی پرسی مۆدێرنیتە و دیاردەی دانانی جیاوازیی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکاندا کەمتر باشتر بوونی دۆخی ژنان دەبینرێ و پرسی شوناسیش کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەڵام لەم دوو سەدەی دواییدا بەهۆی کاریگەریی نوێخوازی لە جیهاندا و گۆڕانکاری لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بووەتە هۆی زیاتر هۆشیاریی ژنان و ڕۆڵی بەرچاوتریان.

هەرچەندە لێرەشدا دەبێ چەند تێبینییەک لەبەرچاو بگرین، پرسی مودێرنیزاسیۆن (بە سەردەمی کردن) و پێوەندیی ئەو لەگەڵ نەریت و کلاسیزمدا کە کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی هەموو تاکەکانی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی کەمتر پێشکەوتووی جیهانە، دەستی لەم پرسەش واتە پرسی ژن نەپاراستووە. ژنی ئەم وڵاتانە لە لایەکەوە دڵبەستەی ئەفسونی ڕوانگەی کلاسیک و سوننەتی و سنووری بەرتەسکی هەستی بەرپرسیارەتی ئەون و لە لایەکی دیکەشەوە ئازادی و ڕەهایی بریقەداری سەردەمی نوێ ڕایان دەکێشێ. تاکوو ژن خۆی لەو دووانە یەکلا نەکردبێتەوە و یان ئاڵتەرناتیڤێکی تێکەڵاوی جێگەی پەسندی نەبینیبێتەوە، تا کۆتا لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە و دەرفەتی دەرباز بوونی بۆ هەڵناسووڕێ.

چوونە سەرەوەی ئاستی خوێندەواری و زیاتر کارکردنی ژنان بووەتە کەمتر کردنەوەی نموونەی ژنی سوننەتی و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزییە لە نێوان ژنانی سوننەتی لەگەڵ ڕۆڵی نوێیان دروست دەکات کە بە تەنگژەی شوناسی ژنان دەگات. تەنیا ڕێگەچارەی ئەم ئاڵۆزییە دووبارە پێناسە کردنەوەی شوناسی کۆمەڵایەتیی ژنانە کە دەبێ زیاتر کاری لەسەر بکرێ.

## شوناس چییە؟

شوناس یەکێک لە چەمکە ئاڵۆزەکانە لە زانستی مرۆیی و کۆمەڵایەتی. پێناسەیەکی یەکانە و گشتگیر لەسەر شوناس نییە، ئەو چەمکە لە پەنا چەمکی ڕەگەز دادەنرێ کە زیاتر ئاڵۆزی دەکات، چونکە نەبوونی شوناسێکی گونجاو بۆ ژنان و پیاوان بووەتە هۆی دەستوەردان لە شوناسی تاکدا کە باسی جیاوازە و کێشەی دروست کردووە.

بە زمانێکی ساکار ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ شوناس بکەین، دەبێ بڵێین: "شوناس بۆ هەر تاکێک، یان نەتەوەیەک بریتییە لەو تایبەتمەندییە هەمیشەیی و گرینگ و بەرچاوانەی کە ئەو تاک، یان گرووپ ، یان نەتەوەیە پێی دەناسرێتەوە".

یان دەکرێ بڵێین پێناسەیەک کە هەر تاکێکی مرۆڤ یان گرووپێک لە خۆدا هەیەتی و جیاواز دەکا لە تاک و گرووپ و کۆمەڵگا و ڕەگەزەکانی تر دەبێتە شوناس. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا دەتوانین بەم شێویە باسی بکەین کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆییدا شێوەیەک لە شاراوەیی لە پێوەندی لەگەڵ شوناس و پێکهاتەکانی شوناسدا دەبینرێ. ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ تەنگژەی شوناس دەست و پەنجە نەرم دەکەن، ئەو بابەتەش هۆی جیاوازی هەیە. لەوانە ئەو هەوراز و نشێوانەی کە مێژووی گەلەکەمان بە خۆیەوە دیتویەتی کە لە ئەنجامیدا نەتەوەکەمان خۆی لە شوناسی نەتەوەییدا لە ئاستی نێودەوڵەتی نەگەیشتوەتە مەبەست، بۆیە بێگومان ژنانێک لەو کۆمەڵگەیەدا لە نەبوونی شوناسێکدا هەمیشە وەک تاکێکی لاوازتره بۆ سیستمی پیاو سالاری سەردەست.

ئەگەر باسی شوناسی ژنان لە کۆمەڵگەدا بکەین لەوانە کۆمەلگەی ئێران کە ژنان تێیدا بە "عورت" بانگ دەکرێن و لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی ژن لە کۆنترۆڵی شوناس و ڕەفتاری ڕەگەزی بە بەشیکی جیا نەکراوە لە ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت و بنەماکانی دادەنرێ.

هەر حکوومەتێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێویستی بەجۆرێک لە مەشرووعیەت هەیە و ئەو مەشرووعیەتەش لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیەکەوە ئاراستە دەکات و ڕادەی ڕازیبوونی خەڵکیش لەم ئایدیۆلۆژییە لەسەر سیستمی سیاسییە. کۆماری ئیسلامیش بە پێڕەوکردن لە ئایدیۆلۆژیی ئیسلام، ژن لە پێناسەیەکی مرۆڤانە بێبەشە. ئەمە کاتێک دەبێتە کارەسات کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای مەشرووعیەتی ئایینی کە دەوڵەت بە خۆی داوە ژن لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبێتە دێوەزمەیەک کە ئەگەر لە ژێر چاودێریی جنسی تەواو (واتە پیاو)دا نەبێ، دەبێتە هۆی هەڵوەشانی کۆمەڵگە و تەنانەت ئایین و... لێرەدایە کە نە تەنیا ژن لە هەبوونی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بێ بەش و ڕێگری لێ دەکرێ، بەڵکوو شوناسێکی پێچەوانە و بگرە نامرۆڤانە و ساختەی پێ دەبەخشرێ!!! لایەنیکەم لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئایدیۆلۆژیا زاڵ نییە، ئەگەر شوناسێکی ڕاست بۆ ژن ناکرێ هەر نەبێ ژن ناکەن بە ئەهریمەن و ئاژەڵێکی خوێنخۆر.

بۆ زیاتر باسکردن لەسەر شوناسی ژن دەگەڕێمەوە سەر بۆچوونی دوو بیرمەند و کۆمەڵناس، ڕیچارد جنگینز و هێنری تاجفێل کە ئەو دوو بیرمەندە لە هەوڵدان لەگەڵ ئاماژەدان بە شوناسی تاک و کۆمەڵایەتی ویستوویانە لە ڕێگەی شیکردنەوەی شوناسەوە بە کاریگەری لەلایەن تاک و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە باس بکەن.

جنگیز کە لە ڕێگەی شوناسی کۆمەڵایەتییەوە بابەتەکان دەبینێ پێی وایە:"شوناسی تاک شوناسی سەرەتاییە و بنەمای نموونەیەکە بۆ تێگەشتن لە هەموو شوناسەکانی دیکە. ڕەگەز یەکێکە لە کاریگەرترین هۆکان بۆ پێناسە کردنەوەی شوناسدا". ئەو شوناسی کۆمەڵایەتی بە یارییەکی بەرامبەر لەقەڵەم دەدا. واتە ئێمە شوناسی خۆمان لە ئاوێنەی کەسانی



سەرچاوە Serchawe

دیکەدا دەبینین، ئێمە کێین کەسانیتر کێن و هەمدیسان کەسانی دیکە خۆیان بە چی پێناسە دەکەن و ...کەواتە شوناس هەروەک "واتا" چەمکێکی زاتی نییە، بەڵکوو لە پێوەندیی دیکەدا ڕەنگ دەگرێ و لە ئاکامی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت.

تاچفێل کە پەرەپێدەری تیئۆریی بابەتمەدارییە دەڵێ: "شوناس ئەو فاکتەرەیە کە مرۆڤ دنیا بە دوو بەشی جیاواز دەبینێ، بەشێک ناو گرووپی و بەشێکی دەرەوەی گرووپی، واتە کەسانێک کە لە فاکتەرێکدا لەگەڵ ئەو هاوبەشن و هاوشێوەن بۆ ئەو دەبنە ناو گرووپی و کەسانی دیکە دەبنە دەرەوەی گرووپی، کە لە ئاکامدا چەندین بازنەی تەنراو بە یەکتری ساز دەکات کە دواجار دەبێتە دنیای ئەو کەسە".

بەو پێیەی کە لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەی پێدراوە، ئاستی خوێندەواری زۆرترین کاریگەری لەسەر پێناسەی شوناسی کۆمەڵایەتیی ژندا هەیە، دواتریش کار و فیکرەکان زۆرترین کاریگەرییان لە دووبارە پێناسە کردنەوەی شوناسی ژنان بەرانبەر بە بڕوا کلێشەییەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز هەیە. هەر بۆیەش لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە تایبەت ژن لە خوێندن بێ بەش دەکرێ و ڕێگەیان پێنادەن کە بێنە ناو بازاڕی کارەوە و کەسایەتییان لە ژێر سێبەری پیاوەکانیاندا دەرباز بکەن.

لە کۆتادا دەڵێم، با ئەم بابەتە بکەینە هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دووبارە پێناسە کردنەوەی ژنان لە شوناسی ونبوویی کۆمەڵگە سوننەتیەکەمان بۆ بوون بە شوناسێکی ڕاستەقینەی ژن لەسەر بنەمای یەکبوون.

سەرچاوەکان:


* چارچوب مفهومی هویت زنان، پژوهش زنان.
* کورد و پرسی شوناس، حسەین ڕەحیمیان.
* محمود امین العالم؛ پرسش هویت در جهان عرب؛ ترجمه علی یباغیان، سایت همشهری انلاین.ێ٢.
* مشیرزاده، حمیرا، ١٣٨٢، از جنبش تا نقریه اجتماعی: تاریخ دو قرن فمینیسم، تهران.شیرازه.


تێبینی: ئەم گوتارە لە بلاوکراوەی ئەلیکترۆنی ژنانی ئازەمێهر بۆ مانگی گوڵان بلاوکراوەتەوە.

٢ی ئاگۆستی ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

## دەستدرێژی سێکسی تاوانێک دژ بە ژنان




توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی بە یەکێک لە بەرچاوترین بنەماکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دادەنرێت کە لەو ساڵانەی دواییدا رووی لە زیاد بوون کردووە. پێش ئەوەی کە باس لە نیوەرۆکی ئەم دیاردەیە بکەین، پێویستە ئاماژەیەک بە وشەی "دەستدرێژی سێکسی" بکەن.

وشەی دەستدرێژی، لە چاوگی لاتینی"rape" وەرگیراوە، واتە گرتن یان ستاندنی شتێک بەزۆری. سەرەتا ئەو وشەیە هیچ مانایەکی جنسی نەبوو و ئێستاش لە زمانی ئینگلیسیدا بە مانای گشتی سوودی لی وەردەگیرێت.

**مێژووی دەستدرێژی گۆرانکاری بەسەر مانای وشەکەدا هێناوە.**

دەستدێژی سێکسی، یەکێک لە پرس و گرفتەکانی کۆمەڵگەیە کە قوربانییەکانی جگە لە ژنان ، منداڵانی کچ و کوریش دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەکانی دواکەوتوو و لە حاڵی گەشەسەندندا، بە هۆی ئەو روانینەی بەرانبەر بە ژنان هەیە، ئاماری دەستدرێژی بۆ سەر ژنان زیادی کردووە و ژیانیانی خستووەتە مەترسییەوە.

دەستدرێژی، واتە کوشتنی مرۆڤێک لە جۆری ژن، کوشتنی هەموو پێکهاتەکانی ئەو ژنە. ژنێک کە دەستدرێژی پیاوی بگاتێ، بەر لەوەی بیر لە کەمی و نزمیی پیاوەکەی کردبێ، بیر لەوە دەکاتەوە ناخی لە هەموو بەهاکان بەتاڵ بووە. زۆر ئەستەمە بتوانم قەناعەت و متمانەی دەروونیی ژنێک بەدەست بێنمەوە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر. مەگەر ئەو ژنە هەر پیشەیەکی وەک لەشفرۆشی هەبێ کە ئەوەیان پرسێکی جیاوازە.

کەمتر وا هەیە رۆژانە لە رۆژنامەکان یان لە ماڵپەرەکاندا دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبنیرێت. ژمارەیەکی کەمی ئەو

دەستدرێژییانە ئاشکرا دەکرێن و هێندێکیشیان هە رباس ناکرێن یان لە دوای باس کردنیان، ژنەکە لە باشترین دۆخدا دەبێتە قوربانی کوشتنە ناموسییەکان.

کۆمەڵگەیەک کە بناغەکانی لەسەر سوننەت و دەمارگرژی دامەزراوە، هەتا لە گوتنی وشەی دەستدرێژی خۆیان بە دوور دەگرن و زۆر جار وشەی دیکەی بۆ بە کار دێنن و لە ماناو واقیعەکەی خۆی دوری دەخەنەوە. کۆمەڵگەیەک کە گرفتاری یاسای پیاو سالاری و سونەتییەکانە، ژنان بە هۆکاری ئەم دەستدرێژییانە دەزانن و پاساوی نابەجێی وەک شێوەی جل لەبەر کردنی ژنان و ئارایشت و زۆر شتی دیکە دێننەوە.

## پێش هەمو وشتێک ئێمە دەبێ بزانین چ رەفتارێک بە دەستدرێژی و چ رەفتارێکیش بە دەستدرێژی نازانین؟

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر جۆرە خواستێک لە لایەن رەگەزی نێرەوە کە ژنەکە خۆی بە دڵی نەبێت، بە دەستدرێژی دادەنرێت و ژنەکە دەتوانێ سکالا لەسەر ئەو پیاوە کە هاوسەرەکەی بێ یان کەسێکی دیکەیە، تۆمار بکات. لە کاتێکدا لە وڵاتانێک کە پیاو سالاری لە قولەدایە، دەستدرێژی پیاو بۆ هاوبەشی ژیانی بە دەستدرێژی دانانرێت و هەر داواکارییەکی پیاو بە بێ‌رەزایەتیی ژنەکەش بە ئەرکی ژنان دادەنرێ کە جێبەجی بکەن.

تەنانەت زۆر لە رەفتارەکانی پیاوان بەرانبەر بە ژنان لە شەقام و شوێنە گشتیەکان لەوانە لاتاو و توانج هاویشتن و دەست بردن بۆ لەشی ژنان وەک شتێکی ئاسایی چاو لێ دەکرێت کە ژنانیش دیسان بۆ پاراستنی ئابرووی خۆیان وە رووی خۆیانی ناهێنن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

دەستدرێژی سێکسی ریشەی لە هەڵاواردنی سێکسیی، بێ مافی و لاواز دانانی رەگەزیکدا هەیە. هەروەها بوونی دەستەڵاتی پیاوان و روانینە پیاو سالارانەکەیان بۆ ژنان و کچان، رەوایی پێدان بە یاساکانی نایەکسانییە و لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا رۆڵی سەرەکی لە لاواز نیشاندانی دەستدرێژی بۆ سەر مافی بەشێک لە کۆمەڵگە دەبینێ.

یەکێک لە قوربانییەکانی ژنان لەو دیاردەیەدا لە کاتی شەرەکاندا بووە. دەستدرێژی سێکسی لە شەرەکاندا هەر لە سەردەمە مێژوییە کۆنەکانەوە تا دەگاتە جەنگی جیهانی دووەم و دواتر شەری بۆسنی و شەڕەکانی رواندا، زیاتر لە ٨٠ هەزار ژن دەستدرێژییان کراوەتە سەر و یەک لە وڵاتانی دنیا وەک کۆنگۆ بە پایتەختی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان ناسراوە کە تا ئێستاش هەیە و ئامارەکان زۆر لەوەی باس دەکرێن زیاترن.

دیاردەی دەستدرێژی بە گوێرەی گۆرانکارییەکان بنبڕ نەبووە و جاران لە کاتی شەڕەکاندا بە کۆمەڵ دەستدرێژی دەکرا و بە هەمان شیوە لە سەدەی بیستو یەک و لە بەهاری عەرەبیدا ئەو دیاردەیە بەرچاو بوو.

دادوەرێکی دادگای نێودەوڵەتی کە لە کەیسی رواندای کۆڵیوەتەوە، ئاماژەی کردووە ،زۆر لە کۆنەوە دەستدرێژی سێکسی بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی شەر دادەنرا، بەلام ئێستا بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێت و دەمانەوێ ئەوە بگەیەنین کە دەستدرێژی دەستکەوتی شەڕ نییە و بگرە تاوانی مرۆییە کە لە شەرەکاندا ئەنجامدراوە.

## هۆکارەکانی ئەو قەیرانە لە کۆمەڵگەدا چییە؟

ئەم دیاردەیە، هەم هۆکاری دەروونی و فیزیۆلۆژیکی و هەم زەمینەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەیە. بەو مانایە کە هێندێکجار کەسایەتی دەروونی ئەو کەسە وادەکات ئەو کارە ئەنجام بدات. بۆ هۆکارەکانی دیکەی ئەو قەیرانە، دەتوانرێ ئاماژە بە زۆر شت بکرێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای منداڵی، زۆر جار جیاکردنەوەی منداڵ لە رەگەزی بەرانبەری و دواتر کە گەورە دەبێ زۆر بەربەست کە دەبنە هۆکار بۆ دروست بوونی ئەو عۆقدە جنسییە، وادەکەن کە تاک لە شوێنێکی کە بیهەوێ پێی بگا و خاڵی بکاتەوە. زۆر جاریش روانینی دەروونناسانە بۆ دیاردەکە دەریدەخا کە ئەو کەسانە کێشەی دەروونیان هەیە کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

## شێوەی پشتیوانی لەوانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتەوە سەر:

لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەووتودا زۆربەی ئەوانەێ رووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبنەوە ژن و کچن. بۆیە لەو کاتانەدا، بە هۆی داخراوی کۆمەڵگەکە زۆر جار باس ناکرێت. بۆیە دەبێت چەند رێگایەک پەیرەو بکرێن کە بتوانن بۆ ئەم ژنانە هاوکار بن:

١- بوونی ناوەندێکی تایبەت بەو پرسە کە پشتیوانی لەو ژنانە بکات. ئەو ناوەندەش وەک ناوەندەکانی دیکە، تەنیا بە ناو نەبێت. بەداخەوە لە کۆمەلگەکانی دواکەتوودا، زۆر جار شتەکان بەتاڵ لە هەموو مانایەکی واقیعی ناوەکە، تەنیا لە چوارچێوەی ناودا دەمێننەوە. بوونی ناوەندێکی وا واتە بوونی پزیشکانی دەروونناس و دڵنیابوون لە ژیان و ئەمنیەتی ئەو کەسانە کە لەویدا داڵدە دراون.

٢- هاندانی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژیان کردووە: یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی زیاتربوونی ئەو قەیرانە، باس نەکردنی لە لایەن قوربانییەکانەوەیە. ئەمەش لە کۆمەلگە دواکەوتووەکاندا هۆکاری لەبەرچاوترینیان "شەرم و ئابڕوویە" کە لە

پشت ئەو دوو وشەیەوە مافی رەگەزێک شاردراوەتەوە و سەر پۆشی دەکەن. دەبێ لە رێگای دابینکردنی هێڵی تەلەفونی تایبەت و بوونی ناوەندی پۆلیسی تایبەت و دابینکردنی پۆلیس ژن کە بتوانرێ هاوکاری ئەو ژنانە بکرێت، بۆ ئەوەی ئاماری دروست و ئاگاداربوون لەو دۆخە لە کۆمەلگەدا بە شاراوەیی نەمێنیتەوە.

٣- دامەزراندنی ناوەندی غەیری دەوڵەتی: لەو شوێنانەی کە منداڵانی سەر شەقام و ژنانی سەر شەقام هەیە، ئەو کەسانە بە بێ پشتیوان دەمێننەوە و دەتوانرێ بە دامەزراندنی ئەو رێکخراوانە و دانانی بەرنامەی فێربوون و ئاگادارکردنەوە هەنگاوێکی باش بێ بۆ دورکەوتنەوە منداڵان و پشتیوانی کردنیان.

بەڵام بەرەنگاری، دەتوانین بێ ئەوەی پەنا بۆ کوشتن ببەین، بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بێنەوە. کاتێک پشتگیری لە ژنێکی قوربانیی ئەو دیاردیە دەکەین، ئەگەری هەندێک شتیشی لە دەست داوە، راستەوخۆ ئەو ژنە هیوادار دەبێ بەوەی دەوروبەری خۆی هەر لەگەڵی وەستاون و تەنیا نییە. ئەو ژنە بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر تاوانێکی بەرانبەر کراوە، بۆچی دەبێ هەر خۆی باجەکەی بدا. بەکورتی ژنی قوربانیی تێدەگا نابێ هەم قوربانی بێت و هەم تاوانبار.

لە کاتێکدا ئێمە لە دەورانێکدا دەژین کە بەدوای مافە مرۆیی و مەدەنییەکانی تاکەوەین و دەم لە دیموکراسی دەدەین، دەبێ زیاتر لەسەر ئەو پرسانەی وەک دەستدرێژی وردبینەوە کە زۆر نەخۆشی مەترسیداری وەک ئایدز بڵاو دەکاتەوە و هەموو شتێک بە شاراوەیی دەمێنیتەوە. هەموو شتیک لە پشت پەردەوە بە دوور لە باسکردن و رێگا چارە دیتنەوە بۆی ماوەتەوە و قوربانییەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن. دەستدرێژی کردن، هەر لە تەندروستی خراپی گیانی و دەروونی رووخاو لە دوای خۆی جێ دێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار خەڵاتی ئەو کەسانەی کە ئەو کردە نامرۆییە ئەنجام دەدەن بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەستدرێژی کراوەتەسەر کۆتایی پێدێت و ئەمەش بۆ تاکی قوربانیکراو،دەرگە داخستن و خستنە زیندانێکی هەتا هەتاییە کە لیرەدا کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی دەگرێتەوە کە کچانی کەم تەمەن و ژنان تێیدا دەبنە قوربانی.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رووناکییەک لەو فەرهەنگە دواکەتوانە و تاریکەدا دروست بکەین و بتوانین هەر لە رێگەی دەستەواژەی پێوستی زمانی تا دەگاتە گەیاندنی تاوانباران بە دادگا دەست پێبکەین.

دڵنیام لەوەی ئەو دیاردیە بەربڵاوە لەو نووسینەدا مافی تەواوی خۆی پێنادرێت و پێویستە زۆر زیاتر لەوە باسی پێناسەی دەستدرێژی و قوربانییەکانی و کەمکردنەوەی خەسارە رۆحییەکان و پاڵپشتی قوربانییەکان بکرێت تا بەهەموو ئەوانە پەیامێک بدەین کە ژن تەنیا ئامێرێک نییە بۆ بەخشینی چێژ بە پیاو. ئەوانەی ژنان و چێژی رەگەزی دەخەنە پاڵ یەک و

بەر لەوەی ژن وەک مرۆڤێک بناسن، بیر لە سێکس دەکەنەوە، پێویستە واز لە مرۆڤ و بەها ئەخلاقییەکان بێنن.

سەرچاوەکان:


* سۆهەیلا وەحدەتی، درباره تجاوز.

* ماڵپەری ڕێکخراوی تەندروستی نەتەوە یەکگرتووەکان.

* ماڵپەری ویکیپیدیا.


٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئاوڕدانەوەیەک بە سەر دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا



مافی ژنان لە سەرتاسەری جیهان پێشێل دەکرێ. ژنان جگە لە نەتەوە، کلتوور، مەزهەب و شوێنگەی کۆمەلایەتیان زیاتر ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە. توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارە.

توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ، بەلام هەر چەندە کۆمەڵگە دواکەتووتر و زۆرتر لە ژێر کاریگەری کولتوور و ئایین دابێ، ئەو توندوتیژییانە زیاتر و بەرچاوتر دەبن. بێگومان ئاست و شێوەی توندوتیژی و گوشارەکان و پابەندی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە هەموو ولاتان جیاوازی هەیە، بەلام هەندێک لە ولاتان، هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ ژێر پێ دەخرێن و تەنانەت هەندێک، بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕۆژانە، ئەم پێشلکارییە ئەنجام دەدەن.

بە ئاوڕ دانەوەیەک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە هەر ولاتەو بە کولتوورێکی جیاوازەوە دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا لە کولتووری دواکەوتووی و زاڵبوونی ئایین بە سەر کۆمەڵگەدا هاوبەشن. ئەمەش جارێکی دیکە ژنانی کردووەتەوە قوربانی ئەو شێوە بیرکردنەوانەو بە گوێرەی ئامارەکان ئەوەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ کە هەر ڕۆژ و هەر دەققە و هەر سانیەیەک ژنان لە ژێر گوشاردا دەبن و ئەو هەمووە نادادپەروەری و توندوتیژی و بێ ڕێزییانە ڕێگایەک جگە لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن نابیننەوە. هەڵبەت زۆربەی کاتیش، باشترین دۆخ، مان و نەمانەوەیە، بە کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی و ڕوحی.

### ڕۆژهەڵاتی ناوین و دیموکراسی

دیموکراتیزسۆن یان تێپەڕبوون بەدیموکراسی، یەکێک لەگرینگترینی ئەو باسانەیە کە بەردەوام جێگەی سەرنجی لێکۆڵەران و کۆمەڵناسان و سیاسەتمەدارن بووە. ئەمڕۆ بەچاو لێکردن بەدیاردەی جیهانی بوون واژەی "دیموکراسی" بەراشکاوانە دژایەتی لەگەل ناکرێت و هەتا دیکتاتۆرترین ولاتەکان بۆ پێشگرتن لەگوشارەناوخۆیی و دەرەکییەکان خۆیان

لە پەنا دیموکرسی حەشار داوە و ولاتەکەیان بەدیموکرات ناو دەبەن.

دیموکراسی شیکردنەوەی زۆر و جیاوازی بۆ دەکرێ. بۆ قسەکردن لەبارەی دیموکراسییەوە هەر وا ئاسان نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی لەوانە "هەڵبژاردن"[نوێنەران، پارلەمان وەک نموونە، هتد] و " بە فەرمی ناسرانی مافە مەدەنی و سیاسەکان" بکەین. شتێک کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەدوور لەچاوی لێکۆلەران و توێژەرەکان نەبووە.

لەگەل ئەو گۆرانکارییانەی دەیەی ٨٠ و ٩٠ لەرۆژهەلات ناوەراستدا دەتوانین بە قۆناخێک بۆ هەنگاونان بۆ دیموکراسی دابنێن، بەلام بەهۆی هەندێ هۆکارەوە ناتوانین ئەم گۆرانکارییانە لەریزی تێپەربوون بە دیموکراسی لەو ناوچەیەدا بە سەرکەووتوو دابنێن.

جێنەکەوتنی دیموکراسی لەوڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بۆ هۆکاری جیاواز دەگەرێتەوە، بەلام هەر ئەهۆکارانەش دەتوانن خاڵی هاوبەش بن لەنێوان وڵاتانەی ناوچەکە کە نەیاتوانیوە تا ئێستا دیموکراسی تێیاندا بەرقەرار بێ، ئەم هۆکارانەش چەند لایەنێک دەگرنەوە، لەوانە لایەنەفیکر و کردارییەکانی نەبوونی دیموکراسی. لایەنە فکرییەکانی نەچەسپانی دیموکراسی لەو ناوچەیەدا بۆ بۆ چەند خاڵ دەگەرێتەوە وەک: "کلتووری باوکسالاری و عەشیرەتی، گرینگی نەدان بەمافی تاک، گرینگی نەدان بەپەروەردن کردنی ئەم فکرە"، بەلام خالە کردارییەکان دەتوانی ئاوا پۆلین بکەین: "دۆخی کۆمەلایەتی ولاتانی ناوچەکە، شێوە و پێکهاتەی حکوومەتەکانی ناوچەکە، مانا نەدان بەهاولاتی، هەڵبژاردنی تەشریفاتی، دۆخی ژنان لەو ناوچانەدا، نەبوونی فەزایەکی ئازادی بۆ راگەیاندنی گشتی، گەشەنەکردنی ریکخراوە مەدەنیەکان و تایبەتمەندی رێبەرانی وڵاتان و باوکسالاری".

بە ئاماژە کردن بەو هۆکارانە دەگەینە ئەو بەستێنەی کە ئەوان رێگرن لە پێشکەوتنەکان و مانابوونی چەمکی دیموکراسی لەو ناوچانەدا بۆ ئەوەی هەر تاکێک بە هەموو جیاوازییەکانەوە مافی خۆی هەبێ.

### دۆزی ژنان لە هەرێمەکە

ئازادی ژنان، یەکسانی و دیموکراسی لە پێوەندییەکی تەنگا تەنگدان، باسی ئازادی ژنان لەگەڵ باسی هاولاتیبوون و دیموکراسی پێوەستن بەیەکەوە و یەکەم هەنگاو لە بەرانبەر دیموکراسی ئاماژەیە بۆ یەکسانی ژن و پیاو و بەشداری ژنان لە هەموو ناوەندە جیاوازەکاندا.

لە رۆژهەلاتـی ناوەراسـتدا پـارادایمی رەگەزی سـوننەتی - واتە کـۆنترۆڵکردنی ژن لەلایەن پیـاوەوە بـۆ بەشـداریکردنی لە هەموو بوارەکاندا، بە هۆی بەرپرسیارکردنی پیـاوەوە بەرانبەر بە هاوسەر و بنەمـاڵەکەی نەک تەنیـا لە بـوارە گرینگەکـان بەڵکو لە هەموو چرکە ساتەکانی ژیانی ژنان لەو ناوچەیەدا هەست پێدەکرێ. هەر چەندە زۆربەی وڵاتـان بە گوێرەی یاسا رەسمی وڵاتەکەیان ژنانیان لە دەستووری ولاتدا بۆ یەکسانی و بەشداری لە هەموو بوارەکانـدا کـردوەتەوە، بەلام ئەم کـارە تەنیا لە حەدی دروشمێکدا ماوەتەوە و بەشداری ژنـان لە سیاسـەت و رێبەری کردنـی وڵاتـانی نـاوچەکە بە هیچ شێوەیەک گەشەتی نەکردووە و رێی پێ نەدراوە.

سـەدەی بیسـتەم بە هـۆی گۆرانکارییەکـان لە بـوارە جیاوازەکـانی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری و رۆشـنبیری بە سـەدەی "ژنـان"ناسـرابوو، بەڵام لە سەرانسـەری جیهانـدا بەتـایبەت لە وڵاتـانی رۆژهەلاتـی ناوەراسـتدا بە دەسـت توندوتیژییە جۆراوجۆرەکان "لەبازاڕی کار، لە باسی کۆچکردن. لە بازرگانیکردنی مرۆڤەوە، لە کوشتنی ناموسی" دەناڵێنن.

ژنان لە رۆژهەلاتی ناوین تـا ئێستاش دەبنە قوربـانی هەڵاواردنەکـان و نایەکسـانی و توندوتیژییەکانی بنەمـاڵە. هەر ئەو رەوا نەدتین بە ژنان و ماف پێنەدانـی وەک هەر هـاوڵاتییەکەی ئاسـایی بـووەتە هـۆی رێگرییەک بـۆ گەشـەنەکردنی ولاتـانی ناوچەکە و جێگیر نەبوون لە پرۆسەی دیموکراسی جیهانیدا.

### ئاستی بەشداری ژنانی رۆژهەلاتی ناوین لە سیاسەت دا

بەشداری عامیانەی خەڵک لە بـواری ساسیدا کە زۆر جار بە ئوتوماتیک ئەو بەشداربوونە روودەدات، یەکێک لە ئەنجام و دەستکەوتەکانی قۆناغەکانی بەرەپێشچوونی دیموکراسییە، کەواتە بەشداری سیاسی بە یەکێک لە پێوەرەکـانی سـەرکەوتنی گەشەکردنی هەژمار دەکرێت. ژنانیش وەک بەشێک لە نیـوەی هێـزی مرۆیـی لە کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەو پشێکەوتنەن. پیـاوان تـا ئێستا نەیانویستووە یـان نەیـانتوانیوە بە شێوەی پێویست پشتیوانی لە ژنـان بکەن، لە ئەنجامدا بەشداری ژنـان لە هەموو بوارەکانـدا بەتـایبەت سیاسـەت زەرورییە و بە شێوەیەک کە دەتـوانین بڵێین رۆڵی کەمی ژنان لە کاروباری ساسیدا دەبێتە دواکەوتووی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا.

لە هەمـان راسـتادا بەدواداچـوون بـۆ دۆخـی ژنـان لە وڵاتـانی ئیسلامی، بەتـایبەت وڵاتـانی رۆژهەلاتـی نـاڤین و بـاکووری ئەفریقا نیشانی دەدات کە ژنان لە زۆربەی ئەو وڵاتـانەدا لە بەشداربوونی بەرفرەوان لە بـواری سیاسیدا رۆڵ نـابینن، بەو پێیە لە وڵاتـانی رۆژهەڵاتـی نـاڤین کە لە رێگـای یارمەتیـدەری هێـزی ژنـانەوە دەیـانتوانی زۆر بە ئاسـانی هەنگـاو بـۆ پێشکەوتن هەڵبهێننەوە مەحروم بوون و ژنان لەو وڵاتانەدا وەک سەرچاوەیەکی دەست لێنەدارو ماونەتەوە. بۆیە ئەو

وڵاتانە لە رووی پێشکەوتنەوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بە خۆوە نەدیتوە.

نەخوێندەواری ژنان کە دەتوانێ هۆشیاری ژنان لەو بوارەدا لاوازتر بکات و ببێتە رێگرییەک بۆ هێزی بەرچاوتری ژنان لە بەشداری سیاسیدا. بە گوێرەی ئامارەکانیش، بەشداری ژنان لە رۆژهەلاتی ناڤیندا زۆر کەم دەبینرێ بە شێوەیەک کە کەمتر ژنێک دەبینرێ بووبێتە وەزیرێک یان لە ناوەندی بڕیاردانـدا بتوانی کاریگەر بێ، لە وڵاتێکی وەک سعودیەش ژن مافی دەنگدانشی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانکاری بەسەرداهاتووە و بە بەراورد لەگەڵ دەیەی ٨٠ و نەوەدەکان هەندێک لە ولاتان گرینگی زیاتریان بە بەشداری ژنان داوە لەوانە بەحرێن و کوێت.

ئەو وڵاتانەی کە ژنان بەشدارییان زۆر کەمرەنگە و کەمتر ژنێک دەبینرێ کە پۆستێکی بالای هەبێو لە نیو وەزیرەکانی هەر یەک لەو وڵاتان دەرسەدێکی زۆر کەم ژنان ئەو پۆستە وەردەگرن،، بۆ نموونە لە پاکستان تەنیا ژنێک بووە بە وەزیر، لە کوێت ژنێک، عەمان ژنێک، عـراق ژنێک... ئەمەش نیشانەی بەشداری کەمرەنگی ژنانە لە سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیارداندا.

لەو جێگەیەوە کە نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بۆ بەشداری لە سیاسەت بەرهەمێکی مێژوویە و بە دروشم و وا بە ئاسانی چارەسەر نابێ، بۆیە گرتنە بەری رێگای کرداری و پلان دانان بۆ زیاتر بەشداربوونی ژنان پێویستە و دەبێ لایەنە سیاسەکان هەر چی زووتر هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە بەشداری سیاسی ژنان نیشان بدەن و ئەووەش بەدەست نایەت تا ئەو کاتەی کە رێبەرانی سیاسی و لایەنەکان بگەنە ئەو باوەڕەی کە کۆمەلگەیەک کە نیوەی ئەندامانی خۆی بە نمرە دوو دابنێ و لە بنەرەتدا بەشدارییەکی کەمتر لە پیاوانی دابنێ، هەرگیز ناتوانن بنەماکانی دیموکراسی جێ بکاتەوە و ناتوانن بە دەستکەوتە خوازراوەکانیان بگەن.

## دۆخی کۆمەڵایەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژهەلاتی ناویندا بە جۆرێکە رێگە بە ژنان نادات وەک ئەندامێکی بنەماڵە چێژ لە مافەکانی خۆی لە کۆمەلگەدا وەربگرێ، بە واتایەکی تر، ژنان وەک ئەندامێکی تەواو لە کۆمەلگەدا قبوڵ ناکەن. ناتوانین خۆمان لەو راستییە بێبەری بکەین کە ئەو بێبەشکردنانەی ژنان ریشەی لە باوەڕە کلتووری و مەزهەبییەکانی کۆمەلگەدایە. لە بارودۆخیدا وەهادا ژنان لە لایەن بنەماڵەی خۆیانەوە دەکەونە ژێر گوشار و بەدەست هەلاواردنە یاسایی و مافەکانەوە دەنالێنن.

ژنانی وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست مافێکی زۆر کەمیان بۆ رۆڵ گێران وەک تاکێکی کۆمەڵگە پی دەدرێ و ئێستاش لە نێوان

مافی ژن و پیاودا جیاوازییەکی زۆر دەبنیرێ. لە راستیدا ئەوە پیاوی بنەمالەیە کە بڕیارِ بۆ ژن دەدات.

کلتوور و هزری سوننەتی لە رۆژهەڵاتی ناویندا بە جۆرێکە کە بنەماڵەکان لە دابینکردنی پێداویستی و پشتوانیەکان لە نێوان منداڵەکانی خۆیان ئەولەویەت بە کورەکان دەدەن و ئەوەش خۆی بەشێکی زۆری کچان لە پەروەردەو فیربوون بێبەش دەکات. لە زۆربەی بوارەکاندا ژنان رۆڵی خۆیان وەک ئەندامێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا لە دەست دەدەن، چونکە لە تەمەنێکی زۆر کەمدا ناچار دەکرێن ژیان هاوسەرگیری پێک بێنن و لە دوماهیشدا بە بوونی چەند منداڵ لە ماڵەوە خانەنشین دەکرێن و لە بازنەی کۆمەڵگەیدا پاک دەبنەوە و کاریگەریان نامێنێ.

کەسانی چالاک و ئازادیخواز هەم دەتوانن و هەم ئەو بەرپرسایەتیان لەسەر شانە کە بۆ باشتر بوونی مافی ژنان دەستپێشخەری بکەن بە پشتیوانی لە یاساکان و زەمینەنسازی بۆ گۆڕانی ئەو کلتووری بینیبە بەرانبەر بە ژنان و بەرگری لە مافی ژنان لە کۆمەلگەدا بکەن.

## دۆخی ئابووری ژنانی رۆژهەڵاتی ناوین

رۆژهەڵاتی ناوین بە بەروارد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان لە نزمترین ئاستی بەشداری ئابووری ژناندایە.

گۆرانکارییەکانی دەیەی ٩٠ گوفتمانی جنسیەتی لەو ناوچەیە کاڵتر کردەوە، بەلام لەناونەچووە و لە زۆربەی ناوچە دوورە دەستەکان هەر کۆت و بەندن بۆ ژنان، بۆیە لەکاتەوە تا ئیستا ناتوانین بلێن تەنیا پیاو نانهێنەری بنەمالەیە بگرە ژنیش بەشدارە، بەلام بە شێوەیەکی کەمتر کە هۆکاری خۆی هەیە و لە چەند خالێکدا ئاماژەی پێ دەکەم.

لە دەیەی ١٩٨٠دا دەرسەدی کارکردنی ژنان زۆر کەم بوو، بە شێوەیەک تەنیا ١٥% بوو. لە کاتێکدا لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ئاسیا ٦٠% بووە. بەلام دواتر لە دەیەی نەوەدا بەشی ژنان لە هێزی کار گەیشتە ٢٨% بەڵام ئەوەش لە وڵاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە جیاوازی هەبوو بۆ نموونە لە سعوودیە تەنیا ٥% بووە و کەمترین دەرسەدی بەشداری ژنانە لە بواری ئابووری. لە کاتێکدا کە ژنان نیوەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن.

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین، ژنان زۆرتر پییان خۆشە لە بەشی حکوومەتی کار بکەن. هەروەها لە بەشداری ئابووری ژنان لە رۆژهەلاتی ناویندا ناتوانین ئاماژە بە پێوەندی نەوت نەدەین. ئاستی بەشداری ژنان لە هێزی کاری ولاتانی وەک ئێران، عێراق و سووریا کە سەرچاوەی نەوتیان زۆرە، کەمترە. هۆکارێکی دیکە لە لە رێگرییەکانی بەشداری ژنان وەک



سەرچاوە
Serchawe

هێزی کار زۆربوونی ئاستی بێکارییە. لە کاتێکدا کە فورسەتی کاری کەم دەبێ ئیدی بۆ کارکردن ئەولەویەت بە پیاوان دەدرێ.

بەشداری کەمی ژنان لە هێزی کاری رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە یاسای بنەمالەشەوە کاریگەرە. پرنسیپی بنەماڵەیی زۆربەی بنەماڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوین محافزەکارانە، بۆ نمونە لە ولاتێکی وەک ئوردن باب دەتوانی دوای هاوسەرگیریش کچەکەی کۆنترۆل بکات و ئیجازەی کاری پێ نەدات، لە ئاستی جیهانیشدا کەمی بەشداری ژنانە وای کردووە کە لە گۆڤاری ئەمریکایی وەک فۆربس کە هەموو ساڵێک لیستی سەد کەسی بەهێزترین ژنانی دنیا بلاو دەکاتەوە کەمتر دەبینرێ ژنێی رۆژهەلاتی ناوین جێی خۆ بکاتەوە و ئەمەش بۆ کەمی بەشداری ژنان لە بواری ئابووری دەگەرێتەوە. بۆ ئەوەی رۆژێک ژنێکی رۆژهەلاتی ناوەراست لەو لیستەدا ببینرێ، پێوستە گۆرانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا "کلتوور، مەزهەب، هتد..." بکرێ.

گرنگترین هۆکار کە دەتوانی یارمەتیدەر بێ بۆ هاتنە دەرەوە لەم دۆخە، گۆرانکاری لە یاسای جنسیەتی لەو ناچەیەدایە، هەروەها هۆشیاری زیاتر و گرنگی دان بە سیستمی پەروەردە بۆ پر زانیاری کردنی ژنان و گۆرانکاری لە یاسای کاردا و هەوڵی ئەو دەولەتانە بۆ نزیکبونەوە لە ئابووری جیهانی.

بە بوونی ئەو کەموکوریانەی کە ئاماژەم پێکردن، بەلام ئایندەیەکی باشتر بۆ ژنان لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوین و بەشی میدیتەرانە دبینرێ، بە جۆرێک کە هەموو ئەو ولاتانە بە هۆی گوشارە دەرەکی و ناوەخۆییەکان لە گۆرانکاریدان و دەیانەوێ فەرهەنگە سوننەتییەکە کە هەموو شتێک لە چاوی پیاوانەوە دەبینێ کالتر بکەنەوە. هەوەرها ژنایی رۆژهەلاتی ناوین لە جاران زیاتر بە یاسا مەدەنییەکانی خۆیان ئاشنان و خواستی خۆیان هەیە و پێداگیر لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانیان دەکەن.

## رۆڵی ژنان لە یاساکاندا

یەک سەدە پێش ئیستا، بزووتنەوەکانی ژنان لە رۆژهەڵاتی ناویندا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتن و یەکێک لە ئامانجەکانیشیان هەنگاونان بوو بۆ گۆرینی زۆرێک لەو یاسانەی کە پیاوانە دانراون و دژ بە ژنان و بەمەش بتوانن زیاتر لە یەکسانی ژن و پیاو نزیک ببنەوە.

یاساکانی شەریعەت، جێگای مێژوویی ژنانی لە نەهادە دینی و چاکسازییەکاندا کە لە لایەن حکومەتەکانەوە ئەنجام دەدرا

هەمووی کاریگەری لەسەر لاوازی بزووتنەوەی ژنان لەو ناوچانەدا هەبووە.. تەنیا لەو وڵاتانەی کە قانونی شەریعەت بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە وەک تورکیە دۆخی ژنان بەرەو باشتر چووە، بەڵام ئێستاش ژنان بە هۆی کلتووری زاڵی پیاو سالارییەوە دەناڵێنن.

لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هێنانە ژێر پرسیاری شیکردنەوەکانی ئارتۆدۆکس لە شەریعەتی ئیسلامدا،"چ سوننە یان شیعە" کە زۆرێک لە یاساکانی پێوەندیدار بە تەلاق، فرە ژنی، خاوەندارێتی منداڵ، ئیرث، حیجاب کە لەوانەوە هەڵدەقوڵێ، بە مانای کفر کردن و راوەستان لە بەرانبەر پیرۆزییەکانی ئایین دادەنرێ. ژنانی چالاک لە درێژەی هەوڵەکانیان بۆ گۆرانکاری لە یاساکانی پێوەندیدار بە ژنان کە مێژووی زۆربەی ئەو یاسانە بۆ بنەما دینییەکان دەگەرێتەوە لەلایەن ناوەندە روحانیەکانەوە و زۆربەی جاریش حکومەتەکانەوە رووبە روو دەبن.

بەداخەوە لە مێژووی ولاتانی رۆژهەلاتی ناویندا کە مێژوییەکی ئیسلامی بەسەریدا زاڵە و هیچ کات ژنانی جێگەیەکیان نەبووە و هەمو وشیکردنەوەکانیش پیاوانە بوون، بۆیە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لەو بەشەی کە پێوەندی بە مافی ژنان، سنووردارکردنی ژنان، فرە ژنی و تەمەنی هاوسەرگیرییەوە هەیە. چاکسازی زۆر کەم کراوە و هەمیشە گفتوگۆیەکی ئالۆزانە لە نێوان حکومەت و کەسانی داخوازی ئەم گۆرانکارییانە دروست بووە، بەلام هەندێ گۆرانکاری لە یاساکاندا کراوە کە لە خوارەوە ئاماژە پی دەکەم لەوانەە.

تورکیە لە پێشەوەی ئەو ولاتانە لە چاکسازی یاساییدا کە توانی گۆرانکارییەکی بەرچاو بکات بو یاسای شەریعەتییەکان بە یاسا مەدەنیەکان بگۆرێتەوە هەر چەند ژنان تووشی هەڵاواردن دەبنەوە، بەلام لە چوارچێوەی یاساییەکی سوننەتی دا نەما. هەروەها بە هەوڵدانی رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ لە ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەرستدا گۆرانکاری زۆر لە یاساکاندا رووی داوە و دەتوانین ئاماژە بە چەند ولاتێک بکەین لەوانە ئوردن کە لە ماددەی "٣٤٠" لە یاسای ئەو ولاتە بوو کە بە پیی ئەو مادده یە هەر ژنێک کە فەسادی ئەخلاقی کردبا جا کچ یان خوشک یان دایک، پیاوی بنەماڵە دەیتوانی ئەو بکوژێت و هیچ سزایەکی یاسایی نەدرێ و بەم شیوەیە گۆرینی یاساکان لە ئوردن لە ساڵی دا٢٠٠١ دەست پێکرد و گۆرانکاری کراوە. هەروەها جێکردنەوەی یاسای دەنگدانی ژنان لەوانە کوەیت و عێراق لە ساڵی ١٩٥٨، میسر ١٩٥٦، تورکیا ١٩٣٤ زۆربەی ولاتانی دیکەی ناوچەکەش مافی دەنگدانی ژنیان دا.

لەگەل ئەوەی زۆر لەو گۆرانکارییانە دەبینرێ، بەلام لە وڵاتیکی وەک ئێران یان ئەفغانستان دەتوانی بڵێن کە سنورەکان بۆ گۆرانکاری تەواو بەستراوە و ژنان زیاتر لە پێشوو تووشی توندوتیژی و کۆت و بەندی یاسایی دەبنەوە.

چالاکانی ژن ئەوەیان بۆ سەلمێنراوە کە دەبێ بە یەکدەنگی لەگەڵ ژنانی دیکە بتوانن چاکسازییەکان بکەن بە ئەنجامە گەیشتوون کە دەبێ زوومی خۆیان زیاتر لە بواری یاسایی بکەن، چونکە ئەگەر لە بواری یاسایی مافی ژنان و پیاوان بەرابەر نەکرێت، ناتوانن لە مافی هاولاتیبوون بەهرەمەند بن. بەلام ئەوەش ئەو پرسیارە دروست دەکات کە ئایا ئەو داواکارییانە و گۆرانکارییە یاساییانە لە چواچێوەی شەریعەتی ئەو ولاتانە بە دەست دێن یان تەنیا لە چوارچێوەیەکی یاسای ولاتێکی سێکۆلاری یاسایی بەدەست دێن کە ئەوە باسێکی دیکەو دەتوانرێ باسی لەسەر بکرێت و گرنگی پی بدرێ.

**بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین دۆخی ژنان لە رۆژهەلاتی ناویندا بەو شێوەیە کورت بکەینەوە:**

١- بەشداری سیاسی ژنان لە هەموو ئەو ولاتانەدا لە خوارەوەیە بەرانبەر بەوەی کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن.
٢- ژنان لە بازاری کاردا بە بەروارد لەگەڵ پیاوان لە جێگەیەکی خوارترەوەن.
٣- دۆخ و پێگەی ژنان لە هەموو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا لە خوار پیاوانەوەیە.
٤- ژمارەی ژنانی نەخوێندەوار لە پیاوان زیاترە.
٥- لەو کۆمەلگەیەنەدا ژنان بە ئاراستەی کاری تایبەت وەک مامۆستایی و کار لە نەخۆسخانەکان زیاتر ئاراستە دەکرێن.
٦- ژنان بەرانبەر کاری یەکسان موچەی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن.
٧- هێندێ لە باوەرکان و عادەتە مێژۆوی و کلتوورییەکان لە سەرانسەری ئەو ناوچەیەدا زۆرتر لە بەرژەوەدنی پیاواندایە.
٨- لە سەرانسەر ئەو ولاتانەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا پەروەردە و خوێندنی ئاینی و غەیرە ئاینی زیاتر جەخت لەسەر دەستەلاتی زیاتری پیاوان دەکاتەوە.
٩- چاکسازی یاسایی لە ولاتانی ناوچەکە لەبارەی ئیرث، تەلاق، هاوسەرگیر، سەرپەرشتی مندالان و هێندێک لە یاساکانی تر پێویستە.

**لە کۆتاییدا:**

بە شێوەیەکی گشتی ئامارەکان و راستییەکان ئەوە دەلێن کە بوونی ژنان لە بوارەکانی، سیاسی، ئابووریی و کۆمەلایەتیدا کە پێشتر تەنیا پیاوانە دادەنران بەرەو گەشەکردن و گۆرانکاری دەچن، هەر چەند ناتوانین ئەوە بە سەدا سەد بلێین، کە کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە چارەسەر بووە، بەلام ناشتوانین ئینکاری"کەتمان" ئەوە بکەین کە بەشداری زۆری ژنان لە بوارە گرینگەکان بە بوونی هەموو هەلاواردنەکانیشەوە بە تواناتر بووە و وا دەکات ژنان باوەڕبەخۆبوونێکی زۆریان هەبێ بۆ بەدەستهینانی شوناسێکی سەربەخۆ و باشتربوونی دۆخەکە، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لێی سوودمەند دەبن.

**سەرچاوەکان:**


* محمدحسین حافظیان - "زنان خاورمیانه در حوزه عمومی"، کتاب ماه علوم اجتماعی
* بی‌بی‌سی فارسی - جنبشهای زنان در خاورمیانه
* تغییر برای برابری - زنان در خاورمیانه
*سهیلا وحدتی - دموکراسی خواهی ما و جنبش زنان
* شرابی، هشام - پدرسالاری جدید، ترجمه احمد موثقی
* مهدی ذاکریان، حقوق بشر و خاورمیانه
* مسائل زنان در خاورمیانه - مرکز مطالعات زنان در خاورمیانه، امیر جعفری
* همشهری - نقش زنان در اقتصاد خاورمیانه
*خشونت زنان در خاورمیانه -، ناهیده جعفرپور
* پایگاه تحلیلی علمی - نقش زنان در مشارکت ساسیی
* مؤسسة فريدوم هاوس - حقوق المرأة في الشرق الأوسط وشمال أفريقيا
* د. نورة خالد السعد - العرب نيوز - تقييم حريه المرآه فى الشرق الاوسط
* ثمينة نذير ولي تومبيرت - حقوق المرأه فيالشرق الأوسط/ المواطنه و العداله


**تێبینی:** ئەم وتارە لە وەرزنامەی "ڕێکخراوی ژنانی ئازەرمێهری کوردستان" دا بڵاوکراوەتەوە.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## تەوەری پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانییخواز.



**سازادانی: پایزە ئەحمەد**

**لەوڕۆدا زۆربەی پیاوان – هەر یەکەو بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی – بە گفتار دان بە یەکسانیی نێوان ژنان و پیاواندا دەنێن.. بەڵام بێجگە لە کەمایەتییەکی زۆر کەمیان زۆربەی هەرە زۆریان لە رەفتاردا پیاوسالار و چەوسێنەرن! بە بەدوواداچوونی ئەوەی کە ئایە کێشەکان و هۆکارەکان چین؟ بەو چەند پرسیارە پەیوەستدارە ژنان دەدوێنین:**

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**شلێر باپیری**: بە بۆچوونی من ئەوە کۆمەڵگەیە کە مرۆڤەکان بەو شێوەیە کە هەن، ئاراستە دەکا. کۆمەڵگەی ئێمە پیاوسالارە و پیاو لە ژن باڵادەسترە. وا نییە تەنیا سروشتی پیاو خۆی وابێ، ئەوە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەن کە لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە پیاوانەدا بەشدارن، دین، دابونەریت، باردۆخی ئابووریی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بە گشتیی کولتوور یان فەرهەنگی کۆمەڵگە پێک دێنن، هەر یەکەیان لە جێی خۆیاندا بە رێژەیەک هۆکاری بەردەوامیی پیاوسالار یین.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو روووەوە؟

**شلێر باپیری**: تەنیا پیاوان هۆکار نین و لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئێمەدا کە پێناسەی شتەکان ئاڵۆزە و هیچ شتێک لە جێگەی خۆیدا نییە، هەر تاکێک بە ژن و پیاوەوە لە ئامادەکردنی بواری چەوساندنەوەی ژنان و سەپاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی پیاوسالارییدا بەشدارن، بەڵام پیاوان پتر ئەم رۆڵە دەگێڕن و بێگومان ناهۆشیاریی ژنانیش یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی چەوساندنەوەی خۆیانە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە بەشێکیان بە هۆی نەخوێندەوارییەوە، نە شوناسی خۆیان دەناسن و نە شارەزای دەرفەتەکانی مافی مرۆڤیشن.

هەنگاونان بەرەو چارەسەریی زۆر شت لە خۆی دەگرێ و بە ماوەیەکی کەم ئەو نایەکسانییە چارەسەر ناکرێ و مەودایەکی زۆری دەوێ. خەباتێکی دەوێ کە بتوانێ ژنان بە مرۆڤبوونیان ئاشنا بکا، پێویستە ژنان بزانن لە کوێی کۆمەڵگەن، هەست بە مافە زەوتکراوەکانیان بکەن و بۆ بەدەستهێنانیان کۆشش بکەن. دەبێ ئەو تێگەیشتنە لای ژنان دروست ببێ کە تەنیا بۆ ئەوە دروست نەکراون خزمەت بە پیاو بکەن و ئەوان رازی بکەن. ژنان دەبێ بەو ئاستە لە تێگەیشتن بگەن کە خۆیان مرۆڤی سەربەخۆن و لەگەڵ پیاواندا وەک دوو جۆرە مرۆڤ وەک یەک تەواوکەری یەکترین و وەک یەک رۆڵیان لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا هەیە.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**شلێر باپیری**: دەسەڵاتی سیاسیی لە هەر وڵاتێکدا لە دابینکردنی ماف و سەپاندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو تاکەکان بە ژن و پیاوەوە بەرپرسە. بەو لێکدانەوەیە ئەرکی حکومەت زۆر هەستیارە. حکومەت چ لە وڵاتانی دیموکرات و چ لە وڵاتانی دیکتاتۆردا، هەڵقوڵاوی کەلتووری کۆمەڵگەیە. وڵاتێک کە دیموکراسی و مافی مرۆڤ چووبێتە ناو کەلتوورەکەیەوە، نە حکومەتی دیکتاتۆر بەرهەم دەهێن و نە مافی مرۆڤیش پێشێل دەکا. بە بڕوای من ئەوە روانینی پیاوی کۆمەڵگەی پیاوسالار و ژنی بەرهەمهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە کە هانی ژنکوژیی دەدا و بە بیانووی پاراستنی ئاین و شەرەف و ئەو شتانە پاساوی بۆ دێنێتەوە. کارە ناوازەکانی وەک ژن بە ژن، کچ بە بەرخوێن دان، بە کابان حیسابکردنی ژن، پاراستنی ئابڕووی خێزان، ژیانی هاوبەشی بەزۆرەملێی نێوان خزمان و پێشگیرییکردن لە دڵداریی و خۆشەویستیی بەر لە زەماوەند و زۆر هۆکاری دیکەش ئەو دیاردانەن کە کەلتووری ئێمەیان پێکهێناوە و سەرجەمیان هۆکاری بەردەوامیی ژنکوژیین. ئەرکی حکومەت کە پتر لە دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە پێک هاتووە، ئەوەیە کۆشش بکا هەموو ئەو دیاردانە لە ناو کۆمەڵگەدا لەنێوبەرێ، ئەو کات ژنکوژیی کە دەرئەنجامی ئەو دیاردانەیە لەنێودەچێ.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان ڕێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**شلێر باپیری**: هەر ئەو هۆکارە کەلتووریی و فەرهەنگییانەی باسم کردن، سەرەتا دەبنە هۆی ئەوەی ژنان لە بەشدارییکردن لە هەرچەشنە چالاکییەدا خۆ ببوێرن. ژنێک کە مەترسیی کوشتن یان ڕوانینی نەرێنیی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆی لەسەرە ئامادە نییە لەو چالاکییانەدا بەشدار بێ. ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارانەیە کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی گرتووەتەوە بە توندیی دژایەتیی بەشداریی ژنان دەکا یان چالاکییەکانیان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بە ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم نەبێ، پیاومان دەست ناکەوێ بڕوای بە یەکسانیی ئەم دوو مرۆڤە هەبێ کە لە بواری جەستەییەوە جیاوازن. ژنانیش لە ژێر ئەم پەروەردە سەقەتەدا زۆر جار پتر لە پیاوان دژی مافەکانی خۆیانن و ئامادە نین لە چالاکییەکاندا بەشدار بن.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی ڕزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستیی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**شلێر باپیری**: تا ئێستا ژیانی هاوبەشم پێک نەهێناوە کە بزانم بەرانبەری چۆن دەبم. بۆ باب و برا و دواتر پیاوانی کۆمەڵگەکەمان، هەستم بە چەوساندنەوەی ئەوتۆ نەکردووە، بەڵام وەک هەر ژنێک هەستم بە جیاوازیی ڕەگەزیی کردووە کە منیش لەو جیاوازییەدا بێبەش نەبووم.
کێشەکان بۆ ئازادبوون لە دەستی ڕەوتی پیاوسالاریی زۆرن، چونکە وەک گوتم ئەو پیاوسالارییە ڕەگ و ریشەی لە فەرهەنگ و بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمدا هەیە بە بچووک و گەورە و ژن و پیاوەوە، هەر لە منداڵییەوە بەو بیرەوە پەروەردە دەکرێن، کەواتە بە گۆڕانکاریی لە فەرهەنگ و باوەڕەکان دەتوانین وردە وردە هەنگاو بۆ نەمان و نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوانە هەڵبهێنین.
ڕێگە چارەکان زۆر بەرچاون لە بەشی پرسیارەکانی دیکە ئاماژەم پێدان، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەموو لایەکەوە کاری بۆ بکرێ و بە دەسەڵات و بە ژن و بە پیاوەوە باوەڕمان بە گۆڕانکارییە هزرییەکانی سەردەم و مۆدێرنیزە و مافی تاکەکان هەبێ.

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## بە بۆنەی کۆنگرەی نائاسایی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(بەدەپە)




خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکان لە کوردستانی باکور، بێبەش لە شەهید و بەرخودان و بەردەوامی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆیان نەبووە، خۆشحالم جارێکی دیکە "گولتەن کشاناک"، بووەتەوە هاوسەرۆکی بەدەپە. لە هەمان کاتدا لە قسەکانی ئەمڕۆی کشاناک و بە چاولێکردن لە پێکهاتەی ئەو حزبە، بۆمان دەردەکەوێ کە مافی بەشداری سیاسی ژنان تەنیا دروشم نیە و بگرە چون باوریان بە توانا و ئارمانجەکانی خۆیانە، لە ریزی پێشەوەی ئەو خەباتە دەبێنرین. ژنانی باکور بە سەدان قوربانیان داوە، بە سەدان ژن لە زیندانەکاندان و بە سەدان دایکیش جەرگ سوتاون و بە سەدان کچە گەریلای خۆراگر و بوێریش لە شاخ، لەو پێناوەدا خەبات دەکەن.

ژنان لەو پارچەیەی کوردستان سەدا چلی ئەو پارتە پێک دەهێنن و بە شێوەی چالاکانە لە سەحنەی سیاسی خەبات دەکەن. ژنان لە باکور دەتوانن بکرێن بە سەر مەشق بۆ زیاتر بەشداری ژنان لە پارچەکانی دیکە و بڕوابوون بە تواناییەکانی ژنان لەو بوارەدا و بە دوور بوون لە کۆکردنەوەی هەموو قسەکان لە چوارچێوەی دروشمی بێ کردەوەدا.

١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## دراما کۆریەکان بەزمانی راگەیاندنی کوردییەوە لە مافی ژن دەدەن



واتەی "فەرهەنگ" پێناسەی جیاواز و جۆرەوجۆری بۆ کراوە کە تێیدا کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەی مێژوویی و ئاینی کاریگەرن، بەڵام من ئەو پێناسەی شاعیری ئەمریکایی "ئێدوارد تایلۆر"م پێ باشە کە دەڵێ: "فەرهەنگ، کۆمەڵێکی تێکەڵاوە لە بیر، رەفتار، ئایین و باوەڕەکان، ماف، داب و نەریت و زۆر لە شتەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە." لە راستیشدا هەروایە، بەڵام لای ئێمە چۆن خۆی دەنوێنێ؟

هەرێمی کوردستان کە یەکێک لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستە و لەو فەرهەنگەی کە گیرۆدەی باوەڕە سوننەتی و ئاینی و داب و نەریتە کۆنەکانە، هاوبەشە. ئەم فەرهەنگە، لەگەڵ درووشمی بەجیهانی بوون و دیموکراسی ئەم سەردەمەدا نەک هەر بواری گونجانی نییە، بگرە لە دژایەتی و پارادۆکسدایە.

درووشمی کۆمەڵگەی ئێمە بە رواڵەت "هەنگاو هەڵێنانەوەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک کە هەموو تاکەکان مافی خۆیان هەبێت و بتوانن ئازادانە بژین"، بەڵام تا ئێستەش خۆمان لە قەرەی هەنگاوەکانی ئەم بە دیموکراسیبوونەوە نەداوە.

لەسەردەمێکدا کە راگەیاندن رۆڵێکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگە دەگێڕێت، چۆناوچۆن لە بەرەوپێش بردنی ئەم رەوتی بەدیموکراسیکردنەدا بەشدارە؟

راگەیاندن لە پێناسەی جیهانی بە دەستەلاتی چوارەم ناسراوە و یەکێکیشە لە هۆگەلی کاریگەر کە دەتوانێ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بهێنێتە ئاراوە و فەرهەنگە دواکەتووەکانی کۆمەڵگەیەک بگۆڕێ.

فەرهەنگ لە کۆمەڵگەی ئێمە کە ریشەی لە داب و نەریتە سونەتییەکان داکوتاوە، تا ئێستە نەیتوانیوە وەک پێوست جێگەی خۆی لە فەرهەنگی مۆدێرنیتە و جیهانی سەردەمیدا بکاتەوە. فەرهەنگی سەردەم باس لە ئازادیی مرۆڤەکان و یەکسانیی ژن و پیاو دەکات، بەڵام فەرهەنگی ئێمە هێشتا جێگەیەکی بە ژن نەداوە و ئەوەی کە هەیە تەنیا رازاندنەوەیە بە درووشم و بۆ تێرکردنی هەوەسەکانە و ئەگینا هەمان پێناسەی "جێگەی ژن ژووری چێشت لێنانە"، نەگۆڕاوە.

**لێرەدا ئەم پرسیارە دەورووژێت کە ئەرکی راگەیاندن لە گۆڕینی ئەرێنی و پێشکەوتنی فەرهەنگدا چۆنە؟**

ئەوەی رۆژانە لە دیتنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکاندا هەستی پێدەکرێت، راگەیاندنی کوردی بە گشتی تا ئێستە نەیتوانیوە بە پلانێک کار بۆ ئەوە بکات کە تاکەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت و کار لەسەر ئەندێشەکان بکات و بتوانێ زیاتر ئازادی فەراهەم بکات.

بەشێکی ئەم بێ‌پلانییە بۆ ناشارەزایی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە لەم تەلەفزیۆنانەدا کار دەکەن و هەرەمەکی چوونەتە ناو دەزگاکانەوە و بێ ئەوەی تاقی بکرێنەوە، دوور لە بنەمای زانستی و پیشەیی لە دەزگاکاندا دایانمەزراندوون. ئەمەش لە باشوور راگەیاندنی کوردی بەرەو هەڵدێرێک بردووە کە زیاتر بڕەوی بەو فەرهەنگە دواکەوتووە داوە و تاکەکانی کۆمەڵگەی بە چەقبەستوویی هێشتوەتەوە و ئەم دەرفەتەی بۆ نەرەخساندوون روو لە داهاتوو بروانن و چاو لە جیهانی نوێ بکەن و بتوان ئاستیان باشتر بکەن.

باس لە نموونەیەک دەکەم کە ئێستە لە راگەیاندنی باشووری کوردستاندا زۆر باوە و بەڕاستی بۆ سەر فەرهەنگ و لە هەمان کاتدا بۆ سەر بیری یەکسانی ژن و پیاو بە مەترسی دادەنێم.

لەو چەند رۆژەی رابردوودا یەک دووجار بە رێگەی هاورێکانم و بنەماڵەوە کە چاو لە دراما کۆرییەکان دەکەن، هەر ئەوانەی لە کەناڵەکان بە سیاسی و ناسیاسییەوە بڵاو دەبنەوە، زۆر جار شتی سەیرم گوێ لێدەبوو کە تەواو تووڕەی دەکردم و لێرە چەند دیرێک بۆ نمونە دێنمەوە. بەداخەوە ناتوانم ناوی دراماکان بنووسم و ناوی کارەکتەرەکان، چون هێندە زۆرن و دوای یەکن، بەراستی لێم تێکەڵ بوون. لە نێو کەناڵە کوردییەکاندا بووەتە کێبرکێ کامیان کاتە زێڕینەکانیان بەو دراماییانە بدەن بە جۆرێک لە یەک دوو کەناڵ لەگەڵ یەک دێن و لە کاتی ریکلامی کەناڵەکەی دیکەدا خەڵک زوو دەیکاتە کەناڵەی‌تر یان دەڵێن شەو درەنگ دووبارەکەی هەیە و چاوی لێدەکەین.

لە یەکێک لە دراماکاندا، ئەوە تێکستەکەی بوو کە ژنێک لە بازار شت دەفرۆشت و راوەستاوە، یەکێک لە کارەکتەرە

پیاوەکانی فیلمەکە دێت بۆ لایی و پێی دەڵێت: "بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەی ئەی ئەگەر تۆ نەخۆش بکەوی کێ خواردن بۆ مێردەکەت دروست بکات؟". کەواتە لەو درامایەنەدا دیسان بڕەو بەو جیاوازییەی ژن و پیاو دەدەن و ژن لە کونجی ماڵ و بۆ تێرکردنی هەوەسی جنسی پیاوە و هەموو کارەکانی ماڵەوەش لەسەر شانیەتی.

بەشێک لە تێکستی درامایەکی دیکە ئەوە بوو کە ژنێک هاتە نێو یەکێک لە ماڵەکانەوە و پیاوێک کە لە چینی هەژاری ئەو ناوچەیە بوو، خەریکی خواردن دروست کردن بوو، ژنەکە گوتی:" ئەمە ژنی ئەم ماڵە لە کوێیە کە پیاوی ماڵەکە خواردن دروست دەکات؟" ئەمجارەش ئەو پەیامەمان پێدەدات کە ژنانیش لەسەر هەمان بیرن کە چوارچێوەی خۆیان بەو شێوە کلێشەیە قبوڵە و کۆمەڵگەی ئێمەش کە ژن تا ئێستە ئاشنا بە مافەکانی خۆی نییە، هەمان شتی بۆ دووپات دەبێتەوە و برەو بە هەمان بێمافی خۆی دەدات. لەم فەرهەنگەدا نابێ ژن وەک مرۆڤێک ئازادانە بژی و برێک بە دوور بێ لە بۆنی سلق و لوبیا و خواردن دروستکردن. پێویستە لە کاتێکی وادا، ئەو کەسەش هاوکاری بێ کە بڕیارە دواتر خواردنەکەی لەگەڵ بخوا.

لە تێکستێکی دیکەی ئەو درامایەندا کە لە دراماییەکی برازیلیدا دیتم، پیاوێک چوار ژنی هەیە و یەکیانی مردووە و سێ ژنی ماوە. کابرا زێری بۆ دوو ژنەکەی دەکرێت و دەبێتە شەڕەژن. ژنی سێیەم دەڵێت زێرەکانی ئەوان زیاترن و ئەوجار پیاوەکە زیرنگەرێک دێنێت تا زێرەکان بکێشێت. زێرنگەرەکە، دوای وەزنکردن دەڵێت: "هەر سێکتان وەزنی مسقاڵە زێرەکانتان وەک یەکە و یەکسانن"، لێرەدا ژن تەنیا بە وەزنی زێر پیوانە کراوە نەک وەک مرۆڤێک، نەک وەک کەسێک کە رێزی لێ بگیرێت. لە درێژەی ئەو تێکستەکەدا پیاوەکە دەڵێ: باوەڕکە من نادادپەروەری ناکەم و شەوەکانیشم بە یەکسانی لەگەڵ هەر سێکیان دابەش کردووە، بەڵام خۆ ژن بە هیچ رازی نییە!". کارەساتە ئەو پەیامەیە کە ژن وەک شەوی پیاو دەناسێنێت.

دوو ساڵ لەمەوبەر، یاسای فرەژنی لە پەرلەمانی کوردستان هەر بە دەنگدانی ژنان بوو کە پەسند کرا و چەند مەرجێکیان بۆ دانا کە ئەویش لای ئێمە هیچی جێبەجێ ناکرێت، کەواتە دیسان کولتووری فرەژنی ئەوجار بە یاسا کراوە و خراپتر لە جارانە. لەو درامایەنەشدا برەودانە بە هەمان کولتووره دواکەتووانە کە ژن وەک کاڵایەک دەبینرێت و دەبێ زیاتر خۆی برازێنێتەوە و پیاوەکەی تێر بکات و منداڵی ببێت و پەروەردەی بکات، بێ ئەوەی خۆی وەک مرۆڤێکی هاوتای منداڵە کوڕەکەی کە دواتر ئەویش هەر دەبێ بە پیاو، مافی هەبێت.

هێنانەوەی ئەو تێکستانەی ناو ئەو درامایانە کە نموونەی زۆر بچووک و سادەن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەراستی بۆ راگەیاندنی کوردی ئەوەند بێ پلانە و بووەتە زبڵدانی ئەم دراما کۆری و ئەو درامایانەی کە نەک فەرهەنگەکەمان باشتر

ناکەن، ژنکوژی و بیرە کۆنەکان لە ناو نابەن، بگرە زیاتریان دەکەن و سەر لە نوێ بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمیان دێننەوە؟

با باس لەوە نەکەین کە لەو درامایانەدا هەر پاشاکان چەندان ژنیان هەیە و ژنەکانیش شەڕیانە کامیان کوری ببێت کە ببێتە جێگرەوەی بابی! حاشا لەوەی کەس بەزاریدا نایە ئەگەر بە فیلمیش بێ، بۆچی ژنەکان نەبنە دەسەڵاتداری یەکەم،!

ڕاگەیاندنەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە فیلمی دیکیۆمێنتاری و ریپۆرت و لێکۆلینەوەکان زیاتر خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن و دەیانەوێ لەم ریگەیەوە فەرهەنگە کۆنەکان نۆژەن بکەنەوە و بۆ ژیانی باشتر و زیاتر و هۆشیاری خەڵک هەوڵ دەدەن. بەلام ڕاگەیاندنی ئێمە بۆ ناهۆشیاری خەڵک هەوڵ دەدات، بۆیە زۆر مەترسیدارە کە ئەرکەکەی لە بونیاتنانەوەوە بۆ تێکدەری بگۆڕێ.

لە راپۆرتێکی تەلەڤیزیۆنی "دویچە وێلە"ی ئەڵمانیدا کە بە ناوی" عەولەمە" بە زمانی عەرەبی بڵاوبۆوە، باسی لەوە دەکرد کە چۆن لە هیندستان دوو رێکخراو لە شار و دێهاتەکان کار دەکەن تا خەڵک بتوانن بە ژێر نووسی گۆرانی و فیلمەکان زیاتر خوێندەوار بکەن. واتە لە رێگەی تیڤییەوە کاریان دەکرد کە خەڵک زیاتر گرنیگی بە خوێندنەوە و نووسین بدەن و ئاستی خوێندەوارییان بەرنە سەر.

بەڵام ئێوە پیم بڵێن ڕاگەیاندنی کوردی ئەگەر هەنگاوی نابێ بۆ باشتر بوون، چەندان هەنگاوی ناوە کە خەلک زیاتر وەک خۆی بمێنیەوە، ئەمەش بە نیشاندانی درامای کۆری و نەبوونی بەرنامەی باش کە خزمەت بە بیری یەکسانی و پەروەردکردنی تەندروستیی منداڵان بکات.

بە کورتی، بە دیتنی دراما کۆرییەکان تەواو هەست دەکەم دەردی ژنانی کورد چەند ئەوەندە قووڵتر دەبێتەوە.

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## بۆ باوکی پێشمەرگەم



لەبیرمە هەر لە منداڵییەوە وەک هاوڕێ لەگەڵ تۆ بووم. ئەمرۆ کە دوای چەند رۆژێک دووری، گەرامەوە بۆلات، خەوتبووی. تۆ لەخەودابووی و من سەیرم دەکردی. تەمەنت چووەتە سەر و منیش چ زوو گەورە بووم؟

دەگەڕێمەوە چەند ساڵ لەمەوبەر کە لە بەر دەرگا بەپیرتەوە دێم و دڵێم دەی لە باوەشم بکە .زمانم ناتوانێ هەستم دەربڕێت و تۆ لە چوارچێوەی پێکەوە لکاندنی پیت و وشە و رستەکاندا ناگونجێی. باوکی پێشمەرگەم! وێرای خەمی خاک و دووری بنەماڵە، هەر کە دێیتەوە بزەیەک لەسەر لێوتە. ئەوکاتەی لێت دوورم و بزەکانت نابینم، لە رێگەی تەلەفونەوە لە پێکەنینەکەت بێبەشم ناکەی. ناڵێم تۆ لە چوارچێوەی پیت و وشە و رستەدا ناگونجێی؟ ئەی ئەوەنییە زمانم لەگۆ کەوتووە و ناتوانێ مافی باوکەتی و پێشمەرگایەتیت بداتێ؟

ئەمرۆ کە رۆژی پشێمەرگەیە، بە دەرفەتم زانی بێرەدا بێمەوە خزمەتت و قسەی دڵمت بۆ بکەم و پێت بڵێم لەکاتی بێ هیوایی مدا سەکۆی هیواکانمی، رۆچنەی ئازادییەکانی ئێستا و داهاتوومی.

**بابە گیان!** زۆر جار کە بیر لە خەمەکانت دەکەمەوە، دەڵێم چی دەبوو ماچێکم لە خەمەکانم کردبا و تۆم بێ خەم کردبا. دەزانم کە کەس بێ خەم نیە، بەڵام پێم خۆش نیە هیچ کات خەم لە چاوانتدا ببینم. دەزانم بە تاوانی باب بوونتە حوکمی هەمیشە هەلات هەڵاتت بۆ بڕاوەتەوە.

**بابە گیان!** چیرۆکی ژیانمان لە گنجەکانی سەر دم و چاوتدا خەوتووە و قووڵی نیگاکانت پڕ لە چاوەڕوانییە.
خۆزگە هیچ باوکێک لە دڵیدا ئەوەندە خەمی نەبوایە.

نازانم چەندە باوکی لە شێوەی تۆ هەیە، بەڵام باش دەزانم کە لەو دەگمەنترین باوکانەی کە لە یەکەم بینینـدا دڵە پاکەکەت سەرنج ڕاکێشە.

پێشمەرگایەتی لە تەمەنی لاویدا لەخوێندن بێبەشی کردی، بەڵام بۆ ئەوەی فێری خوێندن بین، بە کۆڵ ئێمەت دەبردە مەدرەسە. قەت ئەو شەوانەم لە بیر ناچێتەوە کە بۆ ئەوەی فێری وشەیەک ببین، ماڵەوماڵت پێدەکردین.

پێچەوانەی باوکانی دیکە،کە هەزاران ئەملاو ئەولا دەکەن کە کچەکانیان لای خۆیان بن و بخوێنن و دوور نەکەونەوە، بەڵام تۆ بە شانازییەوە دێی لە ماڵەکەم کە دوور لەتۆ دەژیم، هاوکاریم دەکەی و ئەو دەرگایەت بۆ کردوومەتەوە کە لەسەر پێی خۆم راوەستم. ڕێگەت داوە ئابورییەکی سەربەخۆم هەبێت هەر وەک چۆن هەمیشە دەڵێم ژنی ئازاد بە ئابووری سەربەخۆوە ئازادە.

بابی من لە کۆمەڵگەیەک دا ئەو دەروازانەی بۆ من کردووەتەوە کە لە کۆمەڵگەکەماندا کچ بوون شەرمە. کۆمەڵگەکەم خوازیاری کچێکە دوای دەرسخوێندن شوو بکات و خزمەتکارێکی باشی پیاوەکەی بێت.

باوکی پێشمەرگەم، لە کۆمەڵگەیەکدا ئەو ئازادییانەت بە من داوە کە زۆر جار رۆشنبیر و چالاکانی مافەکانی ژنان باوەریان بە مافەکانی ژنان نییە و تەنیا جارێکیش قسەکانیان لە کردەوەدا ئەنجام نەداوە و ژنەکانیش زۆر جار بەردەوام لە پەنا پیاوێکەوە خۆیان پێناسە دەکەنەوە.

نازانم لە کام دلۆڤانیی منداڵیەوە بۆ کام مێهرەبانی ئێستای تەمەنم بدوێم کە دوو دەیە لە تەمەنم تێپەریوە و هەر رۆژێک خەمم لە چوونە سەری تەمەنم زیاتر دەبێت. ئەوە خەمی خۆم نییە، خەمی ئەوەمە بە زیاد بوونی تەمەنی من، تۆش تەمەنت دەچێتە سەر، چرچی پێستت زیاتر دەبێت و تاڵە سپییەکانت هەرەشە لە من دەکەن.

بابە گیان لەو رۆژی پێشیمەرگەیەدا، وەک گەورەترین پێشمەرگەی کوردایەتی بەردەوام، ساکار و پاک، ژیانی خۆت لەو رێگەیەدا داناوە و خزمەتت کردووە و تا ئێستا بەردەوامی و بەو هیوایە دەژی کە دەستکەوتی خەباتت ببینی و هەناسەی ئازادی هەڵمژی.

راستە دوای ئەم هەموو خەبات و ماندووبوونە، هەناسەی ئازادیی وڵاتت نەچێشتووە، بەڵام لە کاتێکدا کە کەس ئەو ئازادیە بە ئێمەی ژن بەرەوا نابینێ، هەناسەی ئازادیت بە ئێمە داوە.


سەرچاوە Serchawe

**باوکە گیان!** چۆن لە سەرەتاوە زمانم لە بەرانبەر بەرزی تۆدا لەگۆ کەوت، ئێستاش نازانم بە کام وشەی جوان کۆتایی بە نووسینەکەم بێنم، بە کام وشە پیرۆزبایی ئەم رۆژەت لێبکەم و ئەم رۆژەش بە پێشمەرگەی بە وەفای وەک تۆوە هەمیشە لای من پیرۆزتر و گەورەتر دەبێت.

**هەر بژی پێشمەرگەی خەبات و ژیان**

**١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٢**



سەرچاوە Serchawe

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

## یەکەم ژنە بێژەر لە رادیۆ دەنگی تاران



میدیا زەندی لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە هاتووەتە بواری راگەیاندن و لە رادیۆ کوردی تاران دەستی بە کار کرد. لە ساڵی ١٣٣٧ کە بەشی رادیۆ کوردی ئێران لە شاری تاران بۆ یەکەمین جار کرایەوە، هاوکاری خۆی لە گەڵ ئەم ناوەندەدا بە فەرمی دەست پێکرد.

هەروەها لە ساڵانی شەستەکاندا (١٣٤١ تا ١٣٤٣ی هەتاوی) لە ناوەندی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی کرماشان و دواتریش لە سنە و رادیۆ تاران وەکوو بێژەر درێژەی بە کار دا.

میدیا زەندی، بە گشتی لە ٤٠ ساڵ لەمەوبەرەوە چالاکی خۆی لە رادیۆ کوردی تاران کەبەرنامەی بۆ دەرەوەی ئێران بڵاودەکردەوە، دەست پێکردبوو.

پیشەی سەرەکی خاتوو "میدیا زەندی" بێژەری لە رادیۆ کوردی تاران بوو کە هەواڵی دەخوێندەوە، هەروەها لە زۆربەی چیرۆکەکانی رادیۆ و زنجیرە دراماکانی کوردی کە لە رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران و رادیۆ کوردی تاران و کەناڵی ئاسمانی سەحەر بڵاو دەکرانەوە، وەکوو کاری دۆبلاژ لە ستافەکاندا هاوکاری دەکرد.

میدیا زەندی، لە گەڵ هونەرمەندی گەورە "حەسەن زیرەک "کە ئەو کات ئەویش لە رادیۆ کاری دەکرد، ژیانی هاوسەری پێکهێنا. ئاکامی ئەو ژیانە هاوبەشە، دوو کچە بە ناوەکانی مەهتاب (ئارەزوو) و مەهناز (ساکار). زیرەک بۆ کچەکانی چەندین گۆرانی ئامادە کردووە، لەوانە "غونچەی دڵەکەم مەهتابە، غونچەی دڵەکەم ئارەزوو، بۆم ببە گوڵ زوو بە زوو".

لە مانگی گوڵانی ساڵی ٢٠٠٤ دا، بە مەبەستی پێزانین و قەدرناسی و ڕێزگرتن لە ساڵانی چالاکی هونەری هونەرمەندانی ناوداری موزیکی کوردی لە لایەن قوتابیانی کوردی زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران، فیستیڤاڵی موزیک و گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی بەڕێوەچوو کە لەو کۆڕەدا ڕێز لە ژمارەیەک لە موزیکزانانی کوردستان گیرا لەوانە هونەرمەندی گۆرانیبێژ "حەسەن زیرەک" کە لەوێ خاتوو میدیا زەندی بە ناوی بنەماڵەی حەسەن زیرەک خەڵات و تابلۆی ڕێزلێنانی ئەو فیستیڤاڵەی پێبەخشرا.

میدیا زەندی لە کتێبێکدا بە ناوی "چریکەی کوردستان" کە لە کاتی ژیانی حەسەن زیرەک بە هاوکاری دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە بڵاوکرایەوە و پێکهاتبوو لە ژیاننامەی حەسەن زیرەک بە هۆنراوەی خودی زیرەک؛ وتارێکی سەبارەت بە پێگە و تایبەتمەندییەکانی هونەری حەسەن زیرەک نووسیەوە. هەروەها بۆ خۆی دواتر هەمان کتێبی بە شێوەیەکی جوانتر و ڕێکوپێکتر بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بە هەوڵ و تێکۆشانی میدیا زەندی هاوسەری حەسەن زیرەک و ژمارەیەک لە هونەرمەندانی وەک سەعید فەرجپووری و هونەر دۆستانی دیکە، لە لایەن کۆمپانیای فەرهەنگی هونەری "ماهوور" کە ناوەندێکی زۆر بەناوبانگە، ١٣ گۆرانی لە بەرهەمە هەرمانەکانی حەسەن زیرەک لە ئەلبۆمێکدا بە ناوی "ترانەهای حسن زیرک" واتە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ئێران بە شێوەی فەرمی بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە بریتییە لە سێزدە گۆرانی ساڵانی شەستەکان لە رادیۆی کوردی کرماشان و تاران کە بە شێوەی کاسێت و سی دی لە تیراژێکی زۆر و لە ئاستێکی بەرزدا بە باشترین کوالیتی بڵاوکرایەوە.

خاتوو میدیا زەندی هاوسەری هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد "حەسەن زیرەک" و یەکەمین بێژەری ژنی کوردی رادیۆ کوردی تاران، لە کاتژمێر ٣٠ / ٥ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠ی جوونی ٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەی تووس لە پایتەختی ئێران کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر و ویکیپێدیا

١٨ی فێبریوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# ژنێکی فێمینیست دەتوانێ پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکات؟



ن: هادلی فریمن

ئایا ژنانی فێمینیزم دەتوانن پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەن؟ یەکێک لە دڵ نیگەرانیەکانی فێمینیزم، ئازادیە و یەکێک لە بەربەستەکانی ئازادی، مافی هەڵبژاردنی پۆشینە.

لە پێکردنی پێڵاوی پاژنە بڵند تەنیا لە کاتێکدا قەدەغەیە کە بۆ ژنان نیشانەی ئەوە بێ "ها تۆ بەکەڵکی چی دێی، جگە لە چێشت لێنان و پاککردنەوە بەکەڵکی هیچ نایەی، بۆیە بێ زەحمەت بچۆ چایەکمان بۆ بێنە"، جگە لەم حاڵەتە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنە بەرز هیچ کێشەیەکی نییە و وەک پۆشینی هەر جلێکی دیکەیە، ئەڵبەتە دەکرێ ناڕەزایی هەبێ کە ئەوە پیاوانن بڕیار دەدەن چ شتێک ژنانەیە و بۆ ژنان جوانە و ژنان هان دەدەن کە بۆ گۆڤارەکانی پیاوان جل بپۆشن و ژێست بگرن، بەڵام ئەم باسانە هیچ پارمەتیەکی فێمینیزم نادات، بە شێوەیەکی دیکە "سەگی نوستوو وەخەبەر نەهێنین".

فێمینیزم هیچ کات باسێکی ئاڵۆز نیە، بە واتا سادەکەی فێمینیزم مانای یەکسانییە و تەواو. ئێستا کە لە فێمینیزم تێبگەین قسەیەک دیکە نامێنێتەوە.

پرسیاری لەم شێوەیە لە واژەی فێمینیزم کەم نییە، چ شتێک فێمینیزمە و چ شتێک فێمینیزم نییە؟ زۆر ئاسان دەبووەوە ئەگەر فێمینیزمەکان ماڵپەڕێکیان کردبایەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانەیان دابایەوە کە بۆ نمونە، بۆچی و لە چ کاتێکدا سود وەرگرتن لە پشتەچاو فێمینیزمە و بەڵام سود وەرگرتن لە ماسکارە نا، بەڵام شتێکی لەم شێوەیە روونادات.

زۆر بینراوە، کە رەفتارێکی سێکسی بۆ کەسێک پێویست بووە، بەڵام بۆ کەسێکی کە، نیشانەی سەرکوت و زوڵم و پیاو

سالاری بووە؟ بۆچی؟ چونکە ژنان تەنیا ژن نین، بەڵکو تاکی لە یەک جیاوازن، بە تایبەتمەندی شەخسی و رەفتار و داخوازی جیاوازەوە. چ بگا بەو کەسە هۆشیارانەی کە لە شوێنی پێویستدا دەتوانین بڵێین کە کام هەست و نیاز لە کۆمەڵگەی پیاوسالانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە وکامەیان نیازی شەخسی خۆیانە.

کەواتە باسی فێمینیزم لە رووکەشی گشتی "یەکسانیە" و لە نیوەڕۆکدا "وەک هاوسەرگیری، ئارەزووی سێکسی، پاژنەی پێڵاو...". لە بازنەی هەڵبژاردنی تاکەکەوە دەگونجێ. ئەو هەڵبژاردنە هەر چی بێ جێگەی رێزە.

فێمینیزم رێز لە مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان دەگرێت و ئایا ژنان دەتوانن پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەن یان نا، بەشێکە لەو مافی هەڵبژاردنە. من خۆم پێڵاوی پاژنە بەرزم خۆش ناوێ.

هەر چەندە لە تەمەنی بیست ساڵی تا سی ساڵی هەمیشە پێڵاوی وام لە پێ دەکرد کە بالآمی دە سانت بەرزتر دەکرد و هەستم دەکرد بە بالآی بەرزەوە، دنیا جۆرێکی دیکەیە.

هەر چەند ئەو هەستە چەند خولەک زیاتر درێژەی نەدەکێشا، چونکە بەو پێڵاوانەوە نەمدەتوانی جگە لە کەوتن و هەڵەنگوتن بیر لە شتێکی دیکە بکەومەوە، بەڵام ژنانیکێش دەناسم وا بیر دەکەنەوە کە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنە بڵند هێزیان پێ دەبەخشێ و هەست دەکەن بە پێڵاوی پاژنە تەخت وەک مراوی بە رێگەدا دەڕۆن، لە کاتێکدا کە بۆنەیەکی تایبەت لە گۆڕێدا نییە سوود لە پێڵاوی پاژنە بڵند وەردەگرن.

بەڵام من یەکێک لەو ژنانە نیم، پێڵاوی پاژنە بەرز زیاتر لە ئەندازەی خۆی فانتیزیە و کەمتر دەتوانم بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە هەست بە ئاسودەیی بکەم، لەو بۆنانەی کە پێڵاوی پاژنە بەرز لە پی دەکەم لە جێگەی خۆم دادەنیشم و سنووردارم دەکاتەوە و ناجولێم.

لە کاتێکدا کە بمهەوێ پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەم، خۆم بە پاژنەی سێ سانتی رازی دەکەم، پێڵاوی پاژنە بەرز لە کاتێکدا لە پێ دەکەم کە لە میوانیەک بم و دابنیشم، چونکە بە و پێڵاوانەوە ناتوانم دووری سەد میتر بۆ تاکسی گرتن بڕۆم چ بگات بە سەما کردن.

دەزانم زۆربەی ژنان ناتوانن ئەوە لە مێشکیاندا بگونجێنن کە بە پێڵاوی پاژنە تەخت لە دەرگای ماڵێ بچنە دەرێ و هەست بە شپرێویی دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هێندێکیان پاژنە هەر چەندە تەخت بێ هەر پێیان زیادە و جگە لە پێڵاوی

پاژنە تەخت ناتوانن هەست بە ئاسودەیی بکەن.

بەڵام خاتوونە ئازیزەکان، قسە ئەوەیە، کە ئێمە هەموو مافێکمان هەیە ئەندازەی پاژنە پێڵاوەکانمان دیاری بکەین، من لە پێڵاوی پاژنەی سێ سانتی هەست بە ئاسوودەیی و باوەڕ بەخۆبوون دەکەم و لە هەمووی گرینگتر هەست دەکەم کە خۆمم، شتێک لەو هەستە فیمینستیتر پەیدا نابێ.

**سەرچاوە: رۆژنامەی گاردیان**

**لە وارڤین وەرگیراوە**

**وەرگێرانی: شلیر باپیری**

**٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٣**

## هەڤپەیڤین: بە بۆنەی ٨ی مارس.



**ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟**

**شلێر باپیری: من "شلێر باپیری" ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ژنانم، لیسانسم لە ڕاگەیاندن هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە زۆرتر تێکەڵ بە خەبات بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاو بووم، پێشتر چەند جار وتارم لەبارەی کێشە و پرسەکانی ژن وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بچووک بووە، لە دوای ٢٠٠٥ەوە بە شێوەیەکی فراوان دەستم بە چالاکی لەم بوارە کردووە و تا ئێستا بەردەوامم و هەوڵەکانیشم لەگەڵ یەکسانیخوازان تا گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاو زیاتر دەکەم.**

**پرسیار: پرسی ژن لە ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شلێر باپیری: سەرەتا پێم خۆشە ئاماژەیەکی کورت بە پرسی ژن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بکەم، سەرجەم پێشکەوتنەکانی وڵاتان و کۆمەڵگەکان لە بەرژەوەندیی ژناندان، هەر لە کرانەوەی سیاسی و بەشداری پێکردنی وەک هەر تاکێکی ئاسایی لە کاروبار و پرۆسەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. لە ئاستی کوردستانیشدا بێ گومان گۆڕانکارییەکانی وڵاتان ئێستە خێرا دەگاتە وڵاتانی تر کە ئەویش هەر دووبارە خزمەت بە پرسی ژن دەکات تا ئەو ڕەگەزە دابڕاوە بۆ ناو ژیانی یەکسانی لەگەڵ پیاو بگەڕێنێتەوە.**



سەرچاوە
Serchawe

لە کوردستان هەوڵی زۆر لە ئارادایە تا ژن زووتر لە زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە بگاتە ئاستی شیاوی خۆی، بەڵام ئەگەر بە کەمی هەست بە پێشکەوتنی دەکەین یان هەندێکجار کۆمەڵە رووداو و کارەساتی پەیوەست بە پێشێلی مافی ژنان هەر لە کوشتن و ئازار و شتی دیکەی لەو شێوە دەبینین دەبێ بزانین کە بە هەزاران ساڵە یاسایەک بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بووە کە بڕوای بە ژن و مافەکانی هەر نەبووە، بۆیە زۆر ئاساییە کە وەرچەرخان لەو پرسەدا ئەگەر زیاتر لە هەوڵەکانی ئێستەی پێویست بێ.

**پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**شلێر باپیری**: ژنان لەو ناو حزبەکاندا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم حزبانەوە بەشداریان کردووە و رۆلی خۆیان گێراوە، جا بە قوربانی دان بێ، بە خەبات بۆ نیشتمان بێ و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو و بیسەلمێنن کە ژنانیش هاوشانی پیاوان دەتوانن پێشمەرگە بن، دەتوانن بەرگری بکەن و دەتوانن لە زۆر هەلومەرجی سەختدا وەک پیاوان خۆ راگرن. لەو روانگەیەوە ژنان لە سەرەتاوە زۆرتر خەباتیان بۆ نیشتمان کردووە و کەمتر ئاوڕیان لە زوڵمانە داوەتەوە، بەڵام بەو مانایە نیە کە هەر کاری بۆ نەکراوە. هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا کە هەست بە نایەکسانی کراوە و ژنانیش هەوڵی خۆیان داوە، دامەرزاندنی ئەنجومەنی "ئایان" لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەددا باشترین بەڵگەیە کە ئەودەمیش کار بۆ یەکسانی ژنان و پیاو کراوە و هەنگاوی بۆ هەلێنراوەتەوە. لەگەل ئەوانەشدا سەردەمەکان گۆران و و بێگومان دەبێ هەنگاوی باشتر بنرێ کە بگەن بە ئامانجەکان. هەڵسەنگاندنی من بۆ کارتێکەری ژنان لە نێوە حزبەکان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنم، بەڵام نەک ئەوەی بلێم کە رەخنەیان لەسەر نیە، هیچ کارێک بێ رەخنە نابێت. ژنان لەو نیو حزبەکاندا دەبێ ئێستا بتوانن ئەوە بە دەستەڵاتی حزبەکان بگەیەنن کە ئێمە چیدی ئەو روانگەیە قبوڵ ناکەین کە چونکە ژنن و با بەشدار بن، ئەوە بگەیەنن کە ژنان توانایەکی خۆیان هەیەو دەتوان هاوشانی پیاونیش لە بریارەکاندا بەشدار بن و بۆچونی خۆیان هەبێت. ئەو کاتە ژنان نزیک لەو ئامانجە دەبنەوە کە بتوانن خاوەن بریایر بن و تەنیا بۆ کپ کردنی نارازیان بۆ گوتنی کە لە ناسنامە باسکراوە و ئەوەتا ژنانمان بەشداری پێکردووە، نەبێت. بەڵکو حزبەکانیش لە هەمان کاتدا باوەریان بە تواناییەکانی ژنان بێت.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**شلێر باپیری**: زۆر جار باسی ئەوەم کردووە و لێرەوەش جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە، بەڵێ ژنانیش بۆ خزمەت کردن بە

پرسی ژن کەم تەرخەمیان کردووە ، زۆر جار ژنان پرسی ژنیان کردووەتە قوربانی پرس و بەرژەوەندییە سیاسیەکان و مافەکانی خۆیان پێشێل کردووە. زۆر جاریش کەم تەرخەمی لەوە بووە کە نەیانتوانیوە تەواو خۆ پێ بگەیەنن و بە چەکی زانستی سەردەمەوە بە نوێبونەوەیەکی دیکە باس لە پرس و چارەسەریەکانی بکەن، بەداخەوە ئەوەش هۆکارێکی هەمان شێوە پەروەردەیەی پیاو سالارانە دەگەڕێتەوە کە دەرفەت بە ژنان نەدراوە بخوێنن و زۆرتر لە دەرەوەی ماڵ شوێنەکان بینین بۆ ئەوەی هۆشیار بن و زیاتر هەست بە نایەکسانییەکان بکەن بۆ ئەوەی ببێتە چەخماخەیەک بۆ بزووتنەوەیەکی گشتگیری ژنان.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەرییەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**شلێر باپیری**: بێگومان هەر حزبێک کە ڕێکخروێک لە بواری مافەکانی ژن پێک بێنیت خۆی ئاماژەیەکە کە دیارە لەو نێو ئەو حزبەدا چ دروشمی دیموکراسی بێ یان شتی دیکە، نایەکسانی هەیە. بوونی ڕێکخراو لە حزبەکاندا ئەگەر بۆ خزمەت بە پرسی ژنانیش بێ، بەڵام پێویستیەکی دروشمی دێموکراسی سەردەمە و بە نەبوونی ڕێکخراوەکان لە حزبەکاندا ئەوا حزبەکان خۆیان لە مافی نیوەیە کۆمەڵ بواردوە، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکین ڕۆژانە ژن دەکوژرێن و خۆ دەسوتێن و لە شوێنی بڕیاردان مافیان نییە، بۆیە ئە ڕێکخراوانە پێویستن و ئەو حزبانەش کە دروشمی باوەر بە مافی ژن و دیموکراسیان بەرز کردوەتەوە دەبێ بە کردار کە بوونی ڕێکخراو یەک لەوانە بیسەلمێنن. ئێستا لە نێو حزبەکان کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنا هەیە بۆ زیاتر پەیوەست بوون بە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەولەتییەکان تایبەت بە پرسی ژن، زیاتر پێویستیان بە هێزی کار و گروپی فکری هەیە کە بتوانن ببنە گوشارێک بۆ سەر دەستەڵاتی حزبەکان کە پەراوێز نەخرێن و حزبەکان بە باوەرەوە باوەریان بە مافی ژنان هەبێ نەک تەنیا قسەی سەر مێز و پشت تریبوونەکان بێت.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**شلێر باپیری**: لە کۆتاییدا دەمهەوێ بلێم کەو ئەو پرسیارانەی کە لە سەرەوە وەڵامم داوە، لە جێگەی خۆیدا دەکرێ هەر یەکەیان باسێکی بەرفراوانی لەسەر بکرێت و تەنیا بە چەند دیرێک وەڵام نەدرێتەوە، بۆیە پێویستە وردتر بچینە بنج و بناوانی ئەو باسانەو خەسارناسیان بکەین و لە هەمان کاتدا پلان بۆ داهاتوو دابنرێ. پەیامی من ئەوەیە کە با هەمووومان بە حزبی وسەربەخۆ و بە هەموو بیرە جیاوازەکانەوە، لە خەبات بۆ یەکسانی ژنو پیاو بەشدار بین، چونکە تا ژن بە

مافەکانی خۆی نەگات ناتوانین کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانمان هەبێت. ناتوانرێ منداڵەکانمان بیری یەکسانیان هەبێت و بە ئاسودەیی بژین. با پرسی ژن بە حزبی نەکەین و ئەم پرسە پرسێکی جیهانیە و بە جیا لە پرسە سیاسیەکان ببینرێت و بە جیا لە بیروباوەرەکانی خۆمانەوە خزمەت بەو پرسە بکەین کە تێیدا پیاوانیش دەتوان هاوشان لەگەڵ ئێمە بەشداری لە ڕێگە چارەسەرەکان بکەن و ژن وەک مرۆڤێک ببینن نەک وەک کەرەستەیەکی خزمەت بە پیاوان.

**لەگەڵ ڕێزم شلێر باپیری**

**٩ی مارچی ٢٠١٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## "پیتی شەرم" پیتێک بۆ خەمەکانی ژنان.

هاوڕێیەکم لە کاتی چوونە سەرکار ڕۆمانەکەی پێدام، گوتی هاوڕێیەکم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. لە سەرەتاوە ورد نەبوومەوە ولە جانتاکەم خست و گوتم دواتر دەیخوێنمەوە.

قەت وا ڕێک نەکەوتووە کە کتێبێکم بۆ بێ یەکسەر دەست بە خوێندەوەی بکەم، بەڵام دیار بوو نێوەڕۆکە جوانەکەی ڕۆمانەکە لەگەڵ خەمی من و هەزار ژنی وەک من هاوبەش بوو کە یەکسەر دوای ڕۆژێک دەستم بە خوێندەوەی کرد. لەگەڵ ئەوەی زۆر کار بەسەرمدا کەڵەکە ببوو، بەڵام نەمتوانی دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرم.

ڕۆمانەکە بۆخۆی پڕ نیوەڕۆکە، وەرگێڕانە جوانەکەشی بۆ کوردی ئەوەندە دیکە سەرنجت بۆ خوێندنەوە رادەکێشێت.

تا ئێستا لەوانەیە بڵێین باشە ئەم ڕۆمانە باسی چی دەکا. ڕۆمانی "پیتی شەرم" پەنجە دانانە لەسەر خەمەکانی ژنان لە بەشێکی جەزائیر. ئەو خەمانەی کە منیش لە کوردستانەوە هەستم پێکرد.

"پیتی شەرم" کە بە عەرەبی ناوی "تاو الخجل"ـە و ژنە نووسەری جەزایری فەزیلە فارووق نووسیویەتی، سالار عەبدەڕەحمان لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەوە دەست پێدەکات، "لەوەتەی خێزان..لەوەتەی دابو نەریت..لەوەتەی ترس..تۆقین هەیە. هەموو شتێکی من (پیت)ێکی شەرمکردن بوو، هەموو شتێک لەبارەی ژنانی دیکە پیتێکی شەرمکردن بوو".

"پیتی شەرم" لە چەند بەشی جیاوازدا دەستی لەسەر کێشەو خەمە جیاوازەکانی ژنان داناوە. ئەو خەمانەی لە سەرەتاوە لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتی لەدایک دەبێت و لەوێوە کۆت و بەندەکان دەست پێدەکەن. لەوێوە زیندانە گەورەکەی ژیان بە ڕوومان دادێت و نازانین لە کوێی داین.

ئەو بنەماڵە عەشیرەتیانە کە لە کوردستانیش هەن و نوێترین کەیسیش "گەشاو"ی تەمەنە ١٨ساڵ بوو کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە تاوانی خۆشەویستی لە نزیک ناحیەی قوشتەپە سەر بە هەولێر کوشتیان، ئەو بنەماڵە عەشیرەتیانەی کە ژن

تێیدا تەنیا خزمەتکارێکە.

لە هەموو کون و قوژبنێکی ڕۆمانەکەدا هەست بەوە دەکەین کە ژن لە جەزائیر بێت یان لە کوردستان ڕەگەزی دووەمە و بە نزمتر چاو لێدەکرێت. هەر وەک لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا لە پارەگرافێکیدا هاتووە "ئەوەی لە هەمووی زیاتر دەهری دەکردم و مێشکی لە کەلـە نەدەهشێتم، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆی هەینی بوو. ئێمەی ژنان دەبوایە چاوەڕێیی گەڕانەوەی پیاوان لە خوتبە بین. وەختێک ئەوان لە خواردنەکەیان دەبوونەوە، ئەوجار نۆرەی ئێمە دەهات! هەمووومان لەلای پوورە تونس گرد دەبووینەوە، بەراستی رقم لەو نەریتە بوو، کە ئێمەی بە پلەیەکی نزمتر دادەنا".

ئەگەر ئەوە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکە بێت، بەڵام ژیانی زۆربەی ژنی کوردە لە هەموو هەینی هەموو هەفتەی هەموو ساڵێکدا. هەمیشە دەبێ پیاوان پێشەنگ بن لە بڕیار، لە نان خواردن و لە زۆر شتی دیکە. ژنە دەبێ لە دوای هەموو شتەکانەوە بێ کە هەمیشە قوربانی دەدات.

نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە بە فلاش بەکێک دەمانگەڕێنێتەوە نێو ژیانە خورافیەکەی ڕۆژانەمان کە زۆر جار خۆمان هەستی پێناکەین. ئەو خورافاتانەی ڕۆژانە لەسەر زاری چەندان پیاوو ژن گوێمان لێدەبێ.

وەک ئەوەی کە کچ با خەتەنە بکرێ دەنا شتی دەستی ناخورێ، ترش و خوێ نەخۆی دەنا بنت (پەردەی کچێنی) نابێ و دوایە لەسەر دەستان دمێنیەوە و ئابڕومان دەتکێ و کەس نایهەوێی، ئەو خورافاتانەی کە کچ بە تاریکی ئێواران نەرواتە دەرەوە دەنا جن دەچنە گیانیەوە و دواتر شەیتانی دەبێ. زۆر خوڕافاتی دیکە کە تەنیا و تەنیا ژنی پێ قۆڵبەست دەکرێت کە بەداخەوە ئێستاش لە زۆر شوێن ئەو خورافاتانە پەیرەو دەکرێن.

ئەگەر لە ژیانە خورافیەکە تێپەڕین و بڵێین خۆ ئێستا روومان لە ژیانی مۆدێرن و دیموکراسی و دادپەروەری کردووە، دەزانین لەو ژیانەی کە پێمان وایە تەژی دیموکراسیە و هەنگاومان بۆ یەکسانی هەڵێناوەتەوە، یاساکان دێنە بەردەممان و وەک لە رستەیەکی ڕۆمانەکەکەدا هاتووە "لێرە...پیاوەکان بە تیرواننینە تەسکەکانیان دادپەروەری دەنووسنەوە"، راستە لە نیشتمانی منیش زۆربەی یاساکان پیاوان بە تێڕوانینە تەسکەکیانەوە دەیاننوسنەوە وپیاوانەش نووسراونەتەوە، دەنا ئەگەر پێچەوانە بوایە، هەر ڕۆژە بکوژێکی ژنان کە بە تاوانی ئەڤیندارى دەیانکوژن و جەستەیان شەلالی خوێن دەکەن، ئازاد نەدەکرا.

سەراپای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە گۆشە بە گۆشەی ژیانی ژنانی کوردستانم دێنێتە بەر چاو. "رزقە، یەمینە و راویە کە سێ

ژنی رۆمانەکەن و دەستدرێژیان کراوەتە سەرو دواتریش هەر یەکەیان بە ئاقارێکی جیادا مالئاوایی دەکەن و بنەماڵەکانیان بێبەرییان لێکردوون، وە بیر ئەو ژنانەم دێنیتەوە کە رۆژانە لە کوردستانەکەم کەس وە خۆیان ناگرێت تا دواتر دیسان مەرگ باوەشیان بۆ دەکاتەوە و تەنیا ئەو لە خۆیان دەگرێت.

ئەو مەرگەی، کە بە شێوەی جیاواز بۆتە مۆتەکەی ژیانی ژنان و ئارام و قاراویی لێهەڵگرتوون.

بە خوێندنەوەی رۆمانەکە کە یەکجار خوێندەوەی تێری نەکردم و دووبارە حەز بە خوێندنەوەی دەکەم، دەزانین کە ژنێک لە جەزائیر و لە کوردستان و لە ئێران هەموان خەمیان هاوبەشە، خەمی بە کەمتر زانین، خەمی بە مرۆڤ دانەنان و خەمی تەنیا وەچەنانەوە و وەک ئاژەڵ چاولێکردن.

خەمی ئەوەی کە تەنیا جێگەیەکن بۆ تێرکردنی هەوەسەکانی پیاو، خەمێک کە تا ئێستا گیرۆدەی ئەو خەمانەیەن و نەمانتوانیوە لێیان رزگار بین.

٧ی جوولای ٢٠١٣

## ئەمجارەیان شاجوانی کوردستان



شەوی رابردوو، رێورەسمی شاجوانی کوردستان بە بەشداریی ١٢ کچ بەرێوەچوو. لە کۆتاییشدا خاتوونێک بە ناوی "فێنک محەمەد" بە شاجوانی ئەمساڵی کوردستان هەڵبژێردا.

رێوڕەسمی ساڵانەی هەڵبژاردنی شاجوان، ئەگەر لە روویەکەوە رێوڕەسمێکی باش و سەردەمیانە بێ، لە روویەکی دیکەشەوە بەو شێوە بەرێوەبردنە زیاتر برەو دانە بە کلتوری بیانی و بە کەم گرتنی کلتووری خۆمان. ئەو رێوڕەسمەی ئەمساڵیش تەنیا بە ناو رێوڕەسمی شاجوانی کوردستانە، ئەگینا دەگمەن هونەرمەندی کورد بەشداری رێورەسمەکە بوون و موزیکی کوردیش بەکەمی دەبیسرا.

لە رێوڕەسمی دوێنێی شاجواندا، ٣ هونەرمەندی کورد گۆرانیان گوت، یەکێکیان هونەرمەند "دەشنێ موراد" بوو کە بۆ رازیکردنی دڵی ئەو بیانیانە گۆرانییە ئینگلسییەکانی دەگوت و وە نەبوو بچن موزیکی کوردی و چەند گۆرانیبێژی دیکەش بێنن و زیاتر موزیکی کوردی بە خەڵکی دەرەوە بناسێنن و بلێن کوردستان لە رووی هونەریشەوە پێشکەتووە و کەسی دەنگ خۆش و سەرکەوتووی هەیە.

خاتوونێک و گرووپێک لە یۆنانەوە هێنرابوون، کە دەگمەن کەسێک هەبوو لە زمانەکەیان تێگەیشتبا. نازانم ئەگەر مەبەست لە فرە کلتوری بێت ئەوە لەو مەراسیمەدا ئەگەر گرووپێکی یۆنانی بە چەندین هەزار دۆلار دێنن، دەبێ رێز لە گرووپە کوردییەکانیش بگرن و بانگێشت بکرێن و لەوێ نمایشیان هەبێت.

بەردەوام کێشەی کورد بێگانە پەرستی بووە. هەر لە سەرەتاوە گۆرانیبێژێکی عەرەب دەستی پێکرد. هەمیشە خۆمان و

تواناکانمان لە ئاست دەرەوەدا پێ لاوازترە، لە کاتێکدا لە زۆر لایەنەوە سەرکەتووین و ئەگەر کلتوورەکەمان لایەنی دواکەتووی تێدا بێت، بەڵام لایەنی جوان و پڕ بەهرەشی زۆرتێدایە.

دوێنی شەو "لایلا فەریقیم" وەک نموونە دەهاتە پێش چاو، کە بە دەنگە خۆشەکەی و جنجەرە و شێوازە جوانەکەی خەلکی سەرسام کردبا. لەیلا لە دوایین ئەلبۆمەکانیدا گۆرانی عەرەبی گوت، هەموو دژی راوەستان گوتیان بۆ عەرەبی گۆرانی دەڵێت و عەرەب هیچ نین و داگیرکەرمانن. وەک ئەوەی ئێستا خۆمان گۆرانیبێژمان نەبێت، هەر گۆرانیبێژە عەرەبەکانن کە دەیانهێنن لە رێوڕەسمە دیارەکاندا گۆرانی بڵێن.

دواتر گومانم بۆ دروست بوو بڵێی ئەو رێوڕەسمە بە سپۆنسەری بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرابێت؟ چونکە یەکێک لە لیژنەی داوەران کە "خاتوو گەزیزە" بوو ناوەکەیان لەبەردەمی نووسیبوو "کەزیزە"، کوتم بڵێ پیتی "گ"مان نەبێت یان کیبۆردەکەیان ئەو پیتەی نەبووبێت یان دیسانیش هەر بۆ ئەوەی بیانیەکان بتوانن ناومان بێنن دەبێ پیتەکانیشمان بگۆڕین؟

حەمەی نێرگز و کاک جیهاد دڵپاک مالئاواییان کرد، بەلام کە زیندوو بوون ریزمان نەگرتن، ئیستاش چەندان هونەرمەندی دیارمان هەیە کە بەشدارییان پێناکەن ولە کونجی ماڵەوە دانیشتوون و ئێمەش شاشەکانمان بە گۆرانیبێژی عەرەبی و کچی ئەلبانی دەرازێنینەوە.

لە کورتیدا دەیبڕیمەوە، ئەگەر دەمانهەوێ روویەکی پێشکەتووی هەرێمی کوردستان پیشان بدەین، تەنیا بە هێنانی گۆرانیبێژی بیانی و کەم بایەخ کردنی کەلتووری خۆمان پێشکەوتوو نابین. ناڵێم با ئەوان نەیەن بەڵام نەک ئەوەی موزیک و گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی خۆمان پەراویز بخەین و بە لارەملیەوە، ئەوانیش بانگهێشت بکەن.

٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## ئێستا زیندان کۆمان دەکاتەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، مانگێک تێپەڕی بەسەر گیرانی ئەو هاوڕێیانەمان لە زیندانی محەتە، زیندانێک کە قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک ڕێگەم تێی بکەوێت.

زیندان بووە بە بەرنامەی حەوتووم و هەموو دووشەممان لەگەڵ هاوڕێیان لە دیدارێکی کورتی پڕ لە خەمدا، پێک شاد دەبینەوە و لەو کاتانەدا کاتژمێریش بێ بەزەییانە خێرا دەڕوات و هەموو جارێک قسەکان بە ناتەواوی دەمێننەوە.

جاران پێوەندی ئێمە و ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە دەچینە ملاقاتیان، بۆ کۆبوونەوە و کارەکانی کەمپینەکەمان بوو کە تێیدا ئەگەر نەمانتوانیبێ بە ئامانج بگەین، بەڵام دەنگێکی نارەزایەتیمان هەڵبڕیوە، ئێستاش کات بۆ دیداریان لە زیندان دادەنێین. جاران پارکێک یان کافتریایەک یان ماڵەکانمان کۆیان دەکردینەوە، بەڵام ئەوەیان لێ زەوت کردین و ئێستا زیندان کۆمان دەکاتەوە.

ئەمڕۆ ریش نەتاشراو و ئاڵۆزتر بوون، پرسیم بۆ ئاوان؟ بۆ ریشتان نەتاشیوە؟ کوتیان، دۆخی تەندروستی ئێرە زۆر خراپە و نیگەرانین تووشی نەخۆشی بین.

۹ی دێسەمبەری ۲۰۱۳

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

### ئاوڕدانەوەیەک لەدۆخی ژنان لە ئێستا و کۆماری کوردستاندا



دامەزراندنی «یەکێتی ژنان» لەسەردەمی کۆمار بوو بەبناغەیەکی پتەو بۆ ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی حزبی دێموکرات، جێکەوتنی ئەو فیکرە بۆ پێکهێنانی وەها ڕێکخراوێک لەو سەردەمەدا کەنەخوێندەوارەکان لەخوێندەوارەکان زۆر زیاتر بوون، هەروەها هیچ کەرەستەیەکی میدیایی وابەرچاو نەبوو کەخەڵک هۆشیار بکاتەوە، سەردەمێک کەژن هیچ مافێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئێستا هەست بەو کارەی پێشەوا قازی دەکرێت کەبۆ سەردەمی خۆی جگە لەبەرپاکردنی شۆرشی نەتەوەیی، شۆرشێکی کۆمەڵایەتیشی بەرپاکردو ژنی هێنایە نێو ریزەکانی خەباتەوە، ئەگەرچی ژمارەیان زۆر کەم بووە، بەڵام دەتوانین بەوەرچەرخانێکی مێژوویی لەبزووتنەوەی ژنان لەقەڵەمی بدەین.


#### برەودان بەکولتوری پیاوسالاری لەسەردەمی ئێستاو ئەوکاتی کۆماردا

ئەگەرچی کۆماری کوردستان لەهەنگاوەکانیدا بەردەوام باسی لەهاتنەپێشەوەی ژنان کردووە کەهاوشانی پیاوان لەدەرەوەی ماڵ رۆڵی خۆیان بگێرن، بەڵام بێ کەموکوریش نەبووەو بێ رەخنەش نییە، یەکێک لەو رەخنانە کەلەوانەیە بەسادە ببنیرێت دووبارە پەیوەست کردنەوەی ژنە بەهاوژینەکەیەوە ئەویش بەبانگکردنی ژنان بەناوی پیاوەکانیانەوە هەر وەک لەیەکێک لەسەرچاوەکان کەتێیدا باسی ئەنجومەنەی یایان دەکات کەلەکۆتایی نوسراوەکە ئاماژەم بەسەرچاوەکان داوە،

باسی لەیارمەتیدانی دارایی ژنان بۆ حزبی دیموکرات دەکا کەتێیدا ژنەکان بەناوی مێردەکانیانەوە ناسێندراون بۆ نموونە، «خانمی ئاغای صالح شاگری، کەئەو ناوانە لەرۆژنامەی ئەوکاتدا بڵاوکراونەتەوە، دوور نارۆمو دەچمە حزبی دیموکرات کەدرێژەپێدەری ئەو رێبازەیە، بەڵام ئیستاشی لەگەڵدابێت زۆربەی ژنان لەحزبی دیموکراتدا بەشۆرەتی مێردەکانیانەوە ناسێندراون نامهەوێ نمونەیەک بهێنمەوە بۆ ئەوەی دڵگرانی دروست نەکات، بەڵام خودی خۆم کەمنداڵی نێو حزبمو دوو دەیەی تەمەنم لەوێ تێپەڕکردووە، شۆرەتی زۆربەی ژنەکان نازانمو لەرێگەی شۆرەتی مێردەکانیانەوە لەکۆرو کۆبونەوەکانیش ناویان دەهێندرێتو دەیانناسمەوە، ئەوەش یەکێک لەرەخنەکانە کەتائێستا ژنان لەنێو حزبەکاندا برەوپێدەری هەمان کردارن.

٢٧ی جانێوێری ٢٠١٤

## گوڵێک لە بیابان و دیمەنێکی ترسناک لە خەتەنەی کچان ...




کتێبی (گوڵێک لە بیابان)ی واریس دیری باسکردنێکی ترسناکە لە دیاردەی خەتەنەکردنی کچان کە قوربانییانی خۆی لە کچانی تەمەن بچووک وەردەگرێ. ئەوان لەو تەمەنە کەمەدا خەتەنە دەکرێن و دوای چەند ساڵێک دەنێردرێنە ماڵی بەختی خۆیان کە زۆرجار جگە لە بەختی رەش هیچ شتێکی تریان بۆ نییە.

"پێنج ساڵ بوو کە خەتەنەیان کرد و ١٣ ساڵەش بوو کە پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵ هاتە داواکاری. ئەو هاوسەرگیرییەی قبووڵ نەکرد و بۆ دەربازکردنی خۆی وازی لە ماڵەوە هێنا، چونکە نەیدەویست چارەنووسی وەک خوشکەکەی بێ، ئەو خەتەنەی بە چاوی خۆی بینیوە و خۆشی قوربانیی ئەو دابونەریتە قێزەونەیە."

دیری کە خۆی لەدایکبووی ئەفریقایە، دواتر هەر چۆنێک بێ خۆی گەیاندە لەندەن و بوو بە پێشکێشکاری جلوبەرگ، لەو کارەیدا سەرکەتوو بوو، بەڵام ئەو ناوبانگەی ئێستە هەیەتی زیاتر بۆ ئەو پۆستەی دەگەڕێتەوە کە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیەتی، خاتوو دیری نوێنەری UN بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان لە سەرانسەری دنیایە. ئەو کارەساتەی بە پێی ئامارەکانی نەتەوەیە کگرتوەکان، لە رۆژێکدا سەرویی ٦ هەزار منداڵە کچی عەرەب و ئەفریقا و بەشێک لە وڵاتانی ئاسیا خەتەنە دەکرێن.

### واریس دیری باسی بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات و بەنیگەرانییەوە دەڵێ:

...ئەو شەوە، هەر خەو بەچاوم نەدەکەوت، لەناکاو بینیم دایکم لەسەر سەرمەوە وەستاوە، هەوا هەر تاریک بوو و بەرەو بەیان دەچوو، کاتێک تاریکی و رووناکی جێگەی خۆیان گۆڕییەوە رەنگی ئاسمان زیاتر مەیلی خۆڵەمیشی هەبوو، ئەو بە

هێمایەک گوتی کە بێدەنگ بم و تەنیا دەستی بگرم. پەتۆ بچووکەکەم لەسەر خۆم لادا و بەدەم خەوەوە دوای دایکم کەوتم، ئێستە دەزانم کە بۆچی بەیانییان زوو کچەکان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

بەنیاز بوون پێش ئەوەی کەس لە خەو هەستێ، کچەکان ببەن تا کەس گوێی لە هاواریان نەبێت، لەو کاتەدا من گێژ بووم و هەرچیان پێدەگوتم ئەنجامم دەدا.

ئێمە لەو شوێنەی کە دەژیان دوور کەوتینەوە بەرەو دەشت و چۆلایی ڕۆیشتین. دایکم گوتی "لێرە چاوەڕێ دەبین" ئێمەش لەسەر زەوییەکی سارد بە چاوەڕوانی دانیشتین. ئاسمان بەرەو ڕووناکی دەڕۆیشت و ناسینەوەی شتەکان ئەستەم بوو، هەرزوو دەنگی خشەی پێیەکانی ژنە قەرەجێک سەرنجی ڕاکێشام و بیستم دایکم بە ناوی خۆی بانگی کرد و گوتی "ئەوە خۆتی"، وەڵام هاتەوە "بەڵێ لێرەم"، تا ئێستە هیچ نابینم و تەنیا گوێم لە دەنگی بووە. بەبێ ئەوەی لێی نێزیک ببمەوە و بیبینم، لە پڕ هەستم کرد نێزیکی منە و بەردێکی گەورە و ڕێکی پێ نیشاندام و گوتی "لەوێ دابنیشە"، بێ ئەوەی پێم بڵێ کە چی ڕوودەدات. نەیگوت کە ئازارەکەی چەندە زۆرە، تەنیا گوتی "تۆ دەبێ کچێکی ئازا بی."

وەک جەلادێک کارەکەی دەست پێکرد، دایکم لەپشت سەرمەوە دانیشت و سەرمی بە سنگیەوە نا و لاقەکانی بە دەوری مندا کێشا و ڕیشەدارێک کە بە دەستییەوە بوو خستیە نێوان ددانەکانمەوە تا ئازارەکان تەنیا بۆ ددانەکانم بێت، گوتی: گازی لێبگرە، لە ترسان وشک بوووم.

بینیم ژنە قەرەجەکە وەک هەموو ژنە سۆماڵییەکانی دیکە لەچکەیەکی ڕەنگەوڕەنگی لە دەوری سەری هاڵاندووە، لەگەڵ کراسێکی پەمەیی لەبەردا، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە دەم بەپێکەنین نەبوو. وەک ئەوەی کەسێکی مردوو سەیرت بکات سەیری دەکردم، چاوەکانی هەر لەمن بوون کە دەستی خستە ناو جانتایەک کە ڕەنگی لەو پێخەوە بوو من بەیانیی بەجێم هێشتبوو. چاوم بەوردی سێرەی لە جانتا و دەستی قەرەجەکە گرتبوو، دەمویست بزانم چۆن و بەچی ئێمە دەبڕێ. چەقۆیەکی گەورەم هێنابووە بەرچاوی خۆم، بەڵام ئەو لە جانتاکەی دەستیدا جانتایەکی بچووکی دووڕواوی دەرهێنا. بەو دەستە درێژانەی لە ناو جانتاکەدا گەڕا، سەرەنجام تیغێکی ڕیش تاشینی دەرهێنا و بەخێرایی تاقی دەکردەوە و تیژی دەکرد. خۆر زۆر بەکەمی دیار بوو، ڕووناکی هەر ئەوەندە بوو کە ڕەنگەکان ببینم بەڵام نەک بە جوانی، خوێنی وشکبووم بەسەر لێوی تیغەکەوە بینی و بڕێکی ئاوی زاری خستە سەر و بە کراسەکەی سڕییەوە، دنیای من تاریک بوو و دایکیشم پارچەیەکی بەسەر چاومدا کێشا، ئەوەی دواتر هەستم پێکرد، بڕینی گۆشتی ئەندامی مێینەم بوو.

کاتێک بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، باوەڕ ناکەم شتێکی وا بۆ من ڕوویداوە، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەوە کەسێکی

تری جگە لە خۆمە لەبارەیەوە قسە دەکەم. نازانم چۆن ئەو هەستەم دەربیبڕم تا بتوانن ئەو ئازارە لەسەر لەشی خۆتان هەست پێبکەن، وەک ئەوە وایە کە یەکێک گۆشتی ڕانی ئێوە لێبکاتەوە یا باڵتان لەت بکات، بەو جیاوازییەی کە ئەو بەشە هەستیارترین شوێنی لەشە.

من هیچم نەکرد، خوشکەکەم وەبیر خۆم هێنایەوە و دەمزانی کە ڕێگەی هەڵاتنم نییە، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بجوڵێم ئەوە ئازارەکەی زۆرتریش دەبێ، تەنیا پێیەکانم لەرزین کە ئەویش بەدەستی خۆم نەبوو.

لە هۆشی خۆم چووم، کاتێکیش بەهۆش هاتمەوە گومانم هەبوو لەوەی هەموو شتێک تەواو بووبێ، بەڵام خراپتر لە یەکەمجار، من ئەو ژنە جەلادەم بینی کە کەمێک لە درکی داری ئەقاقیای پێ بوو، ئەو ژنە ئەو درکانەی بۆ کونکردنی چەند شوێنێکی سەر پێستم بەکار دەهێنا. دواتر دەزوویەکی ڕەنگ سپی قایمی بە ناو کونەکاندا برد بۆ ئەوەی بمدورێتەوە. لاقەکانم تەواو بێ هێز ببوون، بەڵام ئازاری نێوان لاقەکانم ئەوەندە زۆر بوو کە ئارەزووی مردنم دەکرد. دایکم منی لە نێوان هەردوو چۆکەکانی خۆیدا توند گرتبوو، منیش چاوم لێدەکرد.

چاوم کردەوە، ئەو ژنە ڕۆیشتبوو، من لە شوێنی خۆم نەمابووم و لەسەر زەوییەک لەلای گردێک خەوێنراوبووم. لاقەکانم لە گوێزینگەوە تا ڕانەکانم بەپەتی لەت لەت بەسترابوونەوە، بەجۆرێک کە نەمدەتوانی بجوڵێم. چواردەوری خۆم چاو لێکرد تەنیا دایکمی لێ بوو، ژنە قەرەجەکە ڕۆیشتبوو. سەیری ئەو بەردەم کرد کە چەند ساتێک لەمەوبەر جەستەی سڕ و ڕاکشاوی منی لەخۆ گرتبوو و بەخوێنی من تەڕ ببوو. وەک ئەوەی مریشکێکیان سەربڕی بێ، کەمێک لە گۆشتی لەشم، هی ئەندامی مێینەم لەوێ کەوتبوو، دەستی لێ نەدرابوو و لەبەر هەتاوەکە وشک دەبووەوە.

ڕاکشابووم و چاوم لەو خۆرە دەکرد کە لەسەر سەرم بوو، هیچ سێبەرێکی لێ نەبوو، ئەو گەرمایە هەمووی بەرەو دم و چاوم دەهات. تا ئەو کاتەی کە دایکم و خوشکم گەڕانەوە و منیان بردە بەر سێبەری کەپرێک، کە ئەوەیان نەریتێک بوو. شوێنێکیان لەژێر دارێک بۆ ئامادە کردبووم بۆ ئەوەی پشوویەک بدەم و چەند هەفتە بەتەنیا بمێنمەوە تا چاک دەبمەوە.

وامدەزانی ئازارم تەواو بووە، بەڵام هەر وەختێک دەمویست میز بکەم ئازارەکە دەستی پێدەکردەوە، ئێستە دەزانم کە بۆچی دایکم دەیکوت ئاو و خواردنەوە زۆر مەخۆرەوە، دایکم هۆشداری پێدابووم کە بە ڕێگەدا نەڕۆم. بۆیە نەمدەتوانی ئەو پەتانە بکەمەوە، چونکە ئەگەر برینەکانم کرابانەوە ئەوە دیسان کاری دوورینەوە دوبارە دەبووەوە. یەکەم دلۆپی میز کە هاتە خوارەوە وەک ئەوە وابوو تێزاب بەلەشمدا کرابێ. ژنە قەرەجەکە کاتێک منی دوورییەوە تەنیا کونێکی بچووکی بە ئەندازەی سەرە شقارتەیەک هێشتبووەوە بۆ میز و خوێن لە کاتی سوڕی مانگانەدا. مەبەستی سەرەکیی ئەو سووکایەتیکردن و ئازاردانە

بۆ ئەوە بوو کە پێش هاوسەرگیریم هیچ پێوەندییەکی سێکسیم لەگەڵ کەسدا نەبێ و هاوسەرەکەم بزانێ کە کچێکی دەست لێنەدراوی پێ گەیشتووە.

هەموو هەفتەیەک دایکم چاوی لێدەکردم بۆ ئەوەی بزانێ کە ئایا تەواو چاک بوومەتەوە. کاتێک کە تەقەڵەکانیان دەرهێنام بۆ یەکەمجار پاش ئەو کارە توانیم چاوێک لە خۆم بکەم، لەتە گۆشتێکی تەواو زیادیم بینی کە یەک شوێنی برینی هەبوو وەک زنجیرێک کە تەواو داخرابێ. ئەندامی مێینەم وەک دیوارێک داپۆشرابوو بۆ ئەوەی هیچ پیاوێک تا شەوی هاوسەرگیریم نەتوانێ لێم نێزیک بێتەوە، تا ئەو کاتەی هاوسەرەکەم بە چەقۆ یان فشارێک ئەو بدڕێنێ.

ئەوە بەسەرهاتی کچێک بوو لەو هەزاران کچەی ڕۆژانە بە شێوەیەکی زۆر کارەساتبار و قێزەون و دواکەوتوو نەریتی سەردەمی کۆیلایەتی زیندوو دەکەنەوە کە یەکێکیان هەمان خەتەنەکردنی ئافرەتە، ئەمەش ئەتککردنێکی بە زۆرییە کە پێوەندیی بەباڵادەستیی پیاو و پیاوسالارییەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**

* کتێبی فارسی (گل یَحرا)، چاپ و بڵاوکراوەی چشمە، تاران
* کتێبی (خەتەنەکردنی مێینە)، هیوا ساڵح

**٦ی فێبریوێری ٢٠١٤**

## لە قەندیلەوە بۆ کەورگۆسک



بارانی بەردەوامی ئەم چەند ڕۆژەی هەولێر خستمیەوە یادی ڕۆژانی سەختی ژیانی منداڵیم لە قەندیل. کاتێک لەبەر پەنجەری ژووری کارەکەمەوە دەمڕوانی باران، ژیانی قەندیلم بیرکەوتەوە.

لە بەیانیشەوە کە لەماڵ دەرکەوتووم، بە دیتنی ئەو پیاوە پیرانەی کە نانی ڕۆژانەیان لەسەر عەرەبانەیەکە و ئەویش لە ژێر ئاودا نقوم بووە، هێندەی دیکە دڵ پڕتر بووم.

باش لە یادم نییە، سێ یان چوار ساڵ بووم، ماڵمان لە "بۆڵی" بوو کە بەشێک لە بنەماڵەکانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لەوێ نیشتەجێ بوون. تۆپبارانی بەردەوام ژیانی پێتاڵ کردبووین و هەراسانی کردبووین. ئەگەرچی ئێمە زۆر ئەرکمان لەسەر شان نەبوو، بەڵام ئێستا هەست بە قورسایی ئەرکی سەرشانی دایک و بابەکان دەکەم.

زستانی قەندیل زۆر سەختە، بەفری زۆر و بارانی بەردەوام. ئەوکاتیش بێ ئیمکاناتی ئەوەندەی دیکە ژیان لە قەندیلی سەختتر کردبوو، بەڵام خەباتی نەتەوەیی، دڵی سارد نەکردبوونەوە و هەر وا دڵگەرم و پڕ لە هیوا بوون.

بەردەوام شەوانە کە دەخەوتین لە ترسی تۆپباران، زۆر جار سەنیر (بالیف)مان دادەنا و دایکم جلەکانی دەخستە کۆلەپشتیەکی بچوک و لە بن سەری من و گەلە و گەزیزەی خوشکمی دادەنان. هەر بە لیباسی چوونە دەرێش دەخەوتین. دەمکوت دایە بۆ ئاو ابخەوین؟ دەیکوت: مەبادا تەیارە بێت و شەو تاریکە و خێرا با حازر بین و خۆ بخەینە کونە تەیارەکەوە.

لە یەکێک لە شەوەکاندا بۆمباران دەستی پێکرد. دایکم خێرا پیلی گرتین و هەڵاتین بۆ کونە تەیارە کە زۆر لێمانەوە دوور نەبوو.

کە چووینە کونەتەیارە چرایەک هەڵکرابوو، جیرانەکانمان و ماڵەکانی دیکەش هاتبوونە ئەوێ. بابم و ئەوانیش ئامادەباش بوون و چووبوونەوە هێزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە ئەگەری هەر ڕووداوێکدا ئامادە کردبوو.

لە کونە تەیارەکەدا دایکم گۆشەیەکی بچوکی گرت و لەسەری دانیشتین، بەڵام بە درێژایی ئەوشەوە نەخەوتین، ترسی بۆمباران لەو لاوە، بەڵام کونە تەیارەکە بە هۆی باران بارینی بەردەوامەوە دڵۆپەی دەکردو تک تک وەسەرمان دەکەوت و هیچ چارێکیشمان نەبوو، تەڕبوون بە دڵۆپە زۆر لە کوژران بە بۆمباران باشتر بوو.

دڵۆپە تەواوی نێو کونە تەیارەکەی تەڕ کردبوو و زۆرمان سەرما بوو .تا گەیشتە بەیانی تەنیا گوێمان بۆ دوعای دایکم و ژنەکانی دیکە راداشتبوو کە دەپارانەوە "خودایە ئەوجارەش رزگارمان بکەی و ئەو پێشمەرگانەش هەموو سلامەت بن".

-----

ئەمرۆ لە پەنجەرەکەوە کە بۆ دەرەوە لەو بارانە بەخوڕەم دەڕوانی کە دەباری، بەو یادەوەرییە ئاوارەکانی رۆژئاوام لە کەمپەکان هاتە پێش چاو.

بڵێی ئەوان لە نێو چادر و سەرما و قوڕ و با و بۆڕاندا چ یادەوەرییەکاین بۆ دروست بێت؟ بڵێی ئەمشەو خەو چووبێتە چاویانەوە؟

ئەو بارانەی بۆهێندەکان بە پیت و بەرەکەتە، من زۆری پێ پەستم، چونکە ئەگەر بارانێک دەوامی ئەنجومەنی وەزیران رابگرێت و ئوتۆمبێلی لەگزز و وەنەوشە و مۆنیکای دەوڵەمەندان رەپێچەک بدات، دەبێ چی بەسەر چادری ئاوارەکان هێنابێ؟

بڵێی کەس ئەوانی لە یاد بێت و بە هانایانەوە بچن؟ بە هانای ئەو منداڵانەی کە ژیانی منداڵیان زۆر لە ژیانی منداڵیی من لەقەندیل سەختترە.

ژیانی منداڵیی من و منداڵانی ئاوارەی رۆژئاوا زۆر وەک یەک دەچێت، بەڵام من لە "بۆڵێ"ی قەندیل و ئەوانیش لە کەورگۆسگ و دارەشەکران و باسرمە.

بلێی خەڵکی کوردستان کۆرەوەکەیان بیر نەیەتەوە کە لە فیلمەکاندا دیارە چ نەهامەتیەککیان چێشتووە و لە قوڕ و سەرمادا چ ئازارێکیان دیتوە؟

بلێی ئەوانەیان لەبیر بێت و بۆ جارێکێش بێت ئاورێک لە ئاوارەکان بدەنەوە و تەنیا چاویان لە حکوومەت نەبێت؟ بلێی ئەو سەرمایەدارانەی کە دەیان باڵاخانە و خانوو و دوکانیان هەیە، لەو کاتانەدا ڕۆژە سەختەکانی ساڵی ١٩٩١یان وەبیر بێتەوە و بزانن ئەوەی ئەوان چێشتویانە، ئەورۆ هاونیشتمانیانی ڕۆژئاوامان تێیکەتوون و ژیانێکی سەختیان هەیە؟


ئەوکات کوردانی ڕۆژهەلات باوەشیان بۆ کردنەوە و نەیانهێشت بێکەس بن؟ دە ئێوەش باوەش بۆ ئاوارەکان بکەنەوە و مەهێڵن هەست بە ئاوارەیی بکەن.

سەردەمی کۆڕەوەکە و سەردەمی منداڵی منیش کەسی دەوڵەمەندمان کەم بوو، هەرێمی کوردستانمان نەبوو، لەگزز و وەنەشەشمان نەبوو، بۆیە کەس گلەیی نەدەکرد، بەڵام ئەی ئێستا نابێ گلەیی بکەین؟

دە تۆزێک هەستی مرۆڤدۆستانەتان بخەن پێش هەستی مادەپەرەستی و خۆشگوزەرانی و دەستێکی هاوکاری درێژ بکەن، با ئەوانیش لە ولاتی پڕ لە نەوتدا سەرما ڕەقیان نەکاتەوە و دڵە گەرمەکانیان سارد نەبێتەوە...تێبینی:

٨ی فێبریوێری ٢٠١٤

## یادکردنەوەیەک لە ڕۆژئاوای نیشتمانم




ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر سەردانەکەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمان بۆ ڕۆژئاوا کوردستان تێپەڕی. ساڵ چ زوو دەڕوات. سەردانم بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، یەکێکە لە سەفەرە مێژوویی و بە ئەزموونەکانم کە لەگەڵ ئەوەی بە پارچەیەکی دیکەی کوردستان شاد بوومەوە، توانیم لە نزیکەوە هەست بە خەمەکانیان و بکەم و لە هەمان کاتدا خۆشیە بچوکانیشیان ببینیم.

ژیانێک کە لە زۆر شتدا هاوبەشین و لە هەندێ شتیشدا بە هۆی هەمان داگیرکاری و پارچە پارچەبوونەوە، جیاوازی بەرچاومان هەیە. یەکێک لە خەمە هاوبەشەکان، خەمی نەتەوەییمانە کە ئەوانیش بەردەوام باسی کوردستانیان دەکرد و دەیانکوت هیواداریین ئێمەش ئەو ڕۆژە سەختانە تێپەڕینین و ڕۆژێک بە ژیانێکی ئارامتر بگەین.

خەمێکی دیکەش هەمان خەمی گەورەمە کە خەمی بێبەشکردنی ژنانە لە مافە ئینسانیەکانیان. لەوێ ئەوەندەی دیکە بۆم ڕوون بۆوە، چ ڕۆژئاوا بێت چ باشور چ ڕۆژهەڵات یان باکوور، تەنیا ڕێژەی کەم و زۆری هەیە، دەنا ژنان لە پارچەیەکی دیکە ئەگەر خەمەکانیان زیاتر نەبێت کەمتر نیە، بەڵام جیاوازی لە کێشەکان هەیە.

لەوێش ژنان زۆرتر وەک خزمەتکار دەبینرێن و لە بەشە میراتی خۆشیان بێبەش دەکرێن و کەمتر وەک پیاوان ئازادیان هەیە.

ئەو بەشەی کە لە ڕۆژئاوا سەرنجی ڕاکێشام، لەگەڵ ئەوەی ژنان ڕووبەڕوی زۆر کێشە و لەمپەر دەبنەوە، بەڵام کۆڵ نادەن و بەردەوام هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەدەن، هەرچەندە دیسان ژنانی ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەوەندەی خەمی نەتەوەییانە زۆر دەگمەن ئاوڕ لە مافەکانی خۆیان دەدەنەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە بەرگریکردن لە ئەو پارچەیە کوردستانمان سورن و



سەرچاوە Serchawe

خۆراگرانە بەرگری دەکەن و هاوشانی پیاوان بەشداری ئەو شۆرشە دەکەن کە بۆ ئازادی نیشتمان دەستیان پێکردووە و هیوادارم وەک پارچەکانی دیکە نەبێت و شۆرشی یەکسانی مافەکانی ژن و پیاوی بەدوادابێت نەک زیاتر خراپبوونی دۆخی ژنان.

لە هەمان کاتدا بە قسەکردن لەگەڵ ئەو ژنانە، بۆنی گلەییان لە سیستمی پیاوسالاری لێدەهات و هەستم بە خەمەکانیان لە دەست ئەو سیستم و کلتورەوە دەکرد. ئەو کلتورەی کە سەپاندوویەتی تەنیا پیاو دەستەلاتدار و گەورەی ماڵ و خاوەن بڕیارە و ژنیش بەخێوکەری منداڵ و خزمەتی هاوسەرەکەی دەبێ بکات.

ئەوەی زیاتر لەوێ نارەحەتی کردم، بێ خەبەری ئەوان بوو لە ژنانی رۆژهەڵات، بە دەگمەن سەرکردەیەکی سیاسی رۆژهەڵاتیان دەناسی و زۆر کەم ئاگایان لە دۆخی رۆژهەلات هەبوو، تا نەشمکوتبا کوردی ئێران نەیاندەزانی رۆژهەلاتی کوردستان مەبەستم هەمان کوردی ئەو پارچەیەیە. ئەوەش بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو داگیرکاری و پارچە پارچە کردنە و بەشێکیشی بۆ حزبە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان، کە لەبەر شەڕی دەسەڵات، کەمتر هەوڵیان بۆ زیاتر ئاشنا کردنی کوردی رۆژئاوا لە دۆخی پارچەکانی دیکە داوە.

ئەوان زیاتر ئاگایان لە هەوالەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئەویش چونکە لە رێگەی میدیاکانەوە و چاویان لێ دەکرد، لەوانەبوو ئەگەر میدیاکان نەبوایەن، ئەوەندەش زانیارییەن لەسەر باشوری کوردستان نەبایە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هیوادارم لە ئەزمونێکی نوێتر و سەرکەوتوتردا کەمتر خوێنی رۆڵەی کورد برژێت کە خۆبەخشانە چەکیان کردووەتە شان و لەگەڵ نەیاراندا دەجەنگن، هەروەها حزبە کوردییەکانی رۆژئاواش زیاتر خەمی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی نەتەوەییان بێت نەک بەرژەوەندی حزبی.

لە لایەکی دیکەشەوە، هیوادارم ژنان لە و پارچەیە زیاتر چالاک بن و بتوانین رایەڵێک دروست بکەین کە ژنانی ئەو چوار پارچەیە بتوانین هەموو پێکەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنانی کورد هاوبەش بین و لێک دانەبڕێین. ئەگەر سیاسەت کوردستانی پارچە پارچە کرد و پاشان حزبەکان درێژەیان بەو یەکنەگرتووییە دا و خەڵکانێکیان دابراند، با ئێمە ژنان پێشرەو بین و ئەو رێگەیە نەگرینەبەر و یەکگرتوو بین.

**یەکگرتوو بوون تەنیا زامنی گەیشتن بە مافەکانمانە.**

سپاسی دڵگەرمی هەموو ئەو بنەماڵانە دەکەم کە هەندێک لە وێنەکانیان دادەنێم و لەو چەند رۆژەدا باوەشیان بۆ کردمەوە

و هەستم کرد لە نێو دایک و خوشک و برای خۆمدا ڕۆژەکانم بەسەردەبەم.

هیوای سلامەتی بۆ هەموویان دەخوازم و لە دوورەوە چاویان ماچ دەکەم و ئارەزووی دووبارە دیداریان دەکەم.

بەو چەند دێرە شێعرەی جگەرخوێنی مەزن کە گۆڕەکەی لە قامیشلو بوو و سەردانم کرد و زۆر بێناز بوو، هیوای ئازادی بۆ ٣ پارچەکە دەخوازم و گەیشتن بە سەربەخۆیی یەکجارەکی.

ئەی کچێ ڕابە بخوێنە دا تو سەربەست هەر بژی
زوو ژ خەو توو سەرهلینە بەس بمینە بێ مەژی
گەر بخوێنی دێ بدی خواندن تو ئێ هونەرتەڤا
گەر نەخوێنی کەس ژ بوومە ئێش و دەردان ناکوژی
وا جگەر خوین خووەش دنالی دا کوژن پیشڤەهەڕن
دا ببیژن هەر بژی کورد هەر بژی کورد هەر بژی!

٢٦ی مارچی ٢٠١٤

## ژنان لە پشانگای کتێبیشدا ونن



پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، هەموو ساڵێک لە سەرەتا مانگی نیساندا دەکرێتەوە. کە ژمارەیەکی زۆر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەشداری تێدا دەکەن.

چەند هاورێیەکم رەخنەی زۆریان لەو پێشانگایە گرت کە یەکێک لەوانە بە ئەنفالکردنی زمانی کوردی بوو، کە دوێنی خۆم چووم بۆ پێشانگاکە ئەو بە ئەنفالکردنە زۆر بە زەقی دیارە بەجۆرێک کە هەتا دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە کوردییەکانیش بە عەرەبی نووسراون، بۆیە زۆر جار هاووڵاتیە کوردەکان نەیاندەناسینەوە. بۆ نمونە "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم" کە لەوێ بە "دار سردم" نووسرابوو چەند کەس کە لایلۆنەکەی دەستمیان دیت کە کە لۆگۆی ئەوانی پێوە بوو، هاتن پرسیان بۆ ئێمە دەزگای سەردەم نابینینەوە، لە کوێیە؟ بەداخەوە چونکە بە عەرەبی نووسرابوو، کەم کەس دەیدیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جێگای ژوورەکانی پێشانگا وا هەڵکەتووە زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی ناوەکان بە کوردی بنووسرێن و لە تەنیشتیشی ناوە عەرەبییەکەش بنووسرێت.

لە بەشێکی دیکەی پێشانگاکەدا کە زۆرتر بە کتێبی عەرەبی تەنرابوو، کەمی کتێب بوو لە بارەی مافی مرۆڤ و هەروەها لێکۆلینەوە و رەخنەکان لەسەر بزوتنەوەکانی ژنان و مێژووی بزووتنەوەکانی ژنان و کێشەکانیان. لە هەموو دەزگای چاپ و پەخشەکانی عەرەبییەوە تا دەگاتە کوردییەکان کە زۆربەیانم بە وردی چاو لێکرد تێیدا نەبوو، زۆرتر کتێبی مێژوویی، ئاینی، سیاسی، ئابووری، یاسایی لەگەڵ پەروەردەیی بوون.

هەر چەندە سەرچاوەی باش بە عەرەبی لەو بوارانەدا هەبوون، بەلام بەداخەوە وەک پێشنگایەکی نیودەوڵەتی نەدەچوو، زۆرتر وەک ئی رۆژهەلاتی ناوەراست دەچوو ئەویش بەو کەموکورییەی کە زۆرتر عەرەبی بوون و چەند ژوورێکی ئینگلیسی و

هەروەها ٥ ژووری چاپ و پەخشی کوردی لێبوو.

لە نێو کتێبە کوردییەکانیشدا دیسان لەو سەرچاوەی سەرەوە کە باسم کرد و لە کێشە بەرچاوەکانی ژنان کتێب هەر نەبوو، هەروەها نووسەری ژنیش زۆر کەم هەبوون.

کە ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە تا ئێستا ژنان نەیانتوانیوە لە بوارەدا زیاتر خۆیان پێ بگەیەنن و تیۆرییانە باسەکان بخەنە روو و بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە ریشەییانە بۆ چارەسەری کێشەکان بچن. ئەوەش رەخنەیەکە لە خودی ئێمەی ژنان کە کەمتر ئاوڕمان لە بواری نووسین و لێکۆلینەوە داوەتەوە کە ئەوەش هۆکاری جیاوازی هەیە.

جگە لە نەبوونی ئەو سەرچاوانەی باسم کرد، ئەو ژنانەی کە دەهاتنە پێشانگاکەش ئەوەندەی سەرنجم دا، زۆربەیان هەر بە دوای کتێبی ئیسلامیدا دەگەران یان دەچوون لە دەوری ئەو کتێبە بچووکانە کە باسی خواردن دروستکردن و ماسکی دەمو چاو و نینۆک بوون، کۆدەبوونەوە کە دەزگای چاپ و پەخشە عەرەبییەکان ئەو سەرچاوانەیان زۆر بوو. راستە ئەوانە بۆ هەر ژنێک پێویستن، بەلام پێم وایە لە دەرفەتێکی ئاوادا کە ساڵێ جارێک هەڵدەکەوێ، سەرچاوەی لەوە گرنگتری تێدابوو کە ژنان بە پێی تایبەتمەندی بوارەکەیان دەیانتووانی بیکڕن و خۆیان پڕ زانیاری تر بکەن، نەک هە ر خەریکی ماسک و خواردن دروست کردن بن.

پێم وایە قۆناغی نوێی کاری چالاکانی ژنان و رێکخراوەکان، دەبێ گرنگیدان بە نووسین و لێکۆلینەوە لەسە رپرسەکانی ژن بێت کە یەکێکە لە سەرچاوە کاریگەرییەکان بۆ زیاتر رونکردنەوە و شرۆڤەکردنی کێشەکان و دیاریکردنی رێگە چارەکان.

خوێندەوە و نووسین دەتوانێ بە زۆر هۆکاری نوێ ئاشنامان بکات و دەتوانێ رێمان پێشان بدا زیاتر بچینە ناخی کۆمەڵگە و کێشەکانی و ریشەییانە پرسەکە چارەسەر بکەین و لەو دۆخی روکەش بوون دووبارە بوونەوەیە کە زۆرتر لە بۆنە تایبەتییەکانی ژنان وەبیرمان دێتەوە، بێینە دەرێ.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٤

## حەپسەخانی نەقیب، ژنێک لە پێش سەردەمی خۆیەوە




ئەمڕۆ ساڵڕۆژی کۆچی دوایی حەپسە خانی نەقیبە. ئەو ژنە فکر و کردار و ئامانجەکانی لە پێش سەردەمی خۆیەوە بوو. ئەو سەردەمی ئەو تێیدا بوو، بە دەگمەن هەڵدەکەوت ژنێک بتوانێت دەستەڵاتی هەبێت و شان لە شانی پیاوان بدات و باس لە مافەکانی ژنان بکات.

ئەو ژنەی کە نزیک سەدەیەک لەمەوبەر بە پەروەردەکردنی ژنان لە ڕێگەی دامەرزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردییەوە دەستی پێکرد کە دواتریش یەکەم ڕێکخراوی ژنانی لە ساڵی ١٩٣٠دامەزراند.

حەپسە خانم، نمونەی ژنێکی بوێر و دەگمەنی کوردە کە تا ئێستا ژنی ئاوا دەگمەن هەڵنەکەوتووە و نەتوانراوە چەند حەپسە خانم پێ بگەیەنرێت.

حەپسە خانم لەگەڵ خەمی نەتەوەیی و هاوکاریکردنی لایەنە کوردییەکان لە پارچە جیاوزەکاندا، ژنانی لەبیر نەکرد و هەمیشە هەوڵی بۆ پێگەیاندنیان داوە. ئەو سەردەمی حەبسە خانم شانازیی بە ژنایەتییەوە دەکرد، مافی ژن لە ناو کورددا هەر باس نەدەکرا. لە دوای ڕاپەڕینەوە پرسی ژن تا ڕادەیەک کەوتە سەر زاران و ئاوڕی لێدراوەتەوە.

بە ئاوڕدانەوە بۆ سەردەمی حەپسە خانم، ئەگەر چی نەگەیشتە ئامانجی سەرەکی، بەڵام دەتوانین کارەکانی حەپسە خانم بە شۆڕشێک بۆ ژنانی کورد ناوزەند بکەین. ئەو شۆڕشەی کە تا ئێستاش لە سەردەمێکی زۆر مۆدێرندا جێ نەکەوتوە و لە یەکنەگرتوویی و زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکاندا خول دەخواتەوە و نەماتوانیوە ڕێکخەری بزووتنەوەیەکی سەراسەری

ژنان بین.

بە چاولێکردن لە مێژوویی ژیانی حەپسە خانم، دەتوانین چاو لە ئەمرۆ بکەینەوە و بزانین کە ژنان ئەگەر چی لە سەردەمی کۆندا کەم دەرکەوتن، بەڵام خاوەن دەسەڵات بە توانا بوون . بەلام ئەمرۆ ژنی بە توانا هەن ئەگەر چی کەمن و زیاتر بی تواناکانن لە ڕێگەی حزبەکانەوە پێشی لەشکراییان گرتوە و پرسی ژنیان ئاڵۆزتر کردوە، نەک خزمەتکردن بە پرسەکە.

پێویستە جارێکی دیکە چاو بە ڕۆڵی ژنان لە مێژووی کوردا بخشێنینەوە و حەپسە خانمەکان بکەینە سەر مەشقی ئێستامان و وردتر و تێگەیشتوانەتر، دووبارە پرسەکانی ژن و کێشەکانی لە سەردەمێکی جیاوازتردا پێناسە بکەینەوە.

ئێمە نابێ ئەو ژنانە لە یاد بکەین و بە ئەرکی دەزانم ئەو ڕێکخراوانەی کە مانگانە بودجەیەکی زۆریان هەیە، بەڵام لە بێ پلانیدا نازانن چۆنی خەرج بکەن، یادێک یان ڕۆژی لەدایکبوونی ژنە بە توناکانی کورد لە مێژوودا بکەنە بەهانەیەک بۆ کۆکردنەوەی زیاتری ژنان لە دەوری یەک و ڕاگەیاندنی پلان و هەروەها بەستنی کۆنفراس کە تێیدا بە توێژنەوەی نوێ بتوانین ڕێگە چارەی نوێ بۆ کێشەکان ببینەوە. با لە مێژووی کورددا ژنان جێ پەنجەیان دیار بێت، نەک هەر چاومان لە ڕۆژە جیهانیەکان بێت.

پلانی تۆکمە بە پشت بەستن بە تواناییەکی باش و زانستیانە، دەتوانێ بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ ژنان یارمەتیدەرمان بێ بەدوور لەو دۆخە دژوارەی ئێستای ژنان لەو سەردەمی دیموکراسیدا.

١٢ی ئەپریلی ٢٠١٤

## تا ئێستا خەڵکی کوردستان بە روخساری ژن لە نێو راگەیاندن رانەهاتووە




تا ئێستا خەڵکی کوردستان بە روخساری ژن لە نێو راگەیاندن رانەهاتووە. بەتایبەت لەو شوێنانەی کە شەڕی تێدایە کە بەرچاوترین نمونە هی ئەم چەند رۆژەیە کە چەند ژنە رۆژنامەنووسێک لە کاتی جیاواز و لە چەند کەناڵی راگەیاندنی جیاوازدا رۆماڵی دۆخەکەیان کردوە.

بە دەیان پەیامنێری کوڕ رۆژانە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە روماڵی ئەو دۆخە ناهەموارە دەکەن و هەر پێیان دەڵێن "دەست خۆش". بە لام ئەگەر ژنێک کاری روماڵەکە لە دەرەوەی ستۆدیۆ بکات، سەرکەوتو بێ یان نا، تەنیا جنێو وشەی ناشیرنی بۆ دەنوسن و یەکەم قسەشیان ئەوەیە کە دەڵێن بەشکو داعش بتگرێت و نیکاحت لەگەڵ بکات. ئەوەش نیشانی دەدا کە زۆربەی کۆمەڵگەی کوردی ژن تەنیا بۆ خاوکردنەوەی نێوگەڵیان دەبینن.

دەبێ ئێمە ژنان، خۆمان لە چوارچێوەی رازاندنەوەی شاشەکان رزگار بکەین و هاوشانی پەیامنێرە کورەکان لە شوێنی ئەستەمیش کاری راگەیاندن بکەین. وەک دەبینین ژنانی راگەیاندنکار لە ناوچە شەڕاویەکانی جیهان قوربانیشیان بۆ داوە، بەلام عەقلیەتی پیاوسالاری ئێمە، لە دەزگاکانی راگەیاندنیش ژنی تەنیا بۆ رازندنەوەی شاشە و دەنگە ناسکەکەی دەوێت بۆ ئەوەی سەرنجی زیاتری پیاوان بۆ دیتنی شاشە و بیستنی رادیۆکانیان رابکێشن.

وێنەکەم لە ماڵپەری رووداو وەرگرت کە یەکێک لە ژنە راگەیاندنکارەکان "سیما ئابخزر"لە کاتی روماڵکردن لە کەرکووک.

۱٥ی جوونی ۲۰۱٤

## سکاڵایەک بۆ مەزارە بێ نازەکەت شێرکۆ بێکەس



٤ی ئاگوست، ساڵوەگەری کۆچی دوایی شاعیری مەزن، شێرکۆ بێکەسە. هەر وەک پێشتر لە کورتە نوسینێکدا نووسیبووم وەک پێویست بەرەو ماڵی ئەبەدی بە جوانی بەڕێنەکرا.

دەمێک بوو دەمهەویست بچمە سەر گۆڕەکەی و تامەزرۆی لە پەنا دانیشتنی گۆڕەکەی بووم. یەکەم جار لەبەر برادەرانی عەرەب بە نسیبم نەبوو و ئەوان لەسەر مەزاری شێرکۆی نەمر، سەرقاڵی توندکردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانیان بوون. خەتای ئەوان نییە و خەتای خۆمانە. دەنا بڕوا ناکەم ئەوان شێعری "نامەیەک بۆ خوا (سکاڵا)"ی شێرکۆیان بیستبێت و لەوە توڕە بن و بێن لە سەر ئەو هەموو زەویی خوداییە، لەسەر گۆڕەکەی ئەو پێڵاوەکانیان توند بکەنەوە.

جاری دووەم لە ئێوارەیەکی خۆرەتاوی سلێمانیدا بە مەزارەکەی شاد بوومەوە. مەزارێک کە زۆر بێ نازە. وەک ئەوەی چەندین ساڵ بێت و کەس ئاوڕی لێ نەدابێتەوە. نە ناو و نە ناوونیشانێک، ئەگەر ریفلێسکی پشت سەری نەبێ کە ئەگەر ڕەشەبا لێی نەکاتەوە و تینی گەرما کەم ڕەنگی نەکاتەوە، دەگمەن دەزانن ئەو مەزارە ئی کێیە ؟ بۆ لەوێ نێژراوە؟ ئەوە هەموو ڕێزگرتنە بۆ شێرکۆی مەزن...؟

بە دڵێکی پڕ لە گلەیی و بە ئارەزوویەک بۆ باشترکردنی مەزارە بێ ناوونیشانەکەی و لەبەر خۆمەوە و بە گوتنەوەی شێعری "بەیان"کە یەکێک لە جوانترین شێعرەکانە لەلام، ماڵئاواییم لێکرد.

٣ی ئاگوستی ٢٠١٤

## جیهادی نیکاح و عەقڵییەتی نێرسالارانەی راگەیاندنی کوردی




ماوەیەک لەمەوبەر چەند جارێک هەواڵی وا بڵاوکرانەوە کە هێندێک لە ژنانی لایەنگری چەکدارانی تۆندڕۆی ئیسلامی ئامادەن بەناوی جیهادی نیکاحەوە لەشی خۆیان بخەنە بەردەستی ئەم چەکدارانەوە. بە پێی ئەم هەڵسوکەوتانەی چەکدارانی تۆندئاژۆی بە ناو ئیسلامی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تاوانانەی ئەو چەکدارانە دەرحەق بە ژنان و کچانی کەمتەمەن ئەنجامی دەدەن، روانگەی ئەوان بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە.

دیارە ژنانی لایەنگر و پەروەردەی کولتووری ئەم چەکدارانەش وەک ئەوان بیردەکەنەوە و سکسفرۆشیی بە ناوی جیهادی نیکاح هەر لە ئەوان دەوەشێتەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە عەقڵییەتی نێرسالارانە و دواکەوتووی راگەیاندنی کوردییە. لەکاتێکدا شەڕێکی نیشتمانی بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە ئەوەندە خێران تا بیر لە رووداوێک دەکەیەوە، چەند رووداوی چاوەڕوان نەکراو روودەدەن، راگەیاندنی کوردی هەروا لەسەر جووڵاندنی هەستی نێرخوازانە بەردەوامە. لە کاتێکدا گریلا ژنەکان لە سەنگەرەکانی بەرخۆداندا ئاگر بەسەر نەیاراندا دەبارێنن و بەشێکی بەرچاوی ژنانی باشوور لە ریزی پێشمەرگەدا خەریکی خۆ ئامادەکردنن، لەکاتێکدا ژنانی پێشمەرگەی حیزبەکانی رۆژهەڵات خۆ دەکوتن بۆ ئەوەی بچنە بەرەکانی شەڕی دژی نەزانی، راست لەم کاتەدا میدیای باشوور داعشیانە هەستی نێرسالارانە دەبزوێنێت.

ئەمڕۆ راگەیاندنی کوردی لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە ژنە شاعیرێک بۆ جیهادی دژ بە داعش ئامادەیە ولە ماڵپەڕێکیشدا هەواڵی جلە نوێیەکانی "کیم کارداشیان"ی بڵاو کردووەتەوە کە چۆن سەرنجی پیاوانی مێخواز رادەکێشێت.

ئەم هەواڵانە ئەوە دەگەیەنن کە زۆربەی پیاوانی ئێمەش لە بواری روانین بۆ ژنەوە بە هەمان کولتووری داعشیەکان

پەروەردە کراون.

میدیا و پێشمەرگەی نەتەوەی یەکسانیخوازی پێشکەوتووی دیموکرات فشەیان بە جیهادی نیکاح دێت. هەرچەند باس کردن لە شێوازی جوانی جل و بەرگی ژن و پیاو لەمیدیای جیهاندا باوە، بەڵام ئەم وێنانەی کیم کارداشیانیش لەم هەلوومەرجەی کوردستاندا تەنیا لە پێناو بیرکردنەوەیەکدا بڵاو دەکرێنەوە کە ئاخێز و شوێنی سەرهەڵدانی ئەم بیرکردنەوەیە کولتووری دواکەوتووی داعشیانەیە. ئەوە تۆزقاڵێکە لە نەزانی و سەرلێشێواوی و بێ بەرنامەیی ڕاگەیاندنی کوردی.

١٩ی ئاگوستی ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

## ئەگەر لە دەستم بێ لەم ساڵی ٢٠١٥یەدا.



ئەگەر لە دەستم بێ لەم ساڵی ٢٠١٥یەدا، هەموو چەکەکانی دنیا دەشارمەوە، با چیدی دیکە کەس نەکوژرێت و منداڵ بێ دایک و باب نەکرێت.

ئەگەر لە دەستم بێ، لە جێگەی هەر دۆشکە و قەناسێک، دارێک دەچێنم و لە جیات بۆنی باڕووت دنیا پڕ لە بۆنی سروشت دەکەم.

ئەگەر لە دەستم بێ، بۆ روحی پاکی هەر شەهیدێکی نیشتمانم نەمامێک دەڕوێنم

ئەگەر لە دەستم بێ، یاسا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاردێنم نەک شاردنەوەی تاوانە گەورەکانی دەسەڵاتداران.

ئەگەر لە دەستم بێ، هەموو ژنان کۆدەکەمەوە و پێیان دەڵێم وەرن هەموو پێکەوە دژبە پشێلێکردنی مافەکانمان دەنگ هەڵبڕین.

هیوادارم ئەمساڵ ساڵێکی خۆش بێت و ئارامیمان بۆ بگەڕێتەوە.

ببورن بە هۆی نەبوونی دەرفەت پیرۆزباییکردنەکە و وەڵامدانەوەی نامەی پیرۆزباییەکانتان وە درەنگ کەوت.

**٢ی جانیۆری ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## ژن لە رۆمانی کۆچی هەورە تریشقەدا




"کۆچی هەورە تریشقە" یەکەم رۆمانی مستەفا شێخەیە، کە لە لایەن "خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی"یەوە، لە هەولێر چاپ کراوە. نووسەری کۆچی "هەورەتریشقە" تا ئێستا تەنیا چەند چرۆکێکی لە گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاو بوونەتەوە و ئەوە یەکەمین بەرهەمییەتی لە بواری گێڕانەوەدا وەک کتێب بڵاو دەبێتەوە.

کۆچی هەورەتریشقە بەقەبارە بچووکە و سەد و پەنجا لاپەڕە لە خۆ دەگرێت، بەڵام چڕیی گێڕانەوە و تەکنیکی تایبەت، خوێنەر بەرەورووی خوێندنەوەی چەند چیرۆکی چڕکراوە لەنێو یەکتردا دەکات. کۆچی بە قاچاخی کۆمەڵێک مرۆڤ لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا، ژیانی رەزای کەسێتیی بگێڕەوەی رۆمانەکە، ژیانی ئەفسانەی گێلاساوایی، بەسەرهاتی سەفەرعەلیی بلوت ئۆغلۆی تەورێزی، بەسەرهاتی مەش بایرامی کۆنە ژاندرمەی خانەنیشن کراو و... دەکرێت وەک چیرۆکی سەربەخۆ و تێک تەنراو لەم دەقەدا ئاماژەیان پێ بکرێت.

راوی یان بگێڕەوەی رۆمان، بەم دێڕانە دەست بە گێڕانەوە دەکات و بەتەمایە نامەیەک بۆ ئەفسانەی خۆشەویستی بنووسێت: "سڵاو ئەفسانە، من گەیشتمە تونجەلی. بەڵێنیم پێدابووی لەکوێ زانیم دەگیرسێمەوە، بە شێوەیەک ئاگادارت بکەمەوە. لەسەر بەڵێنیی خۆمم. تا ئێستا لە کاغەز و قەڵەم بەم لاوە دەستم وەهیچ رانەگەیشتووە." (ل ٧)

ئەمەش چەند رستەی کۆتایی ئەم گێڕانەوەیە:" ئەفسانەی من، لەو کاتەوە لە سووکە خەوەکە رابووم، قەڵەم و کاغەزم پێیە و خەریکم ئەم نامەیە بنووسم، تەنیا چەند دێڕێکی کەمم بۆ ڕەش بووەتەوە. رەنگە ئەم پەڕە کاغەزش بدڕێنم و نەینێرم." (ل ١٥٦)

لە سەرەتا و کۆتایی ئەم گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێت "رەزا" لەجیاتی ئەوەی نامەکە دێر بەدێر بنووسێت، تەنیا لەو ماوەکورتەدا دەست بەقەڵەم، بە سەفەرە قاچاخەکەی نێوان ئێران و تورکیا، یان بڵێین دوو پارچەی رۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا گەڕاوەتەوە و چۆتەوە سەر ئەو فلاشبەکانی لە کاتی ئەم سەفەرە دوو رۆژەیدا بە مێشکیدا هاتوون و بە بەشێک لە ژیانی رابردوویدا گەڕاوەتەوە.

ئەم رۆمانە لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و ئەوەی من دەمهەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ژیانی ژنی کورد لە نێو دەقەکەدایە.

نزیکەی ٢٠ کەسایەتییەک بە ناوی خۆیانەوە لەم گێڕانەوەیەدا بەشدارن. رەزا، مام بارام، توورەج، مام تاهیر، مەش بایرام، سەفەرعەلی بوڵوت ئۆغڵوو، مام میرۆ و چەند پیاوی دیکە. ئەفسانەی مەش بایرام، ئەفسانەی گێلاساوا، دایە مەرجان ، مامان، هەنار و تەهمینەش بەشی بەرچاوی کەسایەتییە ژنەکانی نێو کۆچی هەورەتریشقەن. لە پیاوەکان رەزا و لە ژنانیش ئەفسانەی گێلاساوا دوو کەسایەتیی سەرەکیین. ئەفسانەی گێلاساوا هەوساری بەشێکی زۆری گێرانەوەکە لە رەزا وەردەگرێت. رەزای بوڵوت ئۆغلوو کەسایەتیی سەرەکیی پیاو و بگێڕەوەی دەقەکەیە. رەزا، لە منداڵییەوە نەبوونی ژن لە ژیانیدا تووشی چارەنووسێکی تراژیدیی دەکات. رەزا دوای لەدایکبوونی، نزیکترین ژن لە خۆی کە دایکیەتی لەدەستی دەدات و بەهۆی بێ دایکیەوە تووشی چارەنووسێک دەبێت کە هەوەتیی خۆشی لێ ون دەبێت. رەزا لەو کاتەدا دەکەوێتە بەردەست دایک و باوکێکی وەجاخکوێری ئازەرییەوە و لە زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە و لە شارێکی دوور لە زێد و نەتەوەی لە کاتێکدا بەشێک لە ژیانی سەردەمی منداڵیی لە بیرە، دەکەوێتە بەر پەروەردەیەکی جیاوازەوە.

سەرەتای رۆمانی کۆچی هەورەتریشقە لە کۆتاییەکەیەوە دەست پێدەکات. رەزا لە کاتێکدا بەتەمایە نامەیەک بۆ ئەفسانەی خۆشەویستی ژیانی بنووسێت، بەخەیاڵ بەڕابردووی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە. ئەوکاتەی هەست بە پشکوتنی هەستی پیاوەتیی خۆی دەکات، لە شاری تەورێز تووشی ئەفسانە ناوێک دەبێت. ئەفسانەی مەش بایرام، کچە ئازەرییەکی جوان و رێکوپێکە و، لە کاتی گەنجێتیدا سەرنجی رەزا بۆلای خۆی رادەکێشێت و گیرۆدەی دەکات. رەزا، گیرۆدەی ئەفسانە دەبێت و هاوکات لەگەڵ مەش بایرامی باوکی ئەفسانەدا ئاشنا دەبێت. لێرەدا روانینی گەنجانەی رەزا بۆ ژن، روانینێکی مێخوازانە و سێکسخوازانەیە. کاتێک مەش بایرامی کۆنە ژاندرمەی خانەنشینکراوی باوکی ئەفسانە بەسەرهاتی دەستدرێژیی سێکس بۆ سەر ژنێک لە گوندێکی کوردستان بۆ رەزا دەگێڕێتەوە، رەزا ئەوەندەی دیکە هەستی مێخوازانەی دەبزوێت و لە کاتی گێرانەوەی دەستدرێژییەکەی مەش بایرامدا ئەفسانەی کچیشی بە پێشاندانی لەش و لاری لە پشت سەری باوکییەوە، ئەوەندەی دیکە سەرنجی رەزا لەسەر ئەم خولیایەی وردتر دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک ڕەزا لەگەڵ هاوڕێیانیدا، لە تەورێزەوە دەچێتە بەرەکانی شەڕی ئێران و ئێراق، لەوکاتەشدا لەگەڵ هاوڕێکانی بەو هیوایەن ئەم بەشداریکردنەیان لە بەرەکانی شەڕدا ببێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کچانی گەڕەکەکەیان. لە دیالۆگی نێوان هاوڕێکانیدا لە بەرەکانی شەر لە باشووری ئێران یەکیان دەڵێت: "ئەگەر نەکوژرێین، لەکۆڵانی خۆمان پۆز لەسەر کچان لێ دەدەین و دەڵێین، ڕەزمەندەین و تازە لە جەبهەی شەڕ گەڕاوینەتەوە." (ل ٧٢)

## ئەم هەستەی ڕەزا لە درێژایی گێڕانەوەکەدا سەرهەڵ دەدات و ڕۆدەمرکێتەوە:

لە وەسفی ئەفسانەی مەش بایرامدا دەڵێت: دوو سێوی سپی لەسەر مێزەکەی بەردەم ئەفسانە، دەڵێی بە تەمان لەنێو میوەکانی دیکەوە هەڵبەزنەوە. ڕێک بە قەرایی یەکترین، سپی. هەردووکیان قاچکەکانیان کەوتووەتە ژێرەوە و لای گوڵووکیان ڕووە و سەرەوەیە. سێوکانی ئەفسانەن. خۆیان بۆ نەوی دەکات و دەستیان بۆ دەبات. هەردووک سێوەکانی خۆی کەمێک شۆڕ دەبنەوە. کراسەکەی لێ ناگەڕێ، بکەونە نێو دەفری میوەکانەوە. چ دەبوو کەوتبانە نێو دەفرەکەوە؟ هەڵدەبەزنەوە. نەرم و تورت و پڕ. دەستیان دەدەمێ."(ل ٣٢)

بەم جۆرەش ئەفسانەی گێلاساوا دەبینێت: "کاتێک لە قاڵدرمەکانی دەرگای ئیدارەکە بەرەو حەوشە قەڵەمبازت هاویشت، سەمای سینەت حەجمینی لە مانتۆ تەسکەکە هەڵگرت و خەریک بوو دوگمەکان بترازێنێت."(ل ٣٦)تەهمینەی هاوسەفەری ڕێگا قاچەخەکەش بەم شێوەیە دەبینێت: "جێب لەندوێرەکە بە نێو بەردەڵانەکاندا ئەوەندە بە ئەملا و ئەولایدا داببوین، هەموو شان و پیل و سەر و ملمان ژانی دەکرد. تەهمینە دابەزی. بۆ ماوەیەک دەشەلی. لەبەر ژانی کەمەری کووڕ ببووە. لێرەدا نەم توانی چاوی لەسەر هەڵبڕم. لە دواوەڕا تێی ڕامام. بردمییەوە بەردەرگای تەسکی نێوان ماڵ و دووکانەکەی مەش بایرام. دیسان مێزە ئاسینەکەی بەردەم مەش بایرام لێم بۆوە بە ئەفسانەی کچی. تەهمینە ڕووی وەرسووڕاند و ئەم جارە لێم بوو بە ئەفسانەی خۆم." (ل٣٩ - ٤٠)

ئەوەی سەرەوە کورتەیەک لە ڕوانینی پیاوانەی ڕەزایە بۆ ژن، بەڵام ئەو کاتەی ئەفسانەی گێلاساوا دێتە نێو ڕووداوەکانەوە، گۆڕانێکی بەرچاو لە گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت. ڕەزا بە هۆی ئەوەی هاوسەری باوکە خوازاوەکەی واتە سەفەر عەلی بوڵوت ئۆغلو دژایەتیی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەفسانەی مەش بایرامدا دەکات، بە ناچاری لە ژێر ڕێنوێنیی سەفەرعەلیدا بەرەو گێلاساوای زێدی دەگەڕێتەوە و لەوێ لە ئیدارەی کشتوکاڵ بەسەر ژیانێکی تازەدا دەکەوێت و لەگەڵ ئەفسانەی گێلاساوا ئاشنا دەبێت.

ئەفسانەی گێلاساوا، نوێنەری جیلێکی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ و بەرهەمی خەباتی نەتەوەکەیەتی. ئەفسانەی گێلاساوا لە

ژنانی بەرلەخۆی جیاوازە. دایکی ئەفسانە نەخوێندەوارە و هاوسەری پێشمەرگەیەک بووە، کە باوکی ئەفسانەیە و لە شەڕدا گیانی لەدەست داوە. دایکی ئەفسانە مێردی بە زڕباوکی ئەفسانە کردووەتەوە و ئەویش لە بەرەی دژ بە باوکی ئەفسانەدا کوژراوە.

لەنێو کەسایەتییە ژنەکانی کۆچی هەوەرەتریشقەدا سێ ژنی کورد دەردەکەون. دایەمەرجانی دایکی ئەفسانەی گێلاساوا. دایەمەرجان، نموونەی ژنێکی سوونەتیی کوردە کە شوو بە ئامانجی پێشمەرگە دەکات و دوای لەدەستدانی هاوسەرەکەی لە چیای قەندیلەوە دەگەڕێتەوە گێلاساوا و لەوێ لە هەوڵی گەورەکردنی ئەفسانەی کچی دایە. دایەمەرجان، لەپێناو پاراستنی ئابڕووی خۆی، بەپێی نەریتی کۆمەڵگا و گەورەکردن و پێگەیاندنی ئەفسانە بە ناچاری شوو بە کەسێک دەکات، کە چەکداری حکوومەتە و دژی باوکی ئەفسانەیە. دایەمەرجان، بە مەبەستی درێژەدان بەم ژیانە ناچارە پێچەوانەی حەزی دڵی خۆی بژیێت.

کەسایەتییەکی دیکەی ژنی کوردی ئەم رۆمانە ناوی هەنارە. هەنار هاوڕێیەکی ئەفسانەیە و بە هۆی کێشەی سیاسی لەگەڵ هاوسەرەکەی لە یەکتر جیا بوونتەوە و لە درێژەی رۆماندا لە نەریتی باو لا دەدات و، بێ ئەوەی ببێت بە هاوسەری رەزای خۆشەویستی ئەفسانە، لەسەر دەستی مەلایەکی فێڵباز بەپێی یاسای وڵات دەبێت بە هاوسەری یاسایی رەزا و، لەڕاستیشدا ئەفسانە بێ ئەوەی کاروباری یاسایی و باوی نێوان دوو هاوسەر لەگەڵ رەزا جێبەجێ بکات، لە کۆتاییدا دەبێت بە هاوسەر و هاوژینی و وەک ژنێکی چالاک و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، بەشداری رووداوەکانە.

لێرەدا گرنگیی رۆڵی ئەفسانەی گێلاساوا وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی ژنی کوردی ئەم سەردەمەدا خۆی دەنوێنێت.

بە دەرکەوتنی ئەفسانەی گێلاساوا، ئەفسانەی مەش بایرام کە کچە تەورێزیە، لە ژیانی رەزادا بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و ئەفسانەی گێلاساوا دەبێت بە رێنوێن و رێبەری گۆڕانکاری لە ژیانی رەزا و رەوتی رۆمانەکەدا. ئەفسانە لەکاتێکدا دڵی رەزا رادەگرێت، لەگەڵ ژیان و نەتەوەی خۆی ئاشنای دەکات و لە رەوتی رووداوەکانی دەگەیەنێت.

**لە پرۆسەی داڕشتنەوەی کەسایەتییەکەیدا دەیگەڕێنێتەوە سەر بنەچەکەی خۆی و هەوەتیی خۆی پێ دەناسێنێتەوە.**

کاتێک لە ماوەی ئاشنابوونی ئەفسانە و رەزا زۆر وشەی سنووری دەستکرد دەبیسێت، لە ئەفسانە دەپرسێت، سنووری دەستکرد یانی چی و ئەفسانەش دوای ئەوەی باس لەوە دەکات سنووری نێوان دەوڵەتان بە تایبەت ئەو سنوورانەی نەتەوەیەک دابەش دەکەن، دەستکردن، بەم شێوەیە باسی سنووری بۆ دەکات: "سنوورەکان دوو جۆرن. سنووری سروشتی و



سەرچاوە
Serchawe

سنووری دەستکرد. بۆ نموونە، سنووری نێوان دەریا و وشکانی سنووری سروشتین. سنوورەکانی نێوان قارە لە یەک دابڕاوەکانی جیهان سنووری سروشتین. سنووری نێوان وەرزەکانی ساڵ سروشتین. سنووری نێوان نێر و مێش سروشتین. سنووری نێوان مافی زۆری پیاوان و مافی کەمی ژنان سنووری دەستکردن. سنووردارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ سنووری دەستکردن." (ل ١١٢)

ئەفسانە وێڕای ئەوەی وەک هەموو ژنێک خاوەن هەستی ژنانەیە، بەڵام کچێکی چاوکراوەیە. لە قوتابخانەی شۆڕش خوێندوویەتی. شارەزای زمانی کوردییە و، خەریکە رەزاش فێری زمانەکەی خۆی دەکاتەوە. خاوەنی کتێبخانەیە و خوێنەرێکی بەردەوامە. تەسلیمی ئەو هەوەتییە نابێت، کە بەهۆی کوژرانی باوکی لە لایەن دوژمنانی ئەوەوە بۆی دروست کراوە. لە کاتێکدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بووەتە کارمەند، خەریکە زمانی کوردی دەباتە نێو ئیدارەکەشی. ئەو کاتەی رەزا بە پەروەندەی پارچە زەوییەکی داگیرکراوەوە سەر لە ئیدارەکەیان دەدات، بەهۆی خوێندنەوەی شیعرێکی خەییامەوە، کە ئەفسانە بە کوردی دەیخوێنێتەوە، گیرۆدەی دەنگەکەی دەبێت: "وام دەزانی گوێم داوەتە بێژەرێکی بەتوانا و دەنگی ناسک و خوێندنەوەی رەوانت خولیای شێعرەکەی کردم:

هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچهەر بنج و بناوانی جیهان دەرخەی: هیچ!<br>
رووناکیدەرم، شەمم، کە فووم لێ کەی: هیچنەینۆکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی: هیچ!" (ل ٢٢)

رەزا، تا ئەو کاتەش کە گوێی بە سەرواى "هیچ"ی ئەم شێعرەی خەییام دەزرینگێتەوە، لە گەڕان بەدوای هەوەتیی خۆیدا تەنیا بە "هیچ" گەیشتووە. لەدوای ئەم هیچەیە، ئەفسانە دنیایەکی دیکەی لە پێش واڵا دەکات و وەک رێبەر و رێنوێن ژیانێکی پڕ لە مانای پێ دەبەخشێتەوە.

ئەفسانە زۆر هێدی و لەسەرخۆ، بێ ئەوەی دەست بۆ هەستی مێخوازانەی رەزا بەربداتەوە، تێی دەگەیەنێت، بە چەشنێکی دیکە بڕوانێتە ژن و سەرکەوتووانە بە خوێنەریش دەسەلمێنێت، ژن تەنیا بۆ بۆ رازاندنەوەی دنیای دڵخوازی پیاوان نەخوڵقاوە و ئەویش دەتوانێت بۆ پێشکەوتن و رێبەریکردن لە دەرفەتە ئاستەمەکاندا مامۆستا و رێپیشاندەر بێت. ئەوە ماندووبوونی ئەفسانەی پەروەردەی قەندیلە، کە وا لە رەزا دەکات لەنێو ترس و دڵەڕاوکێدا کاتێک بەشێک لە پیاوان درندەئاسا لە رێگای قاچاخدا پەلاماری ژنان دەدەن، تەهمینەی هاوسەفەری لەم درندەییە بپارێزێت: "سواری ماشێنکیان کردین، کابرای قاچاخچی هەوڵی دا، من لە پێشەوە سوار بم. توورەج و تەهمینە هەستیان کرد دەیهەوێ لێکمان دابڕێت. تەهمینە شاقەلی کراسی من دەگرێت و رام دەکێشێت بۆ لای دەرگای دواوەی ماشێنەکەم دەبات و خێرا بەرەو ژوور پاڵم پێوە دەنێت. خۆی داوێتە تەنیشت من و توورەج بەدوای خۆیدا رادەکێشێتە نێو ماشێنەکە." (ل ١٥٥)

هەر لە کۆتایی ئەم سەفەرەدا، رەزا کاتێک هەست بە گەرمیی لەشی تەهمینە دەکات، دەکەوێتەوە یادی ئەو ژنەی وەک دایک خزمەتی کردووە و گەورەی کردووە. ئەوەش بۆ پیاوێک کە پێشتر مێخواز بووە، گرنگیی رۆڵی ئەفسانە لە پەروەردەکردنەوەیدا پێشان دەدات: "لە ماوەی چەند سەعاتە رێگەدا، تا دەگەینە ئێرە، کاتێک هەست بە گەرمیی لەشی تەهمینە لەنێوان خۆم و توورەجدا دەکەم، لێم دەبێت بە مامان و ئەو کاتەم دێتەوە یاد، کە دوای گەڕانەوەم لە بەرەی شەڕی ئێران و عێراق لە باوەشی کردم و دایکانە پێمدا نووسا. کاتێکیش بە ناچاری ئاوڕ وەلای من دەداتەوە و سەیری دەکەم. ناچارم بیکەمەوە بە ئەفسانەی خۆم." (ل ١٥٥)

لێرەشدا، تەهمینە ئەگەر دەبێتەوە بە ئەفسانەش نابێتە ئەو ئەفسانەیەی مەش بایرام کە لە پشت باوکییەوە خەریک بوو لەش و لاری بۆی پێشان دەدا، بەڵکو دەبێت بە ئەفسانەی گێلاساوا و نموونەی ژنێکی مامۆستای بەشداری خەبات و فێرکردن و رێنوێنیکردن.

ئەفسانە ژنێکە، بە هەوڵ و مانەوەی خۆی و درێژەدان بە خوێندنەوە، توانیویەتی پێچەوانەی ئەو ژیانە ناخۆشەی ژنی کورد بەسەریدا سەپاوە و لەنێو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا خۆی پێ بگەیەنێت و، سەر بۆ ئەم رەوتە نەوی نەکات کە بەسەر ژیانی ژنانی کورددا زاڵە. لە کاتێکدا هەموو جوانی و تایبەتمەندییەکانی ژنێکی جوان و شیرینی لەخۆیدا پاراستووە، سەرکەوتووانە رەزا دەکاتەوە بە خاوەنی هەوەتیی خۆی و لە روانین و ئاکاری لاوەکی دای دەماڵێت. ئەوە ناسینی ئەفسانەیە، ئەفسانە، ژیانی رەزا دەسووڕێنێت و لە کۆتاییدا دەیباتەوە زێدی باب و باپیرانی و لەوێشەوە تووشی خولیای گەڕانەوەی دەکات. ئاخۆ ئاخرین رستەی نامە نەنووسراوەکەی رەزا، وێڕای ئەوەی باس لە یەکگرتنەوەی دایەمەرجان و ئەفسانە و خۆی و کەسی چوارەم دەکات، کە لە زگی ئەفسانەدایە، باس لە یەکگرتنەوەی بەشە لە یەکتر دابڕاوەکانی کوردستانیش دەکات؟ ئاخۆ ئەو کاتەی ئەفسانە لە دووگیانییەکە رزگار بوو، رەزایەکی دیکە لەدایک دەبێت، یان ئەفسانەیەکی دیکە؟ دایکی ئەسلیی رەزا ئەو کاتەی هەورەتریشقە بردییەوە و کردی بە ئەفسانە، رەزاش بە دامێنی ماماندا هەڵکشا و تووشی ئەفسانەی مەش بایرام هات. مامان نەیهێشت بە ئەفسانەی مەش بایرام بگات و بە ئەفسانەی گێلاساوا گەیشت. ئەگەر بەرهەمی ئەم ماوەیەی ژیانی ئەفسانە و رەزا کچ بێت، لەم دەقەدا ژن دەبێتە هەیکەلێک بۆ راگرتنی گۆشت و ئێسقانی سەرتاپای رۆمانەکە. لە ئاخرین پاراگرافدا ئەوە رەزایە دەڵێت: "تۆش ئاگاداری خۆت بە. لە کاتی هەور و بارانەدا دەر مەکەوە. ئاگات لە سکت بێت. تا لەم دووگیانییە رزگار دەبی، لە کاتی برووسکە و شریخەی هەور و باراندا هەوڵ بدە لە قاتی خوارەوە بی. سڵاوی دایەمە رجان بگەیەنە و، بەو هیوایەی هەر چوارمان یەکتر ببینینەوە."

سەرچاوە: رۆچنە - وێبلاگی مستەفا شێخە - رێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## سوڵحی عەشایەری بووەتە دادگای گەورەی وڵات و یاسا ئینسانییەکانی خنکاندووە


میدیا
MEDIA

### هەڤپەیڤین: میدیا

**میدیاکار و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت (شلێر باپیری)، لەم هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ میدیا تیشکدەخاتە سەر رەوشی ئافرەتان و کۆسپەکانی بەردەمیان و میکانیزمی پێشکەوتنەکانیان دەستنیشان دەکات. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە زۆربەی پیاوانی ناو حزبە سیاسییەکانیش ئافرەت تەنیا بە بوونەوەرێک بۆ تێرکردنی حەزەکانی پیاو و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ دەبینن. پێشنیاریش دەکات راگەیاندنی کوردی بە نەفەسێکی تازەوە ئاوڕێکی جددی لە پرسی ئافرەتان بدەنەوە و تەنیا لە رۆژە جیهانییەکاندا وەبیریان نەیەتەوە.**

**میدیا**: رەوشی ئافرەتانی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و رۆڵ پێگەیان لە ناو کۆمەڵگە چۆن دەبینی؟

**شلێر باپیری**: رەوشی ئافرەتان لە کوردستاندا بەگشتی باش نییە، ئەوەش هۆکاری زۆر و جیاوازی هەیە، بەڵام هۆکارە سەرەکییەی ئەوەیە نەریتی کۆمەڵگە وایکردووە وەک ئینسان سەیری ژنان ناکرێ. لەوانەیە بڵێن بۆ دۆخی ژن باش نییە، ئەوە نییە پلەی باڵای حزبی و حکوومییان هەیە و ژنی ئەندام پەرلەمانیشمان هەیە، بەڵام رێژەیان زۆر کەمە و ئەوەشی هەیە زیاتر رووکەشن. لە وڵاتانی دواکەوتووش ئەوەندە ژنە دبینین، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەیە بڵێن: وڵاتەکەمان دیموکراسییە. لە زۆربەی وڵاتانی نەریتی بە کوردستانیشە ژنان لە دۆخێکی نائارامی رۆحیدان، هەمیشە ترسێکیان هەیە، رۆژانەش دەبیسین کە ژنێک بە بیانووی نامووس دەکوژرێت، بۆیە تا کاتێک ئەویندارى ژن بە گوڵە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ناتوانین بڵێین ژنان لە دۆخێکی باشدان.

**میدیا**: باسی رواڵەتی بوونی بەشداری ئافرەتت لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی کرد، هۆکاری رێگەنەدان بەئافرەتان تا رۆلی خۆیان بگێرن، زیاتر بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**شلێر باپیری**: هۆکاری سەرەکی نەبوونی باوەڕی پیاوانی حزبەکانە بە تواناکانی ژنان، بۆیە ئەوەشی کە ڕێگەیان پێدەدرێ بۆ مانۆڕ بەکاریان دەهێنن و کەمتر مافی بڕیاردانیان هەیە، ژنان بە دەگمەن پۆستی باڵای خاوەن بڕیاریان پێ دەدرێت، بۆیە لە نێو حزبەکاندا زۆرتر ڕۆڵی لاوەکی دەبینن. بێگومان ژنانی ناو حزبەکانیش خۆیان هۆکارێکن کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بەرگری لە تواناکانی خۆیان بکەن و کەوتوونەتە ئەو گەمە سیاسییەی حزبەکەیانەوە و درێژەی پێ دەدەن، لە هەمان کاتیشدا ژنانێک کە ئاستی خوێندەواری و ئەزموونی سیاسی باشیان هەبێ، ژمارەیان زۆر کەمە و بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە کە ژنان کەمتر خۆیان پێگەیاندووە و کەمتر هەوڵی خۆ پڕزانیاریکردنیان داوە.

**میدیا**: بە بەراورد لەگەڵ دەیەکانی پێشوو، ئافرەتان زیاتر لە دابینکردنی داهاتی خێزان ڕۆڵیان هەیە، ئەوە تا چەند مافەکانیانی مسۆگەر کردووە؟

**شلێر باپیری**: ژنان چ لە دەیەکانی پێشوو، چ لە ئێستادا بەردەوام ئەرکێکی قورستر لە پیاوانیان لەسەر شان بووە، ئەوان کۆڵەکەی کۆمەڵگەن، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە داهاتی خێزان، یان بەشێکی ئەو داهاتە دابین دەکەن، فەرمەنبەرانی ژن ئەرکی خێزانی و ناوماڵ و پەروەردەی منداڵ و کاری دەرەوەشیان دەکەوێتە سەرشان، بەڵام ماندووبوونیان لەلایەن زۆربەی پیاوانە نەبینراوە، ئەو پیاوانە پێناسەیەکیان بۆ ئەرکی ژنان داتاشیوەو بە هیچ شێوەیەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵدا هاوکاری ژنان ناکەن. کەچی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا پیاویش وەک ژن لە کاروباری ناوماڵدا ئەرکی هەیە و پشکی بەردەکەوێت.

**میدیا**: بە درێژایی مێژوو باسی ڕۆڵی پێشمەرگەی ئافرەت کراوە، ڕۆڵی ئەوان لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبینی؟

**شلێر باپیری**: ژنان هەر لەسەرەتای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە ڕۆڵی بەرچاویان لە خەبات و شۆڕشدا هەبووە. ژمارەی ژنانی پێشمەرگەش ئەگەر لە سەرەتاکان کەم بووبێ، ئەوا دواتر بەشێوەیەکی بەرچاو شان بە شانی پیاوان هاتنە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە. بێگومان ژنانی کورد ئەگەر لە پیاوان زیاتر خزمەتیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی نەکردبێ، ئەوا کەمتر لە پیاوان خزمەتیان نەکردووە. واتە ژنان بە تەواوی واتای شۆڕشگێڕییەوە شۆڕشگێڕ بوون. هەر لە خەباتی نهێنی لە ناو شارەکان و پەنادانی پێشمەرگە و هاوکاریکردنیانەوە بگرە هەتا دەگاتە بەشداریکردنیان لە شەڕەکاندا. ئەو دۆخەی ژنان لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا تێیدا بوون، ئەگەر سەختتر لە دۆخی پێشمەرگە لە شاخ نەبووبێ، ئاسانتر نەبووە. ژنان بە هەموو شێوەیەک بەشدارن لەو دەستکەوتانەی کە ئێستا لە

باشووری کوردستان بەدەستهاتوون. سەبارەت بە پارچەکانی دیکەش ئەوە دیارە کە ژنان رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە ئێستاشدا ژنان لە رێبەرایەتی حزبە کوردییەکاندا بوونیان هەیە و بوونی ژنانی گەریلا لە شاخەکانی کوردستاندا نیشاندەری ئەو راستییەیە کە ژنی کورد شانبەشانی پیاو بۆ رزگاری نیشتمانەکەی لە ستەم و داگیرکەری تێدەکۆشێ.

**میدیا**: تا چەند توندوتیژی ناو خێزان لەسەر توندوتیژی لە کۆمەڵگە کاردانەوەی هەبووە؟

**شلێر باپیری**: بێگومان توندوتیژی کۆمەڵگە لە توندوتیژی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێ. تاک خێزان پێکدێنێت و خێزانیشە کۆمەڵگە پێکدێنێت. بۆیە هەر هەڵسوکەوتێک لە خێزانەکاندا راستەوخۆ لە کۆمەڵگە رەنگ دەداتەوە و کاریگەری دەبێ.

**میدیا**: ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان لە بواری مافی ئافرەتان دەرچوون، تاچەند کاریگەرییان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان هەبووە؟

**شلێر باپیری**: تا ئاستێکی زۆر کەم کاریگەرییان هەبووە، چونکە ئەو یاسایانە بە رێژیەکی زۆر کەم پراکتیزە دەکرێن. واتە پێویستە پێش ئەوەی یاساکان دابرێژین، پلان بۆ هۆشیاری فکری تاکەکان دابنین، چونکە دەرچوونی یاسا و نەگەڕان بە دوای سەرپێچیکاری یاساکەدا کۆمەڵگەی پێشکەوتوو پێکناهێنێت. وەک چۆن یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی مەرجدار کراوە، بەڵام زۆربەی پیاوان ملکەچی یاساکە نابن. دەبێ لە هەر بوارێکدا بە سیستەم کار بکرێت و سیستەمی پەروەردەش کاریگەری بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاک دەبێ. بۆ نموونە مامۆستایەک کە لەسەر دەرەجەیەکی کەم، یان هەڵەیەک لە قوتابییەکی بدات، ناکرێ چاوەڕێ بین ئەو قوتابییە کاتێک گەورە بوو، کەسێکی توندوتیژی لێدەرنەچێت.

**میدیا**: چ میکانیزمێک چەمکی یەکسانی ئافرەتان و پیاوان دەچەسپێنێ و لەو بوارەدا دەبێت چ بکرێت؟

**شلێر باپیری**: دەبێ لە زۆر بوارەوە کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی یەکسانی بە هەمان واتا دروستەکەی بە تاک بگەیەندرێت. بزووتنەوەی فیمینیزم یەکێک لە رێگەچارەکانە کە دەتوانرێ کاری لەسەر بکرێت و برەوی پێبدرێت و خوێندەوەی نوێی بۆ بکرێت و پیادە بکرێت. کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا نازانێت واتای یەکسانی رەگەزی چییە. وادەزانێ کە باسی یەکسانی کرا، واتە ئەگەر پیاوێک فەردەیەک ئاردی هەڵگرت، دەبێت ژنەکەش بتوانێ هەڵیگرێ. کەس نکۆڵی لە جیاوازییە فیسیۆلۆژییەکان ناکات. بەڵام یەکسانی لە مافەکاندا وەک ئینسان دەبێ هەر تاکێک هەیبێ. نەک هەموو مافەکان تەنیا بۆ پیاو قورغ بکرێت. وەک دەبینین لە کاتی جیابوونەوەی هاوسەران منداڵ تەنیا دەدرێت بە پیاوەکە و کەمتر ژن مافی وەرگرتنی منداڵی هەیە. یان تەڵاق کە تا ئێستاش بە دەگمەن ژن هەیە بتوانێ لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە. وەک



سەرچاوە
Serchawe

دابەشکردنی میرات کە تا ئێستاش بەشی پیاوێک دووبەرامبەری ژنە و زۆر نایەکسانی دیکە هەن کە بە یاسا دەبێت ڕێگرییان لێ بکرێ.

**میدیا**: ڕەوشی ئافرەتانی کورد لە ئاسۆی داهاتوو چۆن دەبینی؟

**شلێر باپیری**: ئەگەر بە هەمان دۆخی ئێستادا بڕوا، بە باشی نابینم، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوویەکی دووردا بە ئامانجەکانمان بگەین. دەبێ ژنان وردتر و پلاندانەتر کار بۆ مافەکانی خۆیان بکەن و یەکێک لە ڕێگەچارەکان یەکگرتوویی خودی ژنانە.

**میدیا**: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و داکۆکیکار لە ئافرەتان چۆن دەبینی؟

**شلێر باپیری**: ڕێکخراوەکانی ژنان هەر یەکەیان بە ئاستی خۆی خزمەتی پرسی ژنیان کردووە، ناتوانین کاری خراپی ڕێکخراوێک، یان ناوەندێک بسەپێنین بەسەر هەموو ڕێکخراوەکاندا، بەڵام بەگشتی لە ئاستی پێویستدا نییە. ڕێکخراوەکان ئەگەر ژنی چالاک و زیرەک و بەتوانایان هەبێ، لە ئێستا باشتر دەتوانن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان کار بکەن. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە زۆربەی ڕێکخراوکانی ژنان زمانحاڵی حزبەکانن و ئەوەندەی خزمەت بە حزبەکەیان دەکەن، ئامانجیان خزمەت بە پرسەکانی ژنان نییە.

**میدیا**: وەک چالاکێکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەتان، پێشنیار دەکەی چ ڕێکارگەلێک بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان کاری لەسەر بکرێ؟

**شلێر باپیری**: لەم وتووێژەدا ناتوانین بە شێوەیەکی بابەتییانە باسی هەموو ڕێگەکان بە درێژی بکەین، بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین: ڕێگەکانی باشترکردنی ڕەوشی ژنان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی نوێترە، هەر لە پێناسەکانمان بۆ ژنان تا دەگاتە کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و هەروەها پراکتیک و دروشمەکانی دەسەڵات و میدیا بۆ کاردانەوەیان لەسەر کەلتووری کۆمەڵگە. پرسی ژنان پرسێکی جیهانییە و مێژوویەکی قووڵی هەیە، بۆیە پلانێکی وردی دەوێ بۆ هەنگاونان بەرەو باشتر بوون. تا بەوە باوەڕ نەهێنین کە ژن وەک خۆی ببینین نەک وەک خزمەتکار بۆ پیاو، دۆخەکە لەوە باشتر نابێ کە سپێدەی هەر ڕۆژێکمان بە هەواڵی کوشتنی ژنێک دەست پێدەکەین.

**میدیا**: دەگوترێ ئافرەتان زۆر جار تیرۆانینی هەڵە بۆ مافەکانی خۆیان دەکەن، هۆکارەکانی ئەو رایە لە چیدا دەبینی؟



سەرچاوە Serchawe

**شلێر باپیری**: هۆکارەکەی بۆ شێوەی پەروەردەی ژنان دەگەڕێتەوە، ئەو پەروەردەیە کە پیاوسالاری بەسەریدا زاڵ بووە و ژنی وا پەروەردە کردووە کە مافەکانی خۆی پێشێل بکات و زیاتر برەو بە سیستمی پیاوسالاری بدات. زۆر جار گوتوومە ژنانیش هۆکارن لە چەوساندنەوەی ژنان و زۆر جار ئەوەی ژنێک بەرانبەر بە ژن دەیکات، پیاو نایکات. بۆیە ژنانیش پێویستیان بە پەروەردەیەکی نوێ هەیە.

**میدیا**: تاچەند حزب و لایەنەکانی کوردستان توانیویانە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگە کەم بکەنەوە؟

**شلێر باپیری**: حزبەکان ئەوەندەی ئامانجیانە ژنان بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆیان بەکار بێنن، ئەوەندە ئامانجی باشتربوونی دۆخەکەیان نییە. چونکە تا ئێستاش زۆربەی پیاوانی ناو حزبە سیاسییەکان ژن تەنیا بە بوونەوەرێک بۆ تێرکردنی حەزەکانی پیاو و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ دەبینن، ئەوەی کە جارجار بە زەقی دەردەکەوێت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، یان لە لە ڕۆژە جیهانییەکانی تایبەت بە بۆنەکانی ژنان، تەنیا مانۆڕێکە و دروشمێکە و تا ئێستا بە جددی کاری لەسەر نەکراوە، چونکە تەنانەت زۆربەی پیاوانی سیاسیش باوەڕیان بە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی نییە.

**میدیا**: دەگوترێ کۆڕ و سیمینار و کۆنگرەکانیش نەیانتوانیوە بەشێک لە کێشەی ئافرەتان چارەسەر بکات، چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەو ڕایە هەیە؟

**شلێر باپیری**: کۆڕ و سیمینار لە هیچ کوێی دنیا ناتوانێ تەنیا ڕێگەی چارەی کێشەکان بێ، کۆڕ و سیمینار تەنیا دەتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بە پرسەکە بدات کە کاری باشتری لەسەر بکرێت. کۆڕ و سیمینار دەتوانێ زیاتر شیکردنەوەی پرسەکە بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە و جێبەجێکردنی لە ناوکۆمەڵگەدا.

**میدیا**: وەک خۆت کە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ت لەبواری ڕاگەیاندن هەیە، پێتوایە میدیاکان بەگشتی تا چەند توانیویانە کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان دووربخەنەوە؟

**شلێر باپیری**: بێگومان میدیای کوردی ڕۆڵێکی کەمی لە کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بینیوە. چونکە زۆربەی میدیاکان میدیای حزبی و پیاوانەن و تواناکانی ژنان نابینن. لە زۆربەی میدیاکان بە دەگمەن ژن ڕۆڵی بەڕێوەبەری هەیە و ئەوەشی هەبێ بۆ ڕازاندوەی شاشەکانە. تا ئەو فکرە لە ناو میدیا کە بوارێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە، ئاوا بەردەوام بێ، ناتوانین چاوەڕێی پلانی باشیان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بکەین. بەداخەوە زۆر جار میدیا کاریگەری نەرێنی بووە و

پرسەکەی بەرەو خراپتر بردووە. بۆیە ڕاگەیاندنی کوردی دەبێ بە نەفەسێکی تازەوە ئاوڕێکی جددی لە پرسی ژنان بدەنەوە و تەنیا لە ڕۆژە جیهانییەکاندا وەبیریان نەیەتەوە.

**میدیا**: لە ئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتوو توندوتیژی و چەوساندنەوەی ئافرەتان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بوونی هەیە، چۆن دەکرێ کورد سوود لەو ئەزموونە وەربگرێ؟

**شلێر باپیری**: ناتوانم کوردستان بە ئەوروپا بەراورد بکەم، چونکە دوو کۆمەڵگەی جیاوازن و کەلتوور و نەریت و جوگرافی و مێژووی جیاوازیان هەیە. هەروەها ناتوانین سیستمی ئەوروپا کۆپی بکەین و چاوەڕێ بین لە یەک ڕۆژ و شەودا کوردستان وەک ئەوروپای لێبێ. بەڵام دەتوانین سوود لە ئەزموون و مێژووی ئەوان وەرگرین بۆ دۆخێکی باشتری ژنان لە کوردستاندا. هەر وەک پێشتر گوتم پرسی ژن پرسێکی جیهانییە، پێش ئەوەی پرسێکی تایبەت بە ناوچەیەک بێت، بەڵام بە هۆی پراکتیزە بوونی دیموکراسی و ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا وەک کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن وایکردووە توندوتیژییەکان لەو وڵاتانە کەمتر و جیاوازتر بن. بۆ نموونە ئەگەر لە ئەوروپا ژنێک بکوژرێت، بکوژ ناتوانێ وەک کوردستان بە ئاسانی دەربازی ببێت، یان بە سزایەکی سووک سزا بدرێ، لەوێ سزا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێ. بۆیە پیاوانی کورد کە لە دەرەوە ژیاون، زۆربەیان کە تاوانەکانی ژنکوشتنیان ئەنجام داوە، بە فێڵێک هێناویانەتەوە کوردستان و لێرە کوژراون، چونکە لە کوردستان کەمتر پابەندی یاسایی هەیە و سوڵحی عەشایەری بووەتە دادگای گەورەی وڵات و یاسا ئینسانییەکانی خنکاندووە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٤

## کاتێ برینەکانی



کاتێ برینەکانی

سەر رووخساری جیهان سارێژ بینەوە،

ئەو کاتەی قوڵکەی جێ بۆمباکانی سەرلەشی بکەینەوە بە دارستان

ئەوکاتەی یەکەم شکۆفەکانی هیوا

لە سەر دڵە بە ئاگر سووتاوەکان

چرۆ دەرکەن،

ئەوکاتەی مردووەکان خۆبخەنە سەر تەنیشت و بێ گازندە بخەونەوە

و ئەرخایان بن خوێنیان بە بێ بێهوودەیی نەڕژاوە،

ئەو کاتەیە،

رێک ئەو کاتەیە

ئاشتی.

ئاشتی بۆنی چێشتی ئێوارەیە،

واتای ئاشتی ئەو کاتەیە ئۆتۆمبێلێک لە کۆڵانە و

مانای ترسی لێنابارێت.

ئەو کەسەی لە دەرگا دەدات،

چاوەڕان دەکرێت هاوڕێیە.

**واتای کردنەوەی پەنجەڕەش،**

**مانای دیتنی ئاسمانە،**

**بەڵێ ئائەمەیە ئاشتی**

**یانیس ریتسوس**


**و.شلێر باپیری**

**١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## گەرمای جوانی نێو سەرماوەز



لە خۆرئاوابوونێکدا دایکێک لە ئاواییەکی شاری بۆکان ژان دەیگرێت، ژانی لەدایکبوونی کۆرپەیەک. کۆرپەکە لە نێو رەنج و مەینەتدا گەورە دەبێت. هەر چەند نێرینەیە بەڵام ئەویش دووگیان دەبێت. خەمی رزگاریی خۆی و نیشتمانەکەی لە روح و گیانیدا پەروەردە دەبێت. ژانی خەبات بۆ نیشتمان دایگرت و لەگەڵ هاوبیرانی، یەکەم برووسکی خەباتیان لە کێوەکانەوە دەبریسکێتەوە.

پۆل پۆل دێن...

لە کانی مێو، گەورەدێ، بۆڵێ، ئێندزێ و...لە چادرەکانیانەوە داروپەردووی کۆشکی خەبات هەڵدەچنن. ئەو کۆشکەی تا ئێستا بە سەدان و هەزاران کەس ئاوەدانتری دەکەنەوە.
باوکە، تۆ بۆ نیشتمان ئەلف و بێی خۆراگری فێربووی و بۆ کچەکانیشت، ئەلف و بێی یەکسانیت خستە سەر.

پێشمەرگە پڕ لە هیواکە!

ئەمرۆ رۆژی مەزنی تۆیە، ئەو رۆژەی کە لە مەهابادەوە نێویکتان بۆ دانرا و نیشتمانیش بە ئیوەوە سەربڵیندە. مێژوویی رۆژێک کە هەرگیز لە یاد ناکرێ.

**بژی پێشمەرگە!**

**١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٥**

## تا ئێستاش ژن لە وڵاتی ئێمە پێگەیەکی دیاری نییە

**دیمانە**: ڕۆژی کورد

**بە بۆنەی ڕۆژی جهانی ٨ی مارس، ڕۆژی کورد ئاورێکی لەهەندێ لە چالاکوانانی بواری مافی ئافرەتان بە ڕوانگەی جیاوازی سیاسییەوە داوەتەوە، و چەند پرسیارێکی هێناوەتە ئاراوە. لە وتووێژی بەردەستدا خاتوو شلێر باپیری، چالاکی مافی ژنان، وڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کوردی داوەتەوە.**

**ڕۆژی کورد**: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟

**شلێر باپیری**: ڕۆژی جیهانی ژنان ئەو ڕۆژەیە کە لە ئەمریکاوە مەشغەڵەکەی هەڵکرا و پاشانیش لە ئوروپا درێژەی پێ درا و کلارا زتکین لە حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمانیا و یەکێک لە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان پێشنیاری ئەو ڕۆژەی کرد و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٥ یۆنسکۆ بە ڕەسمی ناونانی ئەو ڕۆژەی ڕاگەیاند. پێم وایە بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، دەبینین کە ناولێنانی ئەو ڕۆژە نە سنووردارکردنەوەیە و نە بێ ڕێزی. لە سەردەمێکدا ئەو ڕۆژە پێشنیار کراوە و کاری لەسەر کراوە کە ژن لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانە پێگەیەکی نەبوو. بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنرایەوە و بە خراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. ئەگەر چاوێک بەو مێژوویەدا بخشێنینەوە، دەبینین ڕۆژی ٨ی مارس بۆ ئەوسەردەم دەستکەوتێکی گەورە و بۆ ئەم سەردەمەش یادکردنەوەیەکە لە هەموو ئەو ژنانەی کە بە خەباتی بوێرانەیان سەرباری هەموو کوشتن و زیندانیکردنیان، بەڵام کۆڵیان نەدا و ڕۆژی ٨ی مارسیان لە مێژوودا تۆمار کرد. ئێمە دەبێ لەم سەردەمەدا بە چاوی ڕۆژێکی



سەرچاوە
Serchawe

سیمبولیک چاو لەو ڕۆژە بکەین، بەڵام بە بوونی مێژوویەکی پڕ لە خەباتی نەپساوە بۆ یەکسانی لە پشتییەوە. ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە لەگەڵ هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کە بۆ مافەکانی ژنان هەوڵیان داوە و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکان و دوور لە هەموو هەڵاواردنێک دەدەن.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**شلێر باپیری**: دۆخی ژنانی کوردستان لە ئاستێکی زۆرباشدا نابینم، ڕاستە زۆر دەستکەوت وە دەست هاتووە و ژن تەنیا لە چوارچێوەی ماڵدا نەماوەتەوە، بەڵام ئەوە هەموو هاوکێشەکە نیە و پێم وایە ئامار و ڕووداوەکانی ڕوودەدەن، نموونەی بەرچاون کە تا ئێستا ژن لە وڵاتی ئێمە، پێگەیەکی دیاری لە هیچ بوارێکدا نیە و زۆرتر ڕوکەشیە. هەروەها سیستەمی پیاوسالاری و پەروەردەیی ژنانیشی تێوەگلاوە و ناهۆشیارانە درێژە بە نایەکسانیەکان دەدەن. سەبارەت بە دۆخی ژنانی ڕۆژهەڵات بەداخەوە پێم وایە بە هۆی ئەو دیکتاتۆریەتە کە لە ئێراندا زاڵە، شتەکان زۆر ناڕوونن و زۆرتر دەبێ لە زاری کەسانی ناوخۆوە هێندێک ئاگامان لە دۆخی ژنانی ڕۆژهەڵات بێت. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی کەم لە ژنانی ڕۆژهەڵات خۆیان لە چوارچێوەی مرۆییدا دیتۆوەتەوە و خۆیان لە سیستمێکی پیاوسالاری دەرهاویشتووە و لە ڕێگەی شێعر و نووسینەوە بۆچونی خۆیان دەردەبڕن. بە گشتی دۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و دۆخی ژنان بەتایبەتی لە دۆخێکی باشدا نابینم و پێم وایە چەوساندنەوە و زوڵمەکان لە ژنان کە دەکرێن زۆر و بەربڵاوە، بەڵام لە پشت پەردەی سیستمێکی دیکتاتۆر و کلتورێکی دژە ژن، شاردراوەتەوە.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، هەیە؟

**شلێر باپیری**: بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی فێمینیزمی کورد نابینرێ وهەست پێناکرێ. ئێستاش ئێمە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی فێمینیزمی جیهانی خۆمان پێناسە دەکەین و چالاکانی ژن و فێمینسیتەکان بەو هۆکارانەی کە دەکرێ لە داهاتوودا لە لێکۆڵینەوەدا ئاماژەی پێبکرێ، نەیانتوانیوە پێناسەیەکی تایبەت بە فێمینیستی کوردی بکەن و لە ڕووی تیۆرییەوە دانەڕێژراوەتەوە و زۆرتر گوێ لێبوونە بە بێ چڕبوونەوەی لە فێمینیستم و لە نێوەندەدا فێمینیزمی کوردی بە تایبەتی. بە چاولێکردن لە هۆشیاری ژنانی کورد و کەمتر ئاگالێبوون لە ڕەوتی فێمینیزم و هەروەها نەزانینی واتاکەی دەبینین کە لەو لایەنەوە لە ڕەوتێکی زۆر لە دوایەداین و زۆر لاواز هەنگاو هەڵێنراوەتەو. ڕاستە چەمێک بە ناوی فێمینیزمی کرد بە شەو و ڕۆژێک دروست نابێت، بەڵام کەمتریش کارکراوە بۆ بوونی ئەو چەمکە و نوێکردنەوەی ڕەوتی

فێمینیزم لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نوێی وەک کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات کە بە وشەی فێمینیزم و ئامانجەکانی زۆر نامۆیە.

**ڕۆژی کورد**: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**شلێر باپیری**: کاڵبوونەوەی ڕەوتی فێمینیستی لە وڵاتانی جیهان نابینم، بەڵکو شێوەی کار و چالاکیەکان گۆران ونوێکراونتەوە. ئەو کاروچالاکیانەی ڕۆژانە و هەروەها لە ڕۆژە دیاریکراوەکانی ساڵدا کە دەگاتە لوتکە، درێژە پێدەری ڕەوتی فێمینسیتیە و نوێکردنەوەی ئەو ڕەوتەیە لە قالبێکی سەردەمیتردا. هەروەها دۆخی ژنی کورد لە کۆمەڵگەکەماندا وا دەخوازێت کە ئێمە هەر گەرموگوڕ بین و زیاتر پێداگیری لە ئامانجەکانی فێمینیزم بکەین. ئەو فێمینزمەی کە هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن خۆیان تێیدا بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ببینەوە.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**شلێر باپیری**: ئێمە ژنانی کورد زۆر پەرشوبڵاوین و تا ئێستا نەمانتوانیوە گشتگیر و پێداگیر لەسەر ئامانجەکانمان بین و زۆرتر لاوەکیانە چاو لە پرسەکە کراوە. بۆیە پێم وایە دەبێ بە زیاتر خوێنەدەوە و خۆ پێگەیاندن و نەکەونە ژێر چەتری بەرژەوەندە سیاسیەکان، زیاتر دەتوانین هاوکار بین بۆ باشتربوونی دۆخی ژن کورد و هەروەها باوەڕمان بە شوناسی ژنانەی خۆمان هەبێت بە باب و برا و هاژینەوە خۆمان پێناسە نەکەین کە ئێستاش زۆرن ئەوانەی لەو بازنەیە گلاون و هەستی پێناکەن. خەباتێکی دوورو درێژمان لە پێش ماوە و دەبێ پشوو درێژ بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شلێر باپیری و هەڵبژاردنەکانی جوانترین و شایستەترین کچ (ژن) لە هەرێمی کوردستان



ساڵانە لەسەر ئاست و پلەی جیاواز وجۆراو جۆردا کێبرکی هەڵوەژێنی جوانترین کچ وە یاخود ژن بە ڕێوە دەچێت، چ لە شاروچکە بچوکەکان، شارەکان وە یاخود ئوستانەکان کە لەسەر ئەنجام لە هەر ئوستانێک، یان ئیالەتێک خانمێک وە یاخود کچێک بە نوێنەرایەتی ئوستانەکەی هەڵدەبژێریت و لە پێشبڕگی سەرانسەری وڵاتەکەدا بەشداری دەکات و پاشان جوانترین و شایستەترینیان نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکات لەسەر ئاستێکی نێونەتەوەییدا واتە لە کێبرکی جوانترین و شایستەترین ژن لەسەر ئاستی هەموو جیهان.



بێگومان ئەمە دیاردەیەکی شارستانیە کە لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوە دەچێت چ لەو وڵاتانەی سیکولارن وە یاخود لەو وڵاتانەی لە رووی ئاینیەوە پارێزکارن. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو کچانەی وە یاخود ئەو ژنانەی لەم کێبرکیانەدا بەشداری دەکەن بە واتای ئەوە نییە ئەمانە لە هەرە جوانترین و شایستەترین کچانی ئەو وڵاتەدان، بەڵکو تەنها جوانترینی ئەو کۆمەڵە کچانەن کە لەو پێشبرگیەدا بەشداریان کردوون، ئەگەنە لەوانەیە سەدان و هەزاران کچانی جوانترو شۆخ و شەنگتر هەبن کە ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە لەو جۆرە پێشبرگیانەدا بەشداری بکەن، بەڵام سەرە رای ئەوە دەست خۆشی و ئافەرینی ئەو کچانە دەکرێت کە بەجەرگانە لە کۆمەڵگایەک کە تا رادەیەک پارێزکاردا لەو پێشبرگیەدا بەشداریان کردوون و بەو هێوایەی ئەمە هاندەرێک بێت لە ئایندەدا ژمارەیەکی زۆرتر بەشداری بکەن بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوەوەی وڵاتدان، لە هەمان کاتدا دەبێت سوپاسی ئەو دایک و باوکانە بکرێت کە وا رێگایان بە کچەکانیان داوون بۆ ئەوەی لەو جۆرە پێشبرگیانەدا بەشداری بکەن.



بە داخەوە من بۆم نەرەخسا پێشبرگیەکە ببینم بەڵام لە ڕێگای ئەو کلیپانەی بڵاو بۆنەتەوە بەرنامەکە بێ کەم و کوری نەبوە و وا دەردەکەوێت هەڵسۆرانی کێبرگیەکە بە ئەندازەێ پێویست شارەزاییان لە کارەکەدا نەبوە کە شیانی هەیە پەیوەندی بە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەبێت بە تایبەتی لە رووی داراییەوە.




بۆ بەشداری کردن لەو کێبرکیانە هەندی پرینسیپ وە یاخود هەل و مەرج هەیە کە دەبێت رەچاو بکرێت لە رووێ راهێنانی کاندیدەکان، هەلس و کەوتیان، جل لەبەکردن، شێوەێ روێشتنیان، قسەکردن و وەڵامدانەوە، فێرکردنی جۆری پرسیارەکان، پۆزلێدان، چۆنیەتی راوەستان، وێنەگرتن، ئارایش و چەندینی تر، کە لە هەموو ئەو شتانەدا کەم وکوڕی لە کاندیدەکاندا بەدی دەکرا.

شایانی ئاماژە پێکردنە کێبرکیەکان لە سەرانسەری جیهان بەرامبەر بە ساڵانی رابوردوو گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە بە تایبەتی ئەگەر لە پێشدا تەنها تێشک لەسەر جوانی بوە، ئێستاکە توانایە جۆراوجۆرەکانی ئەو خانمە رۆڵێکی گرنگ دەبینن وەکو زانیاری، پۆز، کەسایەتی و هەر وەها لەسەر وێنەکانیان، پوختەی کارو ژیاننامە، جل و بەرگی ئێواران و چاوپێکەوتنی کەسایەتی کە هەر کام لەمانە سەنگینی و قورسایی خۆی هەیە لە نومرەی دەنگدانەکاندا، واتە جوانیەکە هەر دەرەوە نییە بەڵکو لە ناوەوەش.




کچان و ژنانی کورد ئەمە یەکمین جاریان نییە لە کێبرکیەکی وەهادا بەشداری بکەن بەڵکۆ دیارە لە درێژایی دەیان ساڵاندا لە عیراق کچانی کورد بەشداریان کردووە و پلەی یەکمیشیان بە دەست هێناوون. ئەوەی کە باش لێ دڵنیام لە ساڵی ١٩٧١ خانمە ناسکە شاڵی پلەی یەکمی بە دەست هێنا و هەر وەها ژینا زەهاوی لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە ساڵی ٢٠٠١ یش کچێکی تری کورد یەکمین پلەی بە دەست هێنا بەڵام پاش یەک مانگ لێ سەندرابووەوە بە هۆێ ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ شوی کردبوو وپاشان جیا بوبوە، چونکە یەکێک لە مەرجەکانی بەشداریکرن نابێ کاندیدەکە شوی کردبیت، هەر وەها لە ڕێگای ناوەکانەوە شیانی هەیە براوەی ئەم ساڵانەش هەر وەها کورد بن، نەرمین قدوری ساڵی ١٩٥٤،شاهیناز النقاش ساڵی ١٩٦٧، نەرمین کەتان ساڵی ١٩٧٩ و ئاڵا عەبدولهادی ساڵی ١٩٩٦.




بۆ ئەو کەسانەی دژ بەم جۆرە کێبرکیەدان و بە بازرگانی کردن بە کچانەوە وە یاخود ژنانەوە ناوی دەبەن، ئەوەندەی پەیوەندی بە بازرگانیەوە هەیە بەو پییەی کۆمپانیا گەوراکان پوڵێکی زۆری تێدا خەرج دەکەن بۆ ئاگاداری و پرۆپاگەندە بۆ بەرهەمەکانیان لە هەمان کاتدا دەرگایەکی زۆر بە رووی ئەو کچانەدا دەکاتەوە، کە تا ئەو رادەییەی من ئاگادار بم زۆری براوەکان ئەمرۆ لە سینەما و تەلفزیۆن و بوارە جیاوازەکانی هونەردا کار دەکەن.



شلێر باپیری کە خۆیّ یەکێک لە خانمە شۆخ و شەنگەکانی کوردستانە و هەمیشە سەرقاڵی چالاکیەکانی ژنانە و بە هۆیّ کارکردنی لە دەزگاکانی میدیادا زۆر جار لە نزدیکەوە چاودێری ئەم جۆرە چالاکیانەیە کە بە هەڵمان زانی سەبارەت بە کێبرکی ئەم دوایییەی جوانترین کچی سالی ٢٠١٣ هەرێمی کوردستان ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵدا ساز بدەیّن و سەرنج و تێبینیەکانی بە گوێگران و بینەرانمان را بگەیّنین. هیوادارم سوود بەخش بێت.





سەرچاوە: دەنگی ئەمریکا - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢-١٣

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧

---

### ئێستاش بە ئەندازەی ئەو نووسینە کە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بۆم نووسی، تامەزرۆتم...



دوێنێ شەو دوای یەکەم دوورکەوتنەوەم لێت، ویستمان پێکەوە قسە بکەین، بەڵام گەرووی پڕ لە بوغز و چاوی پڕ لە رۆندکمان نەیهێشت. بۆیە ئەو نامە کورتەت بۆ دەنووسم. لە یەکەم دیتنی تۆ کە منیش یەکەم رۆژی ئەزمونی کاری تەلەفزیۆنیم دەست پێدەکرد، نەمدەتوانی دڵنیا بم تۆ دەبی بەو هاورێیەی کە دوورکەوتنەوەم لێت، چەبدە بێتاقەتم دەکات. تۆ و هاورێ ژنەکانی دیکەم لە زاگرۆس رۆژە سەختەکانی یەکەم کاری تەلەفزیۆنیتان بۆ ئاسان کردم. تۆ و ئەوانیش تا ئێستا لەگەڵمن، بۆیە لەگەڵتانم و دڵم بۆتان تەنگ بووە.

دڵم تەنگی دانیشتە دۆستانەکانە لەگەڵ تۆ و ژنەکانی دیکەی هاوڕێم، کە تێیدا هەم خەمەکانمان دەرەوییەوە و هەم خۆشیەکانمان بەش دەکرد.

ئێستا نزیکەی ٧ ساڵ بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەڕیوە کە تۆم ناسی، زاگرۆس ئێمەی بە یەکتر ناساند و دوای زاگرۆزیش کە یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانم بووی. زۆر خەمی هاوبەشمان هەبوو کە خەمی زۆر ژنی دیکەشە لە کوردستاندا، بەڵام هەمیشە بە دڵە پاکەکەی هاورێیەتیت شانازیی دەکەم. شانازیی دەکەم کە تۆو ژنە هاورێکانی دیکەم هەمیشە پشتیوانم

بوون.

شیفا گیان "شیفی"، ئێستا کە ئەو نامەیە دەنووسم، گریانی دوێنێ شەوت هەر لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و لە بەرانبەرم کە لە پەنجەرەی ژوورەکەم دەڕوانم، بەفر کلوو کلوو دەبارێت و منیش بە دڵێکی گەرم بە بوونی هاورێیانی وەک تۆ ئەوە دەنووسم. هەمیشە یەکەم نیگەرانیم لە فەزای کاریمدا مامەڵەی ئەو ژنانەیە کە لەوێدا کار دەکەن. تۆ و ژنە هاورێکانی دیکەم لە زاگرۆس ئەو نیگەرانیەتان لە مندا نەهێشت. ئێوە دەستی منتان گرت و تەنیاتان نەهێشتمەوە.ئێوە ئەو هاوڕێ ژنانەن کە ئێستاش شانازی بە بوونتانەوە دەکەم.

رەنگە لێک دوور بین، نازانم کەی یەک دەبینینەوە، بەڵام دڵم هەروا بە ئێوە گەرمە. بە بوونتان ئاسودەم و سەرکەوتنتان خۆشحاڵم دەکات. رەوتی ژیان هەر یەکەو بەرەو شوێنێکمان هەڵدەدێرت، بەڵام دڵەکانمان هەروا لێک نزیکن.

تۆ نمونەی هاوڕێیەکی کە هەمیشە ئارەزووی لە باوەش گرتنێکی دیکەت دەکەمەوە، هیوادارم ئەمجارە کە بتبینمەوە، باس لە گۆڕانکارییە باشەکانی ژنان بکەین، ئەو گۆڕانکارییانەی کە یەکسانی بۆ ژنان دەستەبەر کردبێت و لە جیات فیشەک بۆ ژن گوڵیان پێ بدێت.


لە کۆتاییدا ئەو دێرەی شاعیر"سعدی"یت بۆ دەنووسم کە دەڵێت:"

«دنیا خوش است و مال عزیز است و تن شریف
لیکن رفیق بر همه چیزی مقدم است»

هیوادارم تەمەن درێژی بۆ هاوڕێ ئازیزەکانی دیکەم کە لەو کۆستەدا تەنیاتان نەکردم.

٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ئاوڕدانەوەیەک لە تەمەنێک هاوڕێیەتی




دوای ماوەیەکی زۆر ئەو وێنەیە دەبینمەوە، گوێم بۆ عەزیز شاروخ "ئەی ڕەفیقانی تەریقەت" ڕاداشتووە و لە وێنەکە ڕاماوم. ڕۆدەچمە ڕابردووە و لە قەندیل دادەگەڕێمە خوارێ و لە کەمپی "ئامیریە" ماڵ دادەنێین و دوای ماوەیەک دیسان بۆ کەمپی "ئازادی/دەشتی کۆیە" ڕادەگوێزین. بەداخەوە کۆچ بەشێکی پێناسەی ئێمەیە. یەکەم ڕۆژە و تازە دەگەمە بەردەرگەی ماڵەکەمان و یەکەم ماڵ و یەکەم کەسێک کە دەیبینم بێگەرده (گەردە) کە ماڵەکەیان لە پێش ماڵەکەی ئێمەوەیە و دەستی بە میلەی پەنجەرەکان گرتووە و لێمان دەڕوانێ. لەوێوە یەکترمان ناسی و ئەوکاتە پێم وانەبوو کە دەبێتە کەسێک کە خۆی و بنەماڵەکەی هێندەی بنەماڵەی خۆم ئازیز و جێگەیەکی گرنگ لە دڵمدا دەگرن. لەگەڵ بێگەرد لەگەڵ ئەوەی بچووک بووین، بەڵام زۆرمان ڕۆژی ناخۆش و خۆش دیوە هەر لە خۆشاردنەوەی کونە تەیارەی کن ماڵەکەمان لە ترسی گوللەی وێڵەکی تا دەگاتە ڕۆژە خۆشەکان و گوڵ چەپک کردن و نەورۆز و سێزبەدەرەکانی پشت نەخۆشخانە و موروموروێن. زۆر جار کە پێ لە قۆناخی گەورەبوون دەنێین و ژیانی منداڵی بە هاوڕێی منداڵیمانەوە تەنیا وەک یادەوەرییەک دەمێنێتەوە و دەبینین دوای ساڵانێک لە جێگەیەدا یەکتر دەبینینەوە، بەڵام لەوەدا من تەنیا هاوڕێی منداڵیم لەگەڵ ماوە کە بێگەردە. ئەو وەفایەش وات لێدەکا بە هەموو سەختییەکانەوە، دیوە جوانەکەی ژیان ون نەبێت.

لەگەڵ بەرێکردنی ڕۆژەکانی تەمەن، ئەو دیوەی دیکەی ڕەوتی ژیانمان دەبینین زۆرکەس درەنگ دەناسی و زووش جێگەیەکی دڵت داگیر دەکەن و زۆرکەسیش تەنیا ماوەیەکی تەمەن لەگەڵتە و ئیدی پێوەندییەکان کاڵ دەبنەوە.

بێگەرد نە هاوڕێیەتی لەلام کاڵ بوەتەوە و بە پێچەوانە هەر ڕۆژ زیاتر لە پێشتر هەست بە نزیک بوون لەگەڵی دەکەم. گەردە لەگەڵ هەموو لایەنە جوانەکانی، هاوفکرمە بەتایبەت لەو بەشەدا کە هەموومان مرۆڤین و بە چاوی ئەوە ژن و ئەوە پیاوە یەکتر نەبینین. توانا شاراوەکانی ژنانی نیشتمانمان و گۆشەی ئازارەکانیان ببینینەوە و هەموو پێکەوە کار بۆ نەمانی

ئەو ئازارانە بکەین.

وەک هەمیشە دەیلێمەوە یەکێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕش ناسینی ئەو کەسە باش و بەوەفایانەیە.

هەر هەبی گەردە گیان
باوەشێکی گەرمیش
وەک خۆت دەڵێی "شلە"

تێبینی: وێنەی لای راست پشت نەخۆشخانەیە لە کەمپی ئازادی و وێنەی چەپ ئاپریلی ئەمساڵ لە نۆروێژ

۲۷ی ئەپریلی ۲۰۱۷



سەرچاوە
Serchawe

## شەهلا، ژنێک لێوڕێژ لە جوانی، مێهرەبانی، دڵسۆزی و سادەیی



**کە ژن بوویت،**

**فێر دەبی کە هەموو ڕێگاکانی بەردەمت هەر ئەمڕۆ سازیان بکەی!**
**کە خاکی سبەینی بۆ خەیاڵەکان جێی دڵنیایی نییە و داهاتوویش جێگایەکی بۆ ئاژاوەنانەوە دابین کردووە!**
**بە ئارامی فێر دەبی کە تەنانەت ڕۆشنایی هەتاویش دەتسووتێنێ، گەر زۆر لەبەریدا ڕاوەستی.**

**لە دواییدا باخی خۆت دەنێیت و ڕۆحت ئاوپژێن دەکەی؛ لە جێی ئەوەی کە چاوەڕێی کەسێک بی گوڵت بۆ بهێنێ.**
**ئەم کورتەیەی فروغت پێشکەش و هەر بمینی شەهلا گیان کە نمونەی ژنێکی دەگمەنی**

**وێنەکان: شەهلا لە کۆیە و لە گۆڕاستانی شەهیدان لەسەر گۆڕی سامانی جوانەمەرگمان**

**٧ی مای ٢٠١٧**

## کە ژن بوویت ترسی وردە وردەت هەیە



بە ڕادەی گەورەیی هەموو بێعەداڵەتییەکان کە لە حەقت کران و لەپێی ژن بوونت بەسران و هەمووکات،

تۆ بووی کە بە تاوانبار ناوبانگت دەرکرد! کە ژن بوویت، دلۆڤانی دەبەخشی و لێی ناوەستیت، لاوازی لە وەستاندنی

چاکە دەکەی، تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕەحمیان بۆت نەبوو

دڵت نەرم دەبێ. کە ژن بوویت، زوو لێ دەبووری،

زوو دەڕەنجێی، زوو دەگری، زوو پێدەکەنیت، ئاخر هەستەکان ناختیان تەنیوە. کە ژن بووی، بڕیارت لەسەر دەدەن پێکەنینێک کە بە دڵپاکی بەخشیتە گێلێک.

جوانیت کە لە دەسەڵاتی خۆتدا نەبوو و نییە. تاڵ تاڵی پرچەکانت کە بێئاگا لە نیگا گوناهبارەکان بەدەرەوەن! ڕۆحت، جەستەت تۆ و ژن بوونت دەپێکن. بۆ عەشقت و هاوژینەکەت بڕیار دەدەن، مەترسە و ژن بمێنە.

گەمژەکان هەمووکات زۆرن؛ مەترسە

کە لە پروپاگەندەی شێتەکانی شار ترسایت؛ هێواش هێواش دەبیتە ژنێکی پیاوئاسا. ئارام ئارام تێدەگەی؛ کە جیاوازی



سەرچاوە Serchawe

**نێوان هێشتنەوەی دەستێک و زنجیرکردنی ڕۆحێک چییە**

**فێر دەبی کە عەشق پاڵ پێوەدان نییە و هاوڕێیەتیی متمانە و ئاسوودەییی مێشک و هێواش هێواش تێدەگەی کە ماچەکان پەیماننامە نین و دیارییەکان مانای قەرار و پەیمان نادەن. قبووڵیان دەکەی؛ بەزین و شکستەکانت و سەرت ڕوو بە ئاسمان دەگریت، بە چاوە باز و ناسکی ژنانەتەوە و نە خەمێکی منداڵانە. هەروەها فێر دەبی کە هەموو ڕێگاکانی بەردەمت هەر ئەمڕۆ سازیان بکەی!**

**کە خاکی سبەینی بۆ خەیاڵەکان جێی دڵنیایی نییە و داهاتوویش جێگایەکی بۆ ئاژاوەنانەوە دابین کردووە! بە ئارامی فێر دەبی کە تەنانەت ڕۆشناییی هەتاویش دەتسووتێنێ، گەر زۆر لەبەریدا ڕاوەستی.**

**لە دواییدا باخی خۆت دەنێیت و ڕۆحت ئاوپڕژێن دەکەی؛ لە جێی ئەوەی کە چاوەڕێی کەسێک بی گوڵت بۆ بهێنێ.**

**٢ی جوونی ٢٠١٧**

## ئاوڕێک لە "زاگرۆس"ەکان بدەنەوە



**ئەمڕۆ ١٢ی ژوئەن ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی کارکردنی**

**نان و ئاو بە ناوی "پێشمەرگە"وە مەخۆن**

لەو چەند ساڵەی دواییدا و بە هۆی شەڕی داعشەوە و توشیوونی هەرێمی کوردستان بەو شەڕە نەخوازراوە، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. لەو ماوەیەشدا زۆر سرود، گۆرانی و کلیپی جۆراوجۆر بە باڵای پێشمەرگەدا گوتراون. بەداخەوە زۆربەیان تەنیا نان و ئاو خواردن بەو ناوەوە بووە و ئامانج خزمەتکردن بە پێشمەرگە نەبووە. تەنیا رووکارێکی جوان لە کلیپەکاندا بووە، بەڵام ئەگەر بچینە ناخی کۆمەڵگە و بنەماڵەی پێشمەرگە شەهیدەکان، برینێکی قوڵیان هەیە کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە بەتایبەت بە هۆی ئەو دۆخە ئابوورییە خراپەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەیبینن "زاگرۆس"ە و وێنەی کوڕە شەهیدێکە و لە دوای شەهیدبوونی بابی لە شەڕی داعش بە ناچاری کاری پێڵاو بۆیاخکردن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان دەکات.

دڵنیام نمونەی وا زۆرن بەڵام لەبەر چاوان نین

دڵنیام بنەماڵەی زۆر هەن کە لە سەرمای ئەو زستانەدا و لەبەر بێ نەوتی لە سەرمادا دەخەون

دڵنیام...

با ئەوە بڵێم هەوڵەکەی ڕەنج سەنگاویم Ranj Sangawi بۆ منداڵانی #شەهید لەبیر نەچووەتەوە، بەڵام تەکانی بەروام و هەمووەمانی دەوێ کە ئەو وێنە جەرگبڕانە نەبینین کە لەو سەرمایەدا بە لینگە گۆرەوییەکی دڕاوەوە لە سەرمادا پێڵاو بۆیاخ بکات.

لە کامێنتی یەکەمیشدا ڤیدیۆیەک دادەنێم بۆ دیتنی ژیانی پڕ لە نەهامەتی پێشمەرگەیەکی دێرین...

هیوادارم بتوانن هاوکارم بن و ئەو وێنانە زۆرتر بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی دەنگمان بگا بەوانەی کە دەتوانن ژیانی ئەو منداڵانە باشتر بکەن

وێنەکەم لە تویتەر کاک عەلی جەوانمەردی وەرگرتووە

۱٥ی جانێوێری ۲۰۱۷

## سەعید بەگزادە: بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەردەوامیی تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی



دیمانە: شلێر باپیری

**دوای ڕووداوی تیرۆری شەهید قادر قادری بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوابەدوای تێرۆر و شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی لە هەولێر و لە ماوەی دوو حەوتوودا ڕوویان دا، ژووری «بۆ ڕۆژهەڵات» لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام تێلگەردێکی بەبەشداریی سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر تێرۆر و سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورددا پێک هێنا.**

**«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردووە و دەیخاتە بەر سەرنجی ئەوان:**

**شلێر باپیری**: ڕاتەکان لە هەرێمی کوردستان دیسان دەستی پێکردۆتەوە. ئایا گۆرانکارێک ڕوویداوە کە تاران سیاسەتی تیرۆری لە باشوور چالاک کردۆتەوە؟

**سەعید بەگزادە**: لە پێوەندی لەگەڵ پرسیارەکەتدا هەروەکوو بۆ خۆت ئیشارەت پێکرد، دەوڵەتی ئێران لە واقێعدا و لەحاڵی حازردا هیچ دەوڵەتێکی لە حەدی ڕقیبیی خۆیدا نیە بۆ کردوە تیرۆریستییەکانی، دەگەڵ ئەوەش پێم باشە ئیشارە بە خاڵێکی دیکەش بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە حکوومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامیش لە ئێران ئەم سیاسەتەیان هەر بووە و تێرۆر و تۆقاندن بەشێک لە بەرنامەکانی سەرکوت و کوشتاریان بووە. واتا مێژووی تیرۆر لە ئێران بەدەست دەوڵەتەکانی ئێران زۆر بۆ کۆن دەگەڕێتەوە. زۆر پێش حکوومەتی ئیسلامیش سیاسەتی تیرۆر و کوشتن و قڵتوبڕ و توقاندن لە ڕۆژەڤی بەرنامەی کاری دەوڵەتەکانی پێشووی ئێرانیشدا بووە و ئەوکاتیش کورد بەداخەوە لە ڕیزی پێشەوەی

قوربانیانی تیرۆر و کوشتندا بووە. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە ئێستا ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە پاش تیرۆری میکۆنووس و دادگایی میکونووس هێندێک لەو حەرەکەتانەی ڕاگرتبوو،و بەتایبەت ڕوو بەدەرەوە هەوڵی دەدا سیمایەکی دیکە لە خۆی پیشان بدا، بەڵام ئەگەر بڕوانین بۆچی ئەم تێرۆرانەی چالاک کردۆتەوە دەکرێ ئیشارە بەوە بکەین کە کردەوەکانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕەنگدانەوە یا دژ کردەوەیەکن کە لە موقابیل حەرەکەتەکانیدا لە نێوخۆ ڕوو بە دەرەوە نیشانی دەدا. واتا کۆماری ئیسلامی زیاتر هەوڵ دەدا کێشەکانی نێوخۆیی ئێران وەک ناڕەزایەتیی خەڵک کە لە مەیدان و لە شەقامەکاندا ڕوو دەدن، ئەو باسانە و سەرنجەکان بگوازێتە بۆ دەرێ تا لەلایەک هەم داخلی پێی ئارام کاتەوە، هەم کێشە و باسەکان لە نێوخۆڕا بگوازێتەوە دەرەوەی سنورەکان و، لەلایەکی دیکەش بەو شێوەیە بتوانێ هەڵسوکەوت و کۆنترۆڵی هێزەکانی موخالیفی خۆی بکا. واتا تا ئەو جێگایەی بۆی بلوێ هەوڵ دەدا لە تۆقاندن و لە کوشت و کوشتار لە ئیعدام و تیرۆر ئیستفادە بکا بۆوەی خەڵکی پێ بتۆقێنێ.

ئەو تێرۆرانەی ئەم دواییانەش کە لە باشوری کوردستان کراون، پەیوەندییان بەم چالاکییانەی ئەو ماوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و حکومەت پێی وایە بەم جۆرە دەتوانێ، ڕێگای چالاکییەکان لە نێوخۆ بگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە لە باشووری کوردستان بەداخەوە پاش ڕووداوەکانی کەرکووک بۆشاییەکی سیاسیی زیاتر بۆ نفوز و چالاکیی کۆماری ئیسلامی کراوەتەوە و مەیدانی تەڕاتێن بۆ کۆماری ئیسلامی بەرینتر بۆتەوە.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید فەرمووت دادگای مێکونووس بووە هۆی خاوکردنەوەی ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی. ئێستا لێرە لە دەرەوەی وڵات چۆن دەکرێ ڕێگا نەدرێ بە کۆماری ئیسلامی کە ئاوا ئاسان درێژە بە پیلانە تێرۆریستییەکانی بدا؟

**سەعید بەگزادە**: ئاگادارکردنەوەی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و، وڵات و دزگاکانی پێوەندیدار بە پێشگیری یا بڵێین دەوڵەتان بۆ ئەوەی فشارێک بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی؛ وەک ئاگادارکردنەوە باسێکە و، وەک وریاکردنەوە و ڕێگرتن لە تێرۆر باسێکی دیکەیە کە دەکرێ بەجیا قسەیان لەسەر بکەین. ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەو بەشەی لانیکەم چاکمان کار لەسەر کردووە و بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەو بارەوە زۆر چالاک بووە. بەڵام ئەوەی دیکە پێوەندیی بە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سیاسی و پێوەندیی دیپلۆماتیک هەیە لە نێوان ئێران و وڵاتاندا کە ئایا مەسەلەن ئورووپا، ئامریکا یا وڵاتەکانی دیکەی دەوروبەر چەندە ئامادەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە مەترسی باوێن یا دوورکەونەوە لە قازانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان و، وەدەنگ بێن. ئەو بەشە بۆ خۆی بەستراوەتەوە بە زۆر پارامێتر و فاکتوری دیکە کە ئاوا ڕاحەت ناتوانین ئێمە کاریگەریمان لەسەریان هەبێ. بۆخۆتان دەزانن و هەموو دونیا دەزانێ کە لانیکەم لە ئاڵمان، دادگای ئاڵمان تا ئەو جێگایە ڕۆی کە ڕێبەرانی هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامی کە بڕیادەری تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بوون، ئەو دادگایە بە تاوانباری ناساندن و حوکمی لەسەر دان. بەڵام دواجار ناچارن بەشی

زۆری وڵاتان کە تەنانەت سەرەتا باڵوێزخانەکانی خۆشیان داخست و، باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، دوایە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کێبرکێی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ تاران. دیارە بەو حاڵەش ئێمە دەبێ هەوڵەکانمان زیاتر بن و فشارەکانمان لەسەر ئەو بابەتە بخەینە سەر یەک.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید کاری بەڵگەیی بۆ کۆکردنەوە و بە دێکۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە؟ ئێوە لەو بارەوە چیتان کردوە؟

**سەعید بەگزادە**: کۆماری ئیسلامی کارنامە تێرۆریستییەکەی هێندە ڕوون و هێندە بەڵگە نەویستە کە لەو بارەوە پێویست بە توێژینەوە و بەدواداچوون و خۆماندووکردنی زۆر نیە.

ئێمە دەوڵەتێک لە دونیادا شک نابەین بە قەرا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردبێ و دەستی لە تیرۆردا هەبێ و دەستی لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و کردەوە تێرۆریستییەکان لەو وڵاتانەدا هەبێ . ئێمە وەک خۆمان و وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە ئەوەندەی بۆمان کراوە وردەکاریی کوشتار و تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کورد و حیزبی دێموکراتمان کۆکردووەتەوە و بەڵگەمەندمان کردوون. هەر بۆ نموونە عەرزی جەنابت بکەم کە نیزیک بە ٤٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧١ هەتا ١٣٧٦ واتا لە ماوەی ٧ ساڵدا بەدەست کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون کە بەشی زۆری وردەکارییەکانی ئەو تێرۆرانەمان بە تەواوی هەن. ئاماری ئەوەشمان هەیە کە لە ئورووپا، لە ئەمریکا، لە فیلیپین، پاکستان، لە هیندوستان، لە ئیمارات، قبریس، ژاپن و تورکیەشدا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردوە و لەوانە ئێمە ئاماری ٦٠ کەسمان لە بەردەستدا هەیە.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید تومەتبارانی ڕووداوەکەی شەوی یەلدا بێتاوان دەرچوون، هێرشی تیرۆریستی بەرامبەر حدکا کرا و سەباح ڕەحمانی شەهید بوو، دواتریش کە شەهید قادری تێرۆر کرا. ئەوانە لە ڕووی کات و بابەتەوە پێکەوە پێوەندییان هەیە؟

**سەعید بەگزادە**: ئەمن پێم خۆشە شتێک ڕاست کەمەوە، ئەوانەی لە پەروەندەی تێرۆری شەوی یەلدا بەردراون بێتاوان نین. ئێستاش لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوانە تاوانیان لەسەرە، بەڵام ئەوەی کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕوانگەی خۆیانەوە دەلیلی کافی بۆ ڕاگرتنی ئەوان نابینن ئەوە باسێکی دیکەیە. ئەوان شێوەی کار و ڕۆتینی کاریی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە ئێستاش ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگبێ ئەسڵی ئەو کەسەی کە تیرۆرەکەی کردووە و جینایەتەکەی خوڵقاندوە نەبن، بەڵام هاوکار و هاودەستیان بوون، بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئێستاش ئەوانە تاوانبارن و کاری دادگاش هێشتا بە یەکجاری

تەواو نەبووە و پەروەندەکەش دانەخراوە.

ئەوەش کە هەر بەدوای بەردانی ئەو چەند کەسەدا دوو تیرۆری دیکە کراون و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە یان نا، دەبێ بڵێم، هیچ حەرەکەتێکی کۆماری ئیسلامی بێ بەرنامە نیە. هەموو تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک مەبەستە و ئەویش بەقا و مانەوەی ڕێژیمە و هەموو ئەو تیرۆرانەش بە یەکەوە بەستراونەوەتە و بە پێی بەرنامە دەکرێن.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید پێشتر گوتراوە کە چەند حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاروباری ئەمنییەتی پێوەندی و هاوکارییان هەیە، بەڵام ئایا ئەوە دەتوانێ بە تەنیا وەڵامدەر بێ ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکاریی ئەو لایەنانە نەکەن؟

**سەعید بەگزادە**: ئەو پرسیارە دەکرێ دابەش بکەین بە دوو بەش، ئەوەی ئێمە وەک خۆمان چ دەکەین و لایەنێکی دیکەش وەکوو باست کرد دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی باشووری کوردستانن کە چۆن لە بەرامبەر جموجۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پارچەیەی کوردستاندا بەرنامە و پلانیان چیە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە هەموو لایەکمان لەوە گەیشتووین کە بەو بارودۆخەی نوێیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەداخەوە مەیدانێکی کراوەتر لە جاران بۆ کۆماری ئیسلامی و بۆ حەرەکەتە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم کراوەتەوە. ئێمە دەبێ هاوکاریمان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێ و وردتر ئاگامان لە جموجۆڵی دوژمن بێ. بەشەکەی دیکەی دەگەڕێتەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی دژە تیرۆر و زانیاری و پاراستن، کە ئەمن پێم وایە ئەو هێزانەش هەم بۆ پاراستنی ئێقتداری خۆیان و هەم بۆ پاراستنی کەرامەتی سیاسیی کورد لەو پارچەیەدا و، هەم بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەم وڵاتە خاوەنی خۆی هەیە و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان دوو وڵات بەمانای تەڕاتێنی لایەک لە خاکی لایەکەی دیکە نیە و، ئەوانیش کاری خۆیان دەکەن و بۆیە پێم وایە ئەوانیش دەبێ حەد و سنوورێکی زیاتر بۆ کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

**شلێر باپیری**: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا پێداگریی زۆری لەسەر خەباتی مەدەنی کردووە. ئێستاش پێتان وایە بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەبێ کار لەسەر خەباتی مەدەنی بکرێ یان بە گوشاری چەکداری بەرەورووی ببنەوە؟

**سەعید بەگزادە**: لەسەر ئیجازەت دەڵێم پرسیارەکەت کەمێک ئاڵۆزە و ناکرێ کاری سیاسی و سەربازی لە بەرامبەری یەکتردا ڕابگیرێن.

ویستی کورد ویستێکی سیاسییە و کورد بۆ گەیشتن بەو ماف و ویستە هەموو مێتۆدەکانی خەبات ڕەچاو دەکا و کردوویەتی. سیاسەتی خەباتی مەدەنی و خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە و ئەوەی کە دەفەرمووی لەو ساڵانەی ڕابردوودا زیاتر قسەی لێ کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا ئەو بابەتانە زیاتر مەوزووع بوون.

ئەساسەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە و لە بنەڕەتدا قەناعەتی لەسەر ئەوە بووە کە بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکانی خۆیان، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ و سازان و ڕێککەوتن ڕەچاو بکا و خۆی لە توندوتیژی و شەڕی چەکداری بەدوور بگرێ. بەڵام ئەوە تەنیا ئێمە نین کە شێوەی خەبات دیاری دەکەین و بەداخەوە بەپێی بارودۆخی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کورد زۆر کەم دەتوانێ لەسەر مێتود و شێوەکانی خەباتی خۆی بڕیار بدا و بە داخەوە تا ئێستا زیاتر ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا بەش بووە و یەک لەوان ئێران و کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە زیاتر ئەوان مێتودی خەباتیان بەسەرماندا سەپاندووە.

ئێمە لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە باوەڕمان وابووە و هەوڵمان ئەوە بووە کە ڕێگای وتووێژ بگرینە بەر. هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردمان پێک هێنا و هەوڵماندا لە ڕێگای دیالۆگ و سازانەوە بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو زەرفییەتەی تێدا نەبوو بۆیە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و ئێمەی ناچار کرد بۆ بەربەرەکانی و بۆ پاراستنی خۆمان و بۆ مانەوەی خۆمان دەست بۆ چەک بەرین. لە داهاتووشدا ئێمە تەواوی ئەو ڕێگایانەی کە بۆگەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان دەبێ ڕەچاویان بکەین، هیچیان لە دیدی ئێمە و لە بەرنامەی ئێمە لە پرۆژەی ئێمەدا وەلا نانرێن. باوەڕمان بەوەش بووە کە لە گرتنەبەری هەر مێتۆدی خەباتدا ئەوەندەی دەکرێ دەسکەوتەکان زیاتر و زیانە ئینسانییەکان کەمتر بن، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێی وابێ بە کوشت و کوشتار و بەشەڕ دەتوانێ پێش بە ویستەکانی ئێمە بگرێ ئەو خەیاڵەش خاوە و ئەگەر قەرار بێ ڕۆژێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان زیاتر لەوەی کە ئێستاش هەزینەمان داوە پێویست بێ هەزینە بدەین، لەوە درێغی ناکەین.

**شلێر باپیری**: ئایا سیاسەتی تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتی بووە و تێکۆشەران و شۆڕشگێرانی کوردی تووشی ترس و تۆقاندن و پاشەکشە کردووە؟

**سەعید بەگزادە**: ئەگەر کورد لە کوژران ترسابا دەبوو زۆر پێش ئێستا لە خەبات دەستی هەڵگرتبا کاتێک سمایل ئاغایان دەکوشت و تیرۆر دەکرد، کاتێک پێشەوایان لەدار دا، کاتێک ڕێبەرانی دیکەی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیعدام دەکرد و لەزیندانەکانیان دەهاویشتن، کاتێک دوکتور قاسملوویان تیرۆر کرد، کاتێک دوکتور سەعیدیان شەهید کرد و

کاتێک ئەو هەموو کادر و پێشمەرگەی ئێمەیان گرت و لە باشووری کوردستان و شوێنەکانی دیکە تیرۆریان کردن؛ ئەگەر لەوە ترسابایەن زۆر لە مێژ بوو دەبوو ئەو مەیدانەمان چۆڵ کردبایە وخەباتمان بەجێ هێشتبایە. نەخێر کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە سەرکەوتووو نەبووە و، دەبینی هەتا یەکمان لێ شەهید کراوە دەیان نەفەری دیکە هاتوونە نێو مەیدانەکە؛ بۆیە ئەم کوشتنانە و ئەم ترس و وەحشەتەی ئەو پێی وایە دەتوانێ لە ڕێگەیانەوە خەباتەکەی پێ کز بکا و خەڵکەکەی پێ بتوقێنێ و لە میدان بەدەری بکا؛ خەیاڵێکی خاوە و بۆی سەر ناگرێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا ناکری حاشا لەوەش بکەن کەسانی گەورە مەسەلەن وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی کە تیرۆر دەکرێن و شەهید دەبن بێگومان لەسەر کۆی بزووتنەوەکە شوێندانەر دەبێ و کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام بۆ لە مەیدان دەرکردن و بۆ توقاندن و بۆ ترس دروستکردن بە هیچ جۆر وانیە.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## شیفی گیان، (شیفا)



٢٩ی نۆڤەمبەری ئەمساڵیش هات و هەرمان پێی نایە ساڵێکی دیکەی ژیان. ئەمساڵ هەم من و هەرمانیش بە بێ پیرۆزبایی تۆ، رۆژی بوونمان بەڕێکرد.

لە پێکەوەبوونی من و شیفی و دەردەدڵەکانمان، ئارتین و هەرمان لە گەرمترین باسەکانمان بوون.

من "ئارتین"م هەبوو و شیفی "هەرمان". ئارتینەکەی من ساڵێک پێش هەرمان لەدایک ببوو. سەرەتا هەم تورە و هەم شەرمم دەکرد کە دایکم ئەو برایەی پێبەخشین کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە خۆم بچووکترە.

ئیوارەیەک لەسەرکار لە "زاگرۆس تیڤی" بووین و بێدەنگ لە پەنام دانیشتی و گوتت:" شلی دەزانی ئیمەش ئارتینێکمان بەڕێوەیە".

پێم گوتی: شۆخیم لەگەڵ دەکەی شیفی.
گوتت بەخوا بەراستمە.
دیالۆگەکەمان کورت و تێڕامانمان زیاتری کێشا.

سەرەتاکەی نە من و نە تۆش بە بوونی ئارتین و هەرمان زۆر دڵخۆش نەبووین.

نەمانزانی کە ئارتین و هەرمان لە ماوەیەکی کورتدا دەبنە هەوێنی هیوایەکی نوێ بۆ ئەو بنەماڵەیەی کە من و تۆ هەردەم

بە تاکە سەروەتی خۆمان زانیوە.

زۆرترین دڵخۆشی کۆتایی حەوتووەکانمان دیتنی هەرمان و ئارتین بوون و لە گەڕانەوەشدا، تا دوو رۆژ سەرگەرمی قسە خۆش و رەفتارە عەجولانەکەیان بووین.

ئەزیزەکەم، شیفی

من زۆر دوور رۆیشتم و تۆش دوورتر لە من.

ئیستا هەرمان و ئارتین زۆر گۆڕاون، زۆر.

بە کورتی بۆت دوام کە بێبەشم نەکردبی لە هەرمان و ناخیشم بە نووسینەوەی ئەو وشانە سوکنایی بێت و تەزوی یادگارییە خۆشەکان بە لەشمدا بێت.

هەرمان ئەمساڵ یەکەم ساڵی قوتابخانەیەتی و وەک هەمیشەش تامەزرۆی دیدارتە بۆیە هەموو حەوتوویەک لە کۆشی گوڵنازی دایکتدا دادەنیشێت و دێ بۆ لات.

شیفی، هیوایەکم بە هەرمانە کە هەرمانی برینی بە سوێی گوڵناز بکات.

وئەمڕۆش پێت دەڵێم:

ئەمڕۆ منیش و گوڵنازی دایکت و هیواش و منداڵەکانی دیکە

زۆرتر لە رۆژانی کە بیرمان کردی و زۆر زۆرتر لە پێشوو هەستمان بە نەبوونت کرد.

"شلی"

٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

## ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی ژنان.



### بۆ ئەسما، ئەو دەنگەی مردن لێی دزین

نێوەڕاست مانگی هاوینە. لە لۆبی هۆتێل دانیشتووم بۆ دیدارێک کە بۆم گرینگە. گرینگ بەو مانایەی کە دەریچەیەک بوو کە بتوانم باسێک لەسەر دۆخی کوردان بە گشتی و بەتایبەت ژنان و کۆڵبەران بکەم. لە فکر ڕۆچووبوم و فکرم لەوە دەکردەوە لە کام دەرد را دەست پێبکەم. بانگیان کردم و چووم لە ژووری چاوپێکەوتن دانیشتم کە ئەویش بێت. ئەو "ئەسما جەهانگیر" بوو کە ریپۆرتێری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران دا. ئەسما چەند ڕۆژێک لەمەوبەر و زۆر لەناکاو بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین. ئەو دیدار و دەرفەتە کورتە کە بە یارمەتی هاوڕێیەک بۆم هەڵکەوت ئەسما جەهانگیر لە ئۆسلۆ ببینیم کە تایبەت بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ڕاپۆرتی ساڵانی بۆ نۆرویژ هاتبوو. لەسەرکوردسیەک دانیشتبووم کە لە دەرگای دا و وەژوور کەوت،

ڕاستیتان بوێ لە یەکەم نیگادا تۆزێک حەپەسام. ژنێک لە پۆستێکی ئاوا گرینگدا بەو شێوە جلوبەرگە سونەتیەی پاکستان و روخسارێکی تەواو سادە. زۆری پێنەچوو کە دووبارە لە دیتنی ئەسما جەهانگیردا ئەوەم بۆ سەلمێنرایەوە کە کەم نین ئەو کەسانەی کە لە جلوبەرگدا تەواو سوننەتی و لە فکردا تەواو مۆدێرن بە پێچەوانەش لە ئەژمار نایەن ئەوانەی کە لە

جلوبەرگدا تەواو مۆدێرن و لە فکریشدا تەواو سوننەتی و زۆر چەقبەستوانە فکر دەکەنەوە.

لەو دیدارە کورتەدا کە ئەستەم بوو دەرد و کێشەکانی زۆری کوردستان لەو پارچەیە باس بکەین. لە کامەیان دوابام کۆڵبەران، زیندانیە سیاسیەکانمان، دۆخی خراپی ژنان، بێکاری و وشکردنی ریشە ئابورریەکانی کوردستان. هەرچۆنێک بێ بە کورتی لە خاڵە گرینگەکان دوام و ئەویش سەری لەو ئامار و باسانە هەر سوڕمابوو.

لەو دیدارە کورتەدا یەکەم شت کە لێیوە زانیم ئەوە بوو کە تا ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ گرنگییەکەی ئەوتۆ بە کەیسی کوردەکان لە ئێران نەدراوە کە هۆکاری جیاوازی هەیە. هەروەها سێبەری لایەنی سیاسی و چالاکانی ژنانیش شتێک کە زۆر زەقیان کردووە و وایکردووە دۆخە تراژیدییەکەی ژنان تەنیا لە "حجاب"ی زۆرەملێدا ببینرێت کە بۆ "ئەسما" و "ئەسما"کانی دیکە جێگەی سەرسوڕمان و تازە بێت کە ژنان لە ئێراندا بە پێی یاسا ناتوانن ببنە حاکم.

ئەسما هەڵکەوتەی نێو کلتورێکی پڕاوپڕ لە پیاوسالاری بوو کە بە کۆڵنەدان و خەباتەکەی گەیشتبووە بەرزترین ئاستی دادوەری لە پاکستاندا. یەکێک لە دیارترین روخسارەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت ژنان بوو.

ئەسما ئەو دەنگە کە مردن زوو بۆخۆی دزی و هیواکانی منیشی پوکاندەوە و هەروەها زۆر پرسیاریش کە وەڵامەکانیان لە هەگبەی پڕ لە ئەزموونی ئەسمادا هەبوون، بێ وەڵام مانەوە.


**رەوانت شاد ئەسمای لە دڵاندا زیندوو**

**١٦ی فێبریوێری ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ ڕامین حوسێن پەناهی




**سڵاو هاوڕێ،**
**دەمی خۆڕاگریت باش،**

**ئەستێرەکان هەواڵ دەنێرن، ئەستێرەکان سور سور بەسەر چیا و دەشت ودەرگای زیندانندا خەیاڵ ئەفڕێنن.**

**کەلەپچەکان، چاوبەستەکان، جوڵانەوەی لێوی بازجووەکان، بەرزکردنەوەی دەنگ و شەلاقەکان،**

**هەموو شتێ باسی تۆیە هاوڕێم کە بڕیارە ئازادی ببڕی،**

**ئاسمان بە خۆیی و کۆترەکانیەوە، زەریا بەخۆی و ماسییەکانیەوە، ئازادی بە خۆی و جلەکانیەوە بە هەوای بەریەوە، ئەڵێن سەرفراز بی نیشتمانی خۆڕاگری،**

**ڕامین ورەی بە ئەستێرە بەخشیەوە بدرەوشێتەوە، تینی بە خوێن داوە بە دەماردا بگەڕێت، ڕامین رایسپاردووە ئازادی بێت،**

**ڕامین لە کارگەکاندا ئەوەتا ئێعتراز روویداوە، لە دیواری شارەکاندا ئەوەتا بە خەتی ئاسنین نووسراوە، ڕامین ئەوەتا لە شەقامەکاندا دەنگی ئیعترازە و هەڵبڕاوە،**

**ڕامین لە زانکۆکان و لە چیاکان و لە هەر شوێنێکا وا ناسرەوێت تا ئازادی بێت، جەلادەکان هەتا بووە هەر جەلاد بوون،**



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە شۆڕەسواری ئازادی، زیندانەکان هەتا بووە هە زیندان بوون، ئێمەش باڵەکانی فڕین و ڕزگاری،

چاوبەنەکان کوا چاری تیژایی دیتنمان دەکەن، ئەوەتا ڕامین ئەوسەر هەتا ئەمسەری کوێرایيتانی دیتووە، کەلەپچەکان کوا ئەتوانن دەستی چیاکان ببەستن

کوا ئەتوانن شەپۆلەکان لە زەریاکان بگرنەوە، ڕاپەرینەکان لە شارەکان

کوا ئەتوانن نەهێڵن ئازادی بێت، نەهێڵن هەوا بە ڕەگ و سیەکانماندا بگەڕێت،

ئێمە کە ژیان پشتیوانمانە و ئێوە کە مردن

ڕامین، ڕەنج بە ڕەنج، زام بە زام، شەپۆل بە شەپۆل، ئەستێرە بە ئەستێرە هاتووە و لەم ئاسمانە نایەتە خوار، ئێوە شکۆی شاختان بۆ دانـاگیرێ، ئێوە کە ئەتانهەوێ بەرۆکی ئەم نیشتمانە بدڕن، جلی ئەم ئەوینە دادڕن، ئێوە کە ئەتانەوێ ئارەقی ئەم چاوانە بە درۆی خۆتان بسڕن، حاشا لە برینەکانی دەستمان بکەن، لە ڕەنجی ژیانمان، کە ئێوە فێرن زاڵم بن، فێرن مرۆڤ کوژ بن، فێرن ئازادی لە هەموو شوێنێک بدزن، ئێوە کە تەنها بە سیمای مردن دەردەکەون

کەی ئەتوانن

ئەستێرە لە شەو، فڕین لە کۆتر، کەی ئەتوانن خۆڕاگری لە چیا،

ڕامین لەم خەڵکە بەش مەینتە بگرنەوە...

ئێوە هەر بۆ مردن باشن و دەمرن، دەنگی ئێمە گوێکانتان ئەکوژێ، سۆمای چاومان چاوەکانتان ئەکوژێنێتەوە، خوێنی ئێمە سەری چەقۆکانتان ئەبڕێت، ئێمە ڕامینتان لێ ئەگرینەوە، ئێمە بە مردنیش لێک نابینەوە، ناکشێنەوە، هاتووین ناگەڕێینەوە،

ئێمە وا هاتووین دەلاقەکان بە رووی ژیانا بکرێنەوە، خۆرەکان ڕۆژگاری شکۆیان ببینەوە، ئێمە وا هاتووین لەگەڵ ئەستێرەکان بدرەوشێینەوە، ئێمە ناگەڕێینەوە

خەلکی ئەم هەستانەوە و شۆرشەین، خەڵکی ئەم ئیعتراز و بانگەشەین، فێرین بۆ ژیان بمرین،
مێژوو ئەسورێتەوە، لە کوشتن و برین و سێدارەی ڕامینەکانەوە،

خۆراگربە هاوڕێ

داهاتوو هی ئێمەیە با هەزاران ساڵ کۆتر لە قەفەز بهێڵنەوە، فرین هەر هی ئێمەیە، با سەدان ساڵ بیانهەوێ حاشا لە ئەستێرە بکەن، درەوشانەوە هەر هی ئێمەیە و ئازادی و پێکەنین هەر بۆ ئێمە ئەمێنێتەوە و مردن چاری ژیان ناکات زەردەخەنەی ئێمەیە بە سێدارەوە جێماوە، هەنگاوی ئێمەیە بە ڕێگاوە، خوێنی ئێمەیە بە ژیانەوە، ئەستێرەوە

ئاخێزت باش هاوڕێم

هاتوویتەوە بناری هەمیشەیی خۆت، کە شۆرش و خۆشەویستی ژیان، هاتوویتەوە بە ئازارەکان بڵێی کاتی رۆیشتنتانە، چەوسانەوە ڕاو بنێیت، بە زامەکان ىبڵێی سارێژ ئەبن،
ڕامینی حسێن پەناهی بە ٢٥ ساڵ تەمەنەوە مێژوویەکی هەزاران ساڵەیە کە هەرگیز ریشەی ئەم دارە بە مێژووی جەلادانەتان نابرێتەوە

تەمەنی خوێن لەم نیشتمانی منەدا لە تەمەنی مرۆڤ درێژترە،

تەمەنی ڕەنج لەم دەڤەری منەدا لە تەمەنی خواوەندەکان زۆرترە تەمەنی برین و زوڵم لەم ناوچەیەی منا لە تەمەنی ژیان بەرینتر بووە خەم و ژن، کۆیلەیی و کچ هاوتەمەنن

لەم نیشتمانەدا خەندە هێن تەمەنی کەمە ناگاتە لێوی باوکەکانمان شۆرش و سێدارە هاوتەمەنن
منالانی هەژار و بێ پەنایی چەندە تەمەن درێژ

من شۆرشگێری هەموو تەمەنێکم، سێدارەکان کوا بە هەموو تەمەنیانەوە ناوی شۆرشگێرێک بسڕنەوە، گۆڕەکان بە هەموو تەمەنیانەوە کوا بتوانن پێشمەرگەیەک بمرێنن،

ئەستێرەکان بەڕێوەن، ئەرخەیان بە هاوڕێم، ناهێڵین چادرەکان ئەم شارە داپۆشن، ناهێڵین عەمامەکان بە سەر چیاکانەوە



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبکەن، ڕامینی هاوڕێم ئەزانم ئەستێرەکان لە چاوتا ئەدرەوشێنەوە، ئەزانم مێژوو لە گوێتا گوێی گرتووە و سیروان بە دەمارتا دێت و دەڕوا و دڵی ئازادی لە دڵتا لێدەدات،

سەرکەوتکراوە ژیان، ئەیانەوێ بە زمانی سێدارە بڵێن هەموو شتێک لێرە هەوا و خەندە و وچان و ئۆقرە هەموو شتێ لێرە دەکوژن، شەقامەکان پڕن لە سێدارە، زانکۆکان و کافتریا و شار و دێهاتەکان سنورەکان، هەموو شوێنێک پڕکراوە لە سێدارە و شۆڕشمان ئاخێز ئەکا و ڕاپەرینە شۆڕشمان، دەست پێدەکا و کۆتایی نایەت تا ئازادی.

٣ی مارچی ٢٠١٨

## لە ڕێگەی نوسینەوە ناسیم.




لە ڕێگەی نوسینەوە ناسیم. بابەتێکی زۆر پوخت و باشی لەبارەی "پرسەکانی ژنان" نووسیبوو و کە دواتر بۆ کوردی وەرمگێڕا و ئەوکات لە هەفتەنامەی "باس" دا بڵاوکرایەوە. لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیمان دروست کرد و بە پێی دەرفەت قسەمان دەکرد. ئەوکات بە هەزاران کیلۆمیتر بەینمان بوو. ئێستا زۆر کەم تەنیا ٣٠ کیلومیترێک و یەکەم دیدار دوای ماوەیەکی درێژ.

لەگەڵ خۆی دیارییەکی بەنرخی پێیە. نەمدەزانی نێوەرۆکی ئەو دیارییە بەنرخە چییە. لە گۆشەی کافەیەک و لە بەرانبەرم بە دیار کورسی کە بۆم گرتۆتەوە و بە دیار هاتوچۆی قەتار و هەڵات هەڵاتی خەڵک لەم کاتژمێرەی دەمەوئێوارەی دوای تەواوبوونی کاری رۆژانە، دەڕوانم.

فکرێکیشم لای ئەوە کە زوو بگاتێ و بەیەکەوە بدوێین.
دواندنی مرۆڤەکان لە دنیای مەجازی و لە ڕوو زۆر جیاوازە.
زۆر کەس لە دنیای مەجازی شیرنتر و نزیکترە لێتەوە و زۆر کەسیش بە پێچەوانەوە.

ئەو کەسەی کە بە کورتی لەو بەشەی سەرەوەدا باسم کردووە "عیسمەت سوفیە"یە. ئەو ژنەی کە هێدی هێدی بە نووسین دەچێتە قوڵایی زامەکان.

ئەو ژنەی وەک هەر یەکێکمان خەمی قورسایی ژیان و ژنبوونی ئەزمون کردووە بەڵام بەچۆکدا نەهاتووە.

جوانترین دیاریشی جگە لە دیاری خۆی، تازەترین کتێبیەتی بە ناوی "فریشتە یەک لاقەکان".

دیدارەکەمان دوای سێ کاتژمێر بە نیوەچڵی تەواو کرد. کات خێرا ڕۆیشت. لەگەڵ گرتنی یەکەم قەتار بەرەو ماڵ دەستم بە خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەی کتێبەکە کرد.

وردە وردە بە قوڵایی برینی سوسەن و ڕوناک و ئەوانی کەدا چوومە خوارێ.

عیسمەت بە زمانێکی ئەدەبی سادە خەمە شارەکانی نووسییوەتەوە. ئاستەنگیەکانی نێوکۆمەڵگەیەکی نێروەجاغ و تۆفانی قسەلۆکی دژ بە ژنانی داڕشتۆتەوە.

کتێبێک هەرچەند لاپەڕەکانی زۆر نین، بەڵام هەڵگری قورسایی ژیانن.

چیرۆکی هەزاران ژنی کۆمەڵگەیەکی تاریکستانە.

دەبێ فریشتە یەک لاقەکان بخوێنیەوە تا بزانی کەم نین ئەو کەسانەی گوێیان کەڕ کردوین بە دروشمە سۆسیالیست و دیموکراسیەکانیان و لە کردەوەشدا هیچ.

دەبێ فریشتە یەک لاقەکان بخوێنیەوە کە بزانی ئێستاش ئەو ژنانە زۆرن کە خۆیان پێشڕەوی مافەکانی ژنان پێناسە دەکەن، بەڵام هێشتا لە ناخی خۆیاندا گێژاوی پەردەی کچێنیان بۆ چارەسەر نابێ.

فریشتە یەک لاقەکان لە قەتاردا تەنیایان نەدەکردم و لە دوایین ئیزگە دوایین لاپەرەم خوێندەوە و جارێکی کە بە خەمەکانیان دا ڕۆچووم...

لەوە زیاتر با نەدوێم و هیوادارم خۆتان بیکڕن و بیخوێننەوە...

**سپاس عیسمەت گیان**

**١٠ی مای ٢٠١٨**



سەرچاوە Serchawe



ئێمە (من کە بچووکترینیان بووم و پاشان گەزیزە و گەلاوێژ و لە ئێمەش گەورەتر دادە نەسرین و نەرمین) چاومان ئەبلەق کردووە و لە دراماکە دەڕوانین کە دوایین ئاڵقەیە و بزانین چی لێدێتەوە. ئەو درامایانە تەنیا سەرگەرمیمان بوون. لە پڕ باجە مەعسوم و دایکم بە هاوار هاتن و کوتیان هەستن بڕۆین لێمان دەدەن.

تۆپباران بۆ ئیمە کە لە بناری قەندیلەوە هاتبووین، نامۆ نەبوو، بەڵام تۆپبارانمان لە نێوەراستی هەرێمێکی ئارام و لە پارچەیەک لە نیشتمانی دایک، نامۆ بوو.

ئەو کوڕە کە زامی بومەلەرزە لە چاوی پڕ فرمێسکی دا لە ئەوپەڕیدایە، کەس نەبوو هاواریان بۆ بکات و ئەو ئازیزانە لە دەست نەدەن.

خاڵی جیاوازمان ئەوەیە لەو دۆخەی تۆپباراندا ئێمە کەسمان شەهید نەبوو و بەڵام ئەوان سەدان.

لاقمان هەڵنایەتەوە کە دراماکە بەجێ بێڵین و دواین ئەڵقەی نەبینین، ئەوە لە دەرگاوەش دەیبینین هەر خەڵکە و دەڕوا و دایکیشم لەو لاوە کە خەریکی تیتۆڵێک پێچانەوە بۆ مارینای چل ڕۆژە بوو، هاواری دەکرد چۆن ماڵیان وێران کردین.

ئێرە هەولێرە ساڵی ١٩٩٦ لە مەدرەسەیەک لە گۆشەیەکی هەولێر بە نێوی عەنکاوە. هەموو شت تازەیە شار، جادە، نێو و مەدرەسە.

منداڵین و ئەستەمە بتوانین هەموو شتەکان وەک خۆیان تێبگەین، کە گەورەبووین بیری تیژی منداڵی لێناگەڕێت و خوێ

بەم برینانەدا دەکات.

جارێکی کە دەچمەوە سەر وێنەی ئەو کوڕە دڵپڕە، لێی رادەمێنم و لەگەڵ ئەو تێر دەگریم.

ئەو لەسەر پوش و پەلاشێک تیکەیەک نان کە بەزۆر لە گەرووی ناچێتە خوارێ، دەخوات.

ئێمەش تاریک و روونی بەیانیە کە دایکم و باجە مەعسوم بە پەلە بچن حەسیرێک وەرگرن و لە نێو مەیدانی مەدرەسە و لەبەر سورەتاوی ئەم دەشتەدا دانیشین کە بتوانین پاروویەک نان وەرگرین.

ئەو رۆژە نان وەدرەنگ دەکەوێت و بە برسێتیی لەسەر حەسیرەکە هەموو خەومان لێدەکەوێت کە دایکم دەڵێ هەستن نان دەدەن.

سەعات یازدەی شەوە و قاپێکی فافۆن بە شیر برینجەوە لەبەردممان دادەنێن.

کەوچکێمان لەشیربرینجەکە دا و لەبەر شیرینی بۆمان نەخوراو و بە برسێتیی راکشاینەوە تا بزانین بۆ نانی بەیانی وەبەرمان دەکەوێ لەتێک نان وەرگرین.

ئێمە منداڵی خەباتی زامین.

دووباره دێمەوە لەو کورە نازلێشێواوەی کرماشان دەروانم و هێندەی کە بۆ بێدەسەڵاتی و بێدەرەتانیمان دەگریم.

٣١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

---

سەرچاوە: ماڵپەڕەکانی کچی قەندیل، کوردستان و کورد و دیوار فەیس بووکی نووسەر

---



سەرچاوە Serchawe



پرسی ژنی کورد پێویستی بەوەیە کە هەموو ڕۆژێک بۆ ئەو ٨ی مارس بێ، چونکە ئێمە تا بڵێ دەستکەتەکانمان لاوازە وە تراژیدیاکانمان لە پرسی ژناندا زیاترە، بۆیە ئەتوانم بلێیم ئەو ئاستەنگانەی کە لەبەردەم پرسی ژنی کوردا تەنیا ئاستەنگێک نیین بەڵکو ئاستەنگەکان زۆرن".

یەکێک لە ئاستەنگی سەرەکیوە بەرچاویش کە تێدا پرسی ژنی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە هەنگاوێکی باش هەڵبنێتەوە پەرش و بڵاوی پرسەکە و هەروەها تیۆریزە نەبوونی پرسی ژنی کورد و لە هەمان کاتیشدا لاوازی فیکری لە بارەی ئەوەی گۆڕانکاری لە پرسی ژنی کوردا بکرێت لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی کە باشتر بکرێت".

بێگومان بوێری، زیرەکی وە چاو نەترسی ئەو ژنانە بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە جەرقەکەی لە کۆبانیەوە لێدا لە هیچ کاتێکدا نکۆڵی لێ ناکرێت وە زۆر زۆر جێگای شانازیشن وە لە ئاستی جیهاندا ڕوویەکی دیکەیان وە یاخود دەسکەوتێکی تر بۆ ژنانی کوردیان لە ئاستی جیهانیدا تۆمار کرد بە تایبەت بەرامبەر بە دڕندەترین دەسەڵاتی دژە ژنی کە داعشە".

**شلێر باپیری – دەنگی کورد ئامریکا**



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧١٨ی کورد = مای ٢٠١٨ی زایینی

نۆژەن کردنەوە: بەفرانباری ٢٧٣٤ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٥ی زایینی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ شلێر باپیری بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانەو وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

